حکومەتی هەرێمی کوردستان/ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان/ بەشی کوردی

# ئیدیەم
# لە شێوەزاری هەورامیدا

( لێکۆڵینەوەیەکە لە بواری زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا )

نامەیەکە

زوبێر عەلی عارف

پێشکەشی ئەنجومەنی سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی وەرگرتنی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.

سەرپەرشت

پ.ی. د. ئەبوبەکر عومەر قادر

٢٧١٢ کوردی
٢٠١٢ زایینی

**ئەم نامەیە، کە بە ناونیشانی (ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا)یە، لەلایەن خوێندکار (زوبێر عەلی عارف)ەوە، بە سەرپەرشتیی من لە سکوڵی زمانی زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە زمانی کوردیدا.**

**ناو: پ.ی.د. ئەبوبەکر عومەر قادر**

**ڕۆژ: ٢٥ /٤ /٢٠١٢**

**بەپێی ئەو پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**ناو: پ.ی.د. دڵشاد عەلی محەمەد**

**سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا**

**ڕۆژ: ٢٨ / ٤ /٢٠١٢**

**ئێمەی ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، کە بەناونیشانی (ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا)یە، لەگەڵ خوێندکار (زوبێر عەلی عارف)دا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەرۆك و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (            ) بڕوانامەی ماجستێری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.**

**ناو: پ.ی.د. فاروق عومەر سدیق**
**سەرۆکی لیژنە**
**ڕۆژ: ١٩/ ٧ /٢٠١٢**

**ناو: پ.ی.د. بەکر عومەر عەلی**
**ئەندام**
**ڕۆژ: ١٨ / ٧ /٢٠١٢**

**ناو: پ.ی.د. هۆگر مەحموود فەرەج**
**ئەندام**
**ڕۆژ: ١٨/ ٧ /٢٠١٢**

**ناو: پ. ی. د. ئەبوبەکر عومەر قادر**
**ئەندام و سەرپەرشت**
**ڕۆژ: ١٨ / ٧ /٢٠١٢**

**لەلایەن ئەنجومەنی سکوڵی زمانەوە پەسەندکرا.**

**ناو: د. کاوان عوسمان عارف**
**سەرۆکی سکوڵی زمان**
**ڕۆژ: ٢/ ٨ /٢٠١٢**

# پێشکەشکردن

**پێشکەشە :**

- **بە ئاسمانی ئومێد و خاکی ژیانم، دایکم و باوکم.**
- **بە خوشک و برا ئازیزەکانم.**
- **بە هاوسەری ئازیزم.**
- **بە هەموو ئەوانەی کە مرۆڤدۆست و زانستخواز و خاکین.**
- **بە هەموو ئەوانەی، کە لە زمانی ژیان دەگەن و زمانەکەیان بەشێکە لە بوونیان.**
- **بە هاوڕێی دڵسۆز و مامۆستا سەنگینەکانم.**

# سوپاسنامە

* سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە زمانی پێبەخشیم تا بتوانم بە یارمەتی و پشتبەستن بە خۆی و هەوڵ و کۆششی خۆم و ئەوانەی هاوکارم بوون، ئەم لێکۆڵینەوەیە دەست پێبکەم و بە کۆتایی بگەیەنم.

* رێز و سوپاسی فراوانم بۆ مامۆستای بەڕێزو خۆشەویستم، پڕۆفیسۆری یاریدەدەر (د. ئەبوبەکر عومەر قادر)، کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم لێکۆڵینەوەی لەئەستۆگرت و دڵسۆزانە هاوکارم بوو بۆ بەئەنجام گەیاندنی کارەکەم.

* رێز و سوپاسم بۆ سەرۆکی لێژنە و ئەندامانی گفتوگۆی نامەکە، کە بە دڵسۆزیتان نامەکەتان گەیاندە ئەم ئاستەی ئێستا.

* رێز و سوپاسم بۆ هەموو ئەو خوشك و برا دڵسۆز و بەرێزانەی هەورامانی لهۆن و هەورامانی تەخت، کە دەستی هاوکارییان بۆ دەوڵەمەندکردنی لێکۆڵینەوەکەم درێژکرد، کە لەبەر زۆری کەسەکان ناتوانم ناوی یەك یەکیان بهێنم، تەنیا دەتوانم رێز و سوپاس و دەستخۆشی و پێزانینیان بۆ دەرببڕم.

* سوپاس بۆ هەموو ئەو خوشك و برا بەڕێزانەی، کە بە وەرگێڕانی سەرچاوە ئینگلیزییەکان یارمەتییاندام، دڵسۆزی و پەرۆشییان بەرزدەنرخێنم. هەروەها سوپاس بۆ هەموو ئەوانەی، تەنانەت بە وشەیەکیش بێت هاوکارم بوون.

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەكی** | ١ |
| **٠/١ ناونیشان و بواری نامەكە** | ١ |
| **٠/٢ هۆی هەڵبژاردنی نامەكە** | ١ |
| **٠/٣ گرنگی و ئامانجی نامەكە** | ١ |
| **٠/٤ سنور و كەرەستەی نامەكە** | ٢ |
| **٠/٥ ڕێبازی لێكۆڵینەوەی نامەكە** | ٢ |
| **٠/٦ گرفتی نامەكە** | ٢ |
| **٠/٧ بەشەكانی نامەكە** | ٢-٣ |
| | |
| **بەشی یەكەم: ئیدیەم و زانستی زمانی كۆمەڵایەتی** | ٤-٤٣ |
| **١/ ١) پەیوەندیی زمان و كۆمەڵ** | ٤ |
| **١/ ٢) كلتور و كۆمەڵی زمانی** | ١١-٢٢ |
| **١/ ٢ -١) چەمكی كلتور** | ١١ |
| **١/ ٢ -١-١) زمان و كلتور** | ١٥ |
| **١/ ٢ -٢) كۆمەڵی زمانی** | ١٨ |
| **١/ ٣) زانستی زمانی كۆمەڵایەتی** | ٢٣ |
| **١/ ٤) ئیدیەم** | ٢٨ |
| **١/ ٤-١) ئیدیەم و كلتور** | ٤٠ |
| | |
| **بەشی دووەم: بەكارهێنانی ئیدیەم** | ٤٤-١٠٤ |
| **٢/١) ئیدیەم، توانا و تێگەیشتن** | ٤٤ |
| **٢/١-١) توانست و توانا** | ٤٤ |
| **٢/١-١-١) توانستی ئیدیەم** | ٤٧ |
| **٢/١-١-٢) تێگەیشتن لە ئیدیەم** | ٥٠ |
| **٢/١-٢) توانای ئیدیەم** | ٥٨ |

| | |
|---|---|
| ٢/١-٢-١) توانای مانەوە و توانای گۆڕین | ٥٩ |
| ٢/١-٢-٢) توانای بەکارهێنان | ٦٣ |
| ٢/١-٢-٣) توانای گەیاندن و کاریگەریی ئیدیەم | ٦٥ |
| **٢/٢) بەکارهێنانی ئیدیەم:** | ٦٧ |
| ٢/٢-١) لە ڕووی فێربوونەوە | ٦٩ |
| ٢/٢-١-١) بەپێی قۆناغەکانی تەمەن | ٧٥ |
| ٢/٢-١-٢) فێربوونی زمانی دووەم | ٧٨ |
| **٢/٢-٢) لەڕووی بەکارهێنانەوە:** | ٨٠ |
| ٢/٢-٢-١) ناوچەی جوگرافی | ٨٢ |
| ٢/٢-٢-٢) پلە و چینی کۆمەڵایەتی | ٨٥ |
| ٢/٢-٢-٣) ڕەگەز | ٨٨ |
| ٢/٢-٢-٤) تاک/ کۆمەڵ | ٩٤ |
| ٢/٢-٢-٥) فەرمی، نافەرمی | ٩٦ |
| ٢/٢-٢-٦) ئایین | ٩٩ |
| ٢/٢-٢-٧) تەمەن | ١٠٠ |
| ٢/٢-٢-٨) ئاستی خوێندەواری | ١٠٢ |
| ٢/٢-٢-٩) پیشە | ١٠٣ |
| | |
| **بەشی سێیەم: ئیدیەم و بوارە کۆمەڵایەتییەکان** | ١٠٥-١٧١ |
| **٣/١) بوارە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی ئیدیەم:** | ١٠٥ |
| ٣/١-١) ڕەنگدانەوەی پێکهاتە و ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ | ١٠٦ |
| ٣/١-٢) ڕەنگدانەوەی ئایین | ١١٤ |
| ٣/١-٣) ڕەنگدانەوەی کار و سیفەتی باش | ١١٨ |
| ٣/١-٤) ڕەنگدانەوەی کار و سیفەتی خراپ | ١٢١ |
| ٣/١-٥) ڕەنگدانەوەی دیاردەی دزێو و ناپەسەند | ١٢٧ |
| ٣/١-٦) ڕەنگدانەوەی نزا و توککردن (دوعابۆکردن و دوعالێکردن) | ١٣٣ |
| ٣/١-٧) ڕەنگدانەوەی سروشت | ١٣٨ |
| ٣/١-٨) ڕەنگدانەوەی ئاژەڵ و گیاندار و مار و مێروو | ١٤٤ |
| ٣/١-٩) ڕەنگدانەوەی کەس و ئاماژەکردن بە کار یان ڕەفتار .... | ١٥٥ |

| | |
|---|---|
| ٢/٣) تایبەتییەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا: | ١٥٩ |
| ٣/٢-١) پێوەند بە ڕەگەزەوە | ١٥٩ |
| ٣/٢-٢) پێوەند بەتەمەنەوە | ١٦٢ |
| ٣/٢-٣) پێوەند بە چینی کۆمەڵایەتییەوە | ١٦٤ |
| ٣/٢-٤) پێوەند بە جوگرافیاوە | ١٦٥ |
| ٣/٢-٥) پێوەند بە پیشەوە | ١٦٧ |
| ٣/٢-٦) پێوەند بە ئایینەوە | ١٦٨ |
| ٣/٢-٧) پێوەند بە فەرمیبوون و نافەرمییەوە | ١٦٩ |
| ٣/٢-٨) پێوەند بە خوێندەوارییەوە | ١٧٠ |
| ٣/٢-٩) پێوەند بە هەندێك لایەنی تر | ١٧٠ |
| پاشکۆ | ١٧٢-١٩١ |
| پێڕستی ناوەکان | ١٩٢-١٩٥ |
| ئەنجام | ١٩٦-١٩٧ |
| سەرچاوەکان | ١٩٧-٢٠٣ |
| پوختەی نامەکە | ٢٠٤-٢٠٥ |

# پێشەکی

## ١/٠ ناونیشان و بواری نامەکە:

ناونیشانی نامەکە (ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا) یە. ئەم لێکۆڵینەوەیە لەڕووانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە لە ئیدیەم پێوەند بە توانست و توانای زمانیی کۆمەڵیکی دیاریکراو، لە فێربوون و بەکارهێنانی ئیدیەم و کاریگەری و ڕەنگدانەوەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە. هەروەها ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئاخێوەران چۆن بە هۆی ئیدیەمەوە ئەزموونی کلتووریی و کۆمەڵایەتیی نەوە بە نەوە دەگوێزنەوە.

## ٢/٠ هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:

ئیدیەم، لەگەڵ ئەوەی کە فەرهەنگی زمان دەوڵەمەند دەکات، هاوکات ڕۆڵ و گرنگییەکی سەرەکی لە ڕەنگدانەوەی کلتور و ئەزموون و بیری کۆمەڵدا هەیە. ئەگەرچی دەکرێت لە چەند لایەنێکی جیاوازەوە لە دەربڕراوەکان بکۆڵرێنەوە، بەڵام دەکرێت بوترێت، لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی تایبەت و جیاجیا لە هەموو ڕوویەکەوە وەك پێویست کاری لەسەرنەکراوە. ڕەنگە یەکێك لەو بورانە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بێت، هەربۆیە لەرێگەی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە و نامەکەوە مەبەستمانە لەم لایەنە گرنگەوە بۆ خستنەڕووی کلتووری کۆمەڵایەتی و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان، لە ئیدیەم بکۆڵینەوە، ئەویش لەبەرئەوەی ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین کاری تایبەت و سەربەخۆمان لەم بوارەدا بەرچاونەکەوتووە.

## ٣/٠ گرنگی و ئامانجی نامەکە:

گرنگی نامەکە لەوەدایە، کە توانیویەتی تاڕادەیەك کەرەستەیەکی زۆری شێوەزارەکە _ئیدیەم_ کۆبکاتەوە و دوواتر لەڕێگەی ئەم کەرەستانەوە چەند لایەنێکی کلتوری کۆمەلایەتی کۆمەڵەکە لەڕووانگەی بیر و ئەزموونی ژیانی ئاخێوەرانی شێوەزارەکە بخاتەڕوو.

## ٤/٠ سنوور و کەرەستەی نامەکە:

ئەم باسە لە سنووری دیاریکراوی شێوەزارێکدا_هەورامی_ لەڕووانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و پێوەند بە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە ئیدیەم دەکۆڵیتەوە. بوارە کۆمەڵایەتییەکانی ئیدیەم لە شێوەزارەکەدا خراوەتەڕوو بە بێ ئەوەی لەگەڵ زمان و زارەکانی تردا بەراوردبکرێن. هەروەها کۆکردنەوە و بەکارهێنانی کەرەستەکانیش دوو لایەن لەخۆدەگرێت: بەشی هەرە زۆری ئیدیەمەکان لە زاری ئاخێوەرانەوە وەرگیراون، بەشێکی زۆر کەمیش، واتە تاك و تەرا، لە سەرچاوە نوسراوەکانەوە وەرگیراون.

## ٥/٠ ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نامەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە دەچێتە ناو چوارچێوەی کارێکی مەیدانییەوە و تێیدا بنەماکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی پەیڕەوکراوە و لەڕووانگەی ئەم زانستەوە_ زمانەوانیی کۆمەڵایەتی_ چییەتی و چۆنیەتی ئیدیەمەکان پێوەند بە کلتوورێکی دیاریکراو، خراوەتەڕوو.

## ٦/٠ گرفتی نامەکە:

نامەکە ڕووبەڕووی دوو گرفتی سەرەکی بوویەوە، یەکەمیان، نەبوون یان کەمیی سەرچاوەی کوردی، کە لەڕووانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە لێکۆڵینەوەیان لە ئیدیەم کردبێت. دووەم، نەبوون یان دەگمەنی سەرچاوەی باوەڕپێکراو، کە زۆرێك لە ئیدیەمەکانی هەورامی تێدا کۆکرابێتنەوە بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ لێیان بکۆڵرێتەوە. لەبەرئەوە، کۆکردنەوەی دەربڕڕاوەکان پێویستی بەوە هەبوو، کە بەشێوەیەکی مەیدانی و بە هاوکاری چەند کەسێکی تر لە زۆربەی ناوچە و گوندەکانی هەورامانی لهۆن و هەروەها پاوە و مەریوان و... تد کۆبکرێنەوە، پاشان لێیان بکۆڵرێنەوە.

## ٧/٠ بەشەکانی نامەکە:

نامەکە لە پێشەکیو سێ بەشو ئەنجام و پاشکۆیەك پێکهاتووە:

**بەشی یەکەم:** (ئیدیەم و زانستی زمانی کۆمەڵایەتی)، ناونیشانی بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە زمان و کۆمەڵ و پەیوەندیی نێوانیان، هەروەها چەمکی کلتوور و کۆمەڵی زمانی پێوەند بە زمان و کلتورەوە خراوەتەڕوو. پاشان ئەو بیروڕایانەی کە باس لە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدان و گەشەکردن و ڕۆڵی ئەم زانستە دەکەن، ئاماژەیان پێکراوە. دوواتر لەڕووانگەی زانستی زمان و زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە، تایبەتمەندیی زمانی و کۆمەڵایەتیی ئیدیەم خراوەتەڕوو.

**بەشی دووەم:** تایبەتە بە (بەکارهێنانی ئیدیەم)، باس لە توانست و توانا و تیۆرەکانی چۆنیەتی تێگەیشتن و فێربوونی ئیدیەم کراوە، بەوەی کە چۆن ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراو فێریان دەبن. هەر لەم بەشەدا پەیوەند بە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانیی وەك ناوچەی جوگرافی، ڕەگەز، تەمەن و... تد، تایبەتمەندیی بەکارهێنانی ئیدیەم ڕوونکراوەتەوە.

**بەشی سێیەم:** ئەم بەشە، بەشی مەیدانی و کارەکیی لێکۆڵینەوەکەیە و لە ژێرناونیشانی (ئیدیەم و بوارە کۆمەڵایەتییەکان) بە پۆلێنکردنێکی تایبەت، ئیدیەمەکان بەسەر چەند لایەن و بوارێکدا دابەشکراون، دوواتر تایبەتییەکانی ئیدیەمی شێوەزاری هەورامی لە ڕووانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە خراونەتەڕوو.

**بۆئەوەی نموونەی ئیدیەمی بوارە جیاوازەکان لە ناوەڕۆکدا زۆر نەبن، پاشکۆیەک پێشکەشکراوە کە تێیدا ئیدیەمەکان و واتای ئیدیەمییان خراوەتەڕوو.**
**لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەشدا، چەند ئەنجامێکی گرنگ و دیاری لێکۆڵینەوەکە لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕوو.**

# بەشی یەکەم

# ئیدیەم و زانستی زمانی کۆمەڵایەتی

## ١ / ١ ) پەیوەندی زمان و کۆمەڵ

هەرچەندە دەوترێت زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام بەوردی ئەوە ڕووننەکراوەتەوە چ جۆرە دیاردەیەکە و چ تایبەتمەندییەکی سەرەکی لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تری جیادەکاتەوە. ئایا دەتوانرێت لەجێی دیاردە کەرەستەیەکی تری بۆ بەکاربهێنرێت یان نا؟ چ هۆکارێك وادەکات، کە تەنیا وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بناسرێت و وەك دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟ ئەمە لە کاتێکدا کە ڕەفتار و مامەڵەکردن و پەیبردن بە شتەکان و بیرکردنەوە و چەندان شتی تری لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازترە. بەواتایەکی تر، گەر بگوترێت بۆ مەبەستی زانستی بەکاردێت، ئەوا سیفەتە کۆمەڵایەتییەکەی وندەکات یان لاواز دەبێت؟ لەکاتێکدا ئەم ناساندنە_ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی_ چەندین پرسیار دەوروژێنێت: ئایا لە بنەڕەتدا هەر وابووە و وادەبێت؟ ئایا ئەوەندە بەسە کە بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بناسرێت؟ ئایا ناکرێت بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی-زانستی بناسرێت؟ لەکاتێکدا زمان، جاران ئەوەندەی بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان بوو، ئێستا ئەوەندەش بووە بە زمانی زانست. بەگشتی دەتوانرێت بگوترێت زانستیبوونی زمان دیسانەوە هەر لەناو خەسڵەتی کۆمەڵایەتی زماندایە، بەڵام تایبەتمەندیی وەرگرتووە و لەو بارەدا بەو جۆرە دەردەکەوێت. هەرچۆنێك بێت دەکرێت ئەوە بە هەند وەربگیرێت، کە ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە چییەتی و گرنگی لە چیدایە و چ جۆرە پەیوەندییەکی بە کۆمەڵەوە هەیە؟

((ئەوەیڕاستیبێت، زمان یەکێکە لە پێویستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی بە یەکێك لە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ ئەژماردەکرێت. لەوکاتەوەی کە مرۆڤ بۆ بەردەوامبوونی ژیان و مانەوەی خۆی بەرەو ژیانی کۆمەڵایەتی هەنگاوی نا، بەناچاری نیازمەندی جۆرێك پێڕەوی پێوەندیکردن بۆ پەیام گەیاندنیش بوو، بەم شێوەیە زمان لە گشتگیرترین چەمك و واتا و سەرەتاییترین بنیاتیدا دەرکەوت.))[1] واتە بەکارهێنانی زمان سەرەتا بە بنیاتێکی سادەتر و لە بازنەیەکی بچووکتری مەبەست و پێویستی ژیانی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی پێویستییە سەرەتاییەکانی ژیان دەرکەوتووە، بەڵام ناکرێت بەم ناساندنەی سەرەوە، چییەتی و ئەرکی زمان بخرێتەڕوو، لەبەرئەوە دەکرێت بوترێت ((زمان، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و وێنەیەکی نموونەیی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییە. خەڵك زمان تەنیا بۆ گواستنەوەی بیر و هەست بۆ بەرامبەریان بەکار ناهێنن، بەڵکو بە جۆرێك بەکاریدەهێنن تا بتوانن پێوەندییان لەگەڵ یەکتر بەباشی پەسن بکەن و شوناس بەخۆیان ببەخشن.))[2]

لە گەڕانەوە بۆ هەر یەك لەو پێناسانەی کە بۆ زمان کراون، کۆمەڵێك تایبەتمەندیی زمانمان بۆ دەخرێنەڕوو، کە ڕەنگە هەندێکیان لە خودی زمانەوە خستبێتیاننەڕوو و هەندێکیشیان وادەردەکەون، کە لە ئەرکی زمانەوە هەڵهێنجرابن. بە بڕوای Johann Gottfried Herder: ((زمان، ئامرازی

---

[1]) یحیی مدرسی (١٣٧٨: ١)

[2]) ندا هدایت (١٣٨٤: ١٨) هەروەها بڕوانە: پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ١٧)

بیرکردنەوەی مرۆڤە و هاوکات ناوەڕۆك و ڕوخساریشیەتی.))[1] ئەگەر زمان روخسار و ناوەڕۆکی مرۆڤ نشانبدات، واتە خودی بەکارهێنانی زمان ڕەنگدەرەوەی پێوەندی نێوان جیهانی ناوەوە و دەرەوەی ئادەمیزاد بێت، ئەوا دەشێت ئەم گوزراشتکردنەش لە زمان، کە دەوترێت زمان ((کلیلی ناسینی مرۆڤەکانە.))[2] یان ((بەرجەستەکردنی (visualization) حەقیقەتی مرۆڤ و بوونی ئادەمیزادە.))[3] بمانخاتە ناو تێڕوانینێکی تری قووڵ و ئاڵۆزەوە، تاوەکو تەنیا بەکۆمەڵێك ڕێسا و یاسای نەزانین، بەڵکو وەك جیهانێکی بەیەکداچوو و ئاوێتە بە مرۆڤ لێی بڕوانین.

به بڕوای Chomsky (( لە بنەڕەتدا زمان سیستەمی دەربڕین و خستنەڕووی بیرە.)) [4] یان زمان، لەدایکبووی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بیرە.[5] زۆرجار بەهۆی بەستنەوەی زمان بە بیر و ئەوەی کە بیر تەنیا بە هۆی زمانەوەیە کە هەیە، یان زمانیش بەبێ بیر بوونی نییە، وا دەکات کە زمان و بیر و بە دوو ڕووی دراوێك دابنرێن، یاخود بوترێت زمان بیرە و بیریش زمانە.[*]

Whorf بڕوای وایە (( زمان ئاوێنەیەکە، کە دەتوانرێت لەڕێگەیەوە پەی بە چییەتی (ماهییەت) و تایبەتمەندییە بەردەوام و خۆگرتووەکانی کۆمەڵێك ببرێت.))[6] لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ بەبێ زمان چێژ لە مرۆڤایەتیی خۆی وەرناگرێت. بۆیە دەکرێت بڵێین مرۆڤ زمانە و بەبێ زمان مرۆڤایەتی بوونی نابێت،[7] بەکورتی دەتوانرێت بوترێت، کە زمان لەگەڵ ئاخێوەرانیدا زیندووە و بوونی هەیە.[8]

لەڕووانگەی ئەم ناساندنانەوە دەکرێت بوترێت، زمان ڕەنگدەرەوەی خودی مرۆڤایەتییە، بەو واتایەی کە مرۆڤ خودی خۆی لە زماندا دەبینێتەوە و بە هۆی زمانەوەیە، کە دەتوانێت مرۆڤبوونی خۆی نیشانبدات و ڕەنگپێبداتەوە، لەبەرئەوە زمان وەك بوون و خەڵاتێکی خوایی، ڕەنگدەرەوەی حەقیقەتی مرۆڤ و چییەتی و چۆنیەتی ژیانی ئادەمیزادە. کەواتە لە زمانەوە کە ئاوێنەی نیشاندانی مرۆڤە، دەتوانرێت، وێنەی ژیانی مرۆڤ ببینین و پەی بە بیرکردنەوەی خۆی و هەروەها پێکهاتەی ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا دەژی، ببەین.

ڕەنگە بتوانرێت بگوترێت سەرەڕای چییەتی و ڕۆڵی زمان، دیارترین ئەرك و گرنگیی زمان ئەوەیە، کە ((دەتوانێت تاکەکانی کۆمەڵ پێکەوە ببەستێت و یەکەیەکی کۆمەڵایەتی پێکبهێنێت. بە دەربڕینێکی تر، زمان گرنگترین بنەمای کۆمەڵایەتییە.))[9] بە بڕوای Whorf ئێمە بەو شێوەیە لە

---

[1]) سید حسین سیدی (١٣٧٨: ٢٦)

[2]) علی اکبر شیری (١٣٨٦: ١٣٢)

[3]) سید حسین سیدی (١٣٨٧: ١٣)

[4]) سید علی میر عمادی (١٣٧٣: ٥٠٠)

[5]) علی زوین. بڕوانە : هێمن عبدولحمید شەمس (٢٠٠٦: ٣)

[*]) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: کسپە ئەبوبەکر عەلی (٢٠١١: ١٢-٢٠)

[6]) افسانە سعیدی (١٣٨٩: ١١٦)

[7]) هادی نهر. بڕوانە: هێمن عبدولحمید شەمس (٢٠٠٦: ٣)

[8]) افسانە سعیدی (١٣٨٩: ٢٠٦)

[9]) محمد رضا باطنی، پیرامون زبان و زبانشناسی (١٣٨٥: ٩)



زانکۆی سلێمانی ... نامەی ماستەر ... زوبێر عەلی عارف

جیهان دەگەین، کە زمان بۆمانی وێنە دەکێشێت، چونکە بە سەرنجدانمان لە زمانەکان بۆمان دەردەکەوێت، کە زمان تەنیا هۆکارێك نییە بۆ دەربڕینی بیروباوەڕەکان، بەڵکو شێوەبەخشی بیروباوەڕەکانیشە.[1] کەواتە مامەڵەکردنمان لەگەڵ زمان، ناسینێك نییە لەسەر بنەمای ئەوەی کە تەنیا کەرەستە و هۆکارە، بەڵکو جیهانێکی فراوانی ئاڵۆزە لە پێکهاتە و ئەرك و ڕۆڵ، هەربۆیە پێویستە بەو تێڕوانینەشەوە لێیبڕوانین و لێیبکۆڵینەوە. Malinovsky دەڵێت: (( ئەرکی زمان تەنیا پێوەندیکردن (communication) یان گواستنەوە (transmission) یان دەربڕین (expression) نییە لەڕێگەی دەنگەزمانییەکانەوە (phone)، بەڵکو ئەڵقەیەکە لە زنجیرە چالاکییە پێڕەوبەندەکانی مرۆڤایەتی. زمان بەشێکە لە ئاوەز و بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆڤ. جۆرێکە لە کاروچالاکی، نەك ئامرازی ڕەنگدەرەوەی بیر.))[2]

ڕەنگە زمان تاڕادەیەکی زۆر بتوانێت وێنەی جیهانی دەرەوەو ناوەوەی مرۆڤ نیشانی خۆی بداتەوە و گوزارشتی لێبکات، چونکە سەرەکیترین هۆکار و ئامرازی گوزارشتکردن لە مرۆڤبوونە، ((زمان هۆکاری دەربڕینی بیر و هەستی ئێمەیە و تەنیا هۆکار _ گرنگترین هۆکار _ یەکە کە جیهانی بیر و دنیای دەروونمان بە جیهانی دەرەوەوە دەبەستێتەوە. زمان و تەرزە زمانییەکانی، بەشێوەیەك لەگەڵ بیر و هەستی ئێمەدا گرێدراون، کە جیاکردنەوە و شیکردنەوەیان زۆرجار ئەستەمە و ناکرێت، ئەمەش سەرچاوەی ئەو بەربەرەکانێ زانستییە بووە، کە ئایا بیر بە بێ زمان دەتوانێت بوونی هەبێت یان نا؟))[3] بەستنەوەی جیهانی دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤ بەهۆی زمانەوە، ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو، کە زمان گرنگترین ڕۆڵی هەیە یان دەشێت بڵێین تاکە هۆکارێکە کە گەورەترین بەشی جیهانی دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤ دەنوێنێت، ئەویش لەبەرئەوەی، کە خۆی بوونێکی کامڵ و گرنگە و دەشتوانێت بە باشترین شێوە گوزارشت لە دەرەوەی خۆی بکات و ببێتە بنەمایەکی گرنگ بۆ بنیاتانی پێکهاتە و بوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤ.

بە بڕوای Heidegger، زمان جیهانی دروستکردووە و تێگەیشتنی ئێمەش لە جیهان، تێگەیشتنێکە لەسەربنەمای زمان، هەر ئەویشە کە بەرگی مرۆڤبوون بە بەرماندا دەکات.[4] Humboldt یش بڕوای وایە، کە ((زمان پێوەندیی نێوان مرۆڤ و جیهانە و هۆکاری شێوەبەخشە بە بیری نەتەوەیی ئێمە، هاوکات شێوەبەخشیشە بە کەسێتی (subjectivity) ئێمە.))[5]

ئەم شێوەبەخشییەی زمان بە بیر، کە لە لایەن Humboldt و Palmer ەوە خراوەتەڕوو، پرسێك دەهێنێتە ئاراوە. ئایا، کە زمان شێوەبەخشی بیرە، کەواتە بیر خۆی چییە؟ خودی زمانە یان نا؟ کامیان لەناو ئەویتردایە؟ هەرچۆنێکبێت بیر بەهۆی زمانەوە ئەو فۆرمە وەردەگرێت و پەیوەندی بە

[1] فرانك ر.پالمر (١٣٨٥: ١٠٠)

[2] سید حسین سیدی (١٣٨٧: ٢١)

[3] محمد رضا باطنی، پیرامون زبان و زبانشناسی (١٣٨٥: ٩-١٠)

[4] افسانه سعیدی (١٣٨٩: ١١٧-١١٨)

[5] سەرچاوەی پێشوو، (١١٩)

جیهانی خۆی و دەورووبەرەوە دەکات و پێوەندییەکانیش ڕێکدەخات، کە دەکرێت لەو لێکۆڵینەوانەی کە تایبەت و پێوەند بە زمان و بیرەوەن، ئەمە ڕوونبکرێتەوە.

ئاشکرایە بۆ خستنەڕووی ئەوەی کە چۆن بیر و تێڕوانین و جیهانبینییەکان لەڕێگەی زمانەوە ڕەنگدەدەنەوە، پێویستمان بە کارکردن و لێکۆڵینەوەیە لە سەر پێوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ. واتە دەبێت لەڕووانگەی زمانەوە گرنگی بە کۆمەڵ بدەین، تاوەکو لەوە نزیکببینەوە چ پێوەندی و ڕۆڵ و گرنگییەکیان پێکەوە هەیە. لەبەرئەوە دەشێت بڵێین: بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەتینەی کە لەنێوان زمان و کۆمەڵدا هەیە، گرنگیدان بە کۆمەڵ و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەناو چوارچێوەی زمانەوانیدا کارێکی زۆر ئاساییە.[1] گرنگیدان بە پێوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ و چۆنیەتی ئەو پێوەندییە بێگومان زیاتر بە خودی پێوەندییەکە ئاشنامانده‌کات و هەروەها لە قولاییەکانی زمان و کۆمەڵیش زیاتر نزیکمانده‌کاتەوە. جۆر و چۆنایەتی ئەم پێوەندییەش لەڕووانگەی زمانەوانان و کۆمەڵناسانەوە ڕای جیاوازی لەسەرە، کە دەکرێت بەکورتی بخرێنەڕوو.

پێوەندیی زمان و کۆمەڵ پەیوەندییەکی دیاریکراو و پێناسەکراوە، کە هەموو زمانناسان و زانایان لەسەری کۆکن، بەڵام بە ڕامان و وردبوونەوە لەو بیروڕاو تیۆرانەی کە هەن، بۆمان دەردەکەوێت، کە بۆ ئەم پەیوەندییە و چۆنیەتییەکەی، دەکرێت لایەن و ڕووی جیاوازەوە بە گریمانە وەربگیرێت. Ronald Wardhough: ١٩٨٦ لەبارەی پێوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵەوە، چوار گریمانە دەخاتەڕوو:[2]

١. بنیاتی زمان لەژێر کاریگەریی کۆمەڵدایە. لایەنگرانی ئەم تیۆرییە کۆمەڵناسانن.

٢. بنیاتی کۆمەڵایەتی و بیری مرۆڤ لەژێر کاریگەریی زماندایە. لەلایەن Sapir و Whorf ەوە خراوەتەڕوو.

٣. زمان و کۆمەڵ کاریگەری هەمبەر بە یەکیان لەسەر یەکتر هەیە. ئەم تیۆرییە لەڕێی مارکسیەکانەوە خراوەتەڕوو.

٤. زمان و کۆمەڵ هیچ جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵ یەك نییە. لایەنگرانی ئەم تیۆرە زمانناسانێکی وەك چۆمسکین، کە بڕوایان بە زمانەوانیی رووت(linguistic pure) هەیە.

دەکرێت ئەوە بڵێین، کە لە خاڵی چوارەمدا نەبوونی پەیوەندی بەو واتایە نییە کە هیچ کاریگەرییان لەسەر یەکتر نییە و پەیوەندییان پێکەوە نییە، بەڵکو بەبڕوای ئەمان بۆ ئەوەی بەتەواوی لێبکۆڵرێتەوە، پێویستە تەنیا و سەربەخۆ لێی بکۆڵرێتەوە و لە کۆمەڵ و دەورووبەر داببڕێت.

زمان و کۆمەڵ پێوەند لەگەڵ یەکتر بەردەوام لە گۆڕاندان، بەڵام فراوانی و خێرایی گۆڕانکاری و گۆڕانە زمانی و کۆمەڵایەتییەکان یەکسان نین، بۆیە بەگشتی گۆڕانە زمانییەکان لەڕێڕەوی گۆڕانکاری و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبن. بەبڕوای شاپور راسخ : هەرچەندە ناکرێت لە

---

[1]) محمد معروف فەتاح (١٩٨٦: ١١٤)

[2]) علی اکبر شیری (١٣٨٦: ١٨–٢٠)

خەسڵەتی کۆمەڵایەتیی زمان دووپاتبین، بەڵام پێوەندی نێوان کۆمەڵ و زمان نابێت بە ناچاری سادە و یەك لایەنە سەیر بکرێت. بەگشتی دەتوانرێت بوترێت، کە زمان درەنگتر و هێواشتر لە کۆمەڵ گۆڕانکاری بەسەرداێت. زمان لە لایەکەوە بۆ بەجێهێنانی ئەرکی پەیوەندیی پێویستی بە جێگیریی رێژەیی هەیە، لەلایەکی ترەوە بە ئەندازەی ئەو گۆڕانانەی کە لە ئاستی کۆمەڵێکدا ڕوودەدەن، بەناچاری گۆڕران ڕوودەدات و خۆی لەگەڵ پێویستییەکانی سەردەمدا دەگونجێنێت. ئەگەریش بۆ بەدیهێنانی پێویستییەکانی پێوەندیی نوێی کۆمەڵ گۆڕانی بەسەردا نەیەت، ئەوا دەبێت بە ئامرازێکی ناتەواو، کە ناتوانێت وەڵامی پێویستییەکانی ئاخێوەرانی خۆی بداتەوە.[١]

بەم پێیە زمان بە هۆی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا هەیەتی، لە زۆرێك لەو گۆڕرانانەی، کە لە کۆمەڵ مرۆییەکاندا ڕوودەدەن، کاری تێدەکرێت و دەگۆڕرێت. ئەگەرچی لەگەڵ یەکدا یەکسان نین، بەڵام چۆنیەتی و چەندێتیی گۆڕرانە زمانییەکانیش پەیوەستە بە چۆنیەتی و چەندێتی گۆڕرانە نازمانییەکانەوە.[٢] واتە زمان و کۆمەڵ بەردەوام لە گۆڕرین و گۆڕرانەکاندا یەکسان نین، بەڵام لەڕێڕەوی یەکتردان و پێویستیی بنەڕەتیی ژیانی مرۆڤایەتین، لەم گۆڕرانانەشەوە دەبێت چاوەڕێی ئەوەبین، یان ئەوە بزانین، کە ((گۆڕرانی کۆمەڵایەتی دەتوانێت گۆڕانی زمانەوانیی هاوشێوە بەدیبهێنێت.))[٣]

سەرەڕای بوونی پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵ، ئەوەی کە دژوارە جیاکردنەوەی ئەم دووانەیە لە یەکتر، واتە دیاریکردنی سنووری نێوانیانە بە تەواوی، چونکە وەك دەوترێت: (( لە نێوان زمان و کۆمەڵدا هێڵێکی یەکلاکەرەوە بوونی نییە _ کە لە یەکتریان جیابکاتەوە_ ، بەڵکو بوارێکی بەرفراوانی گرنگیپێدانی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە.))[٤] نەبوونی جیاکەرەوەیەکی ئاشکرای ڕەها وادەکات، کە هەردەم ئەم دووانە پێکەوە ببەسترێنەوە و بۆ لێکۆڵینەوە لە یەکێکیان، ئەویتریشیان لەبەرچاو بگیرێت، یان بەلایکەمەوە، لە بازنەی دیاریکراوی یەکێکیانەوە، لەوی تریان بکۆڵرێتەوە.

Hymes لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا دژی جیاکردنەوەی زمان و کۆمەڵە. ئەو پێیوایە، کە پەیوەندیی نێوانیان زۆر بەتینە و کارلێککردنیشیان دیار و ئاشکرایە. بۆیە بە توندی ڕەخنە لەو ڕێبازانە دەگرێت، کە زمان لە کۆمەڵ و دەورووبەر دادەبڕن، بەڵام زمانەوانانی تریش هەن، کە پێیان وایە لێکۆڵینەوە لە زمان بە دابڕاوی لە کۆمەڵ، تێڕوانینێکی ورد و بەجێ نییە.[٥] لەبەرئەوە، پێوەند بە بواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە ئەوە ڕوونە، کە پێوەندییەکی زۆرگرنگ و پێویست لەنێوان ئەم دووانەدا هەیە و پێویستە لە لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا بە تەواوی گرنگی پێبدرێت. ((زمان وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی (social phenomenon) پەیوەندییەکی بەیەکداچووی لەگەڵ پێکهاتەی

---

[١]) یحیی مدرسی (١٣٨٧: ٥-٦)

[٢]) سەرچاوەی پێشوو، (١٢)

[٣]) پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ٣٧)

[٤]) Ronald Wardhaugh (٢٠٠٦: ١٤)

[٥]) هێمن عبدولحمید شەمس (٢٠٠٦: ٣)



زانکۆی سلێمانی ... نامەی ماستەر ... زوبێر عەلی عارف

کۆمەڵایەتی (social structure) و سیستەمی بەها (value system) کانی کۆمەڵدا هەیە [1] و دەتوانێت بە کاریگەری لەسەر جیهانبینی ئەو کەسانەی کە پێی دەئاخێون و تەنانەت کۆنترۆڵی ئەم جیهانبینییەش بکات و کاریگەری لەسەر کۆمەڵ هەبێت.)) [2] وەنەبێت ئەم پێوەندی و کاریگەرییەی نێوان، یەك لایەنە بێت، بەڵکو لە چەند لایەنێکەوە دەبێت، کە دەکرێت لایەنێکیان لە بەرامبەر ئەویتریان پتر دەربکەوێت.

کارلێککردنی نێوان زمان و کۆمەڵ خۆی لە سێ شێوازدا دەردەخات: [3] ١) کاریگەریی کۆمەڵ لەسەر زمان. ٢) پێکەوە گۆڕرانی دیاردە زمانەوانی و کۆمەڵایەتییەکان ٣) کاریگەریی زمان لەسەر کۆمەڵ. بۆ نموونە وشە تابووەکان، سیستمی خزمایەتی، زاراوەکانی ڕەنگ، ڕاناوەکانی بانگکردن و دروستەی وشەکان، هەموو ڕەنگپێدەرەوەی کاریگەریی کۆمەڵ لەسەر زمان نیشاندەدەن. لەکاتێکدا، پەیوەندیی زمانەوانی باوەڕی بنەڕەتی بە کاریگەریی زمان لەسەر کۆمەڵ زیاتر لە هەموو شتێکی تر هەیە، بەم شێوەیە ئەو بۆچوونەی کە لەبارەی جیهانەوە کە لەلایەن ( Sapir and Whorf) ەوە گریمانەی بۆ دانراوە، ساغ دەکاتەوە.

تیۆرەکەی Sapir-Whorf لەگەڵ ئەو گریمانەیەدا خەریکە، کە تێڕوانین و دیدی مرۆڤ لەبارەی ناوچەی دەورووبەری خۆیەوە، جارجار بەهۆی کاریگەریی زمانەوە شتێکی مەرجی دەبێت. لایەنێکی ئەم تیۆرە کە کەمتر جێی مشتومڕە، پێوەندییەکی یەك لایەنەیە، کە بە ئاڕاستەی پێچەوانە ڕۆڵدەبینێت. واتە کاریگەریی کۆمەڵ لەسەر زمان و شێوەی ڕەنگدانەوەی(reflex)ی ناوچە و دەورووبەرە لەسەر زمان. ئەویش بەو هۆیەوە کە: [4] یەکەم، نموونەی زۆر لە ڕەنگدانەوەی ژینگە و دەرووبەری سروشتی (physical environment) ی کۆمەڵ لەسەر زمان و ئاسایی لەسەر پێکهاتەی (structure) وشەکانی لەبەر دەستدان.

دووەم، ژینگەی کۆمەڵایەتی (social environment)ش دەتوانێت لە زماندا ڕەنگدانەوەی هەبێت و بە زۆری دەتوانێت کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی لێکسیمەکان (structure and lexicon) _بۆنموونە سیستەمی خزمایەتی_هەبێت.

سێیەم، جگە لە ژینگە و دروستەی کۆمەڵایەتی، بەهاکانی کۆمەڵێکیش دەتوانن کاریگەرییان لەسەر زمانەکە هەبێت. سەرنجڕاکێشترین شێوەی بەرجەستەبوونی ئەم بابەتە، لە ڕێگەی دیاردەیەکەوە دەبێت، کە بە تابۆ ناونراوە.

گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی (social development)ی مرۆڤ لەڕێگەی کۆمەڵەوە دەگوێزرێتەوە و تەنیا هۆکارێك، کە کۆمەڵ بۆ ئەم گواستنەوەیە لەبەردەستیدایە، زمانە. خودی زمانیش بەشێوەیەك دیاردەیەکی ئاساییە، کە کەمتر ئەم زەحمەتە بە خۆمان دەدەین تا لەبارەی کار و

[1] پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ٢٥)
[2] سەرچاوەی پێشوو، (٣٢)
[3] Rafael Monroy Casas (١٩٩٥: ٤٧)
[4] پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ٣٥-٣٨)

بنیاتیەوە بیربکەینەوە. لەم ڕووەوە بە دژواری دەتوانین درك بەوە بکەین، کە ئەگەر زمان لە کۆمەڵی مرۆڤایەتی بسەنرێتەوە، بزوێنەری کۆمەڵ بەیەکجاری دەوەستێت، کۆمەڵی مرۆڤایەتی لەیەکدەترازێت، شارستانییەت و کلتووری مرۆڤ لەناودەچێت و مرۆڤ بۆ ژیانی چەند ملیۆن ساڵێکی لەمەو پێشی خۆی دەگەڕێتەوە.[١]

زمان بەتوندی لەژێر کاریگەریی هەلومەرجە زاڵبووەکانی سەر هەر کۆمەڵێکە،[٢] بە بڕوای Ralph Fasold: ١٩٩٠ زمان بەردەوام لەژێر کاریگەریی کۆمەڵ و سیما کۆمەڵایەتییەکاندا بووە. لەبەرئەوە هەمیشە گەواهیدەری جیایی و جیاوازییەکانی ناو کۆمەڵێکی زمانین. سیما کۆمەڵایەتییەکانی وەك، ڕەگەز، تەمەن، خوێندەواری، پلە و پایەی کۆمەڵایەتی، لەناو کۆمەڵدا دیاریکەری جۆری بەکاربردنی زمانن،[٣] لەبەرئەوە زمان نەك تەنیا بەپێی سیما کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو بەپێی ئەو دەورووبەرە کۆمەڵایەتییەی کە خۆی تێدا دەبینێتەوە، دەگۆڕێت.[٤]

بەبڕوای P.Trudgill بەشێوەیەکی گشتی دەتوانرێت لەنێوان زمان و کۆمەڵدا پێوەندییەکی دوو لایەنە دابنرێت، بەڵام پێکهەڵ [*] لەگەڵ بیروبۆچوونی زۆرێك لە زمانناسان، کاریگەریی کۆمەڵ و گۆڕانکارییەکانی لەسەر زمان دیارتر و بەرچاوترن.[٥] ئەمەش دیسانەوە جەخت لەوە دەکات، کە لە لێکۆڵینەوە لە زماندا پێویستە گرنگی بە کۆمەڵ بدرێت و پێوەند بەوەوە لەم بوارەدا لە زمان بکۆڵرێتەوە.

بە پشتبەستن بەو بیروڕایانەی کە لە بارەی زمان و پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵەوە خرانەڕوو، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە کاریگەریی کۆمەڵ لەسەر زمان زیاترە وەك لەوەی زمان لەسەر کۆمەڵ هەیەتی. واتە بەپێچەوانەی بیروڕاکانی Sapir و Whorf و ئەو زمانەوانانەی، کە باوەڕیان وایە زمان زۆرترین کاریگەریی لەسەر کۆمەڵ هەیە. دەکرێت بگوترێت لەڕووانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە، مرۆڤەکان لەگەڵ ژیانی خۆیاندا زمانەکەیان دەگونجێنن و کاریگەرییان لەسەریدەبێت، تاوەکو وەڵامی پێویستییەکانی ژیانی سەردەم و ژینگە و پلەی کۆمەڵایەتی و ... تد، بداتەوە. لەبەرئەوە ئەوەندەی کە کۆمەڵ کاریگەری لەسەر زمان هەیە، زمان ئەوەندە ناتوانێت کاریگەریی بەسەر کۆمەڵدا هەبێت و خۆی بسەپێنێت، چونکە زمان بۆ مرۆڤە و مرۆڤیش بۆ پێوەندی لەناو کۆمەڵدا بەکاریدەهێنێت. کەواتە سروشتی وایە، کە بکەوێتە ژێر کاریگەریی کۆمەڵەوە و بۆ مرۆڤ و لە خزمەتی مرۆڤدا بێت. هەرچەندە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە کاریگەری زمان بەسەر کۆمەڵەوە فەرامۆش دەکرێت یان بەهەندوەرناگیرێت. لەبەرئەوە دەشێت لەڕووانگەی لێکۆڵینەوەی

---

[١]) مهدی سعید بنادکی، http://linguist٨٧.blogfa.com/post-١٤٣.aspx

[٢]) کامبیز محمود زاده (١٣٨٨: ٣)

[٣]) ندا هدایت (١٣٨٤: ١٨)

[٤]) پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ١٣١)

[*]) ئەم زاراوەیەم بەرامبەر بە (مطابق)ی عەرەبی لە (د.هۆگر مەحموود فەرەج)ەوە وەرگرتووە، چاوپێکەوتن، ٢٠١١/٢/٣.

[٥]) یحیی مدرسی (١٣٨٧: ٤)

زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە پەی بەوە ببەین، کە چۆن ئەم کاریگەرییانە لە زماندا ڕەنگدەدەنەوە و دابونەریت و بیر و باوەڕەکانیش زیاتر لە چ کەرەستەیەکدا خۆیان نیشاندەدەن، کە بێگومان ئەمەش بەرەو ناسینی کلتووری کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵەیەمان دەبات، کە لە زمان یان زار و شێوەزارەکەی دەکۆڵینەوە، چونکە لەم بوارەدا، کۆمەڵ کراوە بە بنەمایەك، کە تێیدا لە زمان دەکۆڵرێتەوە و بەهۆیەوە پەی بە کاریگەریی و بوون و چۆنایەتی و پێکهاتە و بەها کلتوری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو دەبرێت.

## ١/ ٢ ) کلتوور و کۆمەڵی زمانی :

### ١/ ٢-١ ) چەمکی کلتوور

بۆ تێگەیشتن لە واتا و مەبەست و گرنگی کلتوور، سەرەتا دەبێت لە خودی زاراوەکەوە دەستپێبکەین تاوەکو لەوە نزیك ببینەوە، کە ئەم زاراوەیە _کلتوور_ لە پێشدا بۆچی بەکارهاتووەو چی گەیاندووە و ئێستا چ واتایەك دەگەیەنێت؟

دەکرێت بوترێت کلتور (culture) بریتییەلە: ١) سەرجەمی بەهای ماددی و ڕۆحی کۆمەڵی مرۆڤ، تایبەتێتی ئاستێکی گەشەی کۆمەڵ دەردەخەن و کلتوری ماددی و رۆحی لەیەك جودادەکاتەوە. لە وجودی چینایەتیدا: تایبەتێتی چین لەخۆدەگرێت، وەك کۆمەڵی شیوعی، یا سەرمایەداری. ٢) پلەی ئاستی پێگەیشتن بەجۆرێك لە زانستدا، یان زانستێکدا. ٣) فەلاحەت و پیشەسازی و ئەو دەستکەوتانەی لێیان کەوتوونەتەوە.[١]

کلتوور هەمیشە ئەو پرسیارەی مشتومڕی نێوان ئەم دوو بارە دەوروژێنێت، کە: ئایا مرۆڤەکان ئەوەن، کە هەر لە بە دونیاهاتنیانەوە سروشت بڕیاری لەسەر داون یان ئەوەن، کە کلتوور وای لێکردوون لە ڕێی بە کۆمەڵایەتیبوون و پەیڕەوکردنی یاسا کۆمەڵایەتییەکانەوە بەوشێوەیە بن؟[٢] ئەوەیڕاستیبێت، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام پێویستە لە دەورووبەری ئەم پرسیارەدا مامەڵە بکەین تاوەکو لە چەمك و واتای کلتوور بگەین و پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵ و زماندا بزانین. دەکرێت بوترێت ((کلتوور بریتییە لەو بەها و ئەرزشانەی کە تاکەکانی گرووپێکی دیاریکراو هەیانە، ئەو نەریتانەی کە پێڕەوی لێدەکەن و ئەو کاڵا مادییانەی کە بەرهەمیاندەهێنن. ئەرزش و بەهاکان مەبەست و بیرۆکەی نابەرجەستە(ئەبستراکت)ن، هەروەها نەریتەکانیش بنەما و ڕێسای دیاریکراوی وەهان، کە چاوەڕوانی لە خەڵك دەکرێت ڕەچاویانبکەن. نەریتەکان، نیشاندەر و دیاریکەری "دەبێت" و "نابێت" ەکانی ژیانی کۆمەڵایەتین.))[٣]

---

[١] ) ____________، فەرهەنگی وشەی بێگانە، (١٩٨١: ٢٧٢)

[٢] ) Claire Kramsch (٢٠٠٨: ٤)

[٣] ) آنتونی گیدنز (١٣٨٣: ٥٥-٥٦) هەروەها بڕوانە: محمود روح الامینی (١٣٨٦: ١٨)



زوبێر عەلی عارف ... نامەی ماستەر ... زانکۆی سلێمانی

کاتێك، کە وشەی "کلتوور" لە قسەکردنە ئاساییەکانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنن، زۆرتر دەسکەوتە باڵاکانی مێشك _ هونەر، ئەدەب، مۆسیقا و وێنەکێشان _ مان مەبەستە. چەمکی کلتوور بەو شێوەیەی کە کۆمەڵناسان بەکاریدەهێنن ئەم جۆرە چالاکییانە و شتانێکی زۆرتر لەخۆدەگرێت. کلتوور بە کۆی شێوەی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵێك دادەنرێت: چۆنیەتی جلوبەرگپۆشینیان، پرۆسەی ژنهێنان و شووکردن و ژیانی خێزانی، نموونەی کارەکانیان، سرووتی ئایینی و کات بەسەربردن و ...تد، هەموو ئەوانە لەخۆدەگرێت. هەروەها ئەو کاڵایانە لەخۆدەگرێت، کە بەرهەمیدەهێنن و بۆیان گرنگن، وەکو تیروکەوان، ئۆتۆمبێل، کتێب و شوێنی نیشتەجێبوون.[1] هەروەها بە بڕوای Goodenouph : ((کلتووری هەر کۆمەڵێك، هەموو ئەو ئەدگارانەیە، کە دەبێت تاکەکانی بیزانن و باوەڕیان پێی هەبێت تاوەکو بتوانن بە چەشنێك هەڵسوکەوت بکەن، کە لەلایەن تاکەکانی تری ئەو کۆمەڵەوە جێی پەسەندکردن بێت.)) [2]

کلتوور، ئەندامبوونی هەر کۆمەڵێکی یەکزمان یاخود یەکزار بەکارهێنە، کە مێژووی هاوبەش و مەودای کۆمەڵایەتیی هاوبەشیان هەیە، هەروەها لە بۆچوون و باوەڕو هەڵسەنگاندن و ڕەفتارکردنەکانیاندا، سیستەمی هاوبەشی و پێوانەییان هەیە.[3] وەك چۆن زمان و کۆمەڵ پەیوەندییەکی زۆر نزیکیان پێکەوە هەیە و ناتوانرێت لێك جیابکرێنەوە، کلتوور و کۆمەڵیش دیسانەوە پەیوەندییەکی لێك نزیك و بەیەکداچووەیان هەیە، کە جیاکردنەوەیان لەیەکتر نەك تەنیا کارێکی ئەستەمە، بەڵکو دەتوانرێت بوترێت بەبێ بوونی ئەوی تر، ئەمیشیان نابێت.

دەتوانرێت "کلتوور" لەڕووانگەی چەمکەوە لە "کۆمەڵ" جیابکرێتەوە، بەڵام پەیوەندییەکی زۆر نزیك لەنێوان ئەم چەمکانەدا بوونی هەیە. "کلتوور" بەشێوەی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو _ داب و نەریتەکانیان، لەگەڵ ئەو کاڵایانەی کە بەرهەمیان دەهێنن _ پەیوەند دەبێت. "کۆمەڵ" بە سیستەمی پەیوەندییە بەرامبەرییەکان (opposite) دادەنرێت، کە کلتوورێکی هاوبەشیان هەیە، کە پێکەوەیان دەبەستێت. وەك چۆن هیچ کلتوورێك ناتوانێت بەبێ کۆمەڵ بوونی هەبێت، هەر بەو شێوەیەش هیچ کۆمەڵێکیش بەبێ کلتوور بوونی نییە. بەبێ کلتوور، ئێمە بەهیچ شێوەیەك _ بەو واتایەی کە ئاسایی لەم زاراوەیە دەگەین_ نە مرۆڤین و نە زمانێکمان دەبێت، کە بەهۆیەوە مەبەستەکانمان دەربڕین و نە هیچ جۆرە هەستێکی بەئاگاییش، هەروەها توانای بیرکردنەوە و تێڕامانیشمان بە توندی سنووردار دەبێت.[4] کەواتە حەقیقەتی مرۆڤبوونی ئێمە خۆی لە کۆمەڵدا دەبینێتەوە و بوونی کۆمەڵیش سەرەتای سەرهەڵدان و دروستبوونی ڕێساو یاسا و نەریتێکە، کە ژیانی تاك و کۆمەڵ بەخۆیەوە گرێدەدات، دوواتر کلتووری تایبەت بەو کۆمەڵ و زمان و زارە لە وێنەیەکی کامڵتردا لەناو ئاوێنەی کۆمەڵدا هەستی پێدەکرێت و دەناسرێتەوە، چونکە

[1]) ئنتونی گیدنز (١٣٨٣: ٥٦)

[2]) د.هدسن (١٩٨٧: ١٣١). هەروەها بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمود روح الامینی (١٣٨٦: ١٨)

[3]) Claire Kramsch (٢٠٠٨: ١٢٧)

[4]) ئنتونی گیدنز (١٣٨٣: ٥٦)

((کلتوور لە هەزاران مەیل و خواست و ئارەزوو و تێڕوانین و یاسای کۆمەڵایەتی نەنوسراوە پێکهاتووە، کە دەبنەهۆی پاراستنی بارودۆخی دەروونی و دەرەکیی تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو. هەر کۆمەڵێك ڕێسا و بنەما و ئەرزش و بەهای تایبەتی خۆی هەیە، کە شوناس و نیشاندەری تێڕوانینەکانی ئەو کۆمەڵەن.))[1] لەبەرئەوەی کە ((کلتوور، لەڕووانگەی کۆمەڵایەتییەوە زانیارییە بەدەستهاتووەکانن.))[2]، کەواتە دەتوانرێت بوترێت کلتوور کۆی بەرهەمی پێکەوەبوونی تاکەکانی کۆمەڵە لە ئەزموون و ڕێساو شێوازەکانی ژیان، کە وەك زانیارییەکی تایبەتی کۆمەڵایەتی لە ئاوەز و بیرو ئاگاییاندا وەریدەگرن و پێڕەویدەکەن و پاشان نەوە بەنەوە ئەم زانیارییانە لەسەر بنەمای تایبەتمەندیی پێکهێنەر و کارتێکەرەکانی، دەگوێزرێنەوە.

ئەگەر کلتوور جۆرێك بێت لە زانیاری، ئەمە واتای ئەوەیە، کە زانیاری هەستی پێناکرێت مەگەر لەناو مێشکی مرۆڤدا نەبێت، لەبەرئەوە لە لێکۆڵینەوەی لێی کێشەیەك هەیە، ئەویش ئەوەیە چۆن پەی بە چۆنیەتی زانیاریی کلتووری کۆمەڵێك لە خەڵکی ببەین.[3] ئەم زانیارییەش وەك چۆن بەدەستهاتووە و بووەتە تایبەتمەندیی کۆمەڵێکی دیاریکراو، هەر بەو شێوەیەش بەهۆی تاکی نوێ و کارتێکردنی نوێوە وەردەگیرێت و دەگوێزرێتەوە و کاریگەری لەسەر تاك و کۆمەڵی کۆمەڵە دیاریکراوەکان بەجێدەهێڵێت.

دەکرێت کلتوور بەشێوەی "زانیارییەك، کە بەشێوەی کۆمەڵایەتی فێری دەبین" پێناسەبکرێت. ئەمە جۆرێك لە زانیارییە، کە وەکو زمانی یەکەم بەبێ ئاگایی فێریدەبین. ئێمە ئەو کاتە لەسەر زانینی خۆمان _ هەروەها لە کلتووری خۆشمان_ ئاگایی پەیدا دەکەین، کە فێری زمان بووبین. ئەو زمانە تایبەتەی کە لە ڕێگەی گواستنەوەی کلتوورییەوە (cultural transmission) فێریدەبین، بەلایکەمەوە لە سەرەتادا سیستەمێکی ئامادەمان بۆ پۆلێنکردنی دونیای دەورووبەری خۆمان و ئەزموونەکانی دونیامان بەدەستەوە دەدات.[4] هەر بۆیە هەر زمانێك نیشاندەری کلتورێکی دیاریکراو جیاوازە.

پەیپێبردن بە زانیارییە کۆمەڵاتییەکان کارێکی ئاسان نییە، چونکە بە جۆری بیرکردنەوە و ڕەفتاری تاك و کۆمەڵی کۆمەڵە دیاریکراوەکەوە بەندە، هەربۆیە گرنگە لەڕووانگەی تەواوی لایەنەکانی ژیانی ئاخێوەرانەوە تایبەتمەندیی کلتوورەکە دیاریبکرێت، تاوەکو وێنەیەکی نزیکی ژیان و پۆلێنکردنی دونیای دەورووبەری ئەو کۆمەڵە بخرێتەروو، کە بە زمان یان زارێکی دیاریکراو دەئاخێون، چونکە زمان وەك چۆن بە ئاخێوەرە بەستراوەتەوە، هەربەو شێوەیەش زمان و کلتوور

---

١) مهدی سبزواری، (www.bukhara-magazine.com )

٢) جرج یول (١٣٨٩: ٣٦٨)

٣) د.هدسن (١٩٨٧: ١٣٢)

٤) جرج یول (١٣٨٩: ٣٣٦)

پێوەندییەکی لێکدانەبڕاوی توندیان پێکەوە هەیە. بە بڕوای Bates-Plug [*] ((زانیاریی کلتووری نەك تەنیا لە ڕێگەی زمانەوە دەگوێزرێتەوە، بەڵکو تاڕادەیەك بە زمانیش دروست دەبێت و دێتەدی.)) [١]

دەشێت بەم شێوەیە بیر لە کاریگەریی کۆی کلتوور بکەینەوە، کە بریتییە لە دەزگا کۆنترۆڵکەرەکانمان، هەروەها سیمای ژینگە کۆمەڵایەتییەکانی تریش پێکەوە وەك یەکەیەکی کاریگەر کاردەکەن، [٢] هاوکات ژینگەی کۆمەڵایەتیش ئاسایی وەك "کلتوور"ی گرووپ و کۆمەڵ قسەی لەسەر دەکرێت. [٣]

هەر گۆڕانێکی کلتووری کە لە سەرەتاوە سنوورداره، بە تێپەڕینی کات دەبێت بە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی. ڕەنگە هەر بەهۆی ئەم هۆیەوە بێت، کە سۆسێر هەردەم جەختی لەسەر ئەم خاڵە دەکردەوە کە هێماناسی بەدوای (( لێکۆڵینەوەی ژیانی هێماکان لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیدایە.)) بووە. [٤] کەواتە دەکرێت بە لێکۆڵینەوە لەو هێما و کەرەستانەی کە پێکهاتەی کلتوری کۆمەڵێکی دیاریکراون و ژیانی کۆمەڵەکەیان ڕەنگرێژی کردووە، بەها کۆمەڵایەتییەکان و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵەیە بخرێنەڕوو.

کلتووری هەر کۆمەڵێك لە دوو کۆمەڵە دیاردە پێکهاتووە: دیاردە ماددی و ناماددییەکان. ئەو هۆکارانەی کە تاکەکانی کۆمەڵ بە هۆیانەوە بژێوی خۆیانی پێ بەڕێوە دەبەن، یەکە ماددییەکانی کۆمەڵ پێکدەهێنن، بەڵام بەها کۆمەڵایەتییەکان، تێڕوانینەکان، بیرەکان، جیهانبینییەکان و هاوشێوەکانی وەك ئەمانە، یەکە ناماددییەکانی کۆمەڵ پێکدەهێنن. هەموو یەکە ماددی و ناماددییەکان بەسەریەکەوە کلتووری کۆمەڵ پێکدەهێنن و هەر یەك لەم یەکانەش بە ماددی و ناماددییەوە یەکەیەکی کلتوورییان پێ دەوترێت. بەم شێوەیە ئۆتۆمبێل یەکەیەکی ماددییە، بەڵام تێڕوانینی ژن و مێرد بۆ یەکتر، یان باوەڕبوون بە فلان بابەتی خورافی یان ئەفسانەیی یان فەلسەفی لە جۆری یەکەی کلتووریی ناماددییە. دیاردە ماددییەکانی کۆمەڵ بنەمای دیاردە ناماددییەکانن. بە دەربڕینێکی تر دیاردە ناماددییەکان لەسەر بناغەی دیاردە ماددییەکانی کۆمەڵ بنیاد نراون. هەرکات گۆڕانێك لە بنیاد و شێوەی کاری دیاردە ماددییەکانی کۆمەڵدا ڕوویدات، دڕەنگ یان زوو کار لە بنیاد و ئەرکی دیاردە ناماددییەکانیش دەکات و ئەوانیش دەخاتە ژێر گۆڕانەوە و ئەم هەر دوو جۆرە گۆڕانەش لە وشەکانی زمانی ئەو کۆمەڵەدا ڕەنگدەدەنەوە. [٥] کەواتە دەشێت بڵێین: ((کلتوور، خولقاندنە دەستی و ئاوەزی و ئەندێشەییەکانی مرۆڤ و کۆمەڵی مرۆییە.)) [٦]، لەمەوە دەتوانین گرنگی

---

*) Bates,Daniel and Fred plug

١) محمد حسن شربتیان، ١٣٨٥، شماره٤٠.

٢) B.F. Skinner (٢٠٠٥: ٣٣٤)

٣) B.F. Skinner (٢٠٠٥: ٤١٩)

٤) دکتر حمیدرضا شعیری (١٣٨٨: ٥٣)

٥) مهدی سعید بنادکی، http://linguist٨٧.blogfa.com/post-١٤٣.aspx. هەروەها بڕوانە: محمود روح الامینی (١٣٨٦: ١٤٢)

٦) محمود روح الامینی (١٣٨٦: ١٨)

و ڕۆڵی کلتوور بەوە بخەینەڕوو کە ((کلتوور تاکەکان فێری چۆنییەتی ژیان دەکات، ئاڕاستە بە بیر و ڕەفتارەکان دەبەخشێت، پێوەندی نێوان تاکەکانی چین و توێژە جیاوازەکانی کومەڵ ڕێکدەخات و سنوور دیاریدەکات.))[1] لەبەرئەوە پێویستە لەڕووانگەی ئەو پێوەندییەی نێوان زمان و کلتوورەوە ئەوە بخرێتەڕوو، کە ئایا هۆکاری سەرەکی لە وەرگرتن و گواستنەوە و پاراستنی کلتووری کۆمەڵێکی دیاریکراو بە هۆی چییەوە دەبێت؟ ئایا دەتوانرێت بوترێت زمان دەتوانێت هەموو کلتوور بنوێنێت؟

## ١/ ٢-١-١ ) زمان و کلتوور

هەموو کۆمەڵێك تایبەتمەندی خۆی هەیە و زمانەکەی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو تایبەتمەندییانەیەوە. لەمەوە دەکرێت پەیوەند بە زمان و کلتوور و کۆمەڵەوە، بچینە ناو ئەم بابەتەوە، تاوەکو پەیوەندی نێوان زمان و کلتوورمان بۆ ڕوونببێتەوە.

هیچ کەس نکوڵی لەوە ناکات، کە زمان یەکێك لە دیارترین تایبەتمەندییە کلتوورییەکانی مرۆڤە، کە لە هەموو کلتوورەکاندا دەبینرێت.[2] کلتورە جیاوازەکانیش بەهۆی زمانی جیاوازەوە خۆیان دەنوێنن. هەروەها ((زمان ڕەنگدەرەوەی کلتووری ئەو خەڵکەیە کە پێی دەئاخێون، نوێنەری شوناسی ئەوانە و دونیای ئەوان ڕاڤە دەکات.))[3]

زمان، کە یەکێکە لە یەکە پێکهێنەکانی کۆمەڵ، لە چوارچێوەی بنەما پێڕەوبەندە کۆمەڵایەتییەکانی وابەستە بە کلتوورەوە ڕۆڵدەبینێت.[4] ئەمە تەواو نزیکمان دەکاتەوە لەوەی کە هێڵکارییەکی لێکنەپچڕاوی سێ لایەنە لەنێوان زمان و کۆمەڵ و کلتووردا وێنابکەین.

بە بڕوای Hudson گواستنەوەی کلتوور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە ڕێگای زمانەوە دەبێت، واتا زمان ئامرازی ئامادەکردنی نەوەی نوێیە بۆ وەرگرتنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و منداڵ دەکاتە بوونەوەرێکی کامڵ و ئامادەکراو بۆ چوونە ناو کۆمەڵ. ڕوون و ئاشکرایە، کە هەموو لایەنەکانی کلتوور لە ڕێگای زمانەوە دەگوازرێنەوە زۆرجاریش وتراوە کە پێشکەوتنی توانستی زمان لای مرۆڤ بووەتە هۆی پەرەسەندنی مرۆڤ و وایکردووە مرۆڤ لەڕووی بایۆلۆژییەوە پێش بکەوێت و ئەمەش ویکردووە عەقڵی مرۆڤیش پێش بکەوێت.[5] کەواتە ئەگەر زمان نەبێت نە کلتوور دەبێت و نە کلتوورێکیش لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوێزرێتەوە، بەڵام ئەوەی کە هەموو لایەنەکانی کلتوور لەڕێگەی زمانەوە دەگوازرێتەوە، دەتوانرێت بوترێت ئەمە بوونێکی ڕێژەییە، چونکە بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنرێت، سەرەتا دەبێت ئەوە بخرێتەروو، کە مەبەست لە هەموو لایەنەکانی کلتوور چییە،

---

[1] ) زهرا فدایی پور، فصل نامە فرهنگ مردم ایران و جهان (١٣٨٢: ٥٤)
[2] ) آنتونی گیدنز (١٣٨٣: ٦٤)
[3] ) افسانە سعیدی (١٣٨٩: ٢٠٦)
[4] ) کامبیز محمود زادە (١٣٨٨: ٣)
[5] ) بەهار زایر محمد (٢٠٠٩: ١٣-١٤)

دوواتر زمان و بیر چۆن لەم ناساندنەدا لێیانڕوانراوە. هەربۆیە دەشێت بوترێت یەکێك لە سەرەکیترین هۆکاری گواستنەوەی کلتوور لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر زمان، نەك زمان تاکە هۆکار بێت.

پەیوەندی توندی نێوان زمان و کۆمەڵ، ڕاستییەکمان بۆدەخاتەڕوو، ئەویش ئەوەیە بە هۆی پەیوەندیی نزیکی و تێکئالآوی کۆمەڵ و کلتوورەوە، زمان و کلتوور توند پێکەوە گرێدەدات. لەبەرئەوە لەم ڕووانگەوە دەکرێت ئەوە بڵێین کە: ((ئەزموونی زمانی لەگەڵ ئەزموونی کلتووریی پەیوەندییەکی بەیەکداچوو و زۆر نزیکیان هەیە.))[1] هەربۆیە پێویستە سەرەتا پەیوەندی نێوان زمان و لایەنەکانی تری کلتوور دیاری بکەین و ئەوەش لەبەرچاوبگرین، کە یەکە زمانییەکان لەوانی ترەوە فێردەبین، ئەمەش تەنها بەشێکی کۆی کلتوور دەگرێتەوە، کە فێری دەبین.[2] لەبەرئەوە ناکرێت بوترێت کە یەکە کلتوورییەکان تەنیا یەکەی زمانین و لەڕێگەی زمانەوە وەردەگیررێن و دەگوێزرێنەوە، چونکە سەرەڕای یەکەی کلتوریی زمانی، هاوکات یەکەی کلتوریی نازمانیش هەن، کە هەردووکیان پێکەوە کۆی کلتوری کۆمەڵێکی دیاریکراو پێکدەهێنن.

لەڕووانگەی پێوەندی زمان و کۆمەڵەوە، دەتوانرێت بوترێت، کلتوور کاریگەریی پتری لەسەر زمان هەیە وەك لەوەی بەپێچەوانەوە بێت. ئەوە زمانە، کە دەبێتەهۆی کلتووری شارستانیەتییەکان و پێشتر دیارییان دەکات.[3] هەروەها بەبڕوای Sapir یش: کلتوورەکان جیاوازن، چونکە زمانە جیاوازەکان بوونیان هەیە.[4] کە ئەمەش ناگونجێت، چونکە زمان بۆ کۆمەڵە و لەناو کۆمەڵدایە و دەبێت بەگوێرەی پێویستییەکانی ئەو بگۆڕێت و بکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە نەك بە پێچەوانەوە. لەبەرئەوە، دەکرێت بوترێت زمانەکان جیاوازن، چونکە کلتوری جیاواز بوونیان هەیە. بەبۆچوونی Goodenough زۆرێك لە تایبەتمەندییەکانی زمان هەر بەو شێوەیەش تایبەتمەندێتیی کلتوورن. بەشێوەیەکی گشتی و باشترین ڕێگەش بۆ لێکۆڵینەوە لە واتا، لێکۆڵینەوەیەتی لەڕێگەی پەیوەندیی بە کلتوور و بیرەوە.[5]

سەرەڕای ئەوەی زمان بەشێکە لە کلتوور، هۆکارێکی سەرەکی نواندنی کلتووریشە. لەبەرئەوە کاتێك دەوترێت ((زمان نواندنی کلتووری ئەو خەڵکەیە کە پێی دەئاخێون، نوێنەری شوناسی ئەوانە و دونیای ئەوان ڕاڤەدەکات.))[6] ئەوە ئێمە لە ڕاستی دوورناکەوینەوە ئەگەر بڵێین زمانی کۆمەڵێکی دیاریکراو ڕەنگدانەوەی لایەنێك لە لایەنەکانی کلتوورەکەیەتی، جگەلەوەی کە پەیوەندی نێوان زمان و کلتوور پێوەندی بەش و گشتە. ناوچەی پێکهەڵبوونی نێوان زمان و کلتوور لە هەموو بەشەکانی

---

[1]) فروزان سجودی (١٣٨٤: ١٠)

[2]) د.هدسن (١٩٨٧: ١٦٧)

[3]) سید علی میر عمادی (١٣٧٣: ٥٠٢)

[4]) سەرچاوەی پێشوو، (٥٠٥)

[5]) د.هدسن (١٩٨٧: ١٣٠)

[6]) افسانه سعیدی (١٣٨٩: ٢٠٦)

زمانەوانیدایە، کە لە خەڵکانی ترەوە فێریدەبین.[1] کاتێك ئاخێوەرێك بە زمان یان زارێك دەئاخێوێت، خودی ئەو زمان یان زارە دەبێتە بەشێك لە شوناسی کلتووری یان تایبەتمەندیی کلتووری ئەو کۆمەڵە. کەواتە دەشێت بوترێت زمان لێرەدا خۆی بەش یان لایەنێکی کلتوورەکەیە، هاوکات هۆکارێکی سەرەکیشە بۆ گواستنەوەی کلتووری ئەو کۆمەڵە دیاریکراوە.

کاتێك کە یاساکانی کۆمەڵێك بەسەر تاکەکانیدا زاڵبوون و شێوەیەکی جێگیریان وەرگرت، ئەوا تەواوی یەکە پێکهێنەرەکانی ئەو کۆمەڵە، لە باوەڕەکان، کلتوور و دابونەریتەوە بگرە تا جیهانبینیی تاکەکانی، هەموویان جێگیر و بەردەوام و خۆڕاگرتر دەبن. ئەم بابەتە، تەنانەت ئامراز و هۆکاری پەیوەندیی ئەو کۆمەڵەش دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە.[2] لەبەرئەوە هەر لە سەرەتاوە کاتێك وشەیەك لەناو کلتوورێکدا بەرهەم دێت، دەکرێت لەگەڵ کلتوورەکەدا بگونجێت، چونکە خودی مرۆڤ و زمانەکەش هەر لەناو ئەو کۆمەڵەدان و ئەوەشی کە بەرهەم دێت، ئەوا دەبێت بە بەشێك لە کلتوورەکە، کە لەمەدا ئەوە کلتووری ئەو زمانەیە ، کە وادەکات ئەو شێوە بیر و وشە و بابەتانە سەر هەڵبدەن و بەردەوام بن لەگەڵ ژیانی ئاخێوەرانی ئەو کۆمەڵەدا. هەرچەند ئەمە بۆ وشە و دەربڕراوانەی کە لە زمانێکی ترەوە وەریاندەگرێت، جیاوازە.

هەر یەکە یان داتایەك کە ئێمە ڕووبەڕووی دەبینەوە، هۆکارێکە، کە لە کلتوورێکی تایبەتەوە سەرچاوە دەگرێت و هێزێك (load)ی هەیە. هەرچییەکیش، کە لە کلتوورەوە سەرچاوە بگرێت، بە هەر سروشتێك (بینین، بیستن، ئاخاوتن، بۆنکردن، تامکردن،...) کە دەربکەوێت، مرۆڤ دەتوانێت لێی بکۆڵێتەوە و ڕاڤەی بکات.[3] لەمەوە دەتوانرێت بگوترێت: ((زمان و کلتوور کاریگەری دوولایەنەیان لەسەر یەکتری هەیە، زمان هۆکاری کامڵبوونی کلتوورە و تائەندازەیەکیش ڕێڕەو و ئاڕاستەشی دیاری دەکات و کلتووریش بەدیاریکردنی سنووری ئەوەی کە گرنگ یان کەم بایەخە، کار لە شێوەگیریی دروستە و وشەکانی زمان دەکات.))[4] وەك چۆن وتراوە کلتوور لە ڕێگەی زمانەوە دەگوێزرێتەوە، باشتر وایە، بڵێین وشە و دەربڕاوەکان هۆکاری سەرەکی ئەم گواستنەوەیەن. هەربۆیە بۆ نیشاندانی ڕەنگدانەوەی کلتوور و بیروباوەڕی ناوچە و کلتوورێکی دیاریکراو، بۆ ئەم مەبەستە، ئیدیەم وەك کەرەستەیەکی زمانیی هەڵبژێردراوە. خودی ئەم کەرەستەیەش ڕەنگە کەرەستەیەکی چڕی بێ وێنەی پێکهاتوو لە واتا و ڕۆڵ بێت، لەبەرئەوە سەرەتا پێویستە لەڕووانگەی کۆمەڵی زمانی و زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەست بە کلتوورێکی دیاریکراوەوە لێیبکۆڵرێتەوە.

---

[1]) د.هدسن، (١٩٨٧: ١٤٧)

[2]) کامبیز محمود زاده (١٣٨٨: ٢-٣)

[3]) دکتر حمیدرضا شعیری (١٣٨٨: ٤٤-٤٥)

[4]) نرمینه معینیان (١٣٨٨، ١٩٣)

## ١/ ٢-٢) کۆمەڵی زمانی language community

لە لێکۆڵینەوەی زمان پەیوەند بە کۆمەڵەوە، پێویستە هەموو دەورووبەرەی کە تێیدا لە زمان دەکۆڵرێتەوە ڕەچاو بکرێت. لەبەرئەوە پێویستە بە هەندێك هۆکاری سەرەکی ئاشنا بین، تاوەکو بزانین لە بازنەو سنوور و چوارچێوەیەکدا و پەیوەند بە چ هۆکارێکەوە لەو بابەتە پەیوەند بە کۆمەڵەوە دەکۆڵینەوە. بێگومان ئەمەش کاردەکاتە سەر لایەنی ناسینی و بەراوردکاری بابەتی لێکۆڵینەکەوە. لەبەرئەوە لێرەدا لە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەیەکی زمانی وەك ئیدیەم، سەرەتا دەبێت لە بازنەیەکی فراوانەوە دەستپێبکرێت، بەوەی کە چۆن لە کۆمەڵ دەڕوانرێت، چ تایبەتمەندییەك لەخۆدەگرێت، چۆن سنووری دیاریدەکرێت. بۆیە پەیوەند بەم لێکۆڵینەوەوە پێویستە سەرەتا لە خودی کۆمەڵی زمانییەوە دەستپێبکرێت. ((هەرکات گرۆیەك لە خەڵکی بە دابونەریت و باوەڕ و تێڕوانینە تاڕادەیەك یەکسانەکانیان، تایبەتمەندیی کلتووریی و هەروەها چوارچێوەی هزری و ئەرك و ڕۆڵی هاوشێوە لە ناوچەیەکدا بەیەکەوە بژین و لە ئامرازی یەکسانی پەیوەندیی کەڵك وەربگرن، ئەوە دەورووبەرێك دەهێننە ئاراوە، کە بە کۆمەڵ ناو دەبرێت.))[1]

کۆمەڵ دیاردەیەکی چەند لایەنیە، کە بە هۆی تایبەتمەندییەکانییەوە، مامەڵە و هەڵسوکەوتی نێوان تاکە پێکهێنەرەکانی ئاساندەکات. لێکۆڵینەوە لە ئەرکی زمان لە دەورووبەرێکی وەهادا، دەتوانێت زانیارییەکی بەنرخمان پێشکەش بکات. ڕەنگە هەر بەهۆی ئەمەشەوە بێت، کە کۆمەڵناسانی زمان هەردەم لە هەوڵی ئەوەدان لە پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ بکۆڵنەوە تا لە لایەکەوە ڕوونیبکەنەوە، کە بۆچی خەڵکی لە دەورووبەرە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بە جۆرێکی جیاواز دەئاخێون، لەلایەکی تریشەوە بزانن بۆچی گۆڕانی هەلومەرجەکان دەتوانێت کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بەکاربردن و جۆری زمانی تاکەکانی کۆمەڵە زمانییەکان هەبێت.[2] دەکرێت بوترێت: ((کۆمەڵی زمانی، گرۆیەك لە خەڵکی کە بە وابەستەبوون بە بەکارهێنانی زمان، خاوەنی کۆمەڵێك نۆرم و لێڕابینراوی هاوبەشن.))[3]

زمانناسان بە سوودوەرگرتن لە پێوەرەکانی وەك "زمانی هاوبەش" ، "هۆکاری پەیوەندی" و "کۆمەڵی مرۆیی" ، کۆمەڵی زمانییان پێناسەکردووە، بەڵام وادەردەکەوێت، کە لە هەر پێناسەیەکدا لەسەر یەکێك لە پێوەرەکان زۆرتر جەختکراوە. Bloomfield بەم شێوەیە کۆمەڵی زمانی دەناسێنێت، ((کۆمەڵی زمانی بریتییە لە گرۆیەك لە خەڵکی کە لە ڕێگەی گوفتارەوە لەگەڵ یەکتردا پەیوەندیی هەمبەرییان هەیە.)) بەبڕوای ئەو، هەموو ئەوەی کە بە چالاکییە باڵاکانی ئاوەز ناودەبرێت، لە زمانەوە سەرچاوەدەگرێت و لەسەر بنەمای ئەوە، لەبەرئەوە کۆمەڵی زمانی گرنگترین

---

[1]) کامبیز محمود زادە (١٣٨٨: ٢)

[2]) سەرچاوەی پێشوو، ( ٢)

[3]) جرج یول (١٣٨٩: ٣٩٤)

جۆری گرۆی کۆمەڵایەتییە، کە توێژبەندییە (stratification)[*] کۆمەڵایەتییەکانی تر بەجۆرێك لەجۆرەکان پێوەندییان پێوەی هەیە، هەرچەند لەگەڵی پێکهەڵنابن. Bloomfield زۆرتر لەسەر پێوەری "پەیوەندی" جەخت دەکات و بڕوای وایە، کە لە ئاست کۆمەڵێکی زمانیدا، جیاوازییە گوفتارییەکان، کە هەندێکجار هیچ نین و هەندێکجاریش جێگەی بەرچاو و تێبینی گرووپ یان تاکن بوونیان هەیە، کە بە توێژبەندییە دەروونییەکانی کۆمەڵەوە بەندن، بەڵام بەشێوەیەکی ئاسایی لە بەردەم دروستبوونی پەیوەندیی نێوان ئاخێوەرانی زمانێکدا نابنەڕێگر.[1]

Hockett بڕوای وایە، کە هەر زمانێك کۆمەڵێکی زمانی دروستدەکات و لەم ڕووەوە لە پێناسەکانی خۆیدا زۆرتر لەسەر پێوەری "زمانی هاوبەش" جەخت دەکات. پێکهەڵ لەگەڵ ئەم پێناسەیەی Hockett دا، هەموو ئەو تاکانەی کە_بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ_ لە ڕێگەی زمانێکی هاوبەشەوە پەیوەندییان لەگەڵ یەك هەیە، کۆمەڵێکی زمانی پێکدەهێنن. بەبڕوای ئەو، ناتوانرێت سنووری نێوان کۆمەڵە زمانییەکان بە وردی بکێشرێت، چونکە لە هەر کۆمەڵێکی زمانیدا لەوانەیە تاکی دوو زمانە یان چەند زمانەشی تێدا بژی. هەندێکجاریش تاکەکان بەشێوەیەکی یەکسان دەسەڵاتیان بەسەر دوو زماندا هەیە و لەم ڕووەوەو بە ئەندامی زیاتر لە یەك کۆمەڵی زمانی ئەژماردەکرێن. لەلایەکی ترەوە، لەبەرئەوەی لە پێناسەکەی Hockett دا بەڕوونی جەخت لەسەر پێوەندی کارەکی نەکراوە و ژیان لەناوچەیەکی جوگرافیی لێکدانەبڕاو وەکو مەرجێکی بنەڕەتی نەخراوەتەڕوو، دەتوانرێت هەموو ئاخێوەرانی زمانێك، کە لە وڵاتە جیاوازەکاندا دەژین، تێکڕا بە کۆمەڵێکی زمانی دابنرێن.[2]

J. Lyons بە گرنگیدان بە پێوەری "زمانی هاوبەش" پێناسەیەك دەخاتەڕوو: (( کۆمەڵی زمانی بریتییە لە هەموو ئەو تاکانەی کە یەك زمان یان زارێکی دیاریکراو بەکاردەهێنن.)) لەم پێناسەیەشدا پێوەندیی کارەکی نەخراوەتەڕوو، بەم پێیە هەموو ئەو کەسانەی کە لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا دەژین و هیچ جۆرە پێوەندییەکیان لەگەڵ یەکتردا نییە، بە مەرجی بەکارهێنانی یەك زمانی هاوبەش، بە ئەندامی کۆمەڵێکی زمانی دەژمێردرێن. Hartmann وStork لەگەڵ جەختکردن لە زمانی هاوبەش و ناوچەی جوگرافیایی هاوبەش، کۆمەڵی زمانی بەم شێوەیە پێناسە دەکەن: (( گرۆیەك لە خەڵکی، کە ئاسایی لە یەك ناوچەی جوگرافیایی دەژین و بە یەك جۆری زمانێك، یان زمانێکی پێوەر دەئاخێون.)) لێرەدا دەبینین زمانی هاوبەش چەمکێکی وردتری هەیە و تەنیا جۆرێکی دیاریکراوی زمانێکی دیاریکراو لەخۆدەگرێت، هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا کە جەخت لەسەر

---

[*]) توێژبەندی، ڕەوتێکە لەباری ئابووری، دەسەڵات و هەموو مافێکی کۆمەڵایەتییەوە، کە دەبێتە هۆی جیابوونەوەی بنەماڵەکانی کۆمەڵێك. (چاوپێکەوتن: د.ئەبوبەکر عومەر قادر، ٢٠١١)

[1]) یحیی مدرسی (١٣٨٧: ١٨-١٩)

[2]) سەرچاوەی پێشوو، (١٩-٢٠)

لێکدانەبڕاویی و بەردەوامیی ناوچەی جوگرافیایی کراوە، بەڵام ئەو ئەگەرەش، کە لە هەندێ باردا کۆمەڵێکی زمانی بۆ یەك ناوچەی جوگرافیایی سنووردار نەبێت، لە بیروبۆچوونەکەدا پەراوێزخراوە.[١]

هەندێك لە زمانناسانیش لە تێڕوانینی کۆمەڵایەتی-کلتوورییەوە سەیری کۆمەڵی زمانییان کردووە و پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ خستووەتەڕوو. J.Gumperz جەخت لەسەر "پەیوەندیی بەردەوام و ڕێکخراو" دەکات و دەڵێت: (( هەر کۆمەڵێکی مرۆیی کە ئەندامەکانی لەڕێگەی کۆمەڵێك لە هێما زمانییەکان، بەشێوەیەکی ڕێکخراو و بەردەوام لە پەیوەندیدا بن و لەگەڵ کۆمەڵە لێکچووەکانی تر لە بەکارهێنانی زماندا جیاوازیی بنەڕەتییان هەبێت، ئەوا کۆمەڵێکی زمانی پێکدەهێنێت.)) بە بڕوای Gumperz، لە پێناسەکردنی کۆمەڵی زمانیدا دەبێت لایەنی هاوبەش و لایەنی جیاوازی هەردووکیان لەبەرچاو بگیرێن، لەم تێڕوانینەوە گرووپە گەورە و بچووکەکان (چ وەکو نەتەوەیەك و چ وەکو گرووپە بچووکە تایبەتییەکان، پیشەیی و ...) دەتوانرێت بە کۆمەڵی زمانیی جیاواز دابنرێن، بەو مەرجەی کە لە ڕووانگەی زمانییەوە تایبەتمەندیی هاوبەش و لایەنی جیاوازی بەرچاویان هەبێت، کە بتوانرێت هەر یەکەیان بەجیا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. Fishman یش لە تێڕوانینی کۆمەڵایەتی-کلتوورییەوە کۆمەڵی زمانی پێناسە کردووە و بڕوای وایە ((کۆمەڵی زمانی، کۆمەڵێکە، کە هەموو ئەندامەکانی بەشێوەی هاوبەش، بەلایەنی کەمەوە دەسەڵاتی بەسەر یەك جۆری زمانێکدا هەبێت و چەند ڕێگەیەکیشی بۆ بەکارهێنانی گونجاو و دروست هەبێت.)) لێرەدا Fishman نەك تەنیا لەسەر زمانی هاوبەش، بەڵکو جەخت لەسەر بنەما یان ڕێگا هاوبەشەکان بۆ بەکارهێنانی دروست و گونجاوی زمان لە دەورووبەرە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان دەکات. Labovیش لە تێڕوانینی کۆمەڵایەتی و پشتئەستور بە تێڕوانینی هاوبەشی تاکەکان، کۆمەڵی زمانی پێناسە دەکات و وای دادەنێت، کە ((ناتوانرێت کۆمەڵێکی زمانی بە گرۆیەك لە ئاخێوەران بزانرێت کە هەموویان فۆرمی یەکسان بەکاردەهێنن، بەڵکو باشتر وایە کە بە گرۆیەکی بزانین کە یەك جۆر نۆرم یان ڕێسای زمانی (linguistic norms) بەکاردەهێنن.)).[٢]

لەناو ئەو پێناسانەی تر، کە لەم بوارەدا خراونەتەڕوو، دەتوانرێت ئاماژە بە پێناسەی C. J. Bailey و A. Arlloto بکرێت. Bailey جەخت لەسەر پێوەرەکانی پەیوەندی و زمانی هاوبەش دەکات و هەموو ئەو تاکانەی کە بە دەسەڵاتشکاندنێکی تەواو بەسەر زمانێکی وەك ئینگلیزی ـو جۆرە جیاوازەکانیـ لەگەڵ یەك لە پەیوەندیدان، بە ئەندامانی کۆمەڵێکی زمانی ئەژماریان دەکات. Bailey لەنێوان چەمکەکانی "کۆمەڵی زمانی" و "کۆمەڵی گوفتاری"دا جیاوازی دەکات و بڕوای وایە کە کۆمەڵی زمانی چەمکێکی گشتگیرتری هەیە و دەتوانێت یەك یان چەند کۆمەڵێکی گوفتاری لەخۆبگرێت. بۆنموونە، وادادەنێت کە کۆمەڵگەی زمانیی ئینگلیزی دەکرێت بۆ چەند کۆمەڵی گوفتاری دابەش بکرێت و ئەمە هەر ئەو خاڵەیە کە لە پێناسەکانی کۆمەڵناسانی زمانیشدا بەشێوەی

---

[١]) یحیی مدرسی (١٣٨٧: ٢٠)

[٢]) سەرچاوەی پێشوو، (٢١)



زۆبێر عەلی عارف ... نامەی ماستەر ... زانکۆی سلێمانی

ناڕاستەوخۆ دەکرێت دەستبکەوێت. A. Arlloto یش بە بەکارهێنانی پێوەری زمانی هاوبەش، کۆمەڵی زمانی بە گرووپێك لە خەڵکی دادەنێت، کە بە یەك زمان دەئاخێون.[1]

دەتوانرێت کۆمەڵی زمانی بە گرۆیەك لەو تاکانە بزانرێت، کە دەستەڵاتیان بەسەر زمانێکی هاوبەشدا _ کە بە زۆری خاوەنی هەمەڕەنگی و جۆراوجۆریی جوگرافیایی و کۆمەڵایەتیی دروونییە_ هەیە و لەڕێگەیەوە پێوەندیدەکەن. ئەگەر بێت و پێوەرەکانی تری وەك لێکدانەبڕاویی ناوچەی جوگرافیایی و هاوپێوەندییە کلتووری، کۆمەڵایەتی، دەروونی و ... لەبەرچاوبگیرێن، ڕەنگە بتوانرێت پێناسەیەکی گشتگیرتر بەدەستەوە بدرێت وەك: گرۆیەك لە تاکەکان (خەڵکی) کە ئاسایی لە ناوچەیەکی جوگرافیایی لێکدانەبڕاودا دەژین، خاوەنی هاوپەیوەندی کلتووری، کۆمەڵایەتی، دەروونی و مێژوویین، و یەك زمانی هاوبەش (بە هەمەڕەنگی جوگرافیایی و کۆمەڵایەتی دەروونی) بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ یەکتر بەکاردەهێنن، کۆمەڵێکی زمانی پێکدەهێنن. هەموو کۆمەڵێکی زمانیش بەپێی هەمەڕەنگیی ناوچەیی و کۆمەڵایەتی دەروونیی خۆی، دەتوانێت بۆ یەك یان چەند کۆمەڵێکی گوفتاری دابەش ببێت.[2]

هەرچەندە نابێت ئەوەش لەیادبکرێت کە کۆمەڵە زمانییەکان لە ڕووانگەی سنووری جوگرافیایی و ژمارەی ئاخێوەرانەوە زۆر هەمەڕەنگن، هەندێکیان زۆر بچووك ( کە هۆز یان گرووپێکی زمانی – نەتەوەیی) و هەندێکی تریشیان زۆر گەورە (کە چەند وڵاتی سەربەخۆ)ن. لەلایەکی ترەوە، کەسانێکیش هەن کە لەڕووی زمانییەوە بە کۆمەڵێکی زمانییەوە وابەستەن، بەڵام لەڕووانگەی جوگرافیاییەوە پەرش و بڵاون و لە سنووری کۆمەڵە زمانییەکانی تردا دەژین، ئەم جۆرە کەسانە لە بنەڕەتدا بە ئەندامی کۆمەڵی زمانیی یەکەم دادەنرێن. واتە هەر کۆمەڵێکی زمانی سەرەڕای تەن و پێکهاتەی بنچینەیی خۆی، کە ئاسایی لە یەك یان چەند ناوچەیەکی دیاریکراودا جێگیرە، دەکرێت ئەندامی تری لە ناوچە جوگرافیایی و کۆمەڵە زمانییەکانی تریشدا هەبێت. لەسەربنەمای ئەم تێبینییانە، پێوەری بەردەوامی و لێکدانەبڕاویی جوگرافیایی خاوەنی بوون(اعتبار)ێکی ڕێژەییە نەك ڕەها. سەرەڕای ئەوە لە کۆمەڵە زمانییە گەورەکاندا، ئاخێوەرانی هەریەك لە جۆر و شێوازە کۆمەڵایەتی یان جوگرافیاییەکانی زمانیش بەوەی کە تایبەتمەندیی زمانیی هاوبەشیان هەیە، دەکرێت بە کۆمەڵێکی زمانی جیاواز دابنرێن. لەم ڕووەوە، زمانی هاوبەشیش دەبێت بە چەمکێك کە دەکرێت ڕاڤەکردن لەخۆبگرێت. ئەگەر پێکهەڵ لەگەڵ پێناسەکەی Hockett، هەموو زمانێك بە کۆمەڵی زمانی دابنێین، دیسانەوە ناتوانرێت سنووری نێوان کۆمەڵە زمانییەکان بە تەواوی دیاری بکرێت، هەر بەوشێوەیەی کە ناتوانرێت سنووری نێوان زمانەکان، زارەکان و جۆرە جیاوازەکان بە باشی بناسرێت.[3]

---

[1]) یحیی مدرسی (١٣٨٧: ٢٢)

[2]) سەرچاوەی پێشوو (٢٣)

[3]) سەرچاوەی پێشوو (٢٤-٢٥)

کۆمەڵناسانی زمان وا بە باشتر دەزانن، کە کاری خۆیان لە بیرۆکەی کۆمەڵی زمانییەوە دەست پێبکەن وەك لە زمان. ئەوان بڕوایان وایە کە کۆمەڵی زمانی، گرۆیەك لە خەڵکین، کە لە یەك شوێن یان شوێنی بەربلاوی جیهان، تاکە زمانێك بەکاردەهێنن. بەم واتایە وێڕای هەموو جیاوازییە پێویستییەکان، کۆمەڵایەتی و جوگرافیایی لە ڕووانگەی زمانەوە لەگەڵ یەکتردا هاوبەشن.[١]

لە لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا، سەرەتا پێویستە ئەوە دیاریبکرێت، کە ئەو زمان یان زار یان شێوەزارە سنووری بەکارهێنانی لە ڕووانگەی جوگرافیایی و هەروەها کۆمەڵایەتییەوە تا کوێیە. ئەمە جگەلەوەی کە پێویستە بۆ لێکۆڵینەوەی بابەتێك لە ڕووانگەی زانستێکی دیاریکراوەوە، سەرەتا گرنگی بە خودی زانستەکە و بنەماکانی بدرێت، بۆ ئەوەی بە پێڕەو و بنەماکانی ئاشنابین و پەی بەو لایانەنەش ببەین، کە بریتین لە ئەرك و ڕۆڵی و شێوەی کارکردنی زانستەکە. لێرەوە ئەوە بە پێویست دەزانرێت بۆ ئەوەی لە بواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتیی ئیدیەم بدوێین، سەرەتا ئاماژە بە خودی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی بکەین.

---

[١] سید جلیل ساغروانیان (١٣٦٩: ١٢٥)

## ١/ ٣ ) زانستی زمانی کۆمەڵایەتی[١]

ئاشکرایە زمان لە سەرەتاوە وەك زانستێکی سەربەخۆ لێی نەکۆڵراوەتەوە، بەڵام دووای بوونی بە زانستێکی سەربەخۆ و وردەوردە پەیبردن بە گرنگی و لایەنە شاراوەکانی، زانستی زمانناسی گەشەی کرد و ئەنجامی ئەم گەشەکردنە و هاتنە ئارای بیروبۆچوونی زمانەوانی و سەرهەڵدانی قوتابخانە زمانەوانییەکان، ئیتر زمانناسی وردە وردە لایەنی تایبەتتری لەخۆگرت و لقی نوێی لێبوویەوە. یەکێك لەو لقانەی کە بە هۆی ئەم گەشەکردنەوە دروستبوو، زمانەوانیی کۆمەڵایەتییە.

زمانناسی، لە دەرەوەی تاك و گرووپ یان کۆمەڵەوە، لە زمان دەکۆڵێتەوە و بەشێوەی گشتی هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، کە زمان وەك پێرەوێك چۆن دروستبووە و چۆنیش کاردەکات؟[٢]. واتە ((زمانناسی بە لێکۆڵینەوەی پێکهاتە لە ئاستە جیاوازەکاندا خەریکدەبێت، بەبێ ئەوەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەشداری پێبکات. بەدەربڕینێکی تر، زمانناسیی ڕووت (linguistic linguistics) زۆرتر خەریکی لایەنی ڕەهەندی دروستەییە (structural

---

[١]) ئەوەی ڕاستیبێت ساڵانی دەیەی هەفتاکان نیشاندەری وەرچەرخانێکی بنەڕەتین. لەدوای ئەوەوە گەواهیی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی گۆڤارەکان یان کۆمەڵە وتارێکن، کە بە ئاشکرا خۆیان دەدەنە پاڵ زمانناسی کۆمەڵایەتی، ئەم لقە نوێیە گرنگییەکی زۆر پەیدا دەکات و ئەو بیروبۆچوونانەی، کە تا ئەو کاتە بە ڕەها دادەنران، دەخاتە بەر ڕەشەبای هێرشی خۆیەوە. لێرەدا پێویستە ناوی Pier Paolo Gialioli بهێنین، کە لە ساڵی ١٩٧٢ دا کتێبی ***زمانناسی کۆمەڵایەتی*** (Pier Paolo Giglioli, language and social context, Harmondsworth, Midd, penguin books, ١٩٧٢.) بڵاودەکاتەوە و تێیدا ئەم ناوانەی خوارەوەش ناودەهێنێت: Joshua Fishman، Erving Goffman، Basil Bernstein، William Labov، John Gumperz، Charles Ferguson. تەواوی دەق و وتارە هەڵبژێردراوەکانی ناو ئەم کتێبە (لە ماوەی نێوان ١٩٦٣ تا ١٩٧١) بە شێوەی بەربڵاو چاپکرابوون، بەڵام ئەم کۆمەڵە، لەدووای کتێبەکەی (برایت)ەوە، ڕەنگڕێژی ڕێڕەوێکی نوێی زمانناسین. لە هەمان ساڵدا هەر ئەو دەستگای چاپەمەنییە کتێبی ***زمانناسی کۆمەڵایەتی*** (J.B. Pride, J. Holmes, sociolinguistics, Harmondsworth, , Midd, penguin books, ١٩٧٢) چاپکرد، کە کۆمەڵێك وتاری تر لەلایەن ج.ب.پراید و ج.هوفراست کۆکرابوونەوە و تێیدا کۆمەڵێك وتار بە پێنووسی ئەم ناوانەی خوارەوە دەبینرێن: Joshua Fishman، E. Haugen، Charles Ferguson، William Labov، John Gumperz. دووساڵ دووای ئەوە کتێبێکی بچووکی Peter Trudgill چاپدەکرێت، کە بە خستنەڕووی زۆرێك لە نموونەی لێکۆڵینەوە دیاریکراوەکان، ڕاپۆرتێکی بەسود لە هەلومەرجی زمانناسی کۆمەڵایەتی دەخاتەڕوو (Peter Trudgill, sociolinguistic, an introduction, Harmondsworth, , Midd, penguin books, ١٩٧٤.). هەر لەو ساڵەدا لە فەرەنسا کتێبی ***دەروازەیەك لە زمانناسی کۆمەڵایەتی*** چاپ دەکرێت، کە لە بنەڕەتدا تیۆرە جیاوازەکان کورت و پوخت دەکاتەوە و جێگەیەکی فراوان بۆ ڕێگای مارکسیستی بۆ زمان دەکاتەوە (Jean-Baptiste, Bernard Gardin, introduction a la sociolinguistique, la in linguistique sociale, Parise, Larousse, ١٩٧٤.). لە گۆڤارەکانیش دەبێت language in society، کە بڵاوکردنەوەی لە ساڵی ١٩٧٢ دا دەستیپێکرد و هەروەها international journal of the sociology of language ناو ببەین، کە لە ١٩٧٣ بڵاودەکرێتەوە. ئەم چالاکییە هەمەلایەنەیە نیشاندەرێکی ئینکاری نەکراوی گۆڕانکارییە: جەنگ لە پێناو "هەڵهێنجانی کۆمەڵایەتی" لە زمان ، لە ئەنجام نزیکدەبێتەوە.[١] **بڕوانە: لویی– ژان کالوە** (١٣٧٩: ٣٩–٤٠). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: **هێمن عەبدولحەمید شەمس** (٢٠٠٦: ٢٣)

[٢]) محمدرضا باطنی، چهارگفتار درباره زبان (١٣٨٥: ٤٩)

dimension) و پەسنی پێکهاتەی زمان دەکات، زمانەوانیی کۆمەڵایەتی زۆرتر گرنگی بە لایەنی ڕۆڵی زمان (functional dimension) دەدات.))[١]

بەگشتی، زماناسە کلاسیکییەکان بڕوایان وایە، کە کاریگەریی هۆکارە نازمانییەکان لەسەر پێکهاتەی ناوەوەی زمان هیچ نییە و بەم پێیە بەکاربردنی ئەم هۆکارانە لە پەسنکردنە زمانیەکاندا پێویست نییە، بەڵام کۆمەڵناسانی زمان بڕوایان وایە، کە زمان ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتییە و هۆکارە نازمانییەکان لە بنیات و ئەرکی زماندا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە و لەم ڕووەوە دەبێت لە پەسنکردنە زمانییەکاندا بەشدارییان پێبکرێت.[٢] بە بڕوای زمانناسانی وەك Labov، لێکۆڵینەوەی زمان لە دەورووبەرە کۆمەڵایەتییەکەیدا ڕاستییەکەی بابەتی سەرەکیی زانستی زمانناسییە. بە دەربڕینێکی تر، لێکۆڵینەوە و پەسنکردنی زمان، کە بابەتی سەرەکیی زمانە، دەبێت لە دەورووبەری کۆمەڵایەتیدا ڕووبدات و بەبێ گرنگیدانی تەواو بە گۆڕاوە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان، ناتوانرێت لێیبکۆڵرێتەوە، چونکە لەنێوان دروستەی زمان و پێکهاتەی کۆمەڵ و ڕەوتەکان و گۆڕاوە زمانی و کۆمەڵایەتییەکان، پێوەندییەکی نزیك و تێکچڕژاو هەیە.[٣]

هاتنە ئارای زمانەوانیی کۆمەڵایەتی لەلایەك ئەنجامی گەشەی زمانەوانیی گشتی و لەلایەکی ترەوە بەرەنگاربوونەوەی قوتابخانەی بەرهەمهێنی شیکاری بوو.[٤] هەروەها ((یەکێك لەو هۆکارە بنچینەییانەی کە بوو بە هۆی گەشەکردن و فراوانبوونی لێکۆڵینەوە زمانناسییە کۆمەڵایەتییەکان، ناسینی ئەو ڕاستییە بووە، کە زمان دیاردەیەکە، کە گۆڕانی زۆری بەسەردا دێت، ئەم پەسەندکردنی گۆڕانە ئەوەیڕاستیبێت هەندێکجار بە ئەندازەی پەیوەندبوونی بە کۆمەڵەوە، بە خودی زمانەوە پەیوەند دەبێت.))[٥]

گرنگە ئەو پرسیارە بکەین، کە ئەگەر جیاوازی لە نێوان زانستی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و زانستی زمانەوانیی گشتیدا هەبێت ، ئەوا ئەو جیاوازییانە چین؟ بۆچوونێکی بەربڵاو لەئارادایە، کە جیاوازی لە نێوان ئەو دوو زانستەدا هەیە، جیاوازییەکە لەوەدایە، کە زانستی زمانەوانی، بەبێ گرنگیدان بە دەورووبەری کۆمەڵایەتی تەنیا گرنگی بە پێکهاتەی زمان دەدات، کە زمان تێیدا وەردەگیرێت و بەکاردێت،[٦] کە ئەمەش پێچەوانەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییە، کە پەیوەند بە کۆمەڵەوە

---

[١]) یحیی مدرسی (١٣٨٧: ١٤-١٥) * نووسەر، کۆمەڵناسیی زمانی بەرامبەر بە زاراوەی (sociolinguistic) بەکارهێناوە و بەلایەوە ئەم زاراوەیە گشتگیرترە. هەرچەندە کتێبەکە خۆی سەبارەت بە زمانەوانیی کۆمەڵایەتییە. بۆیە لەجیی کۆمەڵناسیی زمان، کە بەرامبەر بە (sociolinguistic) بەکاری هێناوە، ئێمە بە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بەکاری دەهێنین.

[٢]) سید جلیل ساغروانیان (١٣٦٩: ١٢٤)

[٣]) یحیی مدرسی (١٣٨٧: ١٤-١٥)

[٤]) د. هدسن (١٩٨٧: ١٢)

[٥]) پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ٤٢)

[٦]) د.هدسن (١٩٨٧: ١٩) هەرچەندە لە سەرەتای پەیدابوونی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی زۆر زاراوەی وەك ethnography, anthropological, ethnolingu , communication هەر بەواتای زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بەکاردەهاتن، بەڵام ئێستا تەنیا ئەم دوو زاراوەیە بەزۆری بەم واتایە بەکاردێن: زمانەوانیی کۆمەڵایەتی(sociolinguistic) و کۆمەڵناسیی زمان

لە زمان دەکۆڵێتەوە. بە وتەی Labov، زمانەوانیی کۆمەڵایەتی هەر زمانناسییە و ئەگەر لێکۆڵینەوە زمانییەکان بە تەواوی ئەنجام بدرێن، ئیتر پێویست بە زیادکردنی دەرخەری "کۆمەڵایەتی" و دروستکردنی لقێکی لاوەکی ناکات.[١] هەروەها بەو ئەنجامەش گەیشت، کە ((ئەگەر زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، ئەوا زمانناسی تەنیا دەکرێت زانستێکی کۆمەڵایەتی بێت. واتە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی هەر زمانناسییە.))[٢]

هەندێك لە زمانناسان لەنێوان دوو زاراوەی کۆمەڵناسیی زمان (sociology of language) و زمانەوانیی کۆمەڵایەتی (sociolinguistics) جیاوازی دادەنێن. بەنموونە، Fishman بڕوای وایە، کە کۆمەڵناسیی زمان بوارێکی فراوانتری هەیە و مامەڵەکەکردنی لەگەڵ زمان، زیاتر کۆمەڵناسییە، بەڵام ئەوەیڕاستیبێت زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، هەر زمانناسییە، کە لە لێکۆڵینەوە لە زماندا گرنگی بە دەورووبەری کۆمەڵایەتی–کلتووری زمانیش دەدات.[٣] Hudson یش بڕوای وایە، کە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بریتییە لە "لێکۆڵینەوەی زمان پەیوەند بە کۆمەڵەوە"، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵناسیی زمان "بریتییە لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵ پەیوەند بە زمانەوە". بەواتایەکی تر، لە زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا ئێمە قسە لەسەر کۆمەڵ و زمان دەکەین بە مەبەستی زیاتر دۆزینەوەی ئەوەی زمان چ شتێکە؟ هەربۆیە لە کۆمەڵناسیی زماندا بەو ئاڕاستەیە و بە گرنگییەوە ئاوڕێکی لێدەدەینەوە.[٤] Ralph Fasold ئەوەی خستووەتەڕوو، کە: ((یەکێك لە بەشەکانی ئەم دابەشکردنە، کۆمەڵ بە بنەما دادەنێت و زمان وەکو بابەتێکی کۆمەڵایەتی و وەکو کۆفەرهەنگی زمانێك (corpus) _کەلەبەر دەستی زمانەواندایە و داتای لێیەوە دەستدەکەوێت_ لەبەرچاو دەگرێت، بەشێکی گەورەی تر ئەوەیە زمان بە بنەما دادەنێت و هێزە کۆمەڵایەتییەکان وەکو ئەو هێزانە لەبەرچاو دەگرێت، کە کار لە زمان دەکەن و یارمەتی درککردنی چییەتییەکەی دەدەن.))[٥]

دەکرێت بڵێین، جیاوازی نێوان زانستی زمانی کۆمەڵایەتی (علم االلغة الاجتماعی) و زانستی کۆمەڵناسیی زمان (علم اجتماع اللغة)، جیاوازیی ڕەگەزەکانیان نییە، بەڵکو جیاوازییەکە لە تەوەرەی گرنگیپێدانەکەیاندایە. ئەمە پشت بەو گرنگیپێدانە دەبەستێت، کە لێکۆڵەر بە زمان یان بە کۆمەڵی دەدات، کە تا چ ئاستێك شارەزایی و لێهاتوویی لە شیکردنەوەی پێکهاتە زمانیی یان

---

(sociology of language). بڕوانە : محمد معروف فتاح (١٩٨٦: ١٢٩). پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ٤٢) . David Crystal (٢٠٠٨: ٤٤١)

[١]) یحیی مدرسی (١٣٨٧: ١٤–١٥)

[٢]) ((بە درێژایی چەندانساڵ لە قسەکردن لە "زمانناسیی کۆمەڵایەتی" دوورەپەرێز بووم، چونکە لەم دەربڕینە ئەوە دەست دەکەوێت کە ڕەنگە تیۆر یان کردەیەکی بەسوودی زمانناسی هەبێت، کە کۆمەڵایەتی نەبێت.)) لویی– ژان کالوە (١٣٧٩: ١٠)

[٣]) یحیی مدرسی (١٣٨٧: ١٥)

[٤]) Ronald Wardhaugh (٢٠٠٦: ١٣)

[٥]) لویی– ژان کالوە (١٣٧٩: ١٦٥). Ralph Fasold دو بەرهەمی بڵاوکردووەتەوە کە بە تەواوکەری یەکتر دادەنرێن: زمانناسیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵ (the sociolinguistics of society, ١٩٨٤) و زمانناسیی کۆمەڵایەتیی زمان (the sociolinguistics of language, ١٩٩٠) لە پێشەکی کتێبی یەکەمدا سەبارەت بەم بابەتە ئەوەی سەرەوەی خستووەتەڕوو.

کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە.[١] هەندێکجار کۆمەڵناسیی زمان لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی جیادەکرێتەوە، بەوەی کە زاراوەکە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە، کە زمان بەوە وێنا دەکات کە بەشێکی دانەبڕاوی تیۆری کۆمەڵناسییە.[٢] زمانناسیی کۆمەڵایەتی گرنگی بە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان زمان لە لایەك و کۆمەڵ لەلایەکی ترەوە دەدات، بە ئامانجی باشتر تێگەیشتن لە پێکهاتەی زمان و ئەرکی زمان لەوەی کە چۆن لە پرۆسەی پەیوەندیکردندا کاردەکات،[٣] لەبەرئەوە توانای خستنەڕووی زۆر لایەنی ئاڵۆزی سروشتی زمان و سروشتی کۆمەڵی هەیە.[٤] کۆمەڵناسی زمان، هەوڵدەدات بۆ خستنەڕووی ئەوەی چۆن بتوانرێت باشتر لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی زمانەوە بگەین.[٥]

کەواتە دەتوانین بڵێین، زمانەوانی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەیە لە زمان لە چوارچێوەی دەورووبەردا، هەروەها وەك زۆرێك لە زانستەکان بۆ دوو بەش دابەشدەبێت: ئەزموونی و تیۆری، یەکەم تایبەتە بە چوونەناو خەڵك و کۆکردنەوەی بابەتی زانستی. دووەم بریتییە لە تێڕوانین و بیرکردنەوە لە بابەتە کۆکراوەکە و گەیشتن بە تیۆر.[٦] کەواتە دەتوانرێت لەڕووانگەی ئەم زانستەوە پەی بە زۆر لایەنی زمان ببرێت، کە ڕەنگە زمانناسی ئەوە بە کاری خۆی نەزانێت، یان زۆر لایەنی کۆمەڵ تەنیا لەڕێگەی زمانەوە ڕوونببنەوە، کە کۆمەڵناسان کەمتر دەتوانن لەڕێگەی زانستەکەی خۆیانەوە_کۆمەڵناسی_ پەی پێ ببەن. هەربۆیە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، کە جیا لە پێکەوەبەستنی زمانناسی و کۆمەڵناسی و نزیکبوونەوەیان بەهۆی هاوبەشی زانستەکەیانەوە، ڕەنگە هەندێك بواری دیکەش تەنیا بەهۆی بەیەکەوە ڕووانینی ئەم دوو زانستە بێتەئاراوە، کە زۆر ئەستەمە بە تەنیا هەر یەکەیان بتوانێت پەی پێ ببات.

یەکێك لە لایەنە بنەڕەتییەکانی لێکۆڵینەوە لە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە زمان بە هۆکارانێکی وەکو کۆمەڵ، نەژاد (ethnic)، پلەی کۆمەڵایەتی، ڕەگەز (gender)، تەمەن، ناوچەی جوگرافیایی و ژمارەیەك هۆکاری تر، دەبەستێتەوە.[٧] واتە زمان وەکو بنەمایەکی کۆمەڵایەتی دەخرێتەژێر لێکۆڵینەوەوە و شێوە زمانییەکان و بەکاربردنیان لە دەورووبەری کۆمەڵایەتی و لە پەیوەند لەگەڵ ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان، لێی دەکۆڵرێتەوە.[٨] لەبەرئەوە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی لەم دوو لایەنەی ڕەفتاری مرۆڤ دەکۆڵێتەوە: زمان بەکارهێنان و بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ئەم ڕەفتارە.[٩] کەواتە لەڕووانگەی ئەرك و ڕۆڵەوە دەتوانرێت بوترێت بەهای زانستی زمانەوانی کۆمەڵایەتی، خۆی لەوەدا

---

١) د.هدسن (١٩٨٧: ٢٢). هەروەها بڕوانە: Ronald Wardhaugh (٢٠٠٦: ١٦)

٦) David Crystal (٢٠٠٨: ٤٤١)

٣) Ronald Wardhaugh (٢٠٠٦: ١٣)، هەروەها بڕوانە: برنارد اسپالسکی (١٣٨٧: ١)،

٤) د.هدسن (١٩٨٧: ١٦)

٥) Ronald Wardhaugh (٢٠٠٦: ١٣)

٦) د.هدسن (١٩٨٧: ١٧)

٧) علی اکبر شیری(١٣٨٦: ١٣١–١٣٢)

٨) سید جلیل ساغروانیان (١٣٦٩: ١٢٤) هەروەها بڕوانە: محمدرضا باطنی، چهارگفتار درباره زبان (١٣٨٥: ٤٩)

٩) Abercrombie D (١٩٨١) بڕوانە: محمد معروف فتاح (١٩٨٦: ١١٥)

دەبینێتەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی توانای ڕوونکردنەوەی زمانی و ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییە دیاریکراوەکانی خودی زمانەکەی هەیە.[1]

گونجاوترین پێناسەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی نوێ، پێناسەی دوو لایەنەیە، لێکۆڵینەوەیە لە زمان لە دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەیدا و لێکۆڵینەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی لەڕووانگەی زمانناسییەوە.[2] زمانەوانیی کۆمەڵایەتی هەوڵدەدات تا بە کەڵکوەرگرتن لە دەسکەوتە تیۆری و شێوازناسیی زانستە کۆمەڵناسی و زمانناسییەکان، پێگە و شوێنی زمان، لە ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیی لەگەڵ ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی تری مرۆڤدا دیاریکات و هاوپێوەندی لەنێوان دیاردە زمانی و کۆمەڵایەتییەکان پەی پێبات. لێکۆڵینەوەی زمان لە دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا، بابەتانێکی هەمەڕەنگ لەخۆدەگرێت کە گرنگترینیان بریتین لە: جووتزمانی و چەند زمانی، جۆراجۆرییەکانی زمان و .. تد.[3] لەبەرئەوە دەتوانین لەڕێگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە پەی بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کلتووریی و بەهاکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو ببەین، چونکە لێکۆڵینەوە لە شێوەی بەکاربردنی زمان لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە و جۆرەکانی تر، بەشێکی گرنگی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییە.



## ٤/١ ) ئیدیەم

---

[1] ) د.هدسن (١٩٨٧: ٢٢)

[2] ) دکتر اسرافیل دلاور – احمد حمیدی کندول.http://www.larshenasi.com/ ١٣٨٩/٠٣html.----/

[3] ) یحیی مدرسی (١٣٨٧: ١٥-١٦)

ئاشکرایە بەکارهێنانی زمان لە پەیوەندیکردن و گەیاندندا یەك شێوازی دیاریکراو پێڕەوناکات، بەڵکو بەگوێرەی خواست و پێویستی کۆمەڵ و بابەت و چۆنیەتی و چییەتی مەبەستی پەیوەندی و گەیاندنەکە، زمان شێوازی جیاواز بەکاردەهێنێت. واتە پێویستییەکان ئەوە دەخوازن، کە چ شێوازێکی زمان بەکاربهێنرێت. هەر یەکە لەم شێواز و پەنابردنانەش بۆ جۆری بەکارهێنانی زمان، بێگومان تایبەتمەندی خۆی هەیە لەوەدا، کە تا چەند دەتوانێت بەتەواوی گوزارشت لەوە بکات، کە ئەو شێوازەی زمانی بۆ بەکاردەهێنێت، چ لە بیر، یان بابەت، یان شت،...تد، کە ئەمەش بێگومان لە کلتوور و کۆمەڵێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە.

زمان وێنەی ناتەواو و جیاواز لە حەقیقەتی دەرەوە نیشان دەدات، ئەگەر ئەوە پەسەند بکرێت، کە زمان دەفری بیر و ئەندیشەیە و ئێمەی مرۆڤ بە هۆی زمانەوە بیر دەکەینەوە و باوەڕمان وابێت، کە ((بەبێ ناسینی چییەتی ڕاستەقینەی زمان، ناسین و تێگەیشتنمان لە پەرەسەندنی ئاوەزیی مرۆڤ، ڕووکەش و ناتەواو دەمێنێتەوە.))[*] دەتوانرێت ئەو ئەنجامەمان دەستبکەوێت ئەوەی کە تێدەگەین و مەبەستی دەربڕینیمان هەیە، لە دەربڕیندا ڕووبەڕووی دۆخ و چۆنیەتی ڕێژەییبوون دەبێتەوە. ئەوەشی کە دەبێتەهۆی ئەم دۆخ و چۆنیەتی ڕێژەییبوونە، ئەوەیە کە چەمکەکان (بیرۆکە_concept) لە مێشکی قسەکەرانی زمانێکدا یەکسان و یێکهەڵ نین. بە واتایەکی تر ئەم چەمکانە لە هەر زمانیکدا بە شارستانێتی و ناوچە و دین و دابونەریت و شتانێکی وەکو ئەمانەوە بەندن. هەروەها بۆ هەر حەقیقەتێکی ئاوەزی، دەربڕینێك دێتەئاراوە، چونکە لە زمانە جیاوازەکاندا ئەم بنەمایانە جیاوازن. کەواتە ڕاستییە ئاوەزییەکانیش جیاوازدەبن.[١] هەر بۆ ئەمەش دەکرێت ڕێژەییبوون و جۆری دەربڕینەکان و مەبەستی بەکارهێنانەکان و پەنابردن بۆیان زۆرجار بەهۆی پێویستی و ناچاری یاخود نا–سەرپشکی بێت. لە ئەنجامی وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە لەو جۆرە دەربڕینانەی کە لە زماندا بەکاردەهێنرێن، ڕەنگە مەبەست و هۆی پەنابردنەبەر ئەو کەرەستە زمانییانە یان ئەو دەربڕینانەمان بۆ ڕوونببێتەوە و بتوانرێت بەگوێرەی ناسینی خۆی مامەڵەیەکی شێلگیرانەی لەگەڵ بکرێت.

بێگومان مرۆڤ تەنیا یەك شێوازی زمان بەکارهێنانی نییە، بۆ نموونە زمانی ئاسایی، زمانی خوازەیی و زمانی جەستە و زمانی شارراوە،...تد، یەکێك لەو ڕێگایانە یان باشتر وایە بڵێین یەکێك لەو کەرەستە چڕ و پڕ واتایانەشی کە پەنایان بۆ دەبات و لە ئاخاوتنەکاندا بەکاریدەهێنێت، ئیدیەمە. ئیدیەم یەکێکە لەو ڕێگایانەی زمانی خوازەیی تێدا بەکاردەهێنرێت، واتە ((ئیدیەمەکان شێوازێکی تری زمان بەکارهێنانن.))[٢] ، کە ئاخێوەرانی کۆمەڵ و کلتورە جیاوازەکان پەنای بۆ دەبەن.

---

[*]) کاسیرر، ارنست، فلسفه و فرهنگ.

[١]) سید حسین سیدی (١٣٨٧: ١٦)

[٢]) V.Fromkin (١٩٨٨) بڕوانە: شیلان عومەر (٢٠٠٩: ٧٥)

ئەگەر تاکە ئەرکی زمان، پەیوەندیکردن بێت، ئەوا خۆی لە گوزارشتکردن(خستنەڕووی)ی ئەم پەیوەندییەدا لاوازە، بەو هۆیەوە، کە زمان و وشەکانی زمانێك توانای هێز(load)ی واتایان نییە و زۆریش ڕوویداوە، کە شتێکمان لە مێشکدایە، بەڵام لە دەربڕینیدا هەست بە لاوازی و بێتوانایی دەکەین. ئەمە بەو هۆیەوەیە، کە لە زماندا وشانێك (وشەگەلێك) نادۆزینەوە تا بەتەواوی ئەوەی کە هەستی پێدەکەین دەریببڕین،* ئەوەش کە لە زماندا پەنا بۆ خواستن و خوازە (metaphor) و کنایە (metonymy) دەبەین، بەڵگەیە بۆ ئەم قسەیە، لەبەرئەوەی زمان توانای پەسنکردنی ڕاستەوخۆی شت و بابەتەکانی نییە، پەنا بۆ شێوازی ناڕاستەوخۆ و بەکارهێنانی دەربڕراوی تەمومژاویی و لێڵ دەبات.[١] دوو لەو پێکهاتانەی کە واتای ڕاستەوخۆ بەدەستەوە نادەن، ئیدیەم و میتافۆرن**.[٢] ئیدیەمیش سەرەرای ناڕاستەوخۆیی و ئاڵۆزیی خۆی، لایەنی بەهێز و کاریگەریی و پێویستبوونیەتی، لە مەبەستی بەکارهێنان و چۆنییەتی گواستنەوەی بیر و زانیاری لە ئاخاوتندا.

دەتوانین بڵێین ناساندن و خستنەڕووی تایبەتمەندیی و لایەنەکانی ئیدیەم کارێکی ئاسان نییە، زۆرێك لە زمانەوانانیش جەختیان لەمە کردووە و ئەوەشیان خستووەتەڕوو، کە مامەڵەکردنی ڕێزمانی و تەنانەت لۆژیکییانەش لەگەڵ ئیدیەمدا کارێکی دژوار و ئاڵۆزە و ناتوانین بەتەواوی بیخەینە ژێر کۆمەڵێك یاساو قاڵبی ڕێزمانییەوە، لەوەش ئاڵۆزتر بە وردی دیاریکردنی کاریگەری و شوێن و مەبەستی بەکارهێنانیەتی لە کلتوورە جیاوازەکاندا.

پێناسە و ناساندنی جۆراوجۆر بۆ ئیدیەم کراون، کە ڕەنگە زۆربەیان لە مانایەکی گشتیدا لە یەك بچن و هەندێکی تریان جیاوازییان تێدا بەدیبکرێت، بەکورتی و ئەوەندەی کە پەیوەست بێت بە سنوور و تایبەتمەندیی ئەم کارەوە، لێرەدا هەندێك ناساندن دەخەینەڕوو.

سەرەتا پێویستە ئەوە بخرێتەڕوو، کە لێکدانەوەی ئیدیەم دوو ڕەهەندی هەیە:[٣] ١- پێکهاتەی زمانی (زمانەوانیی گشتی) ٢- پێکهاتەی واتایی (زمانەوانیی کۆمەڵایەتی). ئەوەی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەستمانە لایەنی دووەمە، واتە لەڕووی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە لە ئیدیەم دەکۆڵینەوە، هەربۆیە ناچینە ناو شیکردنەوە و خستنەڕووی لایەنەکانی ترەوە.

ئیدیەم دەربڕینێکە کە لە دوو وشە یان زیاتر پێکهاتووە و ناتوانرێت لەڕێی واتای وشە پێکهێنەرەکانیەوە واتاکەی بەدەست بخرێت.[٤] ئیدیەم بەوە ناسراوە کە بریتییە لە زنجیرە وشەیەك،

---

(*) گۆران دەڵێت: ئەو خەیاڵەی کە پێی مەستم * بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم

(١) سید حسین سیدی (١٣٨٧: ١٧)

(**) واتا ناڕاستەوخۆکانی تر (nonliteral) بریتین لە (slang)، پەندەکان، وتەکان، لێکچوون، فرێزی کاری، euphemism و ... تد.

(٢) Prof. Argenis A. Zapata, (B-٢٠٠٨: ٦)

(٣) د.ئەبوبکر عومەر قادر، چاوپێکەوتن. ٢٠١١

(٤) Trask.R.l (١٩٩٣: ١٣٢), and see : Mance Martin H.(١٩٩٣: xi)

كە وەك يەك يەكە ڕۆڵ دەبينێت و واتاكەی لەڕێی واتای بەشەكانييەوە ناناسرێتەوە.[1] زۆرجار لە ناساندنەكانيشدا جياوازييەك لە چييەتی ئيديەمدا هەيە، واتە ئايا خۆی چييە؟ گرێيە، وشەيە، دەربڕينە، كۆمەڵە وشەی بەدوواييەكدا هاتووە؟ بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەيە، كە هەموو وەك پێكهاتەيەكی زمانی مامەڵەی لەگەڵ دەكەن و لەسەر ئەوە كۆكن، كە واتای ئيديەم لە واتای تاكە تاكەی پێكهێنەرەكانيەوە بەدەست نايەت و پێڕەوی ياسا ڕێزمانييەكان ناكات: ((ئيديەم زاراوەيەكی تايبەت بە زمانەوانييە، سەرجەم پێناسەكان لەوەدا گشتگير دەبن، كە واتای ئيديەم لە بەشە پێكهێنەرەكانييەوە نەهاتووە، بەڵكو تراسك پێيوايە هەڵگری >>واتايەكی يەكگرتوو- non composition <<وەو لە ڕێزمان بەدەرە ، ياخود >>ڕێزمانييەكی بەستو- syntactically frozen<< وە.))[2]

بۆ ڕوونكردنەوەی زياتری ئەمەش، دەكرێت ئاماژە بەم خستنەڕووانەی خوارەوەش بدەين، كە: ئيديەمەكان بەشێوەيەكی نزيكەيی دەربڕينی بەستوون، كە واتاكانيان لە واتای پێكهێنەرەكانيەوە بەدەست نايەن.[3] سەرەڕای گرنگی و كاريگەريی ياسای "داڕشتەيی/پێكهاتەيی" بەگشتی ئەوە زانراوە، كە ياسای پێكهێنانەوە بەسەر دەربڕينە شێوە ئيديەمەكاندا جێبەجێ ناكرێت. ئەوەيڕاستيبێت و بەشێوەيەكی گشتی و باو، ئيديەم وا پێناسە دەكرێت، كە پێچەوانەی بۆچوونی پێكهێنانەوەيە. واتە دەربڕينێكە كە واتاكەی _واتای ڕاستەقينەی_ لە كۆی واتای وشەكانی پێكناهێنرێتەوە.[4]

دەكرێت لە چەند لايەن و ڕووی جياوازەوە بۆنموونە لەڕووی واتاييەوە، لەڕووی پێكهاتەی سينتاكسييەوە، لەڕووی پێكهاتەی مۆرفۆلۆژييەوە...تد، لە ئيديەم بكۆڵرێتەوە و جۆرەكانی دياريبكرێت. بێگۆمان پۆلێنكردنی جۆرەكانيشی پەيوەندە بەو بوارەوە، كە لێيدەكۆڵرێتەوە. ئيديەم لەڕووی ستراكچەرەوە دەشێت چەند شێوەيەكی هەبێت. بۆنموونە بۆ پۆلێنكردن و دياريكردنيی فۆڕمی ئيديەم ، (ن.م.شانسكی)، كە زمانەوانێكی ڕووسييە، بەم شێوەيە لە فۆڕمی ئيديەمی كۆڵيوەتەوە و دابەشيكردووە و سێ جۆری دەستنيشانكردووە، كە بريتين لە:[5] ١- پێكهاتەی ئەو ئيديەمانەی، كە لەشێوەی وشەی لێكدراودان. بۆ نموونە لە شێوەزاری ناوچەی سلێمانيدا (خەياڵ پڵاو) يان لە شێوەزاری هەوراميدا ( دەس وشك) ٢- پێكهاتەی ئەو ئيديۆمانەی، كە فۆڕمی فرێزييان هەيە. بۆ نموونە لە شێوەزاری ناوچەی سلێمانيدا (كەڵەشێری ناوەخت) يان لە شێوەزاری هەوراميدا ( ئايری بێ دوكەڵ). ٣- فۆڕمی پێكهاتەی ئەو ئيديۆمانەی، كە لەشێوەی

---

[1] Rafael Monroy Casas (١٩٩٥: ٤٤) هەروەها بڕوانە: د.وفاو كامل فايد (__:٨٩٧-٨٩٨)

[2] Alan Cruse: (٢٠٠٦) بڕوانە: تريفە عومەر ئەحمەد (٢٠٠٨: ٨٦)

[3] Tom Vander Woden (١٩٩٧: ٨) . هەروەها بڕوانە : ويكتوريا فرامكين،... (١٣٨٧: ٢٤٠)

[4] Chomsky (١٩٨٠), see: Gitte Kristiansen,... (٢٠٠٦: ٦٢)

[5] شيلان عومەر (٢٠٠٩: ٧٤)

ڕستەدان. بۆ نموونە لە شێوەزاری ناوچەی سلێمانیدا (ئاوی پێی داهات.) یان لە شێوەزاری هەورامیدا ( سەریٚ بیٚ دەلاکیٚ تاشۆ.).

بێگومان لە هەر یەکە لەم جۆرانەشدا دیسان تایبەتمەندیی و شێوە و پێکهاتنی جیاواز لە خۆدەگرێت، بۆ نموونە ئەو ئیدیەمانەی کە لە شێوەی وشەی لێکدراودان چ جۆرێکن، پێکهاتە و جۆری فرێزی ئیدیەمەکان کامانەن (فرێزی ناوی، کرداری ئاوەڵناوی،..تد). هەرچەندە پێویستە ئەوەش بوترێت، کە زۆرجار لە پۆلێنکردنی جۆرەکانی ئیدیەمەکاندا جیاوازی هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەت نییە بە جۆر و ستراکچەری ئیدیەمەکان، هەربۆیە بە پێویست نازانرێت، لێرەدا بخرێتەڕوو.*

لە زمانەوانیدا ئیدیەم وا دادەنرێت، کە شێوەی قسەکردنەکە پێچەوانەی بنەماکانی داڕشتنە. بەدەربڕینێکی تر، ئیدیەم بریتییە لە پێکهاتەیەکی وشەیی کە واتایەکی جیاواز لەواتای جیاجیای وشەکانی هەیە. لەوانەیە واتایەکی فەرهەنگی/پیتی (پیتەکی) هەبێت و لە بارێکی تریشدا واتایەکی جیاوازی ئیدیەمیشی هەبێت.[١] Langlotz یش بەم شێوەیە پێناسەی ئیدیەم دەکات: (( ئیدیەم پێکهاتەیەکی ڕێکخراوە، کە لە دوو وشە یان زیاتر پێکدێت و پەیکەرێکی شێوە گریٚ یان نیوە ڕستەی هەیە و پێکهاتە سیمانتیکییەکەی بەشێوەیەکی گشتی لە پێکهاتەکانی وەرناگیرێت. لەوەش زیاتر ئیدیەم بەشێوەیەکی دیار و بەرچاو چەسپاو و نەگۆڕە.))[٢]

ئەوەی لەم ناساندنانەدا بەڕوونی دیارە ئەوەیە، کە هەموو جەخت لەوە دەکەن، کە واتای ئیدیەم لە واتای بەشەکانیەوە بەدەست نایەت و زیاتر لە وشەیەك پێکدێت. ئەمەش هەر لە سەرەتاوە بەرەو ئەوەمان دەبات، کە بەجۆرێکی تر مامەڵەی لەگەڵ بکەین و وەك یەکەیەك لێیی بڕوانین، کە ئاڵۆزە و خاوەنی تایبەتمەندیی تایبەتی خۆشیەتی. هەرچەندە زۆرجار ئەم یەکەیە نەدراوەتە پاڵ ئاستێك لە ئاستەکانی زمان وەك وشەسازی، واتاسازی، ڕێزمان، بەڵکو تەنیا ئاماژە بەوەکراوە، کە یەکەیەکی زمانەوانیییە، هەندێکجار بە وشە، گریٚ، پێکهاتە یان یەکە ناوبراوە و هەندێکجاریش بە دانەیەکی ئاستی واتاسازی دانراوە، ((ئیدیەم دانەیەکی سیمانتیکییە (دیاریکردنی سنووری بەندە بە واتاوە)، بەڵام لە وشەی لێکدراو و فرێز و ڕستەدا خۆی دەنوێنێت.))[٣] هەندێکجاریش تەنانەت لەڕووی سیمانتیکیشەوە بە نامۆ ناوبراون، ((ئیدیەم، بریتییە لە یەکەیەکی چەند وشەیی، کە لە زمانی هەر کۆمەڵێکدا ئاسایی و کارپێکراون و لەڕووی زانستی واتاناسییەوە نامۆن و لەڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە جێگیرن.))[٤]

---

*) بۆ زانیاری لەبارەی جۆر و پێکهاتەی ئیدیەم، بڕوانە: فەتاح مامە عەلی (٢٠٠٨)، شیلان عومەر (٢٠٠٩)، محمد معروف فتاح (٢٠١٠)

[١]) Kolsoum Ghaffari Touran (٢٠٠٨)

[٢]) Langlotz, Andreas (٢٠٠٦: ٥)

[٣]) محمد مەعروف فتاح (٢٠١٠: ٢٠٥)

[٤]) Langlotz, Andreas (٢٠٠٦: ٢)

ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دەکرێت هەندێك لە ئیدیەمەکان جگە لە واتا ئیدیەمییەکەیان واتای ئاسایی و ڕوونتریان هەبێت، کە دەشێت لە پێکهاتەکانیەوە هەڵبهێنجێنرێت، چونکە ((ئیدیەم دەربڕینێکە کە تایبەتمەندێتی سیمانتیکی و سینتاکسی تایبەتی خۆی هەیە.))[1] یان ((پێکهاتە ئیدییەمەکان بە هێمای ئاڵۆز ناودەبرێن، کە تایبەتمەندێتی تایبەتی فەرمی و سیمانتیکی و پراگماتیکی و هەروەها زمانەوانیی کۆمەڵایەتییان هەیە.))[2] ئەم تایبەتمەندییەش دیسانەوە لە هەموو جۆرەکانی ئیدیەمەکاندا وەك یەك نییە، ئەویش بەو هۆیەوە کە جۆرەکانی ئیدیەم دیسانەوە لە پێکهاتەیەکی جیاوازیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. هەروەها ئەو ڕاستییەی کە ئیدیەم وەك لێکسیم ڕۆڵدەبینێت و خوێندنەوەیەکی پراگماتیکی وا لەخۆدەگرێت، کە لە وشەکانیدا بوونی نییە، وا دەکات ببێتە جۆرێکی تایبەتی وا، کە بە ئاسانی نەڕواتە ژێرباری پەسنکردنێکی دروستەوە.[3]

ئەوەی لێرەدا پێویستە جەختی لێبکرێت ئەوەیە، کە ئیدیەمەکان لە ناو زمان و فەرهەنگی زماندا چۆن مامەڵە دەکەن، واتە ئایا وەك وشە دەچنە ناو فەرهەنگەوە یان نا؟ ئایا پێویستە بە جیا و سەربەخۆ وەریان بگرین و فێریان بین؟ ئایا بەهەموو زماندا بڵاوبوونەتەوە یان تایبەتن بە چین و توێژێك و ناوچە و بارودۆخ و کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە؟

زمانەوانان لەو بڕوایەدان، کە ئیدیەم لە فەرهەنگی هۆشەکیدا تۆمارکراوە، بەو پێیەی دانەی ئامادەی زمانە و لە هەموو زمانێکدا هەیە و دیاردەیەکی زمانیی جیهانییە و ڕێگای گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر هەروەك وشەکان بۆماوەییە و لە هەموو زمانەکانی دنیادا هەن.[4] کەواتە دەتوانین بڵێین: ئیدیەم لە هەموو زمانەکاندا بوونی هەیە و بەشێکی گرنگی فەرهەنگی زمانەوانی پێکدەهێنێت.[5] هەروەها لەڕووی زانستی واتاناسییەوە پێویستە بەشێوەی وشەکانی تری زمان لە فەرهەنگدا تۆماربکرێت و شوێنی خۆی هەبێت.[6] ئەمە جگەلەوەی کە ئیدیەمەکان، بە هەر شێوەیەك کە بەکاربهێنرێن، دیسانەوە هەر یەکسانن، وەك ئەو وشەیەی، کە بە واتای ڕاستەقینەی خۆی لە زماندا بەکاردەهێنرێت. بۆنموونە هەرکات **"سەرەشا وارد"**_سەریان خوارد_ بەکاربرێت، کە مەبەست لێی فەوتاندن و لەناوبردنە، هەربۆیە بە گوێرەی خواست و ویستی ئاخێوەر ناگۆڕرێت.[7]

ئاشکرایە تۆمارکردنی ئیدیەمەکان لە فەرهەنگی زماندا، ئەوە ناگەیەنێت کە بڵێین ئەوانیش تەواو وەك وشە ئاساییەکانی زمانن، بەڵکو مەبەست ئەوەیە، کە وەك وشەکان پێویستیان بە تۆمارکردن هەیە، چونکە ((ئیدیەم بە بەراورد لەگەڵ وشەی ئاسایی زماندا ئاڵۆزی زیاتر پیشاندەدەن، ئەمەش

---

[1] Salam Nawkhosh (٢٠٠٨: ٧٠)

[2] Langlotz, Andreas (٢٠٠٦: ٣)

[3] Rafael Monroy Casas (١٩٩٥: ٥٨)

[4] شیلان عومەر (٢٠٠٩: ٢٧)

[5] Htpp//www.proverbs/idioms.com

[6] Trask.R.l (١٩٩٣: ١٣٢)

[7] میر جلال الدین کزای ( ____ : ١٧٦)

وادەکات ببێتە ئەو پێکهاتەیەی زمان، کە لە هەر تیۆرێکی زماندا کێشەسازبن. ئیدیەم پێکهاتەی ئامادەکراون و ئەو یەکە زمانییانە پێکدەهێنن، کە بە تان و پۆی زماندا لە ئاستێکی قووڵتردا بڵاوبونەتەوە.))[1] وشە و ئیدیەم هەردووکیان بە ئامادەکراوی هەن و دەخرێنە گوتنەوە. بە واتایەکی تر، وشە و ئیدیەم لەم کەرەستانەن، کە واتای فەرهەنگییان هەیە و پێویستیان بەوە دەبێت لە فەرهەنگدا تۆماربکرێن و واتاکانیان ڕوونبکرێنەوە.[2] لەگەڵ ئەوەشدا، ئیدیەمەکان بەشێکی جیا لە زمان نین، کە تاك سەرپشك بێت لەوەی بەکاریانبهێنێت یان بەکاریاننەهێنێت، بەڵکو بەشێکی جیانەبووی کۆی گشتی وشەکانی زمان پێکدەهێنن.[3]

لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە ئیدیەم تەنانەت ئەگەر بدرێتە پاڵ یەکێك لە ئاستەکانی وەك واتاسازیش ئەوە دیسانەوە لەوێدا ناتوانێت هاوشانی یەکەکانی تر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و بە ئاسایی وەربگیرێت. هەربۆیە دەبینین لەوێشدا هەمبەر بەوانیتر یەکەیەکی تایبەتمەند و تاڕادەیەك نامۆیە و ناتوانرێت پەی بە واتاکەی ببرێت، زۆرجار وەك پێکهاتەیەکی کێشەساز لێیدەڕوانرێت، کە لە ناو زماندا هەن و پێویستییان بە تێڕوانینێکی قووڵتری تایبەت بە خۆیان هەیە. هەروەها وەك چۆن تایبەتمەندیی زمانییان هەیە، هەر بەو شێوەیەش خاوەنی تایبەتمەندیی زمانەوانیی کۆمەڵایەتین، هەربۆیە دەبێت بەگوێرەی پێویست لەو ڕووانگەیەشەوە گرنگییان پێبدرێت، تاوەکو بزانرێت ئەم پێکهاتە زمانییە _ئیدیەم_، کە زۆرجار بە ئاڵۆز دادەنرێت، کاریگەریی لەسەر خودی زمان و هەروەها کۆمەڵ چییە، بەپێچەوانەوەشەوە؟ ئایا دەبێت هەموو ئاخێوەرانی زمان لێی بەئاگابن و بەکاری بهێنن؟ بەبێ ئاگابوون لێیان، چی ڕوودەدات؟

ئیدیەمەکان پێکهاتەی زمانەوانین، کە بە پرۆسەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا تێپەڕیون و بوون بە شتێکی ئاسایی و[4] پێویستە لە لێکسیکۆن یان فەرهەنگی زمانی هۆشەکیماندا وەکو یەك یەکە دابنرێن و واتاکانیان دیاریکراوبێت، ئاخێوەرانیش دەبێت سنووورە دیاریکراوەکانی بەکارهێنانیان لە ڕستەکاندا فێربن.[5] بێگومان ئەمەش دیسان پێوەند بە تۆمارکردن و بەکارهێنانیان لەڕووانگەی چییەتی و چەندێتییانەوە لە وشەکانی تری زمان جیاوازن.

بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵە وشەکانی ناو ئیدیەمێك بەشێوەیەکی کلێشەیی (stereotype) و گشتی یەك واتایان هەیە، لەبەرئەوە هەر ئیدیەمێك لە فۆڕم و واتایەکی چەسپاو دروستبووە و بە کەرەستەیەکی لێکسیکی دادەنرێت و دەبێت لە فەرهەنگی زماندا وەکو دەروازە یان یەکەیەکی جیا بێتەناوەوە. جیاوازی ئیدیەم لەگەڵ یەکە لێکسیکییەکانی تردا ئەوەیە، کە ئەوان فۆرمی مۆرفۆلۆژی و دارشتەیی جیاوازیان هەیە و هەندێك لە وشەکان پێکەوە کۆمەڵێك وشەی هاوخێزانی دەهێننە ئاراوە،

---

[1] Rafael Monroy Casas (١٩٩٥: ٤٤)

[2] Arnold, I. V. (١٩٧٣) بڕوانە: محمد مەعروف فتاح (٢٠١٠: ١٧٣)

[3] سایدل و مك موردی (١٣٨٦: ١)

[4] (Fernando: ١٩٩٦) see: Langlotz, Andreas (٢٠٠٦: ٣)

[5] ویکتوریا فرامکین (١٣٨٧: ٢٤١)

بەڵام ئیدیەمەکان هەمیشە کەرەستەی تاکن و بەشێوەی کۆمەڵ–کۆمەڵ نابینرێن. بۆ نموونە ئەگەر سەیری یەکەیەکی وەك nation لە فەرهەنگی زماندا بکەن، ئەوا ڕووبەڕووی پێکهاتەی جیاوازی فۆرمی مۆرفۆلۆژی یان دارشتەیی دەبینەوە کە بریتین لە:[١]

National, nationalize, nationally, nationality, nationalization, nations, etc.

ئەگەر ئەوە راست بێت، کە زمان پڕە لە ئیدیەم و چەندین جۆری جیاوازی ئیدیەم، ئەوا پرسی ئەوەی کە هەر وشەیەك چەند واتایەکی هەیە پرسێکی دروست نییە. هەروەها ئەوەی کە مرۆڤەکان گرنیپێدەدەن واتای وشەکان نییە، بەڵکو بەکارهێنانی جیاوازی وشەکانە لە ناوەندە زمانییە جیاوازەکاندا.[٢] دەتوانرێت بوترێت ئەوەی کە لە هەندێك باردا وەك وشە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، لە هەندێك ڕووی هاوبەشەوەیە نەك هەموو لایەنەکانی تری. بۆنموونە وەك وشەکان لە فەرهەنگدا پێویستیان بە تۆمار کردنە، هەروەها هەموو پێکهێنەرەکانی ئیدیەمەکە وەك یەك یەکە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و ناکرێت لە بەشەکانییەوە واتاکەی هەڵبهێنجین، کەواتە ئیدیەم خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی و مامەڵەکردنیشی چ لە ناو زماندا و چ لە دەرەوەی زماندا جیاواز و تایبەتە.

ئیدیەم بە گوێرەی زمانەوانیی پێکهێنان و زمانەوانیی بەرهەمهێنان وا پێناسەکراوە، کە لەڕووی واتاوە هەڕەمەکییە و لە واتای پێکهێنەرەکانییەوە واتاکەی بەدەست ناهێنرێتەوە، کەچی لەلایەن واتاناسە هۆشەکییەکانەوە بە نموونەیەکی زمانەوانی هەرە گرنگ و گشتگیری میتافۆری درککردن (metaphors conceptual) دانراوە ، کە لە ئەزموونی پەیوەست بە کۆمەڵەوە سەرچاوەی گرتووە.[٣] لە ئەنجامی وردبوونەوە لە ئیدیەمەکان، دەگەینە ئەو ئەنجامانەی کە:[٤] یەکەم : ئیدیەمەکان یەکەی واتایین، کە بەشێکی گرنگ لە بەشەکانی وشەکانی زمان پێکدەهێنن. دووەم: ئەو وشانەن کە لە هیچ ڕووانگەیەکەوە، نە دروستە، نە واتا و نە پەیوەندی نێوان دروستە و واتا بە یاسا یان پێڕەوێکی تایبەتەوە پەیوەست نین و بە هۆکار و یەکەی وشەیی تایبەت و شاز دادەنرێن. بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەی تایبەتەی کە هەیانە دەبێت یەك یەك فێریان بین و لە مێشکدا هەڵیانبگرین و لە دەقە زمانییەکاندا بەکاریان بهێنین.

دەربڕینە ئیدیەمییەکان لەجیی ئەوەی کە بەپێی شوێن و بۆنەیەك (–ی تایبەت) ببنە بابەتی شیکردنەوەی جیاواز، تەنیا بەشێوەی بابەتی گشتی فێریان دەبین. سەرەڕای ئەمەش، بەپێچەوانەی میتافۆرەکانەوە واتای ئیدیەمەکان ئاشکران. ئیدیەم لەڕووانگەی واتاوە بێ سنوور نییە، ئاماژەبەندییەکی تایبەتی نییە و پابەندی لێکدانەوە و شیکردنەوەی داهێنەرانەی واتایی نییە.[٥] واتە

---

[١] ساید‌ل و مك موردی (١٣٨٦: XIV) (لە پێشەکی وەرگێڕدا هاتووە.)

[٢] Gitte Kristiansen,... (٢٠٠٦: ٦٢)

[٣] Gitte Kristiansen,... (٢٠٠٦: ٧٦)

[٤] ساید‌ل و مك موردی (١٣٨٦: XIV) (لە پێشەکی وەرگێڕدا هاتووە.)

[٥] ریچارد مورن، www.bashgah.net . هەرچەندە دەکرێت بوترێت ئیدیەمیش کەرەستەی پراگماتیکین و دەشێت شیکردنەوەی داهێنەرانەی هەبێت. هۆگر مەحموود فەرەج، چاوپێکەوتن، ٢٠١٢/٦/٢١.

**ناتوانرێت لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئیدیەمێك بکرێت و بە گوێرەی کەس و شوێن و کاتی جیاواز واتای ئیدیەمەکە وەك میتافۆرێك بگۆڕین. بۆ نموونە وشەیەك بە واتای میتافۆری، دەکرێت جارێك واتای گوڵ و جارێك واتای منداڵ و جارێك واتای جوانی و ناسکی و جارێکی تر واتای پاك و بێگەردی و ...تد، بگەیەنێت، لە کاتێکدا هەر ئەو شتەیە، بەڵام بە گوێرەی دەورووبەری جیاواز، واتا و مەبەستی جیاوازی دەخرێتەپاڵ، کە ئەمە لە ئیدیەمدا بەو شێوەیە نییە، بەڵکو ئیدیەمەکان واتایەکی تاڕادەیەك دیاریکراو و سنورداریان هەن.**

**ئەوەی کە تا ئێستا لەو پێناسە و ڕوونکردنەوانە خراوەتەڕوو، ئەوەیە کە ئیدیەم زۆرجار بە ئاستێك لە ئاستەکانی زمانەوە نابەسترێتەوە، چونکە ئەگەر دەقاودەق یەکەی واتایی بێت، ئەوا دەبێت هاوشانی یەکە واتاییەکانی تر مامەڵە بکات، خۆ ئەگەر مۆرفۆلۆژییانەش بێت ئەو دیسانەوە دەبێت هەربەوشێوەیە بێت، بەڵام ئەوەی خرایەڕوو ئەوەیە، کە لە هەردوو ڕووی پێکهاتن و واتاوە تایبەتە و تەنیا دەتوانرێت وەك خۆی لێی بڕوانرێت و مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. ئیدیەمەکان یەکەی زمانین و تایبەتمەندیی واتایی خۆیانیان هەیە و وەك یەك یەکە ڕۆڵدەبینن و پێویستە یەك یەك فێریانبین و وەك وشەکانی تری زمان، لە فەرهەنگی ئاوەزیدا تۆمار بکرێن.**

Boers و Stenngers **هانا بۆ ئەوە دەبەن کە لە لێکۆڵینەوەی سیمانتیکیی ئیدیەمدا، ئیدیەم بگێڕدرێتەوە بۆ بنەما مێژوویی و کلتوورییەکانیان. ئەمەش وادەکات ئیدیەمەکان بگەڕێنێتەوە و بیانگونجێنێت بە خاك و قەڵەمڕەو و سەرچاوەی دروستبوونی خۆیان. بۆنموونە، ئیدیەمی** “win hands down” **واتە: بردنەوەی شتێك _خەڵات، پێشبڕکێ_ زۆر بە ئاسانی. ئەم ئیدیەمە لە بنەڕەتدا لە پێشبڕکێی ئەسبسوارییەوە سەرچاوەی گرتووە.**[1] **بۆ نموونە ئیدیەمی ""ئەجۆ سوورەو دزڵێین" . ئەڵێی سورەی دزڵێیە_ کە بە کەس (میوان)ێك دەوترێت کە دەست بەتاڵ و ناوەخت سەر بە ماڵی کەسێکی تردا دەکات. دەشێت بوترێت بە ناوچە و سنوورێکەوە گرێدەدرێت، کە ئەگەری هەیە جگە لەوەی کە هۆکاری دروستبوونی ئەو ئیدیەمە ئەو شوێنەبێت کە کەسەکەی تێدا ژیاوە، لەگەڵ ئەوەدا دەکرێت هەر لە سەرەتاشەوە خودی ئیدیەمەکە هەر لەو ناوچەیەدا دروستبووبێت.**

**کەواتە دەکرێت بوترێت مامەڵەکردن لەگەڵ مێژوو و شوێنی سەرهەڵدان و دروستبوونی هەندێك ئیدیەم سەرەڕای زانیاریی زیاتر لەبارەی ئەو کلتور و کۆمەڵەوە دەخاتەڕوو، هاوکات هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ پارێزکاری کردن لە واتای تەواو و هەروەها دروستبەکارهێنانی خودی ئیدیەمەکە.**

**ئیدیەم هەڵقوڵاوی مێژووی کۆمەڵایەتیی (مێژووی تایبەت بە کۆمەڵ و کۆمەڵایەتی بوونی بەکارهێنەرانی زمان)ە، هەر لەبەر ئەمەش ئیدیەم هێما و ڕێنیشاندەرێکی باشە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان دەربارەی گرنگیپێدانە کلتوورییەکانی ئەو کۆمەڵە. بۆنموونە لە ئینگلیزی بەریتانیدا چەندان ئیدیەمی تایبەت بە دەریاوانی هەن، وەکو:**[2]

[1]) Gitte Kristiansen,...(٢٠٠٦: ٣١١)

[2]) R.L. Trask ,(٢٠٠٧: ١١٤)

Copper bottom investment.

سەرمایەگوزارییەك کە بناغەی ڕاست و پتەوە و پشتی پێدەبەسترێت.

Money for old rape.

ئەو پارەیەی کە مرۆڤ لە بەرامبەر کاری زۆر ئاساندا دەستی دەکەوێت.

ئێستا و لەم ساڵانەدا ئەوە زانراوە کە دەشێت بەشێکی گەورە و گرنگی زانیاریی زمانەوانی لە هەندێك راستیی تایبەت بەو زمانەدا ڕەنگبداتەوە و دیار بێت، وەکو phraseologies , idioms , collocations.[1] کە بێگومان ئەمەش گرنگپێدان و هاوکات لێکۆڵینەوە لێیان تاڕادەیەك پتر دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ئیدیەمەکان چەندان ئەرکی پەیوەندیکردن جێبەجێ بکەن، وەکو:[2]

١. ideational هەرچییەك، کە پەیوەندی بە گەیاندنی بیر و بەکارهێنانییەوە هەیە.

٢. interpersonal ئەوەی کە پەیوەندی بە پەیوەندیی نێوان کەسەکانەوە هەیە.

٣. textual ئەوەی کە پەیوەندی بە دەقەوە هەیە.

بێگومان ئەم ئەرکانەش بەگوێرەی کلتوورە جیاوازەکان و ئەزموونی جیاوازی کۆمەڵە جیاوازەکان دەگۆڕڕێت، واتە دەکرێت لە هەر کۆمەڵێکدا ئەزموون و تایبەتمەندیی جیاوازی وا هەبێت کە لە کلتوورەکانی تردا نەبێت. بەگوێرەی lattery : ١٩٨٦ ، ٦٠٠ ئیدیەم کە خۆی لێیانیکۆڵیوەتەوە، بەسەر چوار جۆردا دابەشی کردوون:[3]

**١. ئەو ئیدیەمانەی کە جەختکردنیان تایبەتە بە تاکەکانەوە. وەك:**

Keep a stiff upper lip.

کەسێکە، کە هەستەکانی خۆی دەرناخات و هەرچی رووبدات بە ئەنقەست بێدەنگە.

**"لچ بە دانی مەزانۆ"** بەرامبەرە بە: لچ بە ددان نازانێت. ئەم دەست بەو دەست نازانێت.

واتای ئیدیەمی: زۆر نهێنی پارێزە، ئیشەکانی زۆر نهێنین.

Dip a thousand deaths.

کەسێکە، کە چەندین جار لە کۆتایی کارێکیدا تووشی نشوستی بووە.

**"وێش پێکاوە"** بەرامبەرە بە: خۆی پێکایەوە.

واتای ئیدیەمی: تێکەوت، زیانی بە خۆی گەیاند.

**٢. ئەو ئیدیەمانەی کە جەختکردنیان لە ژیان و گەردوونە بە گشتی. وەك:**

---

[1] ( Moon, ١٩٩٨: Wray, ٢٠٠٢)  see : Peter Robinson, (٢٠٠٨: ٤٦)

[2] Langlotz, Andreas, (٢٠٠٦: ٤)

[3] Stephan Gramely and … , (٢٠٠٤: ٥٦)

Go down the drain. کارێك/ بەرنامەیەك کە تێك بدرێت.

**"خوم شێویان"**[1] بەرامبەرە بە: خوم شێواوە.

واتای ئیدیەمی: ئاژاوە و ئاشووبێك بەرپابووە و بڵاوبووەتەوە.

Touch and go بۆ بارێك، کە مرۆڤ لێی دڵنیا نییە و نادیارە.

That takes the cake (takes the biscuit)

کەسێك کارێك بکات کە بەوە زۆرترین ئازارت بدات و وەڕز یان سەرسامت بکات.

**"بەندڵش کەردەنەنە"** بەرامبەرە بە: سەری خستووەتە سەری.

واتای ئیدیەمی: ئازاردانی کەسێك و وازلێنەهێنانی.

٣. ئەو ئیدیەمانەی تایبەتن بە جیهان و تاکەکانەوە (interaction). وەك،

Know something inside out.

بۆ بارێك، کە هەموو شتێك لەبارەی بابەتێکەوە بزانیت.

**"گریان دلێشەنە"** بەرامبەرە بە: لەناویدا کولاوە.

واتای ئیدیەمی: لەو بوارەدا _هەر شتێك بێت_ زۆر شارەزا و لێهاتووە.

Be all Greek to someone.

کاتێك کەسێك بیەوێت بە کەسێکی تر بڵێت کە لە هیچ تێناگات.

**"تەقەو سەرەیش مێ"** بەرامبەرە بە: تەقەی سەری دێت.

واتای ئیدیەمی: هیچ تێناگات و وەك ئەوەی کە لەگەڵ ئەویان نەبێت.

٤. ئەو ئیدیەمانەی کە باس لە پەیوەندی و پێکەوەبوونی تاکەکان لەنێو خۆیاندا دەکەن. وەك،

Lend someone a helping hand.

یارمەتی کەسێك بدەیت.

**"قاپێشا ئینێ تۆرەکێوەنە"** بەرامبەرە بە: قاچیان لە تورەکەیەکدایە.

واتای ئیدیەمی: واتە پێکەوە هاوڕێ و هاو مەرام و گونجاو و تەبان.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەشێت پێچەوانەی ئەم ئیدیەمە وەربگیرێت، کە بریتییە لە:

**"دانێشا پێوە مەگریا"** بەرامبەرە بە: دانوویان پێکەوە ناکوڵێت.

واتای ئیدیەمی: پێکەوە نایانکرێت، یان ناگونجێن.

---

[1] محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ١٣٤) هەروەها بڕوانە: جەمال بێدار (٢٠٠٠: ٢٧١)

Someone is not fit enough to hold a candle to someone else.

**بۆ کەسێك بەکاردێت کە ئەوەندە باش و شیاو نەبێت، بەلاّم وا پەسنبکرێت، کە زۆر باش و شیاوە.**

**زۆرێك لە ئیدیەمەکان لە دەربڕینەکانی زمانەکانی تردا لێك دەچن و دەکرێت مرۆڤ بە ئاسانی لێیان بگات، بەلاّم زۆرجار پەیوەندییەکی مێژوویی لە نێوان واتای وشە بە وشە و واتای ئیدیەمیدا هەیە. ئیدیەمەکان لە گرێی لەمێژینەوە هاتوون، کە بە تێپەڕبوونی کات گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. بۆ نموونە** ” to hold one's horse“ **واتە وەستان و چاوەڕێکردنی کەسێك یان شتێك بە ئارامی. ئەم ئیدیەمە بۆ ئەو سەردەمانە دەگەڕێتەوە، کە تێیدا خەڵکی ئەسپیان بۆ گواستنەوە بەکاردەهێنا و کاتی چاوەڕوانکردنی کەسێك یان شتێك دەبوو ئەسپەکانیان ڕابگرن.[1] لە زمانی فارسیدا "علف زیر پای کسی سبز شدن" و لە زمانی کوردیشدا "گیا لە ژێر پێیدا سەوز بوو"، هەروەها لە شێوەزاری هەورامیشدا "جوجەڵێش هور ئاوردێنێ."[*] بۆ ئەم مەبەستە _ واتە زۆر چاوەڕێکردن_ بەکاردێت.**

**بەگوێرەی** Wright: **١٩٩٩ ئیدیەمەکان زۆر گرنگن، چونکە بەکارهێنانیان زۆر باوە و ناکرێت و ناگونجێت، کە قسەبکەیت و بخوێنیتەوە یان ببیستی بەبێ هەستپێکردنی زمانی ئیدیەمێتی. بۆ نموونە هەموو قسەکەرێکی زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی زگماك زمانی ئیدیەمێتی بەکاردەهێنێت.[2]**

**لەگەڵ ئەو گرنگی و زۆر بەکارهێنانەی، بەلاّم هەندێکجار لایەن و تایبەتمەندیی وا بۆ ئیدیەم دیاریدەکرێت _بەتایبەت لەڕووانگەی کلتوری–کۆمەڵایەتییەوە_ ، کە ناکرێت بۆ ئیدیەمەکانی زمانەکانی تر گشتاندنی بۆ بکرێت. بۆ نموونە** cf. Long & Summers **١٩٧٩: دوو لەو تایبەتمەندییانەی کە بۆ ئیدیەمی دیاریکردوون، بریتین لە:[3] ١. زۆربەی ئیدیەمەکان بۆ قسەو زمانی نووسینی نافەرمی دەگەڕێنەوە. لەبەرئەوە بەگشتی لە قسە و نوسینی فەرمیدا لێی دووردەکەویتەوە.**

**٢. زۆربەی ئیدیەمەکان بۆ زمان و کلتووری دیاریکراون. بۆنموونە بەزۆری بۆ قسەکەری زمانێك یان ئەندامی کلتوورێکی دیاریکراو واتادارن و واتا دەبەخشن.**

**بەلاّم وەنەبێت ئیدیەمەکان تەنیا لە شێوازی نافەرمیدا بەکاربهێنرێن، بەڵکو بەپشتبەستن بە بیروڕاو سەرچاوەکانی تر ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە بە گشتی لە شێوازی فەرمی و نافەرمیدا بەکاردەهێنرێن، بەلاّم ئەمە نابێت بەوەی کە بڵێین: لە هەموو زمانەکاندا و لە هەردوو بارەکەدا ڕێژەی بەکارهێنانیان وەك یەکە، چونکە لە هەردوو بارەکەدا ئاخێوەران بەگوێرەی پێویستی و هەلومەرجی گونجاو پەنای بۆ دەبەن و بەکاریدەهێنن.**

---

[1]) Kolsoum Ghaffari Touran, (٢٠٠٨).

[*]) "جوجەڵەی هەڵهێناوە"، یان "ئاوی پێی داهات" دەکرێت بوترێت ئەمەش ڕەنگە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە جوجەڵەهەڵهێنان، (٢١) ڕۆژی دەوێت.

[2]) Salam Nawkhosh, (٢٠٠٨: ٧٣)

[3]) Prof. Argenis A. Zapata, (B-٢٠٠٨: ٧-٨)

بنەمایەکی گرنگ، کە دەبێت لە ئاست ئیدیەمەکان گرنگییان پێبدرێت ئەوەیە، کە ئیدیەمەکان بەپێچەوانەی بۆچوونی زۆرێك لە تاکەکان، تەنیا دەربڕینی زمانی ڕۆژانە "colloquial" نین. ئەوانە چ لە شێوازی فەرمی و چ لە زمانی بازاریی "slang" دا ڕوودەدەن. [١] دەوترێت کە: ئیدیەم زۆر کاریگەرە و زمان جوانتر و بەهێزتر دەکات.[٢]

هەرچەندە زۆرجار تەنیا بە زمانی ڕۆژانەو ئاخاوتنەکانەوە پەیوەند دەکرێت، وا دەدانرێت کە: ئیدیەمەکان بەشێکن لە قسەکردنی ڕۆژانە و لە بواری فراوانتردا_بۆنموونە لە زمانی فەرمیدا_ بەکار نایەن. ئەوەیڕاستیبێت ئیدیەمەکان قسەی ڕۆژانە و باوی ناو خەڵکن. ئیدیەم بەشێکە لە زمانی بە ئاگایی ناو تاك و کۆمەڵ. هەرچەندە ئەوە بیروبۆچوونێکی دروست نییە، کە دەڵێت ئیدیەمەکان دەبێت لەناو چینی خوارەوەی خەڵکدا بەکار بێن و لە قسەی گشتی و دەربڕینە فەرمییەکان بەدووربن. نا بە پێچەوانەوە، ئیدیەمەکان گشتین و لە هەموو چینێکی کۆمەڵدا بەکاردێن و وەك چۆن لە ڕۆژانەدا بەکاردێن هەر بەو شێوەیەش لە بواری ئەدەبیدا بەکاردێن.[٣]

ئیدیەمەکان زۆرجار مێژوو و سەرەتایەکی دیاریکراویان نییە و ناتوانرێت بە وردی مێژووی دەرکەوتنیان دیاری بکرێت و بزانرێت، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێکجار ئاماژە بە سەرچاوەی دەرکەوتنیان کراوە و ئەوە دەستنیشان کراوە، کە سەرەتا بەشێوەیەکی گشتی لە چیدا ڕەنگیانداوەتەوە و چی بووەتەهۆی سەرهەڵدان و دەرکەوتنیان: هەرچۆنێك بێت بەپێی ئەو کەرەستە و پاشماوانەی کە ناویان لە چوارچێوەی ڕوخساری ئیدیەمەکاندا هاتوون، دەتوانرێت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ سەردەمی چەند ئیدیەمێك لەڕووی بیر و ناوەڕۆکەوە دیاری بکەین. کەرەستە و پاشماوەکانیش تایبەتن بە لایەنی ئایینی و کۆمەڵایەتی و کەلوپەلی ناو ماڵ و کەرەستە جەنگییەکان[٤] و هەندێك بوار و لایەنی دیکەی ژیانەوە. بۆ نموونە لە زمانی فارسیدا کاتێك لە ئیدیەمی **"به سیم آخر زدن"** یان **"سیم های کسی قاطی شدن"** دەکۆڵینەوە ڕەنگە وشەی (سیم) یارمەتیمان بدات، کە مێژووی دروستبوونی ئەم ئیدیەمانە زۆر کۆن نییە، هەربەو شێوەیە، کە لە ئیدیەمی **"حەمە قەدۆیە"** یان **"ئەم قەوانە هەر نەبڕایەوە"** بە هۆی وشەکانی (حەمەقەدۆ، قەوان) دەکرێت بە نزیکی مێژووی دروستبوونی ئەم ئیدیەمانە دیاری بکرێن، کە بێگومان دیسانەوە ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، چونکە بە تەواوی ناتوانرێت ئەوە دەستنیشانبکرێت، کە کەی و لەکوێ ئەم ئیدیەمانە سەریانهەڵداوە، بەڵام لەچاو ئیدیەمەکانی تردا کە هیچ هۆکارێکی یارمەتیدەر نییە بۆ دیاریکردنی دروستبوونی ئیدیەمەکان، ئاسانترە.

لە ئیسپانیا لەدووای سەدەی پازدەهەمەوە زۆربەی ئەدیبان لە نووسینەکانیاندا ئیدیەمیان بەکارهێناوە. لە ئینگلتەراش ئیدیەمەکان سەرەتایەکی باوەڕپێکراویان بووە، کە دەگەڕێتەوە بۆ:

[١]) سایدل و مك موردی (١٣٨٦: ٦)

[٢]) Salam Nawkhosh (٢٠٠٨: ٧٣)

[٣]) Rafael Monroy Casas (١٩٩٥: ٥٥)

[٤]) فەتاح مامە عەلی (١٩٩٨: ٦٧-٦٨)

١)بەکارهێنانیان لە چیرۆکەکاندا. ئەمانە لە Bible و زمانی Shakespeare دا ڕەنگیانداوەتەوە و ٢)پەندەکان وەکو سەرچاوەی سەرەکی ئینگلیزی دادەنرێن. ٣) ئەدەبیش بووەتە سەرچاوەیەک بۆ دەربڕینی ئیدیەمەکان لە ڕێگەی چیرۆک (tales) و ئەفسانە(fables) کانەوە.[١] لەبەرئەوە دەبینین کە ئەم کەرەستە زمانییە بە تان و پۆی زمان و وشە و ئاخاوتنەکانی ئاخێوەراندا بڵاوبوونەتەوە و ژیانی کلتوری و کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵە دەنوێنن.

لەگەڵ ئەوەی ئیدیەم بەشێکی گەورەی هەر زمانێکە و هەندێکجار بە گوێرەی جیهانبینی و دەربڕینی دید و تێڕوانینی کۆمەڵ و جیهان دروست دەبێت،[٢] هاوکات دەکرێت بوترێت سەرچاوەی زۆرێک لە ئیدیەمەکان لە نەریتە کۆمەڵایەتی و ڕەفتارە مرۆیی و تایبەتمەندییە کلتورییەکانەوە سەریانهەڵداوە.[٣] هەروەها بوونەتە بەشێک لە هۆشیاریی گشتی/باو (consciousness popular).[٤]

ئەوەی کە ئاشکرایە ئەوەیە کە زۆرێک لە ئیدیەمەکان وەک دەربڕاوێکی خوازەیی لە زمانەوە سەرچاوە دەگرن و دوواتر فۆرم و واتایان وەک شێوەیەکی جێگیریان لێدێت.[٥] لەبەرئەوە پێویستە لە دیاریکردنی سەرچاوە و هۆکاری دروستبوونیان، پێوەند بە هەر زمان و زار و شێوەزار و ...تد، بە لایەنی دابونەریتی کلتووری کۆمەڵە دیاریکراوەکەوە ببەسترێنەوە.

بێگومان هەموو ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر کۆمەڵ و دەبنە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و زمانی، کاریگەرییان لەسەر سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئیدیەم و چییەتی و چۆنیەتییەکانیانەوە هەیە، ئیتر ئەو گۆڕانانە لە ئەنجامی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، ئابووری یان جوگرافییەوە بن، ئەوا دەرکەوتن و بوون و بەکارهێنانی ئیدیەم ئەو بارانەی تێدا ڕەنگدەداتەوە، کە ڕووبەڕووی زمان و کۆمەڵ دەبنەوە، چونکە وەک وترا ئیدیەم بەشێکی دانەبڕاوی زمان و وشەکانی زمانە. هەربۆیە دەشێت پەیوەند بە کلتوور و کۆمەڵێکی دیاریکراوەوە لێی بڕوانین و تایبەتمەندییەکانیان لەڕووانگەی کلتوور و زمان و زارێکی دیاریکراوەوە بخەینەڕوو.

## ١-٤/١) ئیدیەم و کلتوور

ئاشکرایە کە ئیدیەم ڕەنگدانەوەی بەشێکی گرنگ و دیار و بەرچاوی کاریگەریی کۆمەڵە بەسەر زمانەوە، چونکە ئاوێنەیەکە بۆ ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕ و تێڕوانینەکانی کۆمەڵ بۆ ژیان و دەوروبەر، ئەویش بەو هۆیەوە کە بەشێکی دانەبڕاوە لە زمان و لێی جیانابێتەوە و کلتووری کۆمەڵێکی دیاریکراو دەنوێنێت.

---

[١]) Rafael Monroy Casas (١٩٩٥: ٥٥)

[٢]) Kolsoum Ghaffari Touran, (٢٠٠٨).

[٣]) میر جلال الدین کزای ( ____ : ١٧٦)

[٤]) Rafael Monroy Casas (١٩٩٥: ٥٥) هەروەها بڕوانە: شیلان عومەر (٢٠٠٩: ٧٤)

[٥]) ویکتوریا فرامکین، ...... ( ١٣٨٧ : ٢٤١)

ئیدیەم بەشێکی بنەڕەتیی وشە گشتییەکانی هەر زمانێك پێکدەهێنێت، کە بێگومان ڕەنگدانەوەی شێوازی تایبەتی بیرکردنەوە و ڕەفتار و درککردنی ڕاستییەکان و ئەزموونەکانی ژیانە. دەکرێت بە جۆرێك لە بار یان شێوازێکی زمانیی باوی وا دابنرێت، کە لە پانتایی کلتوورەکاندا جیهانییە.[١]

لێکۆڵینەوەی هەر زمانێك بەردەوام پێویستی بە زانین و لێکدانەوەی ئەو واتایانە هەیە، کە کۆمەڵ بڕیاری لێداون. هەر بەو شێوەیە _ لە لێکۆڵینەوەی زماندا_پێویستە ئەوە بزانرێت، کە کلتوور بە هەموو شێوازێك بە زمانەوە ئالاوە.[٢] کەواتە بۆ ئەوەی لە کلتووری نەتەوەیەك بەئاگا و شارەزا بین دەبێت لە هەموو ئەو دەربڕاوانە بگەین، کە گوێزەرەوەی بیر و ئەزموون و واتای کلتووری و کۆمەڵایەتین. لەبەرئەوە پێویستە لە ئیدیەمەکان بگەین و لێکدانەوەیان بە هەند وەربگرین، تا پەی بە بیرکردنەوە و بیروباوەڕو ڕەفتار و شێوازی هەڵسوکەوتی کۆمەڵێکی دیاریکراو ببەین، چونکە ((ئیدیەم ئاوێنەی کلتوور و ڕۆشنبیریی میللەتانە و دیاردەیەکە لە زمانی ئاخاوتندایە و لای هەموو ئاخێوەرانی دایك–زمانێك ئامادەیی هەیە، واتە مۆرکی کۆمەڵی پێوەیە و مانەوە و لەناوچوونی، بەندە بە بڕیاری کۆمەڵەوە و لەڕووی فۆرمیشەوە، بەگشتی فۆرم چەسپاون و بوونەتە قالب و بە چەسپاوی لە زماندا هەن.))[٣]

ئیدیەم پەیوەندی بە مێژووی میللەتەوە هەیە و واتایەکی بابەتیی هەیە و پەیوەندی بە تێکڕای ئاخێوەرانەوە هەیە[٤]

لەگەڵ ئەوەی ئاخێوەرانی زمانێك، ئیدیەم بەکاردەهێنن و دەیانەوێت مەبەستەکان لەڕێگەیەوە بپێکن و ئەرکی پەیوەندی و گەیاندن و لێکگەیشتن جێبەجێ بکەن، بەڵام نابێت ئەوەش لەیادبکەین، کە پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی چڕ و پڕی وا بەکاردەهێنن، کە واتاکەی شاراوەیە: ئیدیەم واتای نافەرهەنگی دەربڕینەکانە و ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دەبینێت.[٥] لەگەڵ بوونی ناڕاستەوخۆیی واتای ئیدیەم و هاوکات پەنابردن بۆی، هۆکاری تایبەتی هەیە، کە دەکرێت بڵێین سەرەکیترینیان ئەوەیە کە لەبەر هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئایینی و کۆمەڵێك هۆکاری تر ڕاستەوخۆ و بەڕوونی لە شتەکان نەدوێن، ئەمە جگەلەوەی کە ڕەنگە هۆکارێکی پوختی کورتیش بێت، بۆ زوو گەیاندن و باش گوزارشتکردن لە مەبەستەکە.

ئیدیەم ئەو ناوەندەیە کە نزیکترینە لە کلتوور (Wright: ١٩٩٩)، ئیدیەمەکان وابەستەی کلتوورن، چونکە بەرهەمی تایبەتمەندێتییە نەتەوەییەکانن (Flavel : ٢٠٠٠).[٦] ئیدیەمەکان هەندێك پێکهاتەی پشتبەستوون بە کلتوور، بەو واتایەی کە پەیامە کلتوورییەکانیان لەخۆگرتووە، کە

---

١) Rafael Monroy Casas (١٩٩٥: ٥٨)

٢) Rafael Monroy Casas (١٩٩٥: ٤٦)

٣) شیلان عومەر (٢٠٠٩: ٦٧)

٤) سەرچاوەی پێشوو (٧٤)

٥) سەرچاوەی پێشوو (٨٣) . هەروەها بڕوانە: فەتاح مامە عەلی (١٩٩٨: ٣٦)

٦) Salam Nawkhosh, (٢٠٠٨: ٧٥)

تایبەتن بەو کلتووره و کەسانی تر _ بێگانە بەم زمانە_ ناتوانن لێیانبگەن. هەروەها لە ئیدیەمدا زمان بەشێوەی خوازەیی بۆ ڕەنگدانەوەی ئەزموونی خەڵك بەکاردێت.[١] کەواتە دەکرێت وەك ئاوێنەیەکی ڕوون، وێنەی کلتوری کۆمەڵێکی دیاریکراوی تێدا ببینرێت و پەی ئەزموونی تاك و کۆمەڵ و شێوازی ژیان و بیرکردنەوە و دابونەریتی کۆمەڵەکە ببرێت.

لە لێکۆڵینەوەیەکی کورت سەبارەت بە سروشتی ئیدیەم، Victor pina Medina:١٩٩٠ پشتگیریی ڕووانگەیەکی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی کرد. واتای ئەمە لادان بوو لە جەختکردن و گرنگیپێدانی زمانەوانی ڕووت، هەروەکو ئەوانەی Hockett: ١٩٥٨ کە نموونەکاریی پێکهاتە بوون، یان ئەوانەی Healey: ١٩٨٨، کە تایبەت بوون بە ئەرکی ڕێزمانی، یان Katz وPostal، کە نموونەکارییەکەیان گۆڕانکارییانە بوو، ...تد. ئەم گۆڕان و لادانە بەرەو ئەو بۆچوونە بوو، کە کەمتر لە خەمی چەمکی ڕاستی و دروستی ڕێزمانی و واتایی (Well-Formalness)دا بوو و بەگوێرەی ئەوە، ئیدیەم پێگە و بایەخی ئەو شتانەی هەیە کە شازن. بەم بیرو بۆچوونەوە، ئێمە نزیك بووینەتەوە و لەڕووی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە لە ئیدیەم دەکۆڵینەوە.[٢] بەڵام لێرەدا "زانستی زمانی کۆمەڵایەتی" بەو واتایانە نییە، کە لەلای Labov یان Trudgill هەیە – کە لە ناوەڕۆکدا زمانەوانییەکی پەتییە– و تەنانەت بەو واتایەش نییە کە بەتەواوی دیاردەیەکی کۆمەڵناسییانە بێت – و یان زیاتر بەلای لێکۆڵینەوەی دابونەریت (ترادیسۆن) و ڕێبازناسی نەتەوەییدا بڕوات– بەڵکو زیاتر پێکهاتەیەکە لەلایەنە کۆمەڵناسی و زمانەوانییەکان، ڕێك وەکو ئەوەی لەناو زانستی زمانی مرۆڤناسی و کلتوور و بیرو دابونەریتیان (Anthropolinguistics)دا ئەنجامدەدرێت. ئەم لایەن و شێوەی لێکۆڵینەوەیە لە زمان، کە ((لە گۆڕانی زمان و بەکارهێنانی زمان پێوەند بە کلتوورو یاسا کلتوورییەکان و باوەڕەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە و لەکاتی لێکۆڵینەوەدا تیۆر و ڕێبازەکانی زانستی مرۆڤناسی بەکاردەهێنرێت.))* ئەمانە پاڵنەر و بەشێکی بنەڕەتیی لێکۆڵینەوە لە ئیدیەمبوون بوو.[٣]

ئیدیەم ئاوێنەی کۆمەڵە بە باریی چاك و خراپییەوە، لەڕووی پیشەسازیی و ڕامیاریی و زانست و بیر و باوەڕ و ئایین و ئەفسانە و مێژوو و گەلێك ڕووی ترەوە.[٤] لەبەرئەوە ئەگەر لە پەند و ئیدیەمەکانی هەر کۆمەڵێك بکۆڵرێتەوە، ڕادەی ڕۆشنبیری و شارستانییەتی کۆمەڵەکە ڕووندەبێتەوە،[٥] چونکە ئەم کەرەستە و پێکهاتە زمانییانە، ئاوێنەی نیشاندانی ئەزموونی کلتوری–کۆمەڵایەتی کۆمەڵێکی دیاریکراون و وێنەی بنیاتی کلتوری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵ نیشاندەدەن.

---

١) Salam Nawkhosh, (٢٠٠٨: ٧٢)

٢) Rafael Monroy Casas (١٩٩٥: ٤٦)

*) David Crystal, (١٩٨٥)

٣) Rafael Monroy Casas (١٩٩٥: ٤٦)

٤) جەلال مەحمود عەلی (٢٠١٠: ١١)

٥) محمود سعران، بڕوانە: هێمن عبدولحمید شەمس (٢٠٠٦: ٤٤)

ئیدیەمەکان بەدڵنیاییەوە کاریگەریی بەها کلتوورییەکانی کۆمەڵ بەسەر زمانەوە نیشاندەدەن و سەراپا دەچنە ژێر باری ئەو سیستمەی کە ڕەنگدانەوەیەکی پشتپێبەستراوی شێوازی بیرکردنەوەو ڕەفتاری نەك تەنها تاکەکان، بەڵکو هی سەرجەم کۆمەڵە. ئەمە هەمووی بەشێکە لە تایبەتمەندێتی و هەستیاری ئەو جۆرە کۆمەڵەی، کە پشتی بە کەلەپووری کلتووریی و مێژوویی بەستووە.[١]

دەشێت بڵێین، ئیدیەم ((بەشێك لە زمانی ئاخاوتن پێکدەهێنێت، کە ڕەگ و ریشەی بە قووڵایی لە نەریتە زارەکییەکانی خەڵکیدایە)) و[٢] لە هەموو زمانەکاندا ڕۆڵی گرنگ دەبینێت و لە زۆربەی کلتوورەکاندا گوێزەرەوەی یەکەم و سەرەکی پەیوەندیکردنە.[٣] لەبەرئەوە پێویستە لەڕووانگەی بنەماکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە ئەو هۆکارانە بخرێنەڕوو، کە پێوەندییان  بە فێربوون و بەکارهێنانی ئەم پێکهاتە زمانییەوە هەیە.

زوبێر عەلی عارف ... نامەی ماستەر ... زانکۆی سلێمانی

١) Rafael Monroy Casas (١٩٩٥: ٤٨)

٢) زهرا فدایی پور، فصل نامه فرهنگ مردم ایران و جهان، (١٣٨٢: ٥٥)

٣) Rafael Monroy Casas (١٩٩٥: ٥٨)

# بەشی دووەم

# بەکارهێنانی ئیدیەم

## ١/٢ ) ئیدیەم، توانا و تێگەیشتن

هەموو بەکارهێنانێکی زمان چ بە وشە چ بە ڕستە، یان لێکدانەوە و شیکردنەوەی وتە و دەربڕراوەکان بێت، پێوەندیی بە بنچینەی زمان خۆیەوە هەیە. بەکارهێنانی زمانیش لای هەموو مرۆڤەکان _لە هەموو زمانەکاندا_ وەك یەکە و یەك سەرچاوەی هەیە، ئەویش زمان یاخود پێڕەوی زمانە، کە خوای گەورە بە هەموو مرۆڤەکانی بەخشیوە. ئاشکرایە، زمان تەنیا لە یەك لایەن پێکنەهاتووە، بەڵکو لە پێڕەوێك و بەکارهێنانەکەی پێکهاتووە، کە لە توانست و تواناادا ڕەنگدەداتەوە، تا بتوانرێت پەیپێبردن و زانیارییەکانمان لێیەوە دەستبکەوێت و دوواتر لە شیکردنەوەی خۆیەوە پەی بە خۆی و بەرهەمەکانی ببەین.

### ١/٢-١ ) توانست و توانا: [١]

دەکرێت بوترێت ((توانست، ئەو زانیینە ئاوەزییە شاراوەیەی قسەکەری زمانێکی دایکە، کە لە پرۆسەی زمانوەرگرتنەکەیدا (زمانپژاندن و زمانفێربوون) بەبێئاگالێبوونی خۆی، وەریگرتوون.)) [٢] یاخود (("توانست" پێڕەوێك لە یاسا شاراوەکانە، کە پێکهێنەری زانیاریی زمانی و توانای بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی ڕستەیە. [٣] توانست زانیارییەکی نائاگاییە. [٤] یان (( توانست (competence) زانیاریی نائاگایی تاك لەبارەی ڕێسا بنەماییەکانی زمان لە بەرامبەر توانا (performance) * بەکاردەبرێت. [٥]

جەختکردنەوە لەسەر شاراوەیی و لەنائاگاییەوەبوونی زانیارییەکانی زمان ڕێ بۆ ئەوە خۆش دەکات، بگوترێت ڕەنگە مرۆڤ دەسەڵاتی ڕەهای بەسەر توانستی زماندا نەشکێتەوە و نەشتوانێت بەدەسەڵاتشکاندنەوەی بەسەریدا پێڕەوەکە بەرەو لاڕێ یان لاوازبوون ببات، چونکە خودی توانستەکە خۆی شاراوەیە و لە نائاگاییەوەیە و مرۆڤیش تەنانەت لە زمان بەکارهێنانیشدا هێندەی توانای خۆی

---

[١]) هەرچەندە جیاوازی نێوان توانست و توانا بەتەواوی سەلمێنراوە، بەڵام زۆرجار لە بیروبۆچوونە زمانناسییەکاندا – بۆنموونە لە بونیادگەرایی structuralism– ئەم جیاوازییە لەبەرچاو ناگیرێت. زۆرێك لەو هەڵە تێگەیشتنانەی ئەم ساڵانەی دوایی لەئەنجامی لەبەرچاونەگرتنی ئەم جیاوازییەوە سەریان هەڵداوە. بەو پێیەی کە زمان چەمکێکی ئەبستراکتییە و پێوەندە بە بواری توانستەوە، لەکاتێکدا کە ئاخاوتن بابەتێکە پێوەندی بە بواری تواناوە هەیە. لەسەر بنەمای ئەم پێوەرە، ڕستە چەمکێکی ئەبستراکتییە و پێوەندی بە توانستەوە هەیە، لەکاتێکدا کە دەربڕاو (utterance) زاراوەیەکە کە بۆ ئاماژە بە فۆرمی کۆنکرێتی یان بەرجەستەبووی زمان بەکاردەبرێت. بڕوانە: محمد رضا باطنی (١٣٨٩: ١٣٤–١٣٥)

[٢]) د.محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦: ١٥)

[٣]) گای کوك (١٣٨٩: ١٣٧)

[٤]) محمد رضا باطنی (١٣٨٩: ١٣٧)

*) زاراوەی performance هەم دەلالەت لەسەر "پرۆسە"کە و، هەم "بەرهەمی پرۆسە"ش دەکات، بڕوانە: جان لاینز، (١٣٨٥: ٤٨) دەکرێت ئەوەش بوترێت، کە هەندێکجار لە جێی هەر دوو زاراوەی توانست و توانا، توانا و چالاکی بەکاردەهێنرێت، واتە لە جێی توانست، توانا و لەجێی توانااش، چالاکی بەکاردەهێنرێت.

[٥]) دکتر ابراهیم چگنی (١٣٨٢: ٨٩)

دەتوانێت پەی بە بوونی شتەکان و دیاردە و پێڕەو و پرۆسەکان ببات نەك بە ئەندازەی ئەو واتا و شاراوەییەی کە تێیاندا هەیە، بۆیە دەتوانرێت بگوترێت توانای بەسەر توانستە ڕەهاکەدا نییە، چ لە ناسین، یان بەکارهێناندا.

مەبەستی Chomsky لە توانست_ یان وردتر بیڵێین توانستی زمانی ( linguistic competence) یان توانستی ڕێزمانی (grammatical linguistic) _ پێڕەوێکی زمانییە، کە لە مێشکی تاکەکاندا هەڵگیراوە، کە دەوترێت ئەو زمانە دەزانن واتە لێوەشاوەیی/لێهاتوویی ئەوەیان هەیە، کە بەکاریبهێنن. توانستی زمانی بەم واتایە هەمیشە لێوەشاوەیی بەکارهێنانی زمانێکی تایبەتە.[١] هەرچی تواناشە ((زاراوەیەکە، لەبارەی ڕەفتاری ڕاستەقینەی زمان، کە جیایە لەو زانیارییەی کە ڕەفتاری زمانی، بنچینەکەی پێکدەهێنیت.))[٢] جەختکردنەوە لەسەر جیابوونی پێڕەو و بەکارهێنانی پێڕەو زیاتر ئاشناکردنمانە بە ڕاستیتی هەر لایەکیان و، لێکۆڵینەوە و ناسینی ڕەفتاری زمانیی لەڕووانگەی ئەو لایەنەوە کە بنج و بنەڕەتی خودی زمان و ڕەفتارە زمانییەکانە. لەم ڕووەوە پێویستە ئەم جیاوازییەی نێوان توانست و توانا لە ناسینی چییەتی پێڕەوەکە و بەکارهێنانەکەیەوە بخرێتەڕوو و بە کردەیی بکرێت.

لەبەرامبەر توانستدا، زاراوەیەکی تری زمانەوانیی هەیە کە توانایە، (( توانا بریتییە لە بەکارهێنانی زمان لە چوارچێوەی ڕستەکان کە لەڕاستیدا ڕووداوی ڕاستەقینەی زمانن. لەم ڕووەوە دەبێت جیاوازی لەنێوان فێربوونی پێڕەو یان یاساکانی دەستەڵاتشکاندنەوە بەسەر پێڕەو و بەکارهێنانیدا، بکرێت.))[٣] یان (("توانا" زاراوەیەکی دییکەی تیۆریی زمانەوانییە و لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا بۆ ئەو دەربڕراوانەیە، کە قسەکەری زمانێك لەسەر بناغەی "توانست" بەرهەمیان دەهێنێت.))[٤] دەکرێت بگوترێت هەموو ئەو کەرەستە و دەربڕراوانەی کە بە هۆی "توانا"وە دەردەکەون، لە توانستەوە سەرچاوەیان گرتووە.

ئەو سنورداربوونەی کە بەسەر ئەم پێڕەو(توانست)ەدا دەسەپێنرێت لایەنی کردەیی هەیە، کە پێوەندی بە بەکارهێنانی پێڕەوی (توانا) کەوە هەیە نەك خودی پێڕەوەکە. ئەڵبەتە ئەم سنورداربوونە کردەییە، لەو سنورداربوونانەوە، کە سروشتی ئێمەی مرۆڤە (وەکو سنورداربوونی یادگە)، سەرچاوەدەگرێت.[٥]

---

[١]) جان لاینز (١٣٨٥: ٤٦–٤٧) ئاسایی، وەرگرتنی ئەم توانستە، لەبارەی زمانی زگماکەوە، هەر لە منداڵییەوەیە و لە هەلومەرجی ژینگەی گونجاو لە ڕێگەی هەڵسوکەوتەوە دەبێت، کە لەنێوان هێزی زمان _ کە ئاشکرایە هێزێکی تایبەتی مرۆڤە و بەشێوەی بۆماوەیی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە. بڕوانە: جان لاینز (١٣٨٥: ٤٧). هەروەها لێهاتوویی زمانی (Language faculty): کۆی ئەو پێکهاتە بایۆلۆجییەیە، کە توانامان پێدەبەخشێت تا بتوانین زمان بەرهەم بهێنین و لێی بگەین. بڕوانە: رابرت لارنس تراسک (١٣٨٠: ٢٩٢)

[٢]) گای کوك (١٣٨٩: ١٤٤)

[٣]) دکتر مهری باقری (١٣٨٨: ١٧٢)

[٤]) د.محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦: ١٥)

[٥]) محمد رضا باطنی (١٣٨٩: ١٢٨)

كاتێك تاكێكی فارسی زمان، ڕستەیەكی وەك: (من تۆ را دیدم.) _ یان هەر ڕستەیەكی تر_ دەردەبڕێت و، كوردێكیش هەر ئەو ڕستەیە بە توانستی زمانەكەی خۆی ( من تۆم بینی.) دەردەبڕێت، ئەوەی كە جیایە لەم دوو ڕستەیەدا توانستەكە و چۆنیەتی وەرگرتنی كەرەستەكان نییە، بەڵكو جیاوازییەكە لە چییەتی كەرەستەكان و بەكارهێنانی تواناكەدایە. چونكە دیسانەوە توانست خۆی هەم پێڕەوی خۆی و هەم بەكارهێنانی توانستەكەی هەیە، هەر بەو شێوەیە تواناش پێڕەو و بەكارهێنانی پێڕەوەكەی هەیە. لەبەرئەوە لە هەردوو زمانەكەدا ڕستەكە لە توانستەوە سەرچاوەدەگرێت و بەو پرۆسەیەدا تێپەڕدەبن و بۆ بەرجەستەبوون و دەربڕین ئامادە دەبن، كە ئەمەش لە هەردوو لا_ لە هەموو زمان و زار و ... _ وەك یەكە. كەواتە جیاوازییەكە لە كەرەستەكاندایە نەك پێڕەوەكە، ئەمەش بۆ تایبەتمەندیی زمان و ئەزموونی كلتووری–كۆمەڵایەتی ئاخێوەرانی زمانەكە دەگەڕێتەوە.

كەواتە لە ناسینی توانست و تواناداد بۆمان دەردەكەوێت كە ئەم دووانە لێك جیان: (( توانا لە توانستەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام لەگەڵ یەك پێكهەڵ نین.[١] بە بڕوای Chomsky زانینی واتای وشەیەك بە پلەیەك لە توانست دەژمێردرێت.[٢])) لەمەشەوە دەتوانرێت بگوترێت بەهۆی ئەوەی كە توانست و توانای زمانی پێوەندییەكی لێكنەپچڕاو و تەواوكارییان بەیەكەوە هەیە و یەكێكیان بنج و خودی زمانە و ئەویتریشیان بەكارهێنانی زمانە، هەربۆیە ((لە لێكۆڵینەوەی هەڵسوكەوتە زمانییەكانەوە (لە تواناوە) بۆ مۆدیلی ڕێزمانەكەی ناو مێشك (بۆ توانستەكە) دەچیین.[٣])) واتە دەكرێت بوترێت تاك دەستی لە چییەتی توانستەكەدا نییە، بەڵكو تەنیا توانای بەسەر ئەوەدا دەشكێت كە بەكاری بهێنێت و گەشەی پێبدات، كە ئەمەش پێوەندە بە بەكارهێنانەوە، كە مەبەست لێی توانایە. ئەمە جگە لەوەی كە ((توانای زمانیش دەكەوێتە ژێر كاریگەری هۆكارە نازمانییەكانەوە.[٤]))

هۆكارە نازمانییەكان لەگەڵ ئەو لێكچوونەی كە لە هەموو زمانەكانەدا هەیە بنەماكانیان یەكن – هۆكاری كلتووری، كۆمەڵایەتی، ئابووری، جوگرافی، ...تد._ ، بەڵام بێگومان لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر دەگۆڕرێت، لەبەرئەوە توانست بەگوێرەی تایبەتمەندیی زمانی و كلتووری–كۆمەڵایەتیی زمانەكە كەرەستەی داواكراو و پێویست بەرهەمدەهێنێت و لە ڕێگای تواناوە دەیخاتە بەردەستی ئاخێوەرانی زمانەكە.

---

[١]) دكتر مهری باقری (١٣٨٨ : ١٧٣) هەرەوها بڕوانە: محمد رضا باطنی (١٣٨٩: ١٣٥)

[٢]) جان لاینز (١٣٨٥: ١٤٢)

[٣]) د.محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦: ٦٠)، هەروەها بڕوانە هەمان سەرچاوە (٢٠٠٦: ١٥)

[٤]) محمد رضا باطنی (١٣٨٩: ١٣٦) (( Halliday بڕوای وایە كە ئەو ڕاستییە كۆمەڵایەتییەی، كە لە زماندا بەجفرەدەكرێت (encoding)، دوو لایەنی بنەڕەتی هەیە و " زمان ئەم لایەنە دووانەییە لە پێڕەوە واتاییەكەیدا دەردەبڕێت و دەیكات بە هێما." ئەو ئەم دوو لایەنە بە "بیركردنەوە – reflection" و "كردە– action" دەزانێت: بەكارهێنانی زمان بۆ بیركردنەوە لەبارەی شتەكان و بەكارهێنانی بۆ كاركردن (عمل كردن) لەسەر شتەكان.)) بڕوانە: فرهاد ساسانی (١٣٨٩ : ٤٨)

### ١-١-١/٢ ) توانستی ئیدیەم

وەك پێشتر ئاماژەی پێكرا، توانست زانیاریی نائاگایی زمانە. ((زانیاریی زمانی، زانیارییەكی نائاگاییە، كە هەموو ئاخێوەرێكی زمان ناتوانێت بەئاگایانە دەستی پێبیگات.))[١] ئاگایی ئێمە لە توانستی زمانیی لەسەر بنەمای زانیاریی كۆكراوەی ئێمە لە توانای زمانیمانەوەیە.[٢] كەواتە لەم ڕووانگەیەوە ئێستا دەبێت بزانین، لەنێوان زانیاریی مرۆیی و زانیاریی زمانی، كە ڕاستییەكەی بەشێكە لەو، چ جۆرە پێوەندییەك هەیە؟[٣] ((بەشێكی هەرە زۆری زانیاریی زمانی، زانیاریی هاوبەشی بەدەستهاتوو یان زانیاریی كلتوورییە. بەم پێیە زمانی كۆمەڵێك، ڕاستییەكەی لایەنێك لە كلتووری ئەو كۆمەڵەیە.))[٤] لەبەرئەوە دەكرێت بگوترێت ئیدیەم زانیارییەكی زمانی–مرۆیی ئێمەی مرۆڤە و هەڵگری تایبەتمەندیی كلتووری كۆمەڵایەتییە و بەشێكە لە كۆی گشتی زانیارییە زمانییەكان، جگە لەوەی كە بە هۆیەوە دەتوانرێت پەی بە زانیارییە نازمانییە شارراوەكانی ناوی و دەورووبەری ببرێت.

Smith and Wilson پێیانوایە مرۆڤ لە مێشكی خۆیدا لەبارەی دیاردەكانی جیهانی دەرەوە زانیارییەك وەردەگرێت. زانیاریی زمانییش بەشێك لەم زانیارییە پێكدەهێنێت. Chomsky لەسەربنەمای بۆچوون و پەیپێبردنە گشتی و جۆراوجۆرەكانی، بانگەشەی ئەوە دەكات، كە زانیاریی زمانیی مرۆڤ لە زانیاریی نازمانیی مرۆڤ _ زانیارییەكانی سەبارەت بە دیاردەكانی تر _ تەواو جیاوازە. بەو واتایە، كە زمان وەكو یەكێك لە پێڕەوە ئاوەزییەكان (cognitive system)ی مرۆڤ بنەماو یاسای تایبەتی خۆی هەیە، كە لە یاساكانی دەستەڵاتشكاندنەوە بەسەر پێڕەوە هۆشەكییەكانی تری مرۆڤ جیاوازە و لەم ڕووەشەوە دەبێت بەشێوەی جودا لێیبكۆڵرێتەوە و بناسرێت.[٥]

لەبەرئەوەی ئیدیەم پێوەندییەكی ڕاستەوخۆی بە ئەزموونی زمانی و كلتوورییەوە هەیە و بنەمای كلتووری–كۆمەڵایەتیش هۆی سەرهەڵدان و جۆر و چییەتییەكەیەتی، كەواتە لێرەوە دەكرێت ئەوە بخرێتەڕوو، كە مرۆڤ بە هۆی زمانەوە گوزارشت لە ئەزموونەكانی دەكات و بۆ خۆی و مرۆڤەكانی تری دەخاتەڕوو، (( ئەزموون،[*] ڕاستییەكە كە بە هۆی زمانەوە بۆ خۆمانی گوزارشت دەكەین.))[٦] بۆنموونە ئیدیەمی:

---

[١] محمد رضا باطنی، (١٣٨٩: ١٣٨) هەروەها بڕوانە: ویكتۆریا فرامكین،... (١٣٨٧: ١٣). ((زانیاریی زمانی لە زانیاریی نازمانیی جیایە و بەدەربڕینێكی تر زمان دیاردەیەكی تاقانە و بێهاوتا و سەربەخۆ (autonomous) یە.)) بڕوانە نادر جهانگیری، (١٣٨٧ : ١٠)

[٢] دكتر مهری باقری (١٣٨٨ : ١٧٣)

[٣] نادر جهانگیری (١٣٨٧ : ١٢–١٣)

[٤] سەرچاوەی پێشوو (١٦)

[٥] شیلان عومەر حسەین (٢٠٠٩ : ٧٤)

[*] (( مرۆڤ پێش ئەوەی لەسەربنەمای چەمكە لۆژیكییەكان بیری كردبێتەوە، ئەزموونەكانی خۆی بەهۆی وێنە ئەفسانە (اسطورە)ییەكانەوە بەڕوونی و بەجیا هەڵدەگرت.)) بڕوانە: ارنست كاسیرر (١٣٨٧ : ٢٥)

[٦] فرهاد ساسانی (١٣٨٩ : ٥٥)

**"ئاوی مەویارۆ"** بەرامبەرە بە: ئاو بەقوڕگیدا ناچێتەخوار.

واتای ئیدیەمی: نەخۆشییەكی سەختی هەیە و مردنی نزیكە.

**"پالاچەكەش ئینا دیوانەنە"** بەرامبەرە بە: پیلاوەكەی لە دیوەخانە.

واتای ئیدیەمی: واتە دەسەلاتی هەیە و لای دەسەلاتدار قسە ڕۆشتووە.

بێگومان ئەزموونێك لە پشت ئەم دەربڕینانەوەیە و هەڵگری واتایەكی فراوانن، كە تایبەتمەندیی كلتووری- كۆمەلایەتی شێوەزارەكە _هەورامی_ نیشان دەدات و ئاخێوەرانیش ئەم ئەزموونە لە ڕێگەی شێوەزارەكەوە دەخەنەڕوو و نەوە بۆ نەوە _ لەگەڵ تایبەتمەندیی گۆڕانكاریی_ دەیگوێزنەوە و دەبێتە بەشێك لە ئەزموونی زمانی و كلتووری- شێوەزارەكە. ئاشكرایە، ئاوەزیش لەمەدا ڕۆڵی سەرەكی دەبینێت لە توانای هەڵبژاردنی كەرەستەكان و بەئەزموونكردنی ڕووداو و شت و دیاردەكان، كە لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر و لە كۆمەڵێكەوە بۆ كۆمەڵێك و لە زمان و ناوچەیەكەوە بۆ یەكێكی تر دەگۆڕڕێت. ئاوەزیش بەشێوەیەكی گشتی و توانایی زمان بەتایبەت وەك بەشێك لێی، ئەگەر ژینگەیەكی گونجاوی بۆ پەروەردەكردن نەبێت گەشەكردن و پێشكەوتنی خۆی دەست ناكەوێت.[1] كەواتە بوونی ئەزموونی جیاواز، لەڕێگەی زمانەوە دەخرێتەڕوو، هەرچەندە ناتوانرێت بگوترێت، كە بوونی ئەم جیاوازیی ئەزموونە، بەهێزی و بێ هێزی ئاوەز نیشاندەدەن، بەڵكو ئەمە بۆ بەكارهێنانی زمان، نەك پێڕەوەكە، دەگەڕێتەوە.

بۆ نموونە ئەگەر ئیدیەمی " **موی دماغ**" لە فارسی و **"مووی لووت"** لە كوردی _ واتە بەرامبەر بێزار دەكات، یان لە كۆڵی نابێتەوە_ ، یان **"صاف و پوسكنده"** ی فارسی بەرامبەر " **cut and dried**"ی ئینگلیزی _ كە بۆ بێ پەردە قسەكردن بەكاردێت_ وەربگرین، ئەوا دەبینین گوزارشت كردن لە واتای مەبەست لە هەردوو لا وەك یەكە ئەگەرچی شێوەی دەربڕراوەكە تاڕادەیەك جیاوازە. واتە لە هەردوو زمانەكەدا ئەم ئەزموونە كلتووری-كۆمەلایەتییە، هاوبەشە. بەلام ڕەنگە بۆ هەندێك ئیدیەمی فارسی " گاومون زایید" _كە بۆ تێكچوونی بارودۆخ و كەوتنە مەترسییەوە دێت (كە واتا وشەییەكەی واتە: مانگاكەمان زا)، یان وەك دەوترێت بارودۆخەكە شڵەقا، یان خوم شێواوە_ لە زمانی كوردیدا بگەڕێین ڕەنگە نەتوانین، هاوبەشییەكی ئەزموونی كلتووری- كۆمەلایەتی بۆ ئەم نموونەیە لە ئیدیەمێكی هاوشێوەیدا بدۆزینەوە. پێوەند بە شێوەزاری هەورامیشەوە ئەزموونی جیاواز لە چەندین نموونەی ئیدیەمدا دەبینرێت:

---

[1] محمد رضا باطنی، درباره زبان (١٣٨٥ : ٨٧). هەروەها، ا.آناستازی: ((تاڕادەیەك هەموو دەروونناسان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی كە ئاوەز توانایییەكی تاك و یەكپارچە نییە، بەڵكو كۆمەڵەیەكە لە توانا ئاوەزییە جۆراوجۆرەكان.)) دەروونناسان وەلامی ئەم پرسەی كە ئایا گەشەی ئاوەز لەژێر كاریگەریی چۆنایەتی ژینگەدا دەتوانێت كەم یان زۆر بێت؟ وەلامی ئەرێنی دەدەنەوە، هەرچەندە لەسەر ڕێژەی ئەم كاریگەرییە هاوڕاو كۆك نین. ئاوەز بە بەرهەمی بۆماوە و ژینگە واتە هەردووكیان دانراوە، ئەگەرچی هەندێك لە دەروونناسان بەشێكی زۆرتری ئاوەز بە بەرهەمی بۆماوە دەزانن. گەشەی ئاوەز لە كاتی لەدایكبوونەوە دەستپێدەكات و لەنێوان ١٥ بۆ ١٨ ساڵیدا بە بەرزترین ئاستی خۆی دەگات و دوواتر دەوەستێت. بڕوانە: محمد رضا باطنی، درباره زبان (١٣٨٥ : ٨٥-٨٧)

**" ئاوی ئینا بێڵەشۆ"** بەرامبەرە بە: ئاوی بە بێڵەوەیە.
**واتای ئیدیەمیی:** واتە کەسێك کە دەست ڕۆشتووە بێت و جگە لە کاروباری خۆی کاروباری خەڵکی تریش ڕێك بخات. ئیتر بە قسە بێت یان شتی تر.
**"وەزی هەڵەزیش مەوریا"** بەرامبەرە بە : گوێزی ناو مەشکەی ناخورێت.
**واتای ئیدیەمیی:** واتە زۆر پیس و پۆخلە.

دەکرێت هاوشێوەی ئەم نمونانە لە زار و شێوەزارەکانی تری زمانی کوردیدا، یان لە زمانی فارسیدا دەقاودەق نەبێت، کە ئەمەش دیسانەوە پێوەندی بە ئەزموونی کلتووری–کۆمەڵایەتی و هەروەها گەشەی ئاوەزی ئاخێوەرانی ئەم زارەوە پێوەند بە ژینگەو دەورووبەری کۆمەڵایەتییەوە هەیە.

توانستی زمانی _ زانیاریی پێڕەوی زمانیی ئاخێوەر_لە توانای زمانی _واتە بەکارهێنانی پێڕەوی زمانی_ بە جیاواز دەزانرێت.[1] توانستی زمانی یارمەتییەکی شایستەی بە مەیل و خواستی ڕۆژبەڕۆژی ئێمە لە شیکردنەوەی بەکارهێنانی زمان بەخشیوە، چ وەکو سەرچاوەیەکی پڕ لەو بابەتانەی کە پێڕەوێکی دروستەیی دەکات بە هێما و فۆرم، چ وەکو توانایەکی کۆمەڵایەتی هاوڕێ لەگەڵ کاریگەرییە گرنگەکان لە دوو ئاستی ورد (واتە ئەزموونە کەسییەکان) و درشت(واتە گۆڕانی کۆمەڵایەتی).[2]

Ervin-Tripp,S ئەوە دەخاتەڕوو، کە (( توانست لە ئاخاوتندا، توانایی لە بەکاربردنی ئاخاوتنی گونجاو لەگەڵ هەلومەرجدا دەگرێتەوە.))[3] لەمەوە دەتوانرێت بگوترێت: ((توانستی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی لە دوو کۆمەڵە ڕێسا پێکهاتووە: ڕێسا کلتووری–کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی زمان و ڕێساکانی ئاخاوتن.))[4]

کەواتە ئەو کەرەستانەی کە لە زمانێکدا بەکاردەهێنرێن _ بەتایبەت ئەوانەی وشە و دەربڕاوی خودی زمانەکەن_ گونجاویی کلتوورییان لێ چاوەڕێدەکرێت. بۆنموونە ئەگەر ئیدیەمێك لە شێوەزاری هەورامیدا هەبێت، باس لە "وشتر" بکات و بە کلتووری کۆمەڵایەتیی ئەو ناوچەیەوە ببەسترێتەوە ئەوا جۆرێك نەگونجانی ئەزموونی کلتووری کۆمەڵایەتی لەگەڵ شێوەزارەکەدا دێتەئاراوە، کە ئاخێوەرانیش پەی بەم نەگونجاوییە دەبەن، چونکە نە "وشتر" لەو ناوچەیەدا دەژی و نە ئاخێوەرانیش مامەڵەیان لەگەڵیدا هەیە. هەربۆیە چاوەڕێی دەربڕینێکی لەو شێوەیە ناکەن، ئەمە لەکاتێکدا کە توانستی زمانی ئامادەی بەرهەمهێنانی دەربڕاوێکی لەم شێوەیەیە، بەڵام کلتووری

---
[1]) دکتر مهدی مشکوه الدینی (١٣٨٨ : ١٥٥)
[2]) گای کوك (١٣٨٩ : ٥٥)
[3]) نادر جهانگیری (١٣٨٧ : ١٨٢)
[4]) گای کوك (١٣٨٩ : ١١٣)

زمانەکە ئەوە لە توانست ناخوازێت. هەربۆیە دەبینین ئیدیەمێکی لەم شێوەیە لە شێوەزاری هەورامیدا کە "وشتر" بە واتای کلتوورییەوە، بەدی ناکەیت، ببەستێتەوە. مەگەر لە ئیدیەمێکی وەك:

**"وشتر بە بارۆ یانەشانە گم بۆ"** بەرامبەرە بە : وشتر بەبارەوە لەماڵیاندا ون دەبێت.

واتای ئیدیەمی: واتە زۆر شپرزەن و هیچ شتێك لە جێی خۆیدا نییە و ئەوەی دەتەوێت نادۆزرێتەوە. کە تەنیا لێرەدا قەبارەی "وشتر"ەکە وەرگیراوە، نەك ئەوەی بکرێتە بەشێك لە کلتووری زمانەکە و ببێتە تایبەتمەندییەك بۆی.

ئیدیەم لەناو فەرهەنگی مێشکماندا یەکەیەکی سەربەخۆی سیمانتیك نییە، بەڵکو ئەوەیڕاستیبێت ڕەنگدانەوەی پێڕەوێکی یەکگرتووی چەمکی خوازەیە.[1] هەروەها Lyons جەخت لەوە دەکات، کە ئەرکی ئیدیەم وەك یەکەیەك بەوە دەناسرێتەوە کە سنورداربوونی واتایی و وشەناسی و ڕێزماننناسییان پێوەدیارە.[2] دەکرێت بوترێت ئیدیەم لە بنەڕەتدا هەڵگری واتایەکی دیاریکراوە و دەربڕاوەکە لە فرە لێکدانەوەیی دەرباز دەکات.[3] ئەمەش لە لایەکەوە گرنگی توانستی هەڵگرتنی واتایی ئیدیەممان بۆ دەخاتەڕوو، کە ئەو ئاڵۆزی و واتا زۆرەی هەڵیگرتووە، دەکرێت بە زانینی تایبەتمەندییەکانی لە واتاکەی بگەین و بەکاری بهێنین، چونکە خودی توانستی ئیدیەمەکە وا لە ئاخێوەر و گوێگر دەکات، کە لە سنووری واتایی و بەکارهێنانی ئیدیەم بەئاگا بن. هەرچەندە جیاکردنەوەی زۆرێك لە ئیدیەمەکان لای گوێگر ئاسان نییە، کە ئەمەش جگە لە دەورووبەر پێوەندی بە زانیاری گشتی و بەئاگایی لە زانیاری کلتوور و کۆمەڵایەتییەوە هەیە. بوونی ئەو ئیدیەمانەیە، کە دەکرێت بە هەردوو شێوەکە واتای وشەیی و میتافۆری بەکاربێن، ئەمەش دیسانەوە پێوەندی بە توانستی ئیدیەمییەوە هەیە، کە لە بنەڕەتدا ئەو تایبەتمەندییەی لەخۆیدا هەڵگرتووە

### ٢-١-١/٢ ) تێگەیشتن لە ئیدیەم

ئاشکرایە میتافۆر سەرچاوەیەکی دروستبوونی ئیدیەمە و (( لە میتافۆردا، شتێکی زۆر زیاتر لە "جێنشینی"ی ڕووت و جۆرێك دەربڕینی زمانپاراوی، شارراوەتەوە.))[4] کەواتە دەکرێت لەم ڕووانگەیەوە بگوترێت، ئیدیەمیش جۆرێك بەکارهێنانی میتافۆرییە، تەنیا دەربڕینێکی قسەزانانە و ڕێکخستن و دانەپاڵیەکی وشە نییە، بەڵکو لەوە زۆر زیاتر لەخۆدەگرێت، کە کۆبوونەوەی ئەزموون و بیر و پەیوەندبوون بە کلتوور و هەڵگرتنی واتایەکی فراوان و، .... تد دەگرێتەوە. بۆ نموونە:

**"هەنگش قرۆڵەنە ئێستەنۆ"** بەرامبەرە بە: هەنگی لە کلۆرە داردا دۆزیوەتەوە.

---

[1]) Raymond W. Gibbs, and..., (١٩٩٧: ١٤٢)

[2]) Rafael Monroy Casas , (١٩٩٥: ٤٥)

[3]) شیلان عومەر حسەین (٢٠٠٩ : ٧٤)

[4]) ارنست کاسیرر (١٣٨٧ : ١٤١)

زوبێر عەلی عارف ... نامەی ماستەر ... زانکۆی سلێمانی

واتای ئیدیەمی: یانی شتێکی دەسکەوتووە و بەلایەوە زۆر گرنگ و بە بایەخە و وا دەزانێت کەسی تر شتی وای نییە.
**"مارە خولینە"** بەرامبەرە بە: ماری ژێر کایە.
واتای ئیدیەمی: وا دەزانرێت کەسێکی بەستەزمانە، بەڵام لەژێرەوە زۆر فێڵبازە.

ئیدیەمەکان چاوەڕێی ئەوەیان لێناکرێت کە واتایان ڕوونبێت و لە لێڵی بەدووربن، بەڵکو دەتوانرێت بگوترێت، ئیدیەمەکان لەڕووی واتاوە لێڵن، (( لێڵیی زمانی لە ئارادایە بۆ ئەوەی نەتوانرێت بڕیاری ڕەها بۆ دەربڕینێك دەربکرێت.))[1]، بەڵام لێڵی لە ئیدیەمدا ناکرێت بگوترێت مەبەست تێیدا شاردنەوەی مەبەست و تەمومژاویکردنی واتا و گەیاندنەکەیە، چونکە ئیدیەم لە بنەڕەتدا گەیاندنی زیاترین و کاریگەرترین واتایە بەشێوەیەکی گونجاو بۆ ئەوەی بە بەرامبەری بگەیەنێت، بەپێچەوانەی لێڵی لە ئەدەبدا، کە بە ئەنقەست دەهێنرێتە ئاراوە و لە بنەڕەتدا مەبەستی پێوەندی نییە.
بۆنموونە ئەگەر لەم ئیدیەمانە بڕوانین:
**"لووتەش دانش عاسمان"** بەرامبەرە بە: لووتی داویەتی لە ئاسمان.
واتای ئیدیەمی: بە واتای لووتبەرزی و لەخۆباییبوون دێت.
**"مەیەو مۆمنا"** واتای فەرهەنگی: مەڕی ئیمانداران، یان مەڕی خوا.
واتای ئیدیەمی: کەسێکی بێدەنگ و بەستەزمانە.
ئەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مەبەست لێیان شاردنەوەی واتای مەبەست نییە لە بەرامبەر، بەڵکو جگە لەوەی ناڕاستەوخۆ قسەکردنە، مەبەست لێیان گەیاندنی خودی ئەو واتایەیە بەشێوەیەکی کاریگەرتر و بەهێزترو جوانتر، کە ئەمەش پێچەوانەی لێڵییە لە فیگەری ئەدەبدا.
ئیدیەمەکان وەك وشەکان لە فەرهەنگی هۆشەکیدا دەنوێنرێن و بۆ لێکدانەوەی واتاکانیان هەروەك وشەکان فەرهەنگی تایبەت بە خۆیانیان هەیە.[2] هاوکات بەلای Moran ەوە: (( دەکرێت وشەنامەکان یا فەرهەنگەکان بەشی تایبەتییان بۆ ئیدیەمەکان هەبێت، نەك بۆ میتافۆرەکان.))[3] هەربۆیە ئەگەر لە فەرهەنگی زمانەکان بڕوانین، ئەوا زۆرێك لە ئیدیەمەکانمان بەرچاو دەکەون.[*] هەرچەندە دەربڕینەکانی تریش هەموو نیشانەی دەوڵەمەندیی زمانن و بۆ دروستکردنی پەیوەندی و گەیاندنی زانیارین و واتایەکی سەربەخۆ یان پێوەند دەهێننە ئاراوە.
بۆنموونە ئیدیەمانێکی وەك:

---

[1]) کورش صفوی (١٣٨٧ : ٢٠٩). (( ئاسایی ڕستە ئیدیەماتیکییەکان لەڕووانگەی واتاوە بە لێڵترین جۆری ڕستەکانی زمان دادەنرێن.)) بڕوانە: کورش صفوی، (١٣٨٧ : ٢٥٨-٢٥٩)

[2]) شیلان عومەر حسەین (٢٠٠٩ : ٦٧)

[3]) ریچارد موران ١٣٨٤ - شمارە ٣٩ و٤٠.

[*]) بڕوانە: (فرهنگ فارسی-کردی داشگاە کردستان، ماجد ماردوخ روحانی)، هەروەها (فرهنگ عمید، حسن عمید )، ...هتد.

**"هێڵی گرییێش مەوەریا"** بەرامبەرە بە: تەنانەت هێلکەی کۆڵاویشی ناخورێت.
**واتای ئیدیەمی: بۆ کەسێکی پیس و پۆخڵ بەکاردێت**
**" ئاوی لێڵە مەکەرۆ"** بەرامبەرە بە: ئاو لێڵ ناکات.
**واتای ئیدیەمی: کەسێك کە عەقڵی بە هیچ نەشکێت و گەمژە بێت .**
**"ددانێش سینەنە ڕستێنیٚ"** بەرامبەرە بە: ددانی لە سنگیدا دەرهاتووە.
**واتای ئیدیەمی: کەسێك زۆر سەرسەخت بێت.**

**بێگومان هەڵبژاردنی هەریەك لەم ئیدیەمانەش پێوەند بەو واتا زۆر و چڕو پڕو کلتووری-کۆمەڵایەتییەوە، هەروا لە خۆوە نییە، بەڵکو بیر و ئەزموونێکی دوور و درێژخایەن لە پشت ئەمانەوەیە. ((هەڵبژاردنی ئەم وشانەش چ لە ئیدیەم و دەستەواژەکاندا بیرکردنەوەیەکی تا بڵێی قورس و گرانی تێدایە و هەڕەمەکی نییە.))[1] هەربۆیە دەبینین، لە تێگەیشتن لە ئیدیەمەکاندا بیر و بیرکردنەوە فراوانتر دەبێت و ئەزموونی زمانی و کلتووری-کۆمەڵایەتیش لەڕێگەیەوە بۆ ئاخێوەر و گوێگر دەگوێزرێتەوە. ئەگەر لەم ئیدیەمەی خوارەوە بڕوانین:**
**"کتە و چناری" واتای فەرهەنگی: پشیلەی چنارەیە.[*]**
**واتای ئیدیەمی: بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە شپرزە و پەشۆکاون.**

**لەگەڵ ئەوەدا پەیوەست بە واتا ئیدیەمییەکەوە ئەو واتایەش دەگوێزرێتەوە، کە مەبەست ئەو شوێنەیە بووەتە شوێنی لەدایکبوونی ئەو ئیدیەمە، کە ئەویش "ملەی چنار"ی بیارەیە.**
**بۆ نموونە تێگەیشتنی واتایی لەم دوو ئیدیەمەدا وەك یەك نییە:**
**"مازیش مەڕیا"** بەرامبەرە بە: پشتی شکا.
**واتای ئیدیەمی : واتە تووشی کۆستێکی گەورە بوو، کەسێکی _پشت_ مرد.**
**یان**
**"نانش بەگۆشیٚ ژاوان"** بەرامبەرە بە: نانی بەگوێ جویوە.
**واتای ئیدیەمی: زیرەك و دنیادیدە و شارەزایە.**

**بێگومان توانستی تێگەیشتنی بەرامبەر بۆ ئەم دوو ئیدیەمە وەك یەك نییە، ئەمەش پەیوەستە بە بەکارهێنانی توانستی زانیاریی زمانییەوە. بەبڕوای Ji-xin (٢٠٠٩): دەربڕینە شێوە ئیدیەمەکان بەوە ناسراون، کە ئاوێنەی تایبەتمەندێتییە نەتەوەییەکانن، کە لە زماندا بەرجەستەبوون و بەشێکی گرنگ و دیاری زمان و کلتووری کۆمەڵن.[2] ئیدیەم هەموو زمانێکدا هەیە و بوونیشیان ڕۆڵێکی زۆر**

---

[1]) د.فاروق عومەر صدیق، وانەکانی خویندنی باڵا، لێکسیکۆلۆژی، ٣١-٥-٢٠١٠.
[*]) ملەی چنار : ناوی شوێنێکە پێش ئەوەی بگاتە ناو شارۆچکەی بیارە.

[2]) Banafsheh Ghafel and ….. , (٢٠١١: ١٦٠)

گرنگ لە بنیاتنان و تێگەیشتندا دەبینێت.[1] لەبەرئەوە دەتوانرێت بگوترێت، ئیدیەمەکان پڕن لە ئەزموون و بیر و ئەندێشە. هەربۆیە توانایەکی گەورەیان لە هەڵگرتنی چەندێتی و چییەتی واتاییدا هەیە، چونکە وەك مەڵۆیەکی کۆبوونەوەی واتا و ئەزموونی کلتووریی–کۆمەڵایەتیی زمانن. بە واتایەکی تر دەکرێت بگوترێت، کە ئەم دەربڕراوانە _ئیدیەم_ تێگەیشتن و هەڵهێنجان و لێکدانەوەیان وەك وشە فەرهەنگییەکانی زمان، یان دەربڕراو و ڕستەکان دەبێت، لەمەشدا تایبەتمەندیی خۆیانیان هەیە و پێویستە بە جیاو تایبەت مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

دەکرێت بگوترێت زۆربەی وشەکانی زمان پتر لە واتایەکیان هەیە و ئاسایی یەکێك لەو واتایانە واتای ڕاستەقینەی وشەیە و واتاکانی تر لە بەرامبەریدا بە واتای خوازەیی ناو دەبرێن، هەندێکجار وا ڕوودادەت کە واتای ڕاستەقینە وردە وردە فەرامۆش دەکرێت و یەکێك لە واتا خوازەییەکان جێگەی دەگرێتەوە.[2] ئیدیەمیش بەوە ناسراوە کە واتاکەی لە واتای پێکهێنەرەکانییەوە بەدەست نایەت و واتایەکی میتافۆریی هەیە. سەرەڕای ئاڵۆزی و چڕی واتایی، بەڵام ئاخێوەرانی زمان لە هەلومەرج و دەورووبەری دیاریکراودا بە شێوەیەکی گونجاو بەکاریدەهێنن. لەبەرئەوە بەکارهێنان و تێگەیشتن لە ئیدیەم هەروا شتێکی ئاسان نییە، چونکە ((یەکێك لەو زەمینانەی کە ئاخێوەر پتر لە هەموو کات پشت بە توانای هەڵهێنجان (استنباط)ی بەرامبەر دەبەستێت و، هەندێك جار دەیکێشێتە ناو ئاڵۆزی و ئاستەنگەوە، بەکارهێنانی میتانۆمییە لە زماندا.))[3] لەبەرئەوە بەکارهێنان و تێگەیشتنی ئیدیەم پێویستی بە توانای هەڵهێنجان و شارەزابوون لە کلتووری–کۆمەڵایەتی ئاخێوەرانی زمانەکە هەیە، بۆئەوەی بەکارهێنانی لە شوێنی گونجاو و تێگەیشتنی بۆ بەرامبەر تاڕادەیەك ئاسانتر بێت.

هەستیاریی ڕەوشی بەکارهێنانی ئیدیەم لەلایەن خەڵکییەوە (Nayak & Gibbs : ١٩٩٠ ; Gibbs & Nayak: ١٩٩١) و ناسك دەربڕین و جوان دەربڕینی دەستەواژەکان ( Pfaff, Gibbs, & Johnson, in press) و تێگەیشتنی فۆلکلۆرییانەی خەڵکی لەبارەی چۆنێتی بواری سەرچاوەی زانیاری لە میتافۆری چەمکیدا واتای ئیدیەمەکان سنووردار دەکات.[4] بەو مانایە کە ئیدیەم سنوورێکی کراوەی نییە، تاوەکو فرە واتایی و فرە لێکدانەوەیی لەخۆ بگرێت، بەڵکو واتاکەیان دیار و ئاشکرایە، بەبڕوای Moran : ((واتای ئیدیەمەکان بە تەواوی ئاشکران، ئیدیەم لە ڕووانگەی واتاوە بێ سنور (open–ended) نییە، ئاماژەبەندییەکی (suggestiveness) تایبەتی نییە و مەرجی لێکدانەوە و شیکردنەوەی داهێنەرانە (creativity) لە بارەی واتایەوە نییە.))[5] بۆ نموونە، ئەم ئیدیەمانەی خوارەوە واتایەکی دیارو ئاشکرایان هەیە و فرە لێکدانەوەیی وەرناگرێت:

**"کێشتەنشەنە هێڵە"** بەرامبەرە بە : کێشاویەتییە هێلکە.

---

[1]) Sahar Ahmadi and...,, ٢٠١١, p.٩.

[2]) محمد رضا باطنی، درباره زبان (١٣٨٥ : ١٣٩)

[3]) محمد رضا باطنی، پیرامون زبان و زبانشناسی (١٣٨٥ : ١٠٢)

[4]) (Gibbs: ١٩٩٢), see: Raymond W. Gibbs, and..., (١٩٩٧: ١٤٢)

[5]) ریچارد موران ، ترجمەی محمد رضا - محسنی نیا، فصلنامە – نقد و نظر – ١٣٨٤ – شمارە ٣٩ و٤٠.

**واتای ئیدیەمی: یانی بە فێڵ و کەڵەك خەریکە ئەیخەڵەتێنیٚ.**

**یان**

**"سەرشاخشا گێرتەن"** **بەرامبەرە بە: واتە سەرشاخیان گرتووە.**

**واتای ئیدیەمی: واتە سەریان ناوەتە سەری و سەری لێشێواوە.**

**بەکارهێنانی ئیدیەم لە دەرەوەی چوارچێوەی کلتوور بێسوودە بەتایبەتی کاتێك کە کلتوورەکان بەشێوەیەکی ناوازە لەنێو چوارچێوەیەکی دیاریکراوی خۆیاندان. لەم ڕووەوە** Jannes:١٩٩٦ **ئاماژە بەوە دەکات ئەو گرێیانەی کە دەلالەت لە هەندێك کردەی تایبەت بە کلتوور دەکەن، بەشێوەی ئیدیەم و میتافۆر بەکاردێن و بەهۆی بەکارهێنانەوە دەناسرێن و دەچەسپێن. تەنانەت بۆ ئاخێوەرانی ئەو زمانەش دژوارە، کە واتا سادە زمانییەکان بە واتا خوازەییەکەوە ببەستنەوە.[١] لەم ڕووانگەوە دەتوانرێت بگوترێت، کە پاش تێگەیشتن لە ئیدیەمێکی دیاریکراو دەکرێت پەی بە واتا میتافۆرەکەی ببەین.**

**ئیدیەم بەهۆی تایبەتمەندییەکانیەوە _ تایبەتمەندیی فەرهەنگی، کلتووری–کۆمەڵایەتی، کورتبڕی و چڕو پڕی، ... تد_ توانیویەتی پەرژین و سنورێکی تایبەتی واتایی تاڕادەیەك دیار بۆخۆی دیاری بکات و توانا و دەسەڵاتی خۆی لەناو ئەو بازنە و پەرژینەدا بۆ زمان و ئەرکی کۆمەڵایەتی بخاتەڕوو.[٢] بێگومان بۆ تێگەیشتن لە ئیدیەم ناتوانرێت تەنیا پشت بە خۆی یان پێکهێنەرەکانی ببەسترێت، بەڵکو کۆمەڵێك هۆکار یان بابەت یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەوەی لە واتا و مەبەستی بەکارهێنانی بگەین، کە پێویستە بخرێنەڕوو.**

**هەندێکجار میتافۆر و واتای میتافۆری دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ واتای ئیدیەمی و ڕۆڵێکی گرنگی لەلایەکەوە لە تێگەیشتنی خەڵکی بۆ زمان و دەوڵەمەندکردنی بە گشتی و لە لایەکی ترەوە بۆ تێگەیشتن لە دەربڕینە ئیدیەمییەکان هەیە.[٣] زانیاریی گشتی لەبارەی ژیان بەشێکی گرنگی ئەو هۆکارە پێکدەهێنێت کەوا دەکات لە بەکارهێنانی زماندا هەست بە ئاساییبوون یان نامۆبوونی ئیدیەمێك بکەن. هەندێك ئیدیەم لە بنەڕەتدا لە میتافۆرەوە وەرگیراون، ئاسایی هەندێك لە بەکارهێنەرانی زمان دەیانزانن و هەندێکی تر لە بنەما و واتایان بێئاگان.[٤] دەتوانرێت بگوترێت بوونی زانیاریی گشتی _ بەتایبەت کلتووری–کۆمەڵایەتی_ لەبارەی ژیان، هۆکارێکی سەرەکی تێگەیشتنی**

---

[١]) Alan Anwar Hassan, (٢٠٠٩: ٣٠)

[٢]) بۆ ئەمە پشتم بە هەڵهێنجانی وتارێکی (دکتر حسن ذوالفقاری) بەناونیشانی ( تفاوت ضرب المثل با برخی گونەهای زبانی و ادبی مشابە) وەرگرتووە. بڕوانە: فرهنگ (فصلنامە پژوهشی– فرهنگی واحد فرهنگ مردم)، تابستان ١٣٨٦، ل ٣–٢٠.

[٣]) د.فاروق عومەر صدیق، وانەکانی خویندنی باڵا، مۆرفۆلۆژی، ٢٠١٠\٧\٥. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی چۆنییەتی تێگەیشتن لە ئیدیەم و ئەو بیروبۆچوونە سەرەتاییانە و دواتر، کە لەبارەی ئیدیەمەوە هاتوون، بڕوانە شیلان عومەر حسەین، (٢٠٠٩ : ٦٠–٦٥)

[٤]) Rafael Monroy Casas (١٩٩٥: ٤٤) ، هەروەها بڕوانە: شیلان عومەر حسەین، (٢٠٠٩ : ٦١) ،



زوبێر عەلی عارف ... نامەی ماستەر ... زانکۆی سلێمانی

**ئیدیەمە، چونکە دەربڕراوێکی وەك ئیدیەم پێوەندییەکی نزیکی دانەبڕاوی بە کلتووری-کۆمەڵایەتیی کۆمەڵەوە هەیە. جگەلە زانیاریی گشتی، میتافۆریش بۆ تێگەیشتن لە ئیدیەم هۆکارێکی سەرەکییە، چونکە زۆرجار لە بیروڕاکاندا جەخت لەوە دەکرێت، کە بەشێك لە ئیدیەمەکان سەرچاوەکەیان میتافۆرە، یان میتافۆری مردوون، واتە چەقبەستوون.*[*]**

**بە بڕوای Gibbs:١٩٩٤، میتافۆری چەمکی، بۆ تێگەیشتن لە واتای ئیدیەمەکان یارمەتیدەرێکی باشە.[١] هەرچەندە دەکرێت میتافۆری چەمکی بە هەنگاوی یەکەم بژمێردرێت بۆ تێگەیشتن لە واتای ئیدیەمەکان، بەڵام ئەوەیڕاستیبێت هەرکاتێك خەڵکی دەستەواژەیەکی ئیدیەمی دەخوێننەوە یان گوێیان لێدەبێت ڕەنگە بۆ هەموو جارێك بۆ دروستبوونی بواری مەبەست گرنگی بە دروستبوونی میتافۆریی نەدەن، وەکو وێناکردنی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان "ئاوێر کەرۆوە" لەگەڵ چەمکی (تووڕەیی)دا، کاتێك ئیدیەمەکە بەکاردەهێنن. سەرەڕای ئەوەش، بە بەراورد لەگەڵ بەکارهێنانی وشەیی هەر ئەو دەربڕینە یان هاوتا نائیدیەمییەکەی، تاڕاددەیەك وادەکات، کە زەحمەت بێت خەڵکی گرنگی بە دەربڕینە میتافۆرییەکان بدەن.[٢]**

**واتە کاتێك ئیدیەمێکی وەك "گرش گێرتەن" یان گویَ لێدەبێت، ڕەنگە بەلایانەوە گران بێت پێوەندیی واتا میتافۆرییەکە پێش تێگەیشتنی ئیدیەمەکە بخەن، لەبەرئەوە سەرەتا ئەو واتایەی ئیدیەمەکە لێکدەدەنەوە یان ئەو واتایەیان لا دروستدەبێت، کە ( کەسەکە زۆر زۆر توڕە بووە). لەبەرئەوە دەکرێت بوترێت نەزانینی ئەو پیوەندییەی نێوان واتا میتافۆرییەکە و خودی ئیدیەمەکە، واتە پێوەندی واتایی ئیدیەمە لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەو چەمکە میتافۆرییە، بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەوەی، کە خەڵکی زیاتر لە واتای چەسپاوی ئیدیەمەکە بگەن _ بەو شێوەیەی کە لە بیر و هزریاندا چەسپاوە_ نەك لە شیکردنەوەی پێوەندیی میتافۆری واتای چەمك و ئیدیەمەکە. هەرچەندە ئەمەش نە بابەتێکی ڕەهایە و نە دەتوانرێت بۆ هەموو ئاخێوەرێك هەموو ئیدیەمێك بیکەین بە پێوەر، بەڵام بە زۆری تێگەیشتن لە ئیدیەمەکان لای ئاخێوەرانی زمانێك بەم شێوە دەبێت.[**]**

---

[*]) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فەتاح مامە عەلی (١٩٩٨)، بەکر عومەر عەلی مەعروف (٢٠٠٠) ، شیلان عومەر حسەین (٢٠٠٩)

[١]) Raymond W. Gibbs, and..., (١٩٩٧: ١٤٩)

[٢]) Raymond W. Gibbs, and..., (١٩٩٧: ١٥٠)

[**]) بۆ پاڵپشتی ئەم بیرو بۆچوونەم، لە میانەی کۆکردنەوەی کەرەستەکانی لێکۆڵینەوەکە _ئیدیەمەکان_ دا، لە دوای ئەوەی کە ئاخێوەرانی شێوەزارەکە _شێوەزاری هەورامی_ ئیدیەمەکانیان دەردەبڕی و واتا و مەبەستی ئیدیەمەکانم لێدەپرسین، زۆرێك لەوانە _بەتایبەت ئەوانەی کە تەمەنیان لە پەنجا ساڵ کەمتر بوو_ مەبەستی ئیدیەمەکانیان بەجوانی لێکدەدایەوە، کە بۆچی یان بۆ چ شتێك بەکاردێت، بەڵام کە پرسیارم سەبارەت بە هۆی هەڵبژاردنی ئەم دەربڕینە بۆ ئەو واتایە دەکرد، زۆرێکیان هۆکار و مەبەستەکەیان لا ڕووننەبوو و نەیاندەتوانی ئەو پەیوەندییەی نێوان ئەو مەبەستە و ئەو ئیدیەمە بخەنەڕوو، کە بۆ ئەو واتایە دانراوە. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە دەکرێت بڵێین، لە ئیدیەمی " **گیواوو چێرۆ کونەین**"، کە مەبەست لە کەسێکە ڕەنگی زۆر زەرد و لەڕو لاوازە. ئەو پێوەندییەش بریتییە لەوەی کە کاتی خۆی کاتێك کوندەکانیان دادەنا ئەو گیایەی ژێری لەبەر ئەوە خۆری بەرنەدەکەوت، لەژێر ئەو کوندەیەدا بووە و زەرد و ناسك و لاواز بووە.، لەبەرئەوەی ئەم ئیدیەمەیان بۆ ئەو جۆرە کەسانە بەکارهێناوە.

هەرچەندە یەکێك لە هۆکارەکانی تێگەیشتنی ئیدیەم، میتافۆری چەمکییە، بەڵام ئاشنایەتی خەڵکی لەگەڵ زۆربەی ئیدیەمەکاندا ئەوە دەردەخات، کە بۆ تێگەیشتن لە واتای ئیدیەمی، پێویست ناکات هەردەم میتافۆری چەمکی بەکاربهێنن. بەبڕوای Gibbs، دەکرێت بوترێت ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراو لەیەك کاتدا لە واتای خوازەیی و ئاسایی ئیدیەمەکان تێدەگەن، یان تەنانەت پێشتر واتای وشەیی ئەم ئیدیەمانەیان زانیوە، ئەمەش هۆکارێکە، کە بۆچی بەکارهێنانی وشەیی ئیدیەمەکان بۆ تێگەیشتن، کاتی زیاتری دەوێت وەك لە بەکارهێنانی نەریتی (conventional) و خوازەیی ئیدیەمەکان.[١] ئەگەر لەم ئیدیەمانەی خوارەوە ڕابمێنین دەبینین، کە ئەم ئیدیەمانە دەکرێت بە هەردوو واتای ئاسایی و ئیدیەمی بەکاربهێنرێن، یان ئاخێوەر بتوانێت لە وردبوونەوە لە واتای میتافۆریی دەربڕپاوەکەوە بۆ واتا ئیدیەمییەکەی بڕوات.

**"کیسەش پەی هور وراستەن"** بەرامبەرە بە: کیسەی بۆ هەڵدووریوە.

به واتای ئیدیەمی: واتە تەماعی تێکردووە. خۆی بۆ مەڵاس داوە. مرقی لێخۆشکردووە.

دەکرێت لێکدانەوەیەکی وای بۆ بکرێت، کە خودی (کیسە بۆ هەڵدوورین) بۆ کۆکردنەوە و هەڵگرتنی شتە، ئەو شتەش پێویستیی ژیانە، بە زۆریش لە ئیدیەمەکاندا، بەکارهێنانی وشەی کیسە، شتانێکی وەك ماڵ و سامان یان پارە یان شتی گرانبەها و بەنرخ بەدووای خۆیدا دەهێنێت، لەبەرئەوە بەرامبەر دەکرێت بۆ واتای فەرهەنگیش بەو واتایە بەکاری بهێنێت، کە دەیەوێت شتێکی دەستبکەوێت، یان کیسەی دروستکردووە تا شتێکی تێبکات، کە ئەم شتە شتێکی بەنرخ و بەهادارە. جا ڕەنگە لێکدانەوەیەکی هاوشێوە بۆ ئیدیەمێکی وەك ئەم ئیدیەمەی خوارەوە نەکرێت.

**" بە دەم نیانشەرە"*** بەرامبەرە بە : واتە بە دەم دایناوە.

واتای ئیدیەمی: واتە لە ڕەفتار و کرداردا زۆر لەیەکدەچن.

ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ناتوانین هەموو ئیدیەمەکان بە یەك پێڕەو یان یەك شێوە لێکبدەینەوە و لێیان بگەین، یان بەلایکەمەوە بە واتایەکی نزیك لە واتای خۆیان لێکیانبدەینەوە.

هەندێك جار وشەیەك بە واتای ڕاستەقینە و خوازەیی خۆی _هەردووکیان_بەکاردەبرێت، بەڵام لەبەرئەوەی پێوەندییەك، کە لەنێوان ئەو دوو واتایەدا هەبووە لێڵبووە یان فەرامۆشکراوە، یان بە دەربڕینێکی تر واتای ڕاستەقینە و واتای خوازەیی لە یەك دوورکەوتوونەتەوە، ئیتر ئاخێوەرانی زمان بە ئاسانی ناتوانن پەیوندییەك لەنێوانیاندا دابنێن.[٢]

---

[١] Raymond W. Gibbs, and..., (١٩٩٧: ١٤٧)

[*] بەزۆری بۆ منداڵێك بەکاردێت، کە ڕوخسار یان ڕەفتاری لە دایك و باوکی بچێت.

[٢] محمد رضا باطنی، درباره زبان (١٣٨٥ : ١٤١)

کاتێك، کە دەئاخێوین یان گوێ لە قسەی کەسانی تر ڕادەگرین لە زانیارییەك، کە سەبارەت بە چەمکەکان هەمانە کەڵکوەردەگرین و واتای ڕستەکان، کە هەر ئەو بابەتانەن لە چوارچێوەی یەکە کۆمەڵایەتییەکاند لێیاندەگەین.[١] لەمەوە دەتوانین ئەوە بڵێین کە بۆ تێگەیشتن لە ئیدیەمەکانیش، لەو زانیارییەی کە سەبارەت بەو دەورووبەرە هەمانە کەڵکوەردەگرین و لە چوارچێوەی یەکە کۆمەڵایەتییە–کلتوورییەکاندا لییان دەگەین. بۆنموونە ئەگەر ئەم ئیدیەمانە بە زانیاری کلتووری–کۆمەڵایەتییەوە نەبەسترێنەوە ئەوا تێگەیشتن لێیان ئەستەمە.

**" بیەن ئا ڕووە قەرە کوشیا"** [*] بەرامبەرە بە: بووە بەو ڕۆژەی قەرە کوژرا.

واتای ئیدیەمی: مەبەست لەوەیە کە زۆر قەرەباڵغە و حەشاماتێك کۆبووەتەوە.

**" بیەن سورە دزڵیێ "** بەرامبەرە بە: بووە بە سوورەی دزڵی.

واتای ئیدیەمی: واتا بەبێ ئاگادارکردنەوە، سەر بە هەموو ماڵێکدا دەکات.

لەم دوو نموونەوە ڕەنگدانەوەی دوو کەسایەتی دەردەکەوێت، کە ئەگەر بە کلتووری کۆمەڵەکەوە نەبەسترێتەوە، ئەوا واتاکەی ئەوە نابێت کە مەبەستە، واتە ناتوانرێت بە واتای ئیدیەمی لێیبگەین. لەبەرئەوەی واتای ئیدیەمەکان واتایەك نییە، کە لە پێکهێنەرەکانییەوە بەدەستبێت و خێرا بتوانرێت پەی بە واتاکەی ببرێت. هەربۆیە دەبێت گرنگیی زۆر بە توانستی تێگەیشتنی ئەم دەربڕڕاوە چڕو ئاڵۆزانە بدەین، بۆ ئەوەی لە ئاسانتر تێگەیشتنیان نزیك ببینەوە، چونکە ((تێگەیشتنی تەواو و زانینی چۆنییەتی بەکارهێنانی پێکهاتە شێوە ئیدیەمییەکان، دەکاتە هەبوونی توانایەکی نەك تەنیا زمانی، بەڵکو توانای تێگەیشتن و پەیبردن بە کلتووری ئەو زمانە.))[٢]

هەندێکجار گریمانە بۆ چۆنییەتی تێگەیشتنی ئیدیەمەکان دەخرێتەڕوو، تاوەکو باشترین گریمانە و هۆکار بەمەبەستی چۆنییەتی تێگەیشتن پێشکەشبکرێت و ئەو هۆکارانە دیاریبکرێن، کە کار لە پرۆسەی تێگەیشتنی ئیدیەم دەکەن، تا وەك یەکەیەکی تایبەتی جیا لە یەکە فەرهەنگییەکان و میتافۆرەکان لێیان بگەین. بۆ نموونە لە تێگەیشتنی ئیدیەمدا ئەوەی جەختی لێدەکرێت زانیاریی دنیایی یان زانیاریی گشتی و زانیاری کلتووری–کۆمەڵایەتی و ئەزموونی زمانین. هەروەها میتافۆریش ڕۆڵێکی سەرەکی لە تێگەیشتنی ئیدیەمەکاندا دەبینێت، ((گرنگترین هۆکار بۆ تێگەیشتن

---

[١]) نادر جهانگیری، (١٣٨٧ : ١٦)

[*]) هەروەها بەشێوەی: **" قەرە کوشا "** ، **" ئەجۆ ئا ڕووەن قەرە کوشیان"** دەبینرێت. (قەرە)ش کورتکراوەی (قەرەوەیس)ە و (کوشیا) و (کوژیا)ش هەر یەکن و بەکاریگەریی دەنگەکان گۆڕران دروستبووە، کە لەم دووانە هەر یەکێکیان ڕەسەنەکەیە و ئەویتریان گۆڕراوەکەیە. د.هۆگر مەحموود فەرەج، چاوپێکەوتن، (٢٠١٢/٦/٢١)

[٢]) Rafael Monroy Casas , (١٩٩٥: ٥٨)

لە واتای ئیدیەمی و دیاریکردنی مەبەستی قسەکەر، یان ئاخێوەر، دەورووبەر و باری کۆمەڵایەتی و دۆخی قسەکەر بڕیار دەدەن، چ واتایەك مەبەستە. ))[١]

سەرەڕای پەیبردن و خستنەڕووی ئەو هۆکارانەی کە کار لە تێگەیشتنی ئیدیەم دەکەن، گرنگە جەخت لەوەش بکرێت، کە تێگەیشتن لە ئیدیەم چ کاریگەرییەکی لە سەر تێگەیشتنی مرۆڤ لە زمان و دەورووبەر و کلتوور و بەها کلتووری–کۆمەڵایەتییەکان هەیە. دەکرێت بوترێت (( ئیدیەم بەشێکی سەرەکیی هەر زمانێك پێکدەهێنێت، کە بیگومان دەرخەر یان ئاوێنەی شێوازی تایبەتی بیرکردنەوە و ڕەفتار و دەرککردنی ڕاستییەکان و ئەزموونەکانی ژیانە.))[٢] و یارمەتی ئاخێوەر دەدات بۆ خێرا بەکارهێنان و تێگەیشتنی واتای کۆمەلایەتی لەلایەن خەڵکییەوە. هەروەها ڕۆڵی گرنگی لە تێگەیشتنی خەڵکی بۆ خودی زمان دەبێت، ئەمە جگەلەوەی کە دەبێتە هۆی پارێزگاریکردنی لە ئەزموونی کلتووری–کۆمەڵایەتی و فراوانبوونی بیر و تێڕوانین و گوزارشتکردن و گەیاندنی واتای مەبەست بە شێوەیەکی کاریگەر و سەرنجڕاکێش. لەبەرئەوە پێوەیستە توانای ئیدیەم و کاریگەری ئیدیەم لە زمان و کلتووردا بخرێتەڕوو.

## ٢-١/٢ ) توانای ئیدیەم

ئاشکرایە، ئیدیەمەکان بەتایبەت و جیا لە یەکەکانی تر بە یەکەیەکی ئاستی سیمانتیکی دادەنرێن، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم یەکەیە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و ئەوە دەخوازێت لە هەموو ئاستەکاندا بەشێوەیەکی تایبەت لێی بڕوانرێت، تاوەکو بە تایبەتمەندییەکانی خۆی بناسرێت. لەبەرئەوە دەکرێت لێرەوە هەندێك لایەنی توانای ئیدیەم _ ئەوەندەی کە سنووری بابەتەکەی ئێمە پێویستی بێت_ بخرێتەڕوو.

ئاسایی ڕستە ئیدیەمییەکان (idioms idiom) لە هەموو زمانێکدا، لەڕووانگەی واتاوە لێڵن و ئاخێوەرانی زمان وەك وشە سادەکان فێریاندەبن. یەکە زمانییە لێڵەکان، چ لە ئاستی وشە و چ لە ئاستی ڕستەدا، بەپێی ڕێککەوتنی گشتی بەکاردەبرێن و بەم هۆیەوە بەکارهێنانێکی سنوردارتریان لە بەکارهێنانی یەکە ڕوونەکان هەیە. بۆ نموونە **"پێی لێ کردە کەوش"** بەشێوەی (قاچی لێ کردە کەوش)، (پێی خستە کەوش) و هاوشێوەی ئەوانە بەکار نایەن.[٣] هەروەها لە شێوەزاری هەورامیدا، بۆ نموونە ئیدیەمی **"ئایرو چێرو سمەرا"** بەشێوەی (ئایرکەردەی چێرو سمەرا) یان (چێرو سمەرانە ئاوێر کەرۆوە) و هاوشێوەی ئەوانە بەکار نایەن. لێرەوە پێویستە سەرەتا لە توانای مانەوە و گۆڕانی ئیدیەم بدوێین.

---

[١]) شیلان عومەر حسەین (٢٠٠٩ : ٦٢)

[٢]) Rafael Monroy Casas , (١٩٩٥: ٥٨)

[٣]) کورش صفوی (١٣٨٧ : ٢٥٦) بۆ نموونە لە زمانی فارسیشدا "چوب دو سر طلا شدن" بەشێوەی "چوبهای دو سر و طلا"، "چوبی دو سر طلا شد" بەکار نایەن.

### ١-٢-١/٢) توانای مانەوە و گۆڕران

هەرچەندە ئیدیەم دەربڕینی فرە وشەییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوار بە گۆڕانکاری نادات و دیاردەیەکی زمانەوانی وا دەهێنێتەئاراوە، کە بۆ هەر بیردۆزێکی زمانەوانی کە بیەوێت لێیبکۆڵێتەوە، کێشەسازە.[١] Fraser پێیوایە، ئیدیەم تا چەسپاوتر بێت واتاکەی زیاتر نامۆیە، هۆکاری ئەم چەقبەستوویی و نەگۆڕییە[*]، تایبەتمەندێتیی تایبەتی دەربڕینەکە خۆیەتی (idiosyncratic) و هەروا هاتووە، ئەگەر ئیدیەم ڕێ بە گۆڕانکاری بدات، ئەوا واتا و مەبەستی جەختکردنی زۆر بەهێزی خۆی لەدەستدەدات.[٢] لەبەر ئەو نەگۆڕییە یان چەسپاوییەیان، دەکرێت لەسەرەتاوە ئەوە بخرێتەڕوو، کە کاریگەریی دەورووبەر بۆ گۆڕینی واتایەکی ئاسایی، یان باشتر وایە بڵێین دەربڕاوێکی ئاسایی بۆ بوون بە ئیدیەمە لە چیدا دەردەکەوێت و ئەو پێوەندییە میتافۆرییە لەنێوان ئیدیەمەکە و وشە و دەربڕاوە ئاساییەکەدا، ئایا هەموو کات ڕوون و دیارە ؟ یان گۆڕانەکە بەشێوەیەکە، کە ناتوانرێت پێوەندییەکە بە ئاسانی پەیپێببرێت.

هەندێك لە میتافۆرەکان دەمرن و لەناودەچن، ئەوانەشی کە دەمێننەوە دەگۆڕێن بۆ قسەی ڕۆژانەی خەڵك (slang) و هەندێکیشیان بۆ میتافۆری نوێ دەگۆڕێن و هەندێکی تریشیان ڕاستەوخۆ بۆ ئاخاوتنی فەرمی و جددی دەگۆڕێن.[٣] ئاشکرایە ئیدیەمیش لە ئەنجامی ئەو کاریگەری و گۆڕانانەی کە بەسەر وشە و دەربڕاوەکان و بە تایبەت میتافۆرەکاندا دێت، بێبەش نابێت. هەندێك لە میتافۆرەکانیش دەبنەسەرچاوەیەك و بۆ ئیدیەم دەگۆڕێن. ڕەنگە ئەم گۆڕانەش بەجۆرێك بێت، کە ئیتر واتا میتافۆرییەکەی بەئاسانی نەناسرێتەوە یان هەر دیارنەمێنێت، وەك ئەوە وابێت، کە ئەم ئیدیەمە هەر لە سەرەتاوە بەمشیوەیە دروستبووە و سەریهەڵداوە. بۆنموونە ناتوانرێت بوترێت دیاریکردنی واتای میتافۆری یان سەرچاوەی واتای میتافۆری ئەم دوو ئیدیەمە، وەك یەکە:

**"کۆتەن پەشتەو کەنۆڵەی"** بەرامبەرە بە: کەوتووەتە پشت کەنووەوە.

واتای ئیدیەمی: کەسێك، کە وەلانرابێت و هیچ حسابێکی بۆ نەکرێت.

**"وڵە نیەنە جگەرشەنە"** بەرامبەرە بە: کون لە جگەریدا نییە.

واتای ئیدیەمی: چاونەترس و ئازایە.

---

[١]) Rafael Monroy Casas , (١٩٩٥: ٤٤)

[*]) (( نەگۆڕی = جەختی زیاتر و هێزی خوازەیی زیاتر))

[٢]) Stephan Gramely and … , (٢٠٠٤: ٥٦)

دەکرێت بەم شێوەیە لە گۆڕانی ئیدیەمیش بڕوانین، کە سەرەتا لە هەنگاوی یەکەمدا ڕووبەرووی ژمارەیەکی زۆر دەربڕین دەبینەوە، کە بە زمانەوە پێوەندن، دەربڕینی گونجاون، کە هەرجۆرە گۆڕانێك تێیاندا بەهۆی بەکارهێنانیانەوە ڕێ پێنەدراوە. تەنانەت ئەگەر بتوانین بە وردی بەشە سەرەکییەکان لە زماندا دیاری بکەین. بڕوانە: فردیناند دوسوسور، (١٣٨٥ : ١٦٩) هەرچەندە ئەم وتەیەی سۆسێر ڕاستەوخۆ بە ئیدیەمەوە پێوەند نییە، بەڵام دەگونجێت بۆ ئیدیەمیش بەکاربێت، بە تایبەت لەو ڕوونکردانەوانەی کە لەبارەی ئەم وتەیەوە هەر لەو سەرچاوەیە (١٣٨٥ : ٥٠٤–٥٠٥) دا خراوەتەڕوو.

[٣]) رابرت لارنس ترسك (١٣٨٠ : ١٨٣)

لە ئیدیەمی **"کۆتەن پەشتەو کەنۆڵەی"** دەکرێت پێوەندییە میتافۆرییەکە هەر لەوەوە هاتبێت، کە ئەو شتەی بکەوێتە پشت کەنووی ئاردەوە، بە بەرچاوەوە نییە، هەربۆیە بەکارناهێنرێت و فەرامۆش دەکرێت. لەبەرئەوە لەم ئیدیەمەدا سەرەڕای ئەوەی کە وشەکان لە ئاسایی بەکارهێنانیانەوە گۆڕاون و چوونەتە ناو ئیدیەمەوە، هێشتا دەکرێت پەی بە واتا میتافۆرییەکە ببرێت و هەست بەو گۆڕانە بکرێت، بەڵام لە ئیدیەمی **"وڵە نییەنە جگەرشەنە"** دا نەك بە ئاسانی ناکرێت پێوەندییە میتافۆرییەکە دیاریبکرێت، بەڵکو وادەردەکەوێت هەر بەمشێوەیە پێوەندییەکە تەنیا بریتییە لە خودی ئیدیەمەکە و مەبەستی بەکارهێنانەکەی، واتە لەم ئیدیەمەدا سەرچاوەی میتافۆری هەستی پێناکرێت.*

دەکرێت بوترێت دروستبوونی میتافۆری نوێ، یەکێك لە نیشانە هەرە دیارو باوەڕپێکراوەکان بۆ زیندوو مانەوە و بەهێزبوونی زمانە.[١] دەشێت هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێنرێتەوە، کە وشە و دەربڕراوەکانی زمان هەر بەو هێز و توانای لەدایکبوونەوە درێژە بە مانەوە و بەکارهێنان نادەن، بەڵکو بەگوێرەی کات و هەلومەرج هێز و توانا و واتایان کەم و زۆر دەبێت و دەگۆڕڕێت. لەبەرئەوەی زۆرجار وشەیەك بۆ واتایەك بەکار هاتووە، بەڵام پاش تێپەڕبوونی کاتێکی دیاریکراو واتاکەی گۆڕڕاوە، ئیتر ئایا فراوانتر یان سنوردارتر بووە، یان چووەتە ناو ئیدیەمەوە و واتای وشەیی خۆیی تاڕادەیەك لێداماڵراوە. لەبەرئەوە گۆڕانی واتایی لەبارێکەوە بۆ بارێکی تر، دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و بەرهەمهێنانی واتا و وشە و دەربڕراوی نوێ، هەروەها دروستکردن و پێکهێنان و خواستنی فۆرمی نوێ بۆ واتای نوێ. ئەمە جگەلەوەی کە (( ئەرزش و بەهای دەربڕینێك دەتوانێت بگۆڕڕێت بەبێ ئەوەی چەمك یان فۆنیمەکانی دەستیان لێبدرێت، بەڵکو تەنیا لە ڕێگەی ئەو کردەیەوە، کە دەربڕینێکی هاوشێوەی تر ئەو گۆڕڕانە هەڵبگرێت.))[٢]

هەندێك لە ئیدیەمەکان ئەوەندە باو و ناسراون، کە قسەپێکەرانی ڕەسەنی زمانەکە زۆر بەزەحمەت هەست بە خۆیان دەکەن، کە تەنانەت ئیدیەم بەکار دەهێنن (وا دەزانن وشە و دەربڕینی ئاسایین) و کاتێك، کە زمانێکی بێگانەیان بۆ دێتە پێش، ئەوجا درك بەو ڕاستییە دەکەن.[٣] بۆنموونە:

**"سەرەکەوێ"*** بەرامبەرە بە: سەرت کەوە بکەیت.
**واتای ئیدیەمی:** واتا کۆستت بکەوێت، یان کەسێکی ئازیزت لە دەست بدەیت .

---

*) سەرەڕای ئەوە ناتوانرێت بگۆڕڕێن بۆ فۆرمێکی تر و وشەیەکی تریان لەجێ دابنرێت، بۆنموونە (کۆتەن چێرو کەنۆڵەی) _کەوتووەتە ژێر کەنووەوە_ یان (وڵە نییەنە شۆشیشەنە) _ کون لە سییەکانیدا نییە_.

[١]) رابرت لارنس ترسك (١٣٨٠ : ١٨٣)

[٢]) فردیناند دوسوسور (١٣٨٥ : ٤٨٤)

[٣]) Trask. R.l (١٩٩٣: ١١٤)

*) سەرت شین کەیت، لەچکت شین کەیت. بروانە: شیلان رەحیم ئیبراهیم، (٢٠٠٤: ٦٨) ئەمە لە کۆندا لە کوردەواریدا، وەك نیشانەی کۆستکەوتن شتەکانی سەر لە خوم کێشراون. د.هۆگر مەحمود فەرەج، چاوپێکەوتن (٢٠١٢/٦/٢١)

**"لەتەرە ڕێس"** بەرامبەرە بە: تەشی دەڕێسێت.
واتای ئیدیەمی: زۆر بڵێیە، قسەی زۆر دەکات.
**"ئەجۆ وەزیش پەی مژمارا"** بەرامبەرە بە: دەڵێیت گوێزی بۆ دەژمێرن.
واتای ئیدیەمی: واتە گوێی پێنادات. خۆی لە هیچ شتێك تیناگەیەنێت.

ڕەنگە بەهۆی زۆر دووبارەکردنەوە و مانەوە و بەکارهێنانیان لەلایەن زۆرێك لە ئاخێوەرانەوە، کە هەردەم دەبیسترێن و لەناو ئاخاوتنی گشتیدان و لەناو بابەت و ئاخاوتنی تایبەت بە چینێك یان توێژێکی دیاریکراو قەتیس نابن، لەبەرئەوە وا هەستدەکەن، کە هەر وشە و دەربڕینی ئاسایی بەکاردەهێنن.

یەکە کلتوورییەکان بەردەوام لە گۆڕاندان، سروشتییە وشەکانی زمانیش، کە ئەوەیڕاستیبێت ناوی یەکە کلتوورییەکانن، بگۆڕرێن. ئەم پێوەندییە نزیکەی نێوان کەرەستە کلتوورییەکانی کۆمەڵ و وشەکانی زمان، دەبێتەهۆی ئەوەی کە وشەکانی زمان پێبەپێی گۆڕانەکانی کۆمەڵ بگۆڕرێن و لە پێڕەوە دەنگی و ڕێزمانییەکان زیاتر گۆڕان قبوڵ بکەن.[1] گۆڕانە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان لە زماندا ڕووبەڕووی ژمارەیەك پرسیار دەبنەوە. یەکەم، چییەتی ئەم جیاوازییانە لەنێوان گرۆ کۆمەڵایەتی و کلتوورییە جۆراوجۆرەکاندا چییە؟ ئایا کاریگەریی کۆمەڵایەتیی ئەم جیاوازییانە لە زماندا چۆنە؟ بۆ نموونە ئایا گۆڕان لە زماندا، تێگەیشتنی تاك یان گرووپەکان دەخاتە ژێرکاریگەریی خۆیەوە؟[2]

دەکرێت وەڵامی ئەم پرسانە بەم شێوەیە بدرێنەوە، کە مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵ ئەو دەورووبەرەی تێیدایە بێگومان جیاوازی دەهێنێتەئاراوە، ئەمەش تەنیا بە جیاوازیی دیاردە و بابەت و ڕووداو و شتەکانەوە پێوەند نییە، چونکە ڕەنگە هەر ئەو دیاردە و ڕووداو و بابەتانە لە کلتوور و کۆمەڵی کۆمەڵە جیاوازەکاندا دووبارە ببنەوە، بەڵام کاردانەوەی دید و تێڕوانینەکان بۆ بابەتەکان جیاواز بن، چونکە جیاوازیی کۆمەڵە جیاوازەکان ڕەنگدانەوەیەکی دیاری لەم پرسەدا هەیە، کە ئەویش وەك توانستێکی بۆماوەیی و نزیك لەیەك لەناو تاك و کۆمەڵێکی دیاریکراودا خۆی نیشاندەدات. بەو واتایەی کە کلتوور و کۆمەڵە جیاوازەکان دید و تێڕوانینیان بۆ دیاردە و بابەت و ...تد، لەسەر بنەمای کۆکراوەی زانیاریی کلتووری-کۆمەڵایەتی دەگۆڕرێت، کە دوواتر ئەم جیاوازییە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە، کە بابەتەکە یان دیاردەکە ئەم واتایە دەگەیەنێت. ئەمە لەکاتێکدا کە ڕاستییەکەی ئەوەیە خودی ئەو تاك و کۆمەڵە ئەو واتایانەیان بەو دیاردە و بابەتانە بەخشیوە. ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاریی و جیاوازیی کلتووری-کۆمەڵایەتی ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراو لەگەڵ ئەوی تردا.

---

[1]) محمد رضا باطنی (١٣٨٨ : ٨٧)
[2]) نیك لاند (١٣٨٨ : ٤٠)

ئەگەر ئیدیەمی **"ئاوی مەیارۆ"** لە شێوەزاری هەورامیدا بەنموونە وەربگرین ، سەرنج بدەین واتای ئیدیەمی ئەم ئیدیەمە، بەواتای نەخۆشییەكی سەختی گرتووە و لە مردنی نزیك بووەتەوە، دێت. لەگەڵ ئەوەی كە وا هەستدەكرێت، نیشانەیەكی دیار بۆ بوونی پێوەندی نێوان "ئاو" لەگەڵ " لە مردن نزیكبووەتەوە" نابینرێت. بەڵام بەوشێوەیە نییە، چونكە كاتێك كە مێشك لەلایەن ماسولكەكانەوە بەدەنگەوە هاتنی بۆ نەبێت، ئیتر مرۆڤ ناتوانێت دەم و زمان و گەرووی بۆ هەڵقۆڕاندنی ئاو و شلەمەنی بەكاربهێنێت. سەرەڕای جیاوازییەكی كەم لە شێوەی ئەم ئیدیەمە دەشێت لە شێوەزاری ناوچەی سلێمانیدا ئیدیەمی "ئاوی بۆ قوت ناچێت." بەنموونە بهێنرێتەوە،[1] كە ئەمەش پەیوەستە بە دید و تێڕوانینی ئاخێوەران و هەروەها ئەو هۆكارانەی كە لەو ڕۆژگارەدا هەموو پێكەوە هۆهاندەری دروستبوون و لە دایكبوونی ئەم ئیدیەمە بوون. چییەتی ئەم لێكچوون و جیاوازییانە پەیوەست بە ئیدیەمەوە، بریتییە لە چییەتی و تایبەتمەندێتی كلتووری–كۆمەڵایەتی و هەروەها جۆری بیركردنەوە لە ئەنجامی لەچاو چەقینی _بەزەقی بەرچاوكەوتنی_ ئەم تایبەتمەندییە، كە لەلایەن ئەو كلتوورەوە هەستی پێكراوە و ڕەنگیداوەتەوە. ئیدیەمیش بەو هۆیەوە، كە ڕەچاوكردنێكی كۆمەڵایەتیی هەیە، كەواتە بێگومان ڕەنگدانەوەی لە زمانی ئەو خەڵكەشدا دەبێت، كە قسەی پێدەكەن. بەبۆچوونی Wardhaugh,R((كلتووری خەڵكی ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەو زمانەی كە بەكاریدەهێنن، هەیە.))[2] چونكە لە بنەڕەتدا هەر لەو كلتوورە و خودی ئەو زمانە دیاریكراوەوە دروستبووە. دەكرێت چەندان نموونەی هاوشێوەی ئەم نموونەیە بهێنرێنەوە، كە هەر ئەو لێكدانەوەیەی دروستبوون و لەدایكبوونیان بۆ بكرێت، كە لەلایەن كۆمەڵ و كلتوورێكەوە بۆ ئەویتر جیاوازە. بۆنموونە:

**" ئاوە گەناو چێر و سمەرا"** بەرامبەرە بە: ماری ژێر كا.
واتای ئیدیەمی: لەسەرەوە بێدەنگ و فەقیر دەردەكەوێت، بەڵام لەژێرەوە زیانبەخش و مەترسیدارە.
**"دانێشا پێوە مەگریا"** بەرامبەرە بە: دانوویان پێكەوە ناكوڵێت.
واتای ئیدیەمی: واتە بە یەكەوە نایانكرێت و هەمیشە شەڕیانە.
**"تیلاش قوتدان"** بەرامبەرە بە: تێڵای قوتداوە.
واتای ئیدیەمی: ڕێكوڕاست دەڕوات بەڕێدا.

كلتووری جیاواز، گوزارشتكردنی جیاوازی لێ چاوەڕواندەكرێت، ئەم جیاوازییەش بە زمان و لە زماندا ڕەنگدەداتەوە و لە وشە و ڕستە و دەربڕراو و بەتایبەت لە ئیدیەمەكاندا دەردەكەوێت. لەبەرئەوە دەتوانرێت بگوترێت ئەو كەرەستە و دەربڕراو و ئیدیەمانەی كە هەڵقوڵاوی ناو كلتووری

---

[1]) د.هۆگر مەحموود فەرەج، چاوپێكەوتن (٢١/٦/٢٠١٢)
[2]) شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١: ٤٢)

کۆمەڵێکی دیاریکراون، بێگومان زمان دەخەنە ژێر کاریگەریی دیاری خۆیانەوە، بەوەی کە لە زماندا ئەم تایبەتمەندییە کلتووری–کۆمەڵایەتییانە ڕەنگدەدەنەوە. ئاشکرایە، هەر گۆڕانێکیش لە زماندا ڕوویدات، لەڕووی دروستبوونی وشە و دەربڕاوی نوێ یان... تد، ئەوا تێگەیشتنی ئەو گرووپە یان کۆمەڵە یان تاکی ئەو کۆمەڵە دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. بۆ زیاتر ڕوونبوونەوەی کاریگەریی ئیدیەمیش لە سەر زمان و کلتوورێکی دیاریکراو، پێویستە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئیدیەم بگەین.

## ۲-۱/۲-۲ ) توانای بەکارهێنان

توانای ئیدیەم لەڕووی کاریگەری و هەڵگرتنی واتاوە لە دەربڕینەکانی تر جیاوازە، ئەمەش ئەوەمان لا ئاساییدەکاتەوە، کە دەکرێت تایبەتمەندێتی بەکارهێنانیشی جیاواز بێت و لە کەرەستەکانی تر جیابکرێتەوە و بە جیا و سەربەخۆ لەڕووی بەکارهێنانیشەوە لێیبکۆڵرێتەوە. بە بڕوای Macmillan بەکارهێنانی ئیدیەم وەك کەرەستەکانی تری زمان نییە، کە تاك بتوانێت بە ئاسانی و لە تەمەنێکی کەمەوە بەسەریدا زاڵ بیت و لە واتاکەی بگات و بە دروستی و لە دەورووبەرێکی گونجاودا بۆ ئەو مەبەستە بەکاری بهێنێت. هەروەها بەگوێرەی فەرهەنگی (Webster) ئیدیەم بریتییە لە شێوەیەکی ناوازەی بەکارهێنانی زمان، کە تایبەتە بە زمانەکە خۆی و ناکرێت بەهۆی پێکەوەنانی واتای تاکەتاکەی وشەکانیەوە واتاکەی بزانرێت.[۱] بەهۆی ئەوەی کە شێوەیەکی جیا یان ناوازەی بەکارهێنانی زمانە. کەواتە لە خودی بەکارهێنانیشدا لایەنی تری تایبەتی ئەم جۆرە دەربڕاوەمان بۆ دەردەکەوێت.

جگەلەوە دەتوانرێت بگوترێت لەبەر چەند هۆکارێکی کلتووری و کۆمەڵایەتی تایبەت و تەنانەت ئەرکیشەوە، لە تەمەنێکدا هەر بوونی نەبێت و لە تەمەنێکی تردا تاڕادەیەکی کەم هەبێت و لە ئاست و تەمەنێکی دواتردا بەڕادەیەکی باش ئامادەیی هەبێت. ئەڵبەت وەك ئاماژەی پێکرا ئەمەش تایبەتە بە کلتوورە جیاوازەکان، هەرچەندە لە زۆر زەمینەدا هاوشێوەن، بەڵام تاڕادەیەك لە کوردەواریدا پتر ئەوە بەرچاودەکەوێت، کە تاکەکانی خوار قۆناغی ئامادەیی، زۆر بەکەمی ئەم کەرەستە زمانییانە بەکاردەهێنن.

بۆ نموونە:

" **قاپێشا ئینیێ تۆرەکیۆەنە**" بەرامبەرە بە: واتە قاچیان لە تورەکەیەکدایە.

واتای ئیدیەمی: کۆك و تەبا و هاوڕێ و هاوئامانجن.

"**دانێشا پێوە مەگریا**" بەرامبەرە بە: دانوویان پێکەوە ناکوڵێت.

واتای ئیدیەمی: پێکەوە نایانکرێت و هەمیشە شەڕیانە (ناکۆك و ناتەبان).

---

[۱] Banafsheh Ghafel and ... , (۲۰۱۱: ۱٦۰)

**"هەڕەشا داپۆ"[١] بەرامبەرە بە: قوڕیان پێوەدا.**
**واتای ئیدیەمی: شتەکەیان خراپ کرد، تێکیاندا.**

**ئەم ئیدیەمانە لای هەموو ئاخێوەرێکی شێوەزاری هەورامی بەکارنایەن، هەرچەندە لە ئاست نموونەکانی تردا ئاسانییان پێوە دیارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە ئاخێوەرێکی خوار تەمەن ١٦ ساڵیش هێشتا لە واتاکەیان نەگات. خۆ ئەگەر نموونەی وەك ئەمانەی خوارەوە بەکاربهێنرێت:**
**ئاوی ئینا بیڵەشۆ" بەرامبەرە بە: ئاوی بە بێڵەوەیە.**
**واتای ئیدیەمیی: کەسێك کە دەستڕۆشتوو بێت و جگە لە کاروباری خۆی کاروباری خەڵکی تریش ڕێکبخات، ئیتر بە قسە بێت یان شتی تر.**
**" هەرش بە پێغام ئاوی وەرۆوە" واتای فەرهەنگی: کەری بە پەیام ئاودەخواتەوە.**
**واتای ئیدیەمی: کاروبارەکانی بە خەڵکی تر بەڕێوە دەبات.**
**ئەوا دەکرێت بگوترێت ئەم ئیدیەمانە بۆ سەروو ئەو تەمەنەش ڕەنگە ئاڵۆزبن، بەتایبەت ئەگەر بێت و ئەو زەمینە و ژینگەیەی، کە کەسەکەی تێدا دەژی مامەڵەیەکی کلتووریی-کۆمەڵایەتییان لەگەڵ یەکتردا نەبێت، چونکە لە بنەڕەتدا ئیدیەم ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دەبینێت و لە بیر و ئەزموونی کلتووریی-کۆمەڵایەتییەوە سەرچاوە دەگرێت.**
**بەبڕوای** Lennon **ئەم لایەنە جوان و سەرنجڕاکێشەی زمان _ئیدیەم_ بۆ گەیاندنی بیر و هەست و زیندوویەتی و دەوڵەمەندترکردنی زمان بەکاردەهێنرێت.[٢] هەرچەندە بەکارهێنانی ئیدیەم جگەلەوەی کە واتا و مەبەستەکە بەشێوەیەکی کاریگەرتر و گونجاوتر بە بەرامبەر دەگەیەنێت، توانای بیرکردنەوە و شارەزابوون لە کلتوورەکەش لە مێشك و بیری ئاخێوەرانی زمانەکەدا فراوان دەکات، بەڵام ((زاڵ بوون بەسەر بەکارهێنانی ئیدیەمەکانی زمانێك، تەنیا لەسەر بنەمای خوێندنەوە و تێگەیشتن و تێڕامانی ورد و ئەزموونی پلە بە پلە ئاساندەبێت و بەشێنەیی دێتەدی.))[٣]**
**ئیدیەم بەشێوەی دابڕاو لە هەلومەرج و دەورووبەر بەکارناهێنرێن، بەڵکو ئەوانیش وەك کەرەستەکانی زمان هۆکارەکانی تر کاریان تێدەکەن، بە وتەی** Nida: ٢٠٠١ **(( هەردوو هۆکاری دەرەکی و ناوەکی نەك تەنیا لەسەر ئەوەی کە دەیڵێین، بەڵکو لەسەر شێوەی هەڵهێنجانی ئاخاوتنەکانی ئێمەش لەلایەن کەسانی ترەوە، کاریگەرییان دەبێت.))[٤] لەبەرئەوە پێویستە لەکاتی**

---

[١] ) ئەم ئیدیەمە لە ناوەڕاستیشدا هەیە و دەوترێت (قوڕی پێوەدرا)، ڕەنگە ئەمە زۆر زۆر لە کلتورێکی کۆنەوە هاتبێت و هی ئەو دەمە بێت، کە مردوو نراوەتە ناو کووپەی گەورەوە و سەری سواغدراوە، لەم کووپانە لە زۆر جێگەی کوردستاندا دۆزراونەتەوە، کە پرووزکی مرۆڤیان تێدایە. واتە کاتێك کە سەری کووپەکان قوڕ بدرانایە ئیتر هیوای بینینەوەی کەسەکە لەم دنیادا نەدەما. د.هۆگر مەحموود فەرەج، چاوپێکەوتن، (٢٠١٢/٦/٢١).

[٢] ) Banafsheh Ghafel and … , (٢٠١١: ١٦٠)

[٣] ) سایدل و مك موردی (١٣٨٦ : ١٢)

[٤] ) جورج یول، کاربردشناسی زبان (١٣٨٩ : ٨٢)

وەرگرتن و بەکارهێنانی ئیدیەمەکاندا ڕەچاوی هەموو هۆکارەکانی پەیوەست بە ئیدیەمەکەوە بکەین، تاوەکو لە شوێنی خۆی بەکاریبهێنین و نموونەیەکی گونجاو بۆ بارودۆخ و هەلومەرجەکە هەڵبژێرین، بۆئەوەی توانای گەیاندن و کاریگەری ئیدیەم وەك خۆی یان نزیك لە خۆی لە پێوەندییە کلتووری کۆمەڵایەتییەکاندا دەربکەوێت.

### ٣-٢-١/٢ ) توانای گەیاندن و کاریگەریی ئیدیەم

لەبەر ئەو تایبەتمەندییە واتایی و کلتوورییانەی کە هەیەتی، دەکرێت بگوترێت ئیدیەم لە زۆربەی کەرەستەکانی تری زمان پڕبارتر ( ناوەڕۆکێکی پڕ لەواتا) و بەهێزتر و کاریگەرترە، چونکە هەڵگری پەیامێکی گەورەتر و سەنگینترە لە پێکهێنەرەکانی و بە بەراورد لەگەڵ دەربڕینەکانی تر، پێکهاتەیەکی ئاڵۆزترن و واتایەکی چڕو پڕی ئەزموونی بیر و ژیانی کلتورێکی دیاریکراویان لەناوخۆیاندا هەڵگرتووە. ئەمەش وادەکات تێگەیشتنی لای ئاخێوەران ئاڵۆزتر بێت.

توانای زانین و درکپێکردنی سەرچاوەی ئیدیەمەکان یارمەتی تاکەکان دەدات، تاوەکو گرنگترین لایەنە کلتووری و مێژووییەکانی ئەو زمانە بزانن،[١] ئەمەش دەبێتە هۆی وێناکردنێکی ئەو کلتوورەی کە تێیدا دەژی، لەبەرئەوە (( هەبوونی ئیدیەم لە زماندا ڕۆڵێکی زۆر گرنگ لە بنیاتنان و تێگەیشتن لە هەر زمانێکدا دەبینێت.))[٢]، چونکە هەر یەك لەو دەربڕپراوانە سەرەڕای ئەو واتایەی کە هەڵیدەگرن، هەڵگری بەشێك لە وێنەی کلتوورێکی دیاریکراون، هەربۆیە تاوەکو زیاتر بە ئیدیەمەکان ئاشنابین ئەوەندەش زیاتر ئاشنای کلتوور و بیری کۆمەڵێکی دیاریکراو دەبین. ئەمەش یەکێکە لە کاریگەرییە سەرەکییەکانی ئیدیەم لە ناو دەربڕپراوەکانی تری زماندا، کە وەك نوێنەرێکی سەرەکی شوناسی کلتووری مامەڵە دەکات.

دەکرێت ئاماژە بە چەند نموونەیەکی جیاواز بکرێت، کە سەرەڕای هەڵگرتنی ئەو مەڵۆ واتاییانەیان توانیویانە بەو کەرەستە کەمانە بەشێك لە مێژووی کلتووری– کۆمەڵایەتی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەك بگوێزنەوە. بۆنموونە هەریەکە لەم دوو ئیدیەمە بە جۆرێك وێنەیەکی کلتووریمان بۆ دەخەنەڕوو.

**"پەی هەلاجی پاك کریانۆ"** بەرامبەرە بە: بۆ هەلاج پاککراوەتەوە.

واتای ئیدیەمی: شوێنێکی زۆر چۆڵە و بە دەگمەن گوزەرانی تێدایە، پاك و خاوێنە.

**"نرخێنەو شاوەیسی بڕیێنە"** بەرامبەرە بە: نرخێکە و شاوەیس بڕیویەتیەوە.

واتای ئیدیەمی: نرخێکی زۆری بۆ دانراوە و ناگۆڕێت.

یەکێکیان دەمانگێڕێتەوە بۆ پیشەو کارێکی کلتوورێکی تایبەت و ئەویتریش بە مێژوویەکی تایبەت بە ناوچەیەکی دیاریکراو ئاشنامانددەکات. هەربۆیە دەکرێت هێز و توانای گەیاندنی

---

[١]) Gitte Kristiansen , (٢٠٠٦: ٣١٤)

[٢]) Sahar Ahmadi and...,, (٢٠١١: ٩)



زانكۆی سلێمانی ... نامەی ماستەر ... زۆبێر عەلی عارف

ئیدیەمەکان بە بەراورد لەگەڵ دەربڕپراوەکانی تری، زمان بە زیاتر بزانرێت. بۆ نموونە بە بڕوای Nida:۲۰۰۱ (( لەڕووی بەهێزی واتاوە هەمیشە ئیدیەم کاریگەریی پتر لەخۆدەگرن، وەك لەو دەربڕینانەی کە ئیدیەم نین، ئەمەش هەر لەبەر ئەو نزیکایەتی و پەیوەستبوونەیانە بە زمان و کلتووری تایبەت بە خۆیانەوە.))[١] دەربڕین و بەهێزی ئەم واتایەش بەشێوەیەکە کە لەگەڵ زمان و کلتووردا دەگونجێت، هەربۆیە دەکرێت زۆرێك لەو واتایانە، کە ئیدیەمەکان دەریاندەبڕن، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بن، ئەوا هەر ئەو هێز و کاریگەرییەیان نابێت، بەڵام ((ئیدیەم، لە زۆر وێنەدا ڕاستیت بە بەڵگەوە بەردەست دەخات، کارەکەت بۆ ڕووندەکاتەوە و سەلماندنی لە تویێی خویدا نیشاندەدات.[٢] هەر بۆیە تۆ ئیدیەمێك دەردەبڕیت تا قسەکەت بەهێزترو خۆشترو کاریگەرتر بێت و جوانتر و چاکتر سەرنجرابکێشێت و بچێتە دڵەوە.))[٣] لەبەرئەوە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئیدیەم ناڕاستەوخۆبوونیانە. واتە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیام و مەبەستە دەگەیەنن و (( کاریگەرییان لە قسەی ئاسایی زۆر بەهێزترە و دەبنە هۆی ئەوەی کە بیر لە دەربڕینەکە بکەیتەوە و بە ناڕاستەوخۆیی مەبەست و ڕای خۆت بگەیەنیت.))[٤]

بەبڕوای Pierre Bourdieu (( قسەکان/ئاخاوتنەکان، سەرەڕای گواستنەوەی واتا، نیشانەی سەروەت و هێزیشن، ئەوان دەربڕدراون تا ڕووبەڕووی پەسەندکردن و جێبەجێکردن ببنەوە و دروستەی کۆمەڵایەتیش لە ئاخاوتنەکاندا ئامادەیی هەیە.))[٥] لەم ڕووانگەوە دەتوانرێت بگوترێت لەناو کلتووری کۆمەڵێکی دیاریکراودا پەسەندکردن دەبێتەهۆی مانەوە و بەردەوامبوونی ئیدیەم، بەپێچەوانەوە، ڕەنگە زۆر ئیدیەمیش هەبووبن ماوەیەکی کەم توانیبێتیان لەکاردابن و ئێستا لە فەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراودا فەرامۆش کرابن و لەکارکەوتبن.

فێربوون و بەکارهێنانی ئیدیەم پێوەندییەکی بەیەکداچووی لێکنزیکیان پێکەوە هەیە، بەتایبەت بۆ زمانی یەکەم، کە لە بنەڕەتدا خودی کەرەستەکان لەگەڵ واتای کلتووری–کۆمەڵایەتییان لە ئاوەزی ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراودا دەچەسپێن و دوواتر لە بەکارهێنانیاندا ڕەنگدەدەنەوە. لەبەرئەوە فێربوون و بەکارهێنانی ئیدیەمیش ئەوە دەخوازێت کە بە جیاو تایبەت لێیبدوێن، بۆئەوەی بزانین، ئایا وەك کەرەستەکان و دەربڕپراوەکانی تر فێریاندەبین و بەکاریاندەهێنین یان شێوەیەکی جیاواز و تایبەت بە خۆیانیان هەیە؟

---

[١]) Banafsheh Ghafel and ... , (٢٠١١: ١٦٠)

[٢]) جەلال مەحمود عەلی (٢٠١٠: ١٠)

[٣]) سەرچاوەی پێشوو (١٢)

[٤]) بڕوانە: جەلال مەحمود عەلی (٢٠١٠: ١٠)، ئیبراهیم ئەحمەدی (١٣٨٦ : پێشەکی)

[٥]) لویی– ژان کالوە (١٣٧٩ : ١٢٨) سەرەڕای هێز و کاریگەریی گەیاندن، هەندێکجاریش ئیدیەمەکان خۆیان دەبنە سەرچاوەیەك بۆ نیشاندانی هێز و دەسەڵات، لە شێوەزاری هەورامیدا چەندین نموونەمان هەن، کە هێز و دەسەلات و دەستڕۆشتوویی و کارلەبەرڕۆشتن تێیاندا ڕەنگدەداتەوە: **"گەنمەش ئینا چاڵەنە"** ، **"نانش کەوتەن ڕووەنۆ"**، **"ئاوی ئینا بێڵەشۆ"**

## ٢/٢ ) بەكارهێنانی ئیدیەم:

بێگومان مرۆڤ لەگەڵ گۆڕانە كلتووری–كۆمەڵایەتی و خواستە جیاوازەكانیدا، پەنا بۆ ڕێگەی جیاواز دەبات تا لەگەڵ گۆڕانەكاندا بگونجێت و بشتوانێت شێوازێكی گونجاوی ڕەفتاری زمانی و شێوازی ئاخاوتن بۆ پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكانی بەكاربهێنێت. هەبوونی ئیدیەم لە هەموو زمانێكدا، دەكرێت ڕێگەخۆشكەر بێت بۆ پرسی ئەوەی، كە بۆچی ئاخێوەرانی زمانێكی دیاریكراو پەنا بۆ دەربڕراوێك دەبەن، كە لەڕووی پێكهاتەوە ئاڵۆزە و تێگەیشتنیشی كارێكی ئاسان نییە؟ ئەمەش دەربڕی ئەو ڕاستییەیە، كە هەر كلتوورە تایبەتمەندیی خۆی لە ڕەنگدانەوەی لایەنەكانی لەناو دەربڕراوەكانیدا هەیە، ئەمەش هەر لەسەرەتای لەدایكبوونییەوە دەستپێدەكات. Parsons پێیوایە، كە ((تاك هەموو یەكە كلتوورییەكانی ژینگەكەی لەگەڵ لەدایكبوونییەوە وەردەگرێت، هەر شتێك، كە لە ژینگەكەیەوە وەریدەگرێت وەرگرتنێكی كۆمەڵایەتییە.))[١] هەر لە وەرگرتنی وشەی سادەی: وەك دایك، باوك ، خانوو و ... تد، بگرە تا دەگاتە دەربڕراوی ئیدیەمیی وەك: **"شەیتانش نیا"** _بەواتای ئەوەی كە كرداری خراپی نییە و لێی ناوەشێتەوە _ و **"هاڕە كەرە سەروو سەرەیشۆ"** _ واتە كەسێكی بێدەنگ و فەقیرە و زیانی بۆ كەس نییە _ هەموو پێوەندن بەو ژینگەوە، كە تاك لەڕێگەی وەرگرتنی كۆمەڵایەتییەوە وەریاندەگرێت و بەكاریاندەهێنێت، بەڵام وەرگرتنی ئەم كەرەستانە هەروا نییە، بەڵكو پێوەندییەكی ڕاستەوخۆی بە لایەنی ئاوەزیی تاك و ئەو كۆمەڵەوە هەیە. بۆنموونە بۆچی ئەو دەربڕراوە لە ئیدیەمدا بەكاردەهێنن، یان چۆن ئەو ژینگەیەی كە تێیدا دەژیت زانیارییەكان بۆ تاك و ئەو كۆمەڵەی تێیدایە دەگوێزرێنەوە؟

لە بواری دەروونناسیی كۆمەڵایەتیدا لێكۆڵینەوە لە ئاوەزیی كۆمەڵایەتی ( social cognition) جەخت لەم خاڵە دەكات، كە ئێمە چۆن خەریكی زانیارییە كۆمەڵایەتییەكان لەبارەی خەڵكی و پلەو پایە كۆمەڵایەتییەكان و گرووپەكان، دەبین. لێكۆڵەرانی ئاوەزی كۆمەڵایەتی، لە لەگەڕدابوونی زانیارییەكان لە ژینگەوە بۆ مرۆڤ دەكۆڵنەوە. سێ مەیدانی لێكۆڵینەوەیی لەم ڕێبازەدا جێگەی پەسەندكردنن:[٢]

١. درككردنی كۆمەڵایەتی (social perception): لێكۆڵینەوە لەم بوارە، لەو ڕێگەیەی كە خەڵكی لە هۆهاندەرە كۆمەڵایەتییەكان تێدەگەن و بەجفرەیان دەكەن(encoding)، دەكۆڵێتەوە. بۆ نموونە، بۆچی ئێمە سەرنجی هەندێك كردار یان ڕەفتاری خەڵكی دەدەین و هەندێكی تریان ڕەچاوناكەین و سەرنجیان نادەین؟

٢. یادگەی كۆمەڵایەتی (social memory): لێكۆڵینەوە لەبواری یادگەی كۆمەڵایەتی، بە لێكۆڵینەوە لە چۆنییەتی كۆكردنەوەی زانیارییەكان لەبارەی خەڵكی و ڕووداوە كۆمەڵایەتییەكانەوە

---

[١]) بەهار زایەر (٢٠٠٩: ٧١)

[٢]) یوسف كریمی (١٣٨٨: ٤١)

خەریکدەبێت. هەروەها گرنگی بەو خاڵەش دەدات، کە خەڵکی لەکاتی پێویستیدا، بە چ شێوەیەك زانیارییە هەڵگیراوەکان _تۆمارکراوەکان لەناو یادگەدا_ سەرلەنوێ وەریاندەگرنەوە (retrieval).

٣. بڕیاری کۆمەڵایەتی (social judgment): لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا، بە ڕێگەی ڕێکخستن و لێکدانی زانیارییەکان لەلایەن خەڵکییەوە بۆ گەیشتن بە ئەنجام یان هەلهێنجانێك لەبارەی ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە، خەریکدەبێت. تا بەو ئەنجامە بگەن بزانن چی بۆ ئەوان بەسود و باش و پێویستە.

لەبەرئەوە دەکرێت بگوترێت کاریگەریی هۆکارە ژینگەییەکان ئەگەر زۆرتر لە هۆکارە بۆماوەییەکان نەبێت، ئەوە بەلایکەمەوە لەوان کەمتر نییە. ژینگەی سۆزداری و ژینگەی کلتووریی منداڵ لە پەروەردەکردن و گەشەی زمانی_منداڵ_دا کاریگەرییەکی نکۆڵی لێنەکراویان هەیە.[١] بێگومان ئەم کاریگەرییەش بەڕوونی لە شێوازی ئاخاوتندا ڕەنگدەداتەوە.

ئاشکرایە شێوازی ئاخاوتنی مرۆڤ ڕەنگدەرەوەی زەمینەی کلتووری کۆمەڵایەتییە، سەرەڕای ئەمە ئەو زمانەی، کە بەکاردەهێنرێت جێگیر نییە و مەیل و خواستی ئەوەمان هەیە، کە شێوازە جۆراوجۆرەکانی زمانێك، کە لەگەڵ دەوروبەردا گونجاون، بەکاربهێنین.[٢] پەنابردن بۆ ئیدیەم، هەڵبژاردنی شێوازێکی ئاخاوتن و گونجانە لەگەڵ دەوروبەردا. بەبڕوای Pierre Bourdieu ((قسە تەنیا پەیامێك نییە، کە دەبێت وەربگیرێت و بخوێنرێتەوە، بەڵکو بەرهەمێکیشە، کە بۆ هەڵسەنگاندنی کەسانی تر دەخرێتەڕوو، بەهاکەشی بە گرنگیدان بە پێوەندیی لەگەڵ بەرهەمەکانی تردا دەگمەنتر و باوتر دەبێت.))[٣] بۆنموونە کاتێك دەربڕراو یان ئیدیەمێك دەردەبڕڕێت، تێگەیشتن لە واتاکەی کۆتایی بە هەموو پرۆسەی پێوەندیی و ئاخاوتنەکە ناهێنێت، بەڵکو لەگەڵ ئەوەدا بەجێبوون و گونجاویی و کاریگەریی دوای تێگەیشتنی ئیدیەمەکە هەڵدەسەنگێنرێت، بەوەی کە تا چەندە لەگەڵ ئاخاوتنەکانی تردا یەکدەگرێتەوە و چ کاردانەوەیەکی لەلایەن بەرامبەرەوە لێ چاوەڕێدەکرێت. بۆنموونە ناکرێت ئیدیەمێکی وەك **"سەرەش وارد"** _ واتای فەرهەنگی: واتە سەری خوارد_ فەوتاندی یان شتێکی لێکرد_ بەکاربهێنرێت و گرنگی بە دەوروبەر و کاریگەریی دوای گوتنەکە نەدرێت.

هەروەها بە بڕوای Black (( میتافۆر تێڕوانین یان دیدمان بۆ باسێك ڕێکدەخات.))[٤] لەبەرئەوە کاتێك ئەم گوزارشتکردنە بۆ میتافۆر بەکاردەهێنین، دەکرێت ئەم ئەرك و ڕۆڵەش بە ئیدیەم ببەخشین، چونکە ئەویش بەکارهێنانی واتایە بەشێوەی خوازەیی و دوور لە واتای کەرەستە پێکهێنەرەکانی، واتە دەتوانێت بیر و بیرکردنەوەمان بباتە ئاستێکی فراوانترەوە و لە چەقبەستوویی و دووبارەبوونەوە و قاڵبی نەگۆڕ دوورمانبخاتەوە. بۆنموونە دەتوانین لە جێی ئەوەی ئەم ڕستەیە بە شێوەیەکی ئاسایی

---

[١]) محمد رضا باطنی، درباره زبان، (١٣٨٥: ٩٨). بەدیاریکردنی چەند هۆکارێکی کۆمەڵایەتی لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زماندا بۆمان دەردەکەوێت، کە گەشەکردنی زمان پەیوەستە بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە، هۆکارە نازمانییەکانیش بریتین لە (چین و توێژەکانی کۆمەڵ، ڕەگەز ئایین، سیاسەت... تد). ڕێژنە مەعروف حوسێن، (٢٠١٠: ٢٩)

[٢]) نیك لاند (١٣٨٨ : ٣٩)

[٣]) لویی- ژان کالوە (١٣٧٩ : ١٢٧-١٢٨).

[٤]) بەکر عومەر عەلی مەعروف (٢٠٠٠ : ٦٨)

دەربڕین و بڵێین: (کەسێکی بێ عەقڵە)، دەتوانین بە ئیدیەم دەریببڕین : **"ئاوی لێڵ مەکەرۆ"** و ئەو واتایە کاریگەری و بەهێزەی لێهەڵبهێنجین.* بوونی ئەم ئیدیەمە جگەلەوەی واتایەکی فراوانتر لەخۆدەگرێت، کەرەستەیەکی سەرنجڕاکێشی ناڕاستەوخۆیە و خراوەتە بەر بیر و ئەندێشەمان، تاوەکو کاردانەوەیەکی نوێ و جیامان هەبێت وەك لەوەی کە بە سادەیی و ڕاستەوخۆ دەریببڕین.

زۆرجار دەوترێت، ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی ناڕاستەوخۆ قسەکردن یان پۆشراوە گوتن، بریتین لە: یەکەم، هۆکاری ڕەوانبێژییە. دووەم، هەندێکجار ئاخاوتنی ڕاستەوخۆ دەبێتەهۆی مەترسی. ئاخێوەر لەم جۆرە کاتانەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیامەکەی خۆی دەگەیەنێتە گوێگر، تا لە هەر جۆرە گومان و تۆمەتبارییەك خۆی دوور بخاتەوە.[1] هەرچەندە پەنابردن بۆ ئیدیەم ئەوەندەی مەبەستی پێویستی و هەستنەڕووشاندن و بێ ڕێزانە قسەنەکردنە، ئەوەندە مەبەست لێی ترس نییە، لەبەرئەوە لە ئیدیەمدا دەشێت هۆکارێکی سەرەکی ئەوەبێت، کە کاریگەریی نەرێنی نەهێنێتە ئاراوە و پەردە لەسەر شتێك هەڵنەماڵیت، ئەمەش بۆ ئەوەیە ڕێز لە هەست و نەستی بەرامبەر بگرێت. بۆنموونە بەکارهێنانی ئیدیەمی **"ئاوی لێڵ مەکەرۆ"** لەجێی (کەسێکی بێ عەقڵە)، دەتوانرێت بوترێت هەست بریندارکردن و بە زەقی دەربڕینی تێدانییە. هەروەها بە بڕوای محمد رضا باطنی ((ئەگەر بڕیار وابووایە، کە بەرامبەر تەنیا پشت بە دەربڕین ببەستێت و لە بیر و تێگەیشتن و هەستی خۆی شتێکی دەستنەکەوێت، ئەوا بەکارهێنانی هیچ جۆرە خوازەیەك لە زماندا نەدەبوو.))[2]

سەرەڕای کاریگەریی ئیدیەمەکان، دەکرێت بوترێت لە هەر شوێنێك کە پێوەندی هەبێت، ئەمانیش هەن، چونکە زمانی خوازەیی نە نائاساییە و نە تایبەتە بە شوێنێك یان شتێك یان نەتەوە یان ڕەگەزێکی دیاریکراوەوە، ئەگەرچی ڕێژەیی‌بوونیش بەدیبکرێت، بەڵام هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت. هەر بۆیە پەنابردنە بەر ئیدیەمیش پێویستییەکی زمانی و کلتووری–کۆمەڵایەتییە، کە پێویستدەکات هەموو ئاخێوەرێك لێی بەئاگا بێت و بۆ ناسینی کلتوور و بیری کۆمەڵایەتی زمانەکەی فێریان ببێت و بەکاریانبهێنێت.

## ٢/٢-١ ) لە ڕووی فێربوونەوە

هەموو ئاخێوەران بەپێی ئەو دەوروبەر و ژینگەیەی کە تێیدا دەژین، پێویستە ئەو هۆکارە یارمەتیدەرانەی کە دەبنەهۆی دروست ئاخاوتن و پێوەندیی گونجاو، لە زمان و کلتوورەکەوە فێریانبن، تاوەکو بتوانن هەردەم لە پێوەندی لەگەڵ ئاخێوەرانی دیکەدا لە هەمان ئەو زانیارییە ئاوەزی و کلتووری–کۆمەڵایەتییە بگەن، کە لە ئاخاوتنەکاندا بەکاردەهێنرێن. ئاشکرایە ئیدیەم

---

*) لەڕووی فۆنۆلۆجییەوە، ئیدیەمەکان وەزنی شیعری و جۆری ئاوازەی تایبەتیان هەن، کە نزیکن بەو تۆن و ئاوازانەی ڕستەکان لێك جیادەکەنەوە، کە بە یاساکانی ڕێزمان پێکهێنراون. بڕوانە: (٤٥ :١٩٩٥) , Rafael Monroy Casas

[1]) ئیبراهیم ئەحمەدی (١٣٨٦ : پێشەکی)

[2]) محمد رضا باطنی، پیرامون زبان و زبانشناسی (١٣٨٥ : ١٠٤)

دەربڕاوی تایبەتن و بە کلتوورەوە گرێدراون، لەبەرئەوە ئاخێوەری هەر زمانێك بۆ شارەزابوون لە کلتوور و زمانەکەی، نابێت فەرامۆشیان بکات، چونکە بەشێکی سەرەکی زمانن. وەك ئاشکرایە ئەرکی سەرەکی زمان ئەرکی کۆمەڵایەتییە و ((چ لە ژیانی تاکەکەسی و چ لە ژیانی کۆمەڵایەتیشدا هیچ زانستێك لە زمان گرنگتر نییە.))[1] بەگشتی، زمان هەڵگری هێما هۆشەکییەکانەو لەم ڕووەوە لەگەڵ کلتوور و چالاکییەکانی مرۆڤیشدا لە چوارچێوەی تەرزە ڕەفتارییەکاندا لە پێوەندیدایە. زمان لەلایەن کارایەکەوە بەکاردەهێنرێت، کە خاوەنی بیر و مەبەستە و لە هەلومەرجی مامەڵەکردندا بەسەر دەبات.[2]

دەکرێت بوترێت کاتێك ئاخێوەرێك زمانێك بەکاردەهێنێت، ئەوا لەڕووانگەی ئەو ئاخاوتنەیەوە جگە لە شێوازی ئاخاوتنەکەی، دەتوانرێت پەی بە جۆر و چۆنایەتی ئەو کەرەستە و دەربڕاوانە ببرێت، کە سەبارەت بە تێڕاوانینی بۆ بابەت و ڕووداوێکی دیاریکراو لە مێشك و یادگەیدا هەڵیگرتوون. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات زۆرتر چ جۆرە کەرەستە و دەربڕاوێك فێربووە. ئایا کەرەستە و دەربڕاوی ئاسایی و گشتی بەکاردەهێنێت، یان زانیاریی کۆکراوەی کلتووری و دەربڕاوی تایبەتی بۆ ئەو بابەتانە پێیە، کە لەبارەیانەوە دەئاخێوێت و گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی دەورووبەردا دەکات. بۆنموونە ئەگەر هاتو لەسەر بابەتێکی کۆمەڵایەتی یان کلتووریی ئاخاوت، بەڵام ئیدیەمی بەکارنەهێنا، ئەوا وادەردەکەوێت، کە ئەو کەرەستە و دەربڕاوانەی کە لە یادگەیدا تۆماری کردوون تاڕادەیەکی کەم دەربڕاوی ئیدیەمییان لەخۆگرتووە، کە بێگومان لەمەشدا جۆری بابەتە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکە کاریگەری لەسەر ئەو دەربڕاوانە هەیە، کە دەریاندەبڕێت، بەڵام بەگشتی پێویستە ئەوە بوترێت فێربوونی ئیدیەمەکان کاریگەرییەکی زۆریان لە سەر توانای گەیاندنی مەبەست هەیە، تاوەکو بتوانرێت بەنزیکی گوزارشت لەو شتە یان ئەو ڕووداوە بکرێت کە لێیدەدوێت.

بەهۆی تایبەتمەندێتیی ئیدیەم لەڕووی پێکهاتەو فۆرم و واتاوە، بە بەراورد لەگەڵ دەربڕاوەکانی تری زماندا یەکجۆر فێربوونیان لێ چاوەڕێ ناکرێت. لەبەرئەوە ((پێویستە بەشێوەیەکی کورت و پوخت ئەوە بخەینەڕوو، کە فێربوونی کەرەستەکان، فۆرمەکان و یەکە زمانییەکان بەدوو شێوەی جیا دەبێت: یەکێکیان لەسەر بنەمای شێوە یاسابەندەکان، بەدەستخستن(استنتاج)ی یاسای گشتی لە بەکارهێنانیان و گشتاندنی ئەو یاسایانە بە بابەتە هاوشێوەکان و پێشبینی و بەرهەمهێنانی شێوە نوێیەکان. دووەم لەسەر بنەمای لەبەرکردن و

---

[1] فردیناند دوسوسور (١٣٨٥ : ٣٦). ((زمان بنەمای زۆرێك لە چالاکییە باڵاکانی مێشکە. چالاکییانێکی وەك بیرکردنەوە، واتا لێکدانەوەargument ، پێشبینی کردن و وێناکردنی شتەکان imagination، دادوەری کردن judgment و تەنانەت درککردن conception و هەست و سۆزەکان.)) محمد رضا باطنی، (١٣٨٨ : ١٢٧) بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: محمد رضا باطنی (١٣٨٨ : ٨٧)

[2]) عباس محمدی اصل (١٣٨٨ : ٣٢)

ڕەچاوکردنی هۆکارە جیا و تایبەتە نایاسابەندەکان و جیاجیای زمان، کە پێویستیی زۆری ئاوەزییان بۆ فێربوون و سپاردنیان بە یادگە هەیە.))[1]

بێگومان چالاکی مێشکیش لە فێربوونی کەرەستە و دەربڕراوەکاندا ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت و ناکرێت بوترێت فێربوونیش وەك تایبەتییەکی بۆماوەیی بۆ تاکەکان دەگوێزرێتەوە، بەڵکو ئەوەی کە بەشێوەی بۆماوەیی دەگوێزرێتەوە توانستی فێربوونەکەیە. بەو واتایە، کە هەموو تاکێك دەکرێت فێربێت ئیدیەم یان هەر دەربڕراوێکی تر بەکاربهێنێت، بەڵام بێگومان بەکارهێنانی ئەم توانستە سەرەڕای هۆکارە ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکان دەکەوێتەسەر ئەوەی کە تا چەندە تاك لە هەوڵی فێربووندایە، بەدەربڕینێکی تر ئایا تاك وەك پێویست کەڵك لە توانستی فێربوونی زمان وەردەگرێت یان نا؟ دەکرێت بوترێت تاك چەندە بتوانێت کەڵك لە توانستی فێربوون وەربگرێت ئەوەندەش لە ناسین و بەکارهێنانی کەرەستە و دەربڕراوەکان نزیکدەبێتەوە و توانای فێربوونی دەربڕراوەکانی زیاتر دەبێت، چونکە ((فێربوونی زمان لە جۆری فێربوونی کارامەییە (proficiency)، نەك لەجۆری فێربوونی ڕووت/پەتی.))[2] واتە کاتێك لە تەمەن و قۆناغێکی دیاریکراودا توانرا سوود لە توانستی فێربوون وەربگیرێت، ئەوا بەئەندازەی بەکارهێنانی توانست، توانای فێربوون وەردەگرێت و فێری زمان دەبێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە دەتوانرێت بگوترێت، ئێمە وەك بابەتێکی ئاسایی ناکرێت چاوەڕێی ئەوە بین منداڵێکی ٤ بۆ ٥ساڵان ئیدیەم بەکاربهێنێت، چونکە هێشتا توانای وەرگرتنی ئەزموونی کلتووری و لێکدانەوەی واتایی لە مێشکی ئەودا، بەو شێوەیە گەشەی نەکردووە، تاوەکو ئامادەی ئەو شێوە بەکارهێنانەی زمان بێت.*

---

[1]) سایدل و مك موردی، (X: ١٣٨٦ ) (لە پێشەکی وەرگێڕدا هاتووە.) (( جیاوازییە کەسییەکان لە هەر چوار لایەنی زمانەوە بەرچاو دەکەون: لە قسەکردن (ئاخاوتن)دا، لە گوێگرتن، لە نووسین و خوێندنەوەدا. بەم لایەنانەی زمان کارامەیی (proficiency) دەوترێت. ئاخاوتن و نووسین کارامەییەکانی (proficiency) یان لایەنە چالاکەکانی _ بەکارهێنانی بەرهەمهێن_ زمانن، چونکە تاك دەبێت بیر و ئەندێشەکانی خۆی بخاتە ناو چوارچێوەی ڕستەکانی زمان و ئەو ڕستانە بەشێوەی ئاخاوتن یان نووسین پێشکەش بکات. بەڵام گوێگرتن و خوێندنەوە لێهاتوویی وەرگرتنی زمانن، چونکە تاك ئەو بیرۆکانەی کە لەلایەن کەسێکی ترەوە خراونەتە ناوچوارچێوەی ڕستەکانی زمانەوە و بەشێوەی ئاخاوتن یان نووسین دەخرێنەڕوو، لەڕێگەی گوێ یان چاوەوە وەردەگرێت و دوواتر لێیان دەگات.)) محمد رضا باطنی، درباره زبان، (١٣٨٥ : ٧٥-٧٦) ، هەروەها بڕوانە: افسانە سعیدی، (١٣٨٩ : ١٣٧-١٣٨)

[2]) محمد رضا باطنی، (١٣٨٨ : ٣٦). (( لە تیۆروانینی چۆمسکییەوە، منداڵان لە کاتی لەدایکبوونەوە دەزانن زمانی مرۆڤ چ فۆرمێکی هەیە_ و بەشێکی زۆر گرنگی دروستەی زمانی مرۆڤ خودی(ذاتی)یە. Chomsky دەڵێت: تەنیا کارێك، کە هاوشێوە و جۆرەکانمان کردوویانە، ئەوەیە کە توانای ئاوەزیی زمان، کە لە مێشکی ئێمەدا دانراوە گەشەیان پێکردووە، زمانیش تا ئەندازەیەکی زۆر هەر بەو شێوەی کە توانای بینین لە منداڵدا گەشە دەکات، لە مێشکی منداڵاندا گەشەدەکات.)) بڕوانە: رابرت لارنس ترسك،(١٣٨٠ : ٢٤١)

*) دەتوانرێت بگوترێت، کە منداڵێکی ئاسایی لە تەمەنی نێوان ٤ بۆ ٦ ساڵاندا تاڕادەیەك بە زمانی زگماك ئامادەکراوبووە. لەم تەمەنەدا منداڵ بەسەر پێڕەوی دەنگیی زماندا زاڵبووە و مودێل و تەرزە ڕێزمانییەکان بە ئاسانی بەکاردەهێنێت: بەدەربڕینێکی تر منداڵ دەسەڵاتی بەسەر کرۆکی ناوەندی زمانی خۆیدا پەیداکردووە. بڕوانە: محمد رضا باطنی،(١٣٨٨ : ١٥٠)

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر و خستنەڕووی پێوەندیی نێوان یاسابەندی و توانای بەرهەمهێنانی تاك (ئەو کەسەی کە فێری زمان دەبێت) ئەم هێلکارییەی خوارەوە دەخرێتەڕوو: [١]




ئەم تواناییەی بەرهەمهێنانی وشە و دەربڕاوە نوێکان بەو شێوەیەی کە تاك پێشتر فێری نەبووە _یان فێر نەکراوە_ و هەرگیز لە کەسێکی نەبیستووە، بەڵام توانیویەتی بەشێوەیەکی خێرا و دروست سەرەتا بەرهەمیانبهێنێت، لە تایبەتمەندێتی یاسابەندانە و پێڕەوبەندی و گشتگیریی و ئەگەریی پێشبینیکردنی یەکە زمانییەکانەوە پێیدەبەخشرێت. کەواتە دەکرێت بوترێت لە هەر سێ بەشە سەرەکییەکەی زمان، واتە دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی، بەشێکی زۆری کەرەستە و یەکە زمانییەکان لەسەر بنەمای یاسا و پێڕەوی زمانیی ڕۆڵدەبینن.

لەم هێڵکارییەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە بەرهەمهێنان و بەکاربردنی دەربڕاوەکان جیاوازییان هەیە، جیاوازییەکەش لەوەدایە، کە جۆرێك تایبەتمەندیی فێربوون لە پێڕەوی یاسابەندیدا هەیە، کە ناکرێت بۆ هەموو دەربڕاوەکانی تر بکرێت بە پێوەر یان ڕەچاوبکرێت. ئەمەش دەکرێت بوترێت ڕەنگە بۆ فێربوونی ئیدیەم ئاڵۆز و نەگونجاو بێت، چونکە ئیدیەم دەربڕاوێکە زۆرێك لە یاسا ڕێزمانییەکانی بەسەردا جێبەجێناکرێت. واتە نە پێڕەوبەندن و نە گشتگیر و نە پێشبینیکراو و نە بە بەرهەمن، لەبەرئەوە بۆ فێربوونیان پێویستە بە جیا لەبەربکرێن و لە یادگەدا هەڵیانبگرین.

ئەگەر ئیدیەمی **" مەشی تۆپێنێ دەمش"**[*] بە نموونە وەربگرین، ئەوا پێوەند بە پێڕەوبەندی و بەبەرهەمی و گشتگیری، دەکرێت بڵێین نە دەتوانین واتاکەی لە واتای پێکهێنەرەکانییەوە پێشبینی بکەین و نە دەشتوانرێت بوترێت بەپێی ئەم پێڕەوبەندیی یان یاسابەندییە ئەم ئیدیەمە پێکهاتووە و لە نموونەکانی تری لەم شێوەیەدا پێڕەو دەکرێت. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ناتوانرێت بگوترێت ئەم ئیدیەمە بەبەرهەمە، چونکە وەك دەزانین ئیدیەم بۆ واتایەکی دیاریکراو هاتووە و واتاکەی چەسپاوە، بۆیە ناکرێت چاوەڕێی ئەوەی لێبکرێت بەبەرهەم بێت، ئەوەی بەبەرهەمی لێ چاوەڕێ دەکرێت هەندێك لە وشەکانی ناو ئیدیەمەکەیە نەك خودی ئیدیەمەکە، بۆیە ئەگەر وشەی (مەشی) _واتە (مێش)_

---

[١]) سایدل و مك موردی (XI: ١٣٨٦ ) (لە پێشەکی وەرگێڕدا هاتووە.)

[*]) واتای فەرهەنگی: (مێش تۆپیۆەتە ناو دەمی)، واتای ئیدیەمی: واتە کەسێکی گێلە و زۆر درەنگ وەڵامدەداتەوە.

وەربگرێن دەکرێت لە نموونەی تری ئیدیەمی وەك " مەشی دەمو وێش بەرمەکەرۆ" دا ببینرێت، کە ئەمەش پێوەندی بە وشەی (مەشی) ەوە هەیە، نەك بەبەرهەمی ئیدیەمەکە.[*]

لەبەرئەوەی ئیدیەمەکان ناچنەناو بازنەی یان پێڕەوی کەرەستە یان دەربڕراوە یاسابەندەکانەوە، کەواتە تاك چۆن ئەم دەربڕراوانە فێردەبێت. لەم هێڵکارییەی خوارەوەدا ئەو سیمایانە کە ئەم یەکە ناوازانە پێکدەهێنن، دەخرێنەڕوو:[1]




ئەوەی لەم هێڵکارییەی سەرەوەدا مەبەستە فێربوونی کەرەستە نایاسابەندەکانە، کە تایبەتمەندییان وا دەخوازێت یاسای تایبەت بۆ فێربوونیان دیاریبکرێت. نەك ئەوەی کە فێربوونیان دەکرێت جیا لە کەرەستەکان بێت، بەڵکو ڕەنگە لە پلەی فێربوونیشدا دیسانەوە جیاوازیی بەرچاویان لە ئاست کەرەستەکانی تری زماندا هەبێت. ((لە تیۆری فێربوونی زماندا، بە دڵنیاییەوە ئەم بابەتە دەزانرێت کە پلەی ئاسانی (degree of simplicity) لە فێربووندا، پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ پلەی یاسابەندی یان لایەنی بەرهەمهێنانی یەکەکان (کەرەستەکان) هەیە. بەو مانایە کە ئەو کەرەستە زمانییانە کە لە جۆری کەرەستەی یاسابەندن، بەپێی یاسا گشتییەکان دەکرێت پێشبینی بکرێن و بەرهەم بهێنرێن، بۆ بەکارهێنانیان پێویست بە فێربوونی نوێ و هەوڵی ئاوەزیی تایبەت بۆ لەبەرکردن و پاراستنیان نییە و پلەی ئاسانیی لە فێربوونیان زۆر بەرزە. بەپێچەوانەی ئەوەوە، بۆ دەستەڵاتشکاندنەوە بەسەر کەرەستە یاسابەدەر(ڕیزپەڕ)ەکان، هەوڵی ئاوەزیی بە بەرزترین ئاستی خۆی دەگات و لەم بابەتەدا پلەی دژواری/گرانی (degree of difficulty) لە فێربووندا زۆر زۆرە. ئەم جۆرە کەرەستانە دەبێت جیاجیا لەبەربکرێن و لەئاوەزدا توند جێگیربن و بەکارهێنانیان بەشێوەی ورد لەبەرچاو بگیرێت. ئەم گریمانەش لەم هێلکارییەی خوارەوەدا دەبینین.))[2]

[*]) واتای فەرهەنگی: (مێشی دەمی خۆی دەرناکات). هەروەها واتای ئیدیەمی: واتە سارد و سڕەو هیچی لێ ناوەشێتەوە.

[1]) سایدل و مك موردی (XI: ١٣٨٦ ) (لە پێشەکی وەرگێڕدا هاتووە.)

[2]) سەرچاوەی پێشوو ( XII - XI)




**دەکرێت دوای خستنەڕووی ئەوەی کە چۆن کەرەستە و یەکە یاسابەند و نایاسابەندەکان فێردەبین ئەوە بخرێتەڕوو، کە ئایا ئیدیەمەکان دەبنە بەشی کام یەك لە دوو دەستە کەرەستانەی زمان و لە بنەڕەتدا لە دروستەی زماندا چ شوێنێکیان لە شیکردنەوەدا هەیە؟[1] ئاشکرایە دەستخستنی وەڵامیکی دروست بۆ پرسیکی لەم شێوەیە هۆکار و یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئەوەی لەڕێگەیەوە خودی ئیدیەمەکان فێربین و هەروەها چۆنیەتی فێربوون و هۆکارەکانی کارتێکردنی چەندێتی و چۆنیەتی ئەو فێربوونەش بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە.**

**ئیدیەمەکان ئەو دەربڕینانەن کە لە هیچ ڕووانگەیەکەوە، نە دروستە، نە واتا و نە پێوەندی نێوان دروستە و واتایان، پابەندی یاسا یان پێڕەوێکی تایبەت نین و بە یەکە و دەربڕراوی تایبەت و شاز ئەژماردەکرێن. گرنگی و کرۆکی مەبەستەکە لەمەدایە، کە لەبەر تایبەتمەندیی تایبەت بەخۆیان دەبێت ئیدیەمەکان یەك یەك فێربین و بخرێنە یادگە و بە بەکارهێنانیان لە ناو دەقی زمانی و نموونەی ڕستەکاندا بیانناسین و پێیان ئاشنابین.[2]**

**دەکرێت ئەمە بەم شێوەیە لێکبدرێتەوە، کە تەنانەت بە دووبارەبوونەوەی وشەیەك لە چەندین ئیدیەمدا، ناکرێت بە دوای ئەوەدا بگەڕێین، کە ئەو وشەیە لە ئیدیەمێکدا چ واتایەکی هەبوو ڕەنگە لە ئیدیەمەکانی تریشدا بە هەمان واتا دووبارە ببێتەوە، بەڵکو دەبێت هەر ئیدیەمێك وەك یەکەیەکی سەربەخۆ و جیا لە یەکەکانی تر لێی بڕوانین و فێریببین، ئەویش بەوهۆیەوە کە فرە واتایی و فرەلێکدانەوەیی بۆ ئیدیەم نەهێنرێتە ئاراوە. بۆنموونە ئیدیەمەکانی وەك: "دانش سەرەم" _ بە واتای ئیدیەمی: تاقەتم نەماوە و توڕەم_ "سەرەی بێ زوانا" _ بە واتای ئیدیەمی: ئازاری بۆ کەس نییە و بێدەنگ و فەقیرە_ "سەرەش وارد" _ بە واتای ئیدیەمی: فەوتاندی و لەناوی برد_ وەك دەبینین لە هەریەکە لەم سێ ئیدیەمەدا وشەی "سەرە" بە واتای (سەر) دووبارە بووەتەوە. ئەوەش ئاشکرایە، کە هەریەکە لەم نمونانەدا وشەی سەر ناتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ ئەوەی لە ئیدیەمەکەی تر تێبگەین، چونکە واتای ئیدیەم لە واتای پێکهێنەرەکانیەوە بە دەست نایەتەوە، تاوەکو چاوەڕێی ئەوەی لێبکرێت کەرەسەکانیش لە گواستنەوە و بەکارهێنانیان لە ئیدیەمێکی تردا بە هەمان واتا**

---

[1]) سایدل و مك موردی (١٣٨٦ : XII) (لە پێشەکی وەرگێڕدا هاتووە.)

[2]) سەرچاوەی پێشوو ( XIV). (لە پێشەکی وەرگێڕدا هاتووە.) . ((پێویستە لەسەرمان کە هەر ئیدیەمێك بەشێوەی کەرەستە یان یەکەیەکی جیا_ یەك یەك_ فێربین، چونکە بەگشتی ناتوانین پارچەیەك/بەشێکیان لێ بگۆڕین.)) سایدل و مك موردی، (١٣٨٦ : ١٠)

بەکاربێن. لەبەرئەوە پێویستە یەك یەك و بە جیا لەبەر بکرێن. ئەمەش بەپێی قۆناغەکانی تەمەن دەگۆڕڕێت.

## ٢/٢-١-١ ) بە پێی قۆناغەکانی تەمەن

پێشتر ئاماژە بەوە کرا، کە فێربوونی ئیدیەم فێربوونێکی تایبەتە و جیاوازە لەگەڵ کەرەستەو دەربڕڕاوەکانی تردا، ئەم جیاوازییەش بێگومان لە زۆر لایەنی پێوەند بە فێربوونەوە ڕەنگدەداتەوە، بەشێوەیەك، کە ئەوە بخوازێت بە جیا لێیبکۆڵرێتەوە. ئاشکرایە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی وەك، تەمەن، ڕەگەز، چینی کۆمەڵایەتی ،... تد، لە پێوەندییە زمانییەکاندا کاریگەرن و قسەکردنی ڕۆژانەش تەنیا پشتبەستوو نەبووە بە زمان وەکو پێڕەوێك لە یاساکان، بەڵکو پێوەندی بە هەموو ڕەفتارە نازمانییەکانیشەوە هەیە.[1] تەمەنیش هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی بکرێت بە پێوەر تا بزانرێت لە چ تەمەنێکەوە و چۆن ئەم دەربڕڕاوانە _ئیدیەم_ لە لایەن تاکەکانەوە وەردەگیرێن و فێریاندەبن و بەکاریاندەهێنن. دەکرێت بۆتریت زۆر دوورە ئەم ئیدیەمە **"ئاویت پەی ئایرە مەڵ ئاردێنە؟"** لەلایەن کەسێکی تەمەن ١٢ بۆ ١٤ ساڵ بەکاربهێنرێت.

**"ئاویت پەی ئایرە مەڵ ئاردێنە"** بەرامبەرە بە: ئاوت بۆ عەینەمەل هێناوە. دەڵێی بۆ ئاگر هاتوویت. واتای ئیدیەمی: واتە کەسەکە زۆر پەلەیەتی.

دەکرێت بوترێت هۆکارەکەی ئەوەیە، یەکەم سەرەڕای ئەوەی کە خودی ئیدیەمەکە ڕەنگە پێوەندی بە تەمەنی ئەوەوە نەبێت، دووەم، ڕەنگە کەسەکەش خۆی کەمتر لەو دەروووبەرە کۆمەڵایەتییەی ئاخاوتنەدا بێت، کە لەلایەن کەسەکانی ترەوە بەکاردەهێنرێت، چونکە ئەم ئیدیەمە زۆرتر کەسە بەتەمەنەکان بەکاریدەهێنن. ئەویش کاتێك بەمەبەستی سەردان و هەواڵپرسی یەکێکیان دەچێت بۆلای ئەویتر و کەم دادەنیشێت و دەیەوێت زوو بگەڕێتەوە، بەرامبەر، ئەم ئیدیەمەی بۆ بەکاردەهێنێت، کە مەبەستی ئەوەیە بڵێت: پەلەی چیتە؟

هەندێکجار وەك هۆکارێکی کۆمەڵایەتی یان وەك ڕاستییەکی بایۆلۆژی لە تەمەنیان ڕوانیوە بۆ نموونە بە بڕوای Llamas, C., Mullany,... ((تەمەن یەکێکە لە کەتیگۆرییە جیهانییە بەکارهێنراوەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە هەمەچەشنی زماندا. ئەم کەتیگۆرییەش هەمیشە بەشێوەیەکی ڕەخنەییانە لێکۆڵینەوەی تێدا کراوە و وەك ڕاستییەکی بایۆلۆژی بۆ پۆلێنکردنی قسەکەران مامەڵەی لەگەڵدا کراوە.))[2] یان (( هۆکارێکی تری گرنگ تەمەنی ئاخێوەرانی زمانە، کە وەکو ڕەگەز، لە بنەڕەتدا لایەنی بایۆلۆژی هەیە، بەڵام لە لێکۆڵینەوە زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەکاندا بە هۆکارێکی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێت.))[3] ئاشکرایە چ وەك هۆکارێکی کۆمەڵایەتی و چ وەك ڕاستییەکی بایۆلۆژی تەمەن

---

[1]) نادر جهانگیری (١٣٨٧ : ١٧)

[2]) شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١ : ١٤٧)

[3]) یحیی مدرسی (١٣٨٧ : ١٧٧-١٧٨). هەروەها بڕوانە: شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١ : ١٥٥-١٥٦)

کاریگەرییەکەی بەتەواوی لەسەر فێربوون ڕەنگدەداتەوە، چونکە تەمەن سنووری کۆمەڵایەتی و پێکەوەبوون و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری زمانیش بەخۆیەوە گرێدەدات و دەبێتەهۆی ئەوەی، کە خواستی فێربوونیشی بەگوێرەی ئەو هۆکارانە بۆ دروست ببێت تاوەکو ئەو دەربڕاو و کەرەستانە فێربێت، کە وا دەزانێت لەگەڵی گونجاون، لەبەرئەوە دەکرێت بگوترێت ((... فێربوونی زمان کاتی دەوێت و بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت.))[1]

بەشێوەیەکی گشتی، ئەندامانی کۆمەڵێکی زمانی لە تەمەنە جیاوازەکاندا، تەرزە ڕەفتاری جیاوازیان هەیە، کە تەرزە ڕەفتاری زمانیی یەکێك لەو تەرزانەیە. واتە ڕەفتاری زمانیی مرۆڤ وەکو لایەنەکانی تری ڕەفتاری کۆمەڵایەتی خاوەنی تەرزێکی جێگیر، چوونیەك و نەگۆڕ نییە و بەدرێژایی ژیان و بە تێپەڕبوونی قۆناغەکانی تەمەنە جیاوازەکان ڕووبەڕووی گۆڕان دەبێتەوە.[2] لەبەرئەوە ئاساییە ئیدیەمی زۆرتر لە قۆناغێکی تەمەن بەرامبەر بە قۆناغێکی تر چاوەڕوانبکرێت، ئەویش بەهۆی گۆڕان و بەریەککەوتنی زیاتری لەگەڵ هۆکارە نازمانی و زمانییەکان. بوونی ئەم بەریەککەوتنە وا دەکات خواستەکان و تێڕوانینەکانی بگۆڕێت، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕان و چۆنیەتی گوزارشتکردن، ئیتر چ لەڕووی چەندێتی یان چۆنیەتییەوە بێت. کەواتە تەمەن هۆکارێکی سەرەکی بۆ گۆڕانی شێوازی قسەکردن و پەنابردنەبەر کەرەستە و دەربڕاوی تر و شێوازی تری نوێی گوزارشتکردنە. بێگومان ئیدیەمیش بەگوێرەی تەمەنەکان خۆی دەخزێنێتە ناو ئاخاوتنی ئاخێوەران و وردە وردە دەبێتە بەشێکی سەرەکی دیاری ئاخاوتنەکان، کە جگەلە کاریگەریی لە جۆری بیرکردنەوە و وێناکردن، هاوکات لە ئاخاوتنەکانیشدا ڕەنگدەداتەوە و بەکاریاندەهێنێت.

دیاریکردنی تەمەن بۆ ئیدیەم فێربوون، کارێکی ئاسان نییە، هەربۆیە دەبینین لە فێربوونی ئەم دەربڕاوانەدا ڕاستەوخۆ بە دیاریکراوی و بەشێوەیەکی تەواو ئاماژە بە تەمەن نەکراوە، واتە ئەو تەمەنە دیارینەکراوە، لە هەموو زمانەکاندا بەگشتی لە چ تەمەنێکەوە هەست دەکرێت، کە ئاخێوەری زمانێکی دیاریکراو ئیدیەم بەکاردەهێنێت.

لەو ڕووانگەیەوە، کە سەرهەڵدانی ئیدیەمەکان پێوەندییەکی نزیك و ڕاستەوخۆیان بە زانیاری و ئەزموونی زمانی و ئەزموونی کلتووری کۆمەڵایەتییەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەی کە گەنج و لاو و پیر خاوەنی دروستکردنی ئیدیەمن، بەڵام دەکرێت بگوترێت بۆ هەندێك بوار بەتەمەنەکان و خاوەن ئەزموونەکان سەرچاوەیەکی سەرەکی دروستکردنی ئیدیەمن، هەربۆیە لەم قۆناغەی تەمەندا ئیدیەم زیاتر بەکاردەهێنرێت. هەروەها لەبەرئەوەی لە تەمەنێکی دیاریکراودا زیاتر سەرنجی ڕەفتارە زمانییەکانی کەسە بەتەمەنەکان دەدات، دەکرێت ئەو قۆناغەی تەمەن زیاتر دەتوانرێت بە سەرەتای فێربوونی ئیدیەم دابنرێت، کە بەریەککەوتن و سەرنجدانی ڕەفتاری زمانیی بەتەمەنەکانی بەلایەوە

---

[1]) محمد معروف فتاح (١٩٩٠ : ١٠٣-١٠٤) تەوەی نێوان ٤ بۆ دە ١٠ لەڕاستیدا لێپرسراوی گواستنەوەی کلتووری زمانی کۆمەڵ بۆ نەوە هاوتەمەنەکانی دواترە. محمد رضا باطنی، (١٣٨٨ : ١٥١)

[2]) یحیی مدرسی (١٣٨٧ : ١٧٧-١٧٨)

جێگەی گرنگیپێدانە، کە ئەویش تەمەنی مێردمنداڵیی، واتە سەرەتای تەمەنی ١٢-١٤ ساڵییە. بەبڕوای labov ((تەمەنی ڕۆشتن بۆ قۆناغی ئامادەیی بە خاڵێکی سەرنجدان و لالێکردنەوەی گرنگ لەم ڕەوتەدا دەژمێردرێت، ڕاستییەکەی سەرەتای قۆناغێکە، کە تەرزە زمانییەکانی بەتەمەنەکان جێگەی گرنگیپێدان و بەکارهێنانی لاوانە. هەر لەم قۆناغەدایە، کە جۆراوجۆری شێواز بۆ یەکێك لە بنەڕەتیترین بەشەکانی گەنجینەی زمانی تاکەکان دەگۆڕرێت. بەم پێیە هەر گرۆیەکی تەمەن، مەیلی بۆ تایبەتمەندییەکانی زمانێکی دیاریکراو هەیە و بە گۆڕرانی تەمەن، ڕادەی بەکارهێنانی ئەم تایبەتمەندییانەش ڕووبەرووی گۆڕران دەبێتەوە.))[1] بەڵام لەگەڵ ئەم گۆڕرانانەشدا تاکەکانی کۆمەڵ ئەو یاسایانە دەزانن، کە لە تەمەنێکدا بەکاردێت. زمان، بۆ هەر تەمەنێك خاسیەتی جیاکەرەوەی خۆی هەیە و هەموو کەسێکیش بەو گۆڕانکارییانەدا دەڕوات تا دەگاتە پلەی تەمەنی پێگەیشتن.[2]

ئاشکرایە دیاریکردنی تەمەن شتێکی نەگۆڕ نییە، چونکە لەگەڵ گۆڕرانی قۆناغی تەمەندا نەوەکانی سەردەمێکیش لەگەڵ سەردەمێکی تر جیاوازییان هەیە و دەگۆڕرێن، لەبەرئەوە پێویستە لە فێربوونی ئیدیەمدا پەیوەست بە تەمەنەوە ئەوەش ڕەچاوی بکرێت، کە هاوتەمەنی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر جیاوازی لێ چاوەڕێ دەکرێت، لەبەرئەوە دەکرێت بگوترێت ((هەندێك جیاوازی لە ڕەفتاری زمانیی گرۆی تەمەنە جیاوازەکان لە کۆمەڵێکی زمانیدا هەن، کە نەك لەگەڵ پلەی تەمەن بەڵکو لەگەڵ نەوەشدا هاوپێوەندیی نیشان دەدەن. واتە هەر نەوەیەك سەرەڕای پاراستنی تەواوی زمانی نەوەکانی پێشوتر، تایبەتمەندێتییەکی هەیە، کە لە زمانی نەوەکانی ڕابردوو یان لە بنەڕەتدا نەبووە یان بەکاربردنێکی ڕێژەیی جیاوازیان هەبووە.))[3] بۆ نموونە ئایا تاك و نەوەیەکە، کە زیاتر پەیوەستە بە دابونەریتی تایبەتی کۆمەڵەکەی خۆیەوە، نەوەیەکە زۆرتر لە دەورووبەرێکی کلتووریدایە یان لە دەورووبەرێکی تەکنەلۆجیی و ...تد، کە بێگومان ئەمەش ڕەنگدانەوەی خۆی لە فێربوون و وەرگرتنی ئیدیەمەکاندا هەیە. بۆنموونە ڕەنگە ئیدیەمێکی وەك **"پا مەوزۆ چێرو وێش"** _ پێ ناخاتە ژێر خۆیەوە، واتە زۆر دەگەڕێت_ و **"موو لوتێن"** _ مووی لووتە_ وەربگرین، ڕەنگە ئاخێوەرێکی تەمەن ١٤ لە واتای هەردوو ئیدیەمەکە تێگەیشتبێت، بەڵام ئاخێوەرێکی تر هەر ئەو تەمەنە، کە لە نەوەیەکی تر بێت، ڕەنگە لە واتای دووەمیان تێنەگات.

کەواتە فێربوونی ئیدیەم لە زمانی یەکەم یان زمانی زگماك، دەکرێت بوترێت لە قۆناغی لاوێتی واتە قۆناغی ناوەندییە وردە وردە هەستی پێدەکرێت، ئەویش بەو هۆیەوە، کە تەرزە ڕەفتاریی زمانی و نازمانی بەتەمەنەکان لەلای ئەو قۆناغەی تەمەنی ئاخێوەرانەوە وردە وردە گرنگییان پێدەدەرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی سەرەتای فێربوونی دەربڕراوێکی وەك ئیدیەم، کە ئەمە بێگومان پێوەند بە زمانی



[1] یحیی مدرسی (١٣٨٧ : ١٨١-١٨٢)
[2] ڕێژنە مەعروف حوسێن (٢٠١٠: ٣٥)
[3] یحیی مدرسی (١٣٨٧ : ١٨٢)

یەکەمەوە بەم شێوەیە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. خۆ ئەگەر فێربوونی ئیدیەم لە زمانی دووەمدا مەبەست بوو، ئەوە بابەتێکی ترە کە دەکرێت زۆر بەکورتی ئاماژەی پێبدرێت.

**۲/۲-۱-۲ ) فێربوونی زمانی دووەم :**

ئەو شێوازە فێربوونەی کە منداڵ هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ گەشەکردنی خۆیدا وردە وردە فێریدەبێت و تا دوواتر بەپێی گۆڕانی قۆناغەکانی تەمەن، شێوازەکانی فێربوونیشی گۆڕانیان بەسەردا دێت، هەرچەندە لە زمانی دووەمیشدا بەهەمان شێوە بێت، بەڵام ناکاتە ئەوەی کە دەتوانێت بە هەمان شێوەی زمانی یەکەم فێری ببێت، مەگەر لەیەك کات و بە یەك شێوە هەردوو زمانەکە بەکار بهێنێت. ئەمەش ڕەنگە ئاکامی تری لێبکەوێتەوە. ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە، کە چۆن ئاخێوەرێك فێری زمانی دووەم دەبێت، هەرچەندە لەمەشدا مەبەستی سەرەکیمان ئیدیەمە.

لەبەرئەوەی زمانە جیاوازەکان وێنای جیاواز لە جیهان پێشکەش دەکەن، کەواتە هەر زمانێك میتافیزیکی شارراوە و تایبەت بەخۆی هەیە، کە ئاخێوەرانی لە چوارچێوەی گوتنە ڕێژەییەکانیدا لەجیهان دەگەن، بە دەربڕینێکی تر ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکان، جیهانبینی جیاوازییان هەیە.[۱] کەواتە هەر لە سەرەتای فێربوونی زمانەوە دەبێت ئەوە لای ئاخێوەر چاوەڕوانکراوبێت، کە مەرج نییە هەموو وێنایەکی ئاوەزی، کە لە مێشکی ئاخێوەرانی زمانەکەی خۆیدایە، لە زمانی بەرامبەردا هەبێت، چونکە زمانەکان جیاوازن، بوونی ئەم جیاوازییەش بەو هۆیەوەیە، کە کلتوورەکان جیاوازن، ئەمەش لە کلتوورەکاندا ڕەنگدەداتەوە و دنیابینی و تێڕوانینی جیاواز و دەربڕاوی جیاواز دەهێنێتەئاراوە، کە دەبێت بە بەشێك لە کلتووری ئەو زمانە و تایبەتمەندیی وەردەگرێت. بۆنموونە دەکرێت ئیدیەمێکی وەك "Kick the bucket" لە زمانی فارسی یان کوردیدا نەبێت، یان بە پێچەوانەوە، **"چنگ لەسەرشان"** لە زمانی ئینگلیزی و هەروەها **"دەزووی وشك دانیەتی"** لە زمانی فارسیدا نەبێت. هەر یەکە لەمانە پێوەندی بە کلتووری تایبەتی خۆیانەوە هەیە و وێناکردنی جیهانی دەورووبەری خۆیانە. هەربۆیە ((تاك دەبێت زۆر بەختەوەر بێت ئەگەر فۆرمی یەکسانی ئیدییەمێك لە دوو زمانی مەبەستدا بدۆزێتەوە.))[۲] تاوەکو بەلایەکەمەوە لە گواستنەوەی واتا و مەبەستدا، هێز و کاریگەرییەکی تاڕادەیەك هاوشێوە لای ئاخێوەر دروستبکات.

وێنای ئێمە بۆ شتەکان و دیاردەکانی جیهانی دەرەوە بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئەزموونی ئێمە _ لە بەرامبەریان_ دا ڕوودەدات، دەگۆڕڕێت و لە ئەنجامدا کرۆکی واتایی وشەش، کە هەر ئەو پێوندییە دوو لایەنەیە، بەگونجان لەگەڵ ئەوەدا دەگۆڕڕێت، ئیتر شێوەی وشە جێگیر بیت یان گۆڕران پەسەندبکات.[۳] ئەم جیاوازیی وێناکردنەش لەگەڵ ئەو گرنگییەی کە لە زمانی یەکەمدا هەیە،

---

[۱]) محمد رضا باطنی (۱۳۸۷ : ۱۸۸)

[۲]) سایدل و مك موردی (۱۳۸٦ : ۱۲)

[۳]) محمد رضا باطنی (۱۳۸۸ : ۲۲٤)



زوبێر عەلی عارف ... نامەی ماستەر ... زانکۆی سلێمانی

هاوکات گرنگی و کاریگەرییەکی زۆریشی لە گواستنەوەی ئەو جۆرە وێناکردنە بۆ زمانێکی تر هەیە، کە پێوەندی بە نزیکی و دووری کلتور و زمانەکان لەیەکترەوە هەیە. بەبڕوای Ervin-Tripp,S((یەکەمین تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە فێربوونی زمانی دووەمدا دەردەکەوێت، لە چوارچێوەی هەلومەرجە کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییەکان و جیاوازیی بەرامبەرەکانە.))[١]

بەو هۆیەوە، کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە فێربوونی زمانی دووەمدا و ئیدیەمیش پێوەندییەکی نزیکی بە دەوروبەری کلتووری کۆمەڵایەتییەوە هەیە. دەکرێت بگوترێت بۆ فێربوونی ئیدیەمەکانیش سەرەتا پێویستە گرنگی بە ناچوونیەکی زمانەکان بدەین تاوەکو ئەو دەوروبەرە کلتووری–کۆمەڵایەتییە بناسین، کە ئیدیەمەکەی لێوە فێردەبین و بەکاردەهێنین. ئەویش لەبەرئەوەی کە (( بەشێوەیەکی ئاسایی ئیدیەم دەربڕینی کلتوور–هەڵگرن و پێویستە بە هەمان شێوەی گرنگیدان بە ناچوونیەکی زمانەکان گرنگی زۆریش بە ناچوونیەکی کلتوورەکان بدرێت،[٢] چونکە ئیدیەمەکان واتای شاراوەی کلتووری دەخەنەڕوو لەبەرئەوە پێویستە ناچوونیەکی زمانەوانی و کلتوورییان لەبەرچاو بگیرێت.[٣]))

سەرەڕای پارێزگاریکردنی شێوە و تایبەتمەندییەکانی ئیدیەم، لە فێربوون و بەکارهێنانی لەلایەن ئاخێوەری زمانێکی ترەوە، پێویستە زۆر گرنگی بەوە بدرێت، کە بە شێوەیەی هەلومەرجی گونجاوی زمانی یەکەم فێریببێت و بەکاریبهێنێت. ئەمەش کارێکی ئاسان نییە و شارەزایی و وێناکردنی کلتووری–کۆمەڵایەتیشی دەوێت، لەبەرئەوە ((دەربڕینێکی ئیدیەمی، بۆ ئەوانەی کە زمانێکی بیانی فێردەبن دژوار و نامۆیە، چونکە بۆیان لێکنادرێتەوە و ناتوانن هیچ پەیوەندییەك بدۆزنەوە لەنێوان واتای وشەیی و واتای خوازەییدا.)) [٤] لەمەوە دەکرێت ئەوە بخرێتەڕوو، کە ڕادەی تێگەیشتنی دەربڕاوەکانی نێوان دوو کەس، کە زانیاریی هاوبەشی زۆرتریان هەیە، زۆر زیاترە لەنێوان دوو کەسی بێگانە. هەر بەم هۆیەوە فێربوونی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان لە فێربوونی زمانی بێگانەدا جەختی لێکراوە، چونکە بۆ تێگەیشتنی دەربڕاوەکان زۆرتر پشت بە ئەزموونەکان (تیۆری واتایی) دەبەسترێت، تا زانیاری زمانی (تیۆری ڕێزمانی).[٥]

کەواتە دەکرێت تایبەت بە فێربوونی ئیدیەمەکانی زمانی دووەم بگوترێت، تاك دەبێت هەمان پێڕەوی زمانەکەی خۆی پەیڕەوبکات و تایبەتمەندییەکانی ئەو زمانەش ڕەچاوبکات، کە ئیدیەمەکەی

---

[١]) نادر جهانگیری (١٣٨٧ : ١٨٣)

[٢]) Banafsheh Ghafel and … , (٢٠١١: ١٦١)

[٣]) Banafsheh Ghafel and … , (٢٠١١: ١٦٠)

[٤]) Alan Anwar Hassan, (٢٠٠٩: ٣٠)

[٥]) دکتر سید محمد ضیاء حسینی، (١٣٨٤ : ١٠٩) هەندێك لە لێکۆڵەران فێربوونی زمانی دووەم لە لێکۆڵینەوە دەروونناسییەکانی زماندا جێدەکەنەوە. ئەڵبەت فێربوونی زمانی دووەم خۆی بوارێکی جیاوازە، کە لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر لە زەمینەی کۆمەڵناسی زمان، دەروونناسی پەروەردەیی و دەروونناسی کۆمەڵایەتی دەخوازێت. دکتر سید محمد ضیاء حسینی (١٣٨٤ : ٥)

لێوەردەگرێت. بێگومان ئەمەش بۆ فێربوونی دەربڕراوێکی وەك ئیدیەم کارێکی ئاڵۆزە، چونکە لەبنەڕەتدا فێربوونی زمانی دووەم، پرۆسەیەکی ئاڵۆز و چەند لایەنەیە. تاك_ئەوەی کە دەیەوێت فێری زمانی دووەم بێت_ لەگەڵ کۆمەڵێك زانیاری نوێ ڕووبەڕوودەبێتەوە، کە پێوستییان بە تێگەیشتن (assimilation)، مامەڵەکردن (processing) و ناواخن ( internalization) ـە، بەتایبەت لەبارەی ئەو زمانانەوە، کە لەگەڵ زمانی زگماك_زمانی یەکەمی ئاخێوەر_ لەڕووی دروستە و وشەکان و ...تد، جیاوازی زۆرتریان هەیە.[1] لەگەڵ ئەو جیاوازی و دژوارییانەی کە لە فێربوونی ئیدیەمەکانی زمانی دووەمدا، ڕووبەڕووی ئاخێوەر دەبنەوە، بەڵام دەکرێت توانای دەستەڵاتشکاندنەوەی بگاتە ئاستێکی وا، کە درك بە زۆرترین زانیاریی کلتووریی-کۆمەڵایەتی زمانی دووەم بکات و بەگوێرەی هۆکارە کۆمەڵایەتی و نازمانییەکان ئاشنای کلتوری کۆمەڵە جیاوازەکە بێت و سەرەڕای بە دروستی بەکارهێنانیان لە زمانی دووەمدا، هاوکات بشتوانێت بەرامبەری نزیکیان لە زمانەکەی خۆیدا بۆ بدۆزێتەوە و پەی بە لێکچوون و جیاوازییان ببات.

## ٢-٢/٢ ) لەڕووی بەکارهێنانەوە:

بەکارهێنانی ئیدیەم وەك دەربڕراوێکی زمانی-کلتووری، پێوەندە بەو هۆکارە کۆمەڵایەتی و نازمانییانەی کە ئیدیەمەکەی تێدا لەدایکدەبێت و دوواتر بەکاردێت. ئاشکرایە، کە ئیدیەمەکان سەرەڕای ئەرکی پێوەندی ئەرکێکی کلتووری-کۆمەڵایەتی دەبینن. لەبەرئەوە گۆڕانی زمان و کلتووری ئاخێوەران دەبێتەهۆی گۆڕانی ئەمانیش، چونکە پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ کلتووری زمانەکەدا هەیە. ئەمە سەرەڕای جیاوازی کلتوورەکان، کە دەبێتە هۆی جیاوازی بیر و ئەزموون و دەربڕراوی جیاواز، کە بێگومان بەشێوەیەکی بەرچاو لە ئیدیەمدا ڕەنگدەدەنەوە. ((زمان لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر و لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر جیاوازی بە خۆیەوە دەبینێت، چونکە وشەکانی زمان بەپێی باری کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕامیاری و ئایینی خۆیان دەگونجێنن، بۆ نموونە ئەگەر ڕامیاری بوو، ئەوا ئاماژەکردنەکانی بەشێك لە ڕامیاری ئەو کۆمەڵە دیاریکراوە لەخۆدەگرێت، خۆ ئەگەر ئابووری بوو، ئەوا ڕەنگدانەوەی ئەو بارە ئابورییە لەخۆدەگرێت.))[2] ئەم ڕەنگدانەوەیەش لە هەموو زمانێکدا هەیە و دەکرێت خۆی بخزێنێتە ناو هەموو جۆرە کەرەستە و دەربڕراوە زمانییەکانەوە، چونکە ((زمان وەك شێوە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانی تر، دەبێت لەگەڵ بارودۆخ و پلەی ئەو ئاخێوەرەی کە بەکاریدەهێنێت، گونجاو بێت.))[3]

بەکارهێنانی ئیدیەم لە ژیانی ڕۆژانەدا، لەلایەکەوە گرنگی و بەرفراوانیی ئیدیەممان بۆ دەخاتەڕوو، لەلایەکی تریشەوە، ناچارمان دەکات شارەزای چۆنیەتی و شوێن و کاتی بەکارهێنانی

---

[1]) آزیتا شمشادی و دکتر محمدرضا شعیری (١٣٨٤ : ٧٩)

[2]) سازان رضا معین (٢٠٠٥: ٧٢-٧٣)

[3]) پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ١٣١)



زۆبێر عەلی عارف ... نامەی ماستەر ... زانکۆی سلێمانی

بین، تاوەکو لەگەڵ ئاخاوتنەکەمان گونجاو بێت و لە کات و شوێنی خۆی و هەر بۆ ئەو مەبەست و واتایە بەکاربهێنرێت. واتە تاك دەبێت لە هەڵبژاردنی ئەم دەربڕڕاوانەدا وردبینییەکی زۆرتر بەکاربهێنێت، چونکە وەك چۆن دروستەی تایبەت و فێربوونی تایبەت بە خۆیان هەیە، هەر بەو شێوەش بەکارهێنانی جیاو تایبەتمەند و بەجێ لە ئاخێوەر دەخوازن.

هەڵبژاردنی دەربڕینەکانیش پەیوەندی بە کەسی بەرامبەر و هەروەها بە دەورووبەر یان کات و شوێنی گفتوگۆوە هەیە،[1] کە تاك لە چ دەورووبەرێکی نازمانی و کۆمەڵایەتیدایە و چ هۆکارێك کاری تێدەکات؟ واتە تاك ئەو ئیدیەمەی کە بەکاریدەهێنێت پێویستە بۆ ئەو واتایە گونجاو بێت کە مەبەستیەتی بیخاتەڕوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە تایبەتمەندیی ژینگەیی و پیشە و ئاست و چین و کاریگەری لەسەر تاك دەبێت، لەوەی کە بە زۆری چ جۆرە ئیدیەمێك فێربووە و زۆرتر بە چ جۆرە دەورووبەرێکەوە پێوەندن. ((بۆ پێوەندییەکی زمانی دوو یەکەی سەرەکی کات و شوێن پێویستن. کات، خۆی دیاریکەری جۆری هەڵبژاردنە لە کۆمەڵێك ئەگەری ڕەفتاری زمانی.[2] شوێن، ڕەنگە زیاتر لە کات توانای دیاریکردنی ڕەفتاری زمانیی هەبێت. شوێن لە هەندێ بابەتدا بەشێوەیەك لەگەڵ ئاخاوتندا پێکەوەنوساوە، کە ڕاستییەکەی جۆر و شێوازی زمانی هەڵبژێرراو بۆ ئاخێوەر دیاریدەکات. واتە شوێنیش، وەکو کات چەمکێکی کلتووریی گۆڕراوی هەیە.[3])) کەواتە لە کات و شوێنێکی دیاریکراویشدا هێشتا هەر دەبێت ڕەچاوی جۆری هەڵبژاردنی ئیدیەمەکان بکرێت بەوەی کە ئایا ئەوە شوێنی ئەو دەربڕڕاوەیە، یان ئایا ئەو کاتە گونجاوە بۆ ئەو دەربڕینە. وەنەبێت تەنیا هۆکاری شوێن و کات کار لەسەر بەکارهێنانی ئیدیەم بکەن، بەڵکو چەند هۆکارێکی تریش هەیە کە هەریەکە و بەپێی گرنگی و چەندێتی، کاریگەرییەکەی لە بەکارهێنانی دەربڕڕاوەکاندا ڕەنگدەداتەوە.

چەند ڕەگەزێك هەیە، کە کۆمەڵ بۆ چەند گرووپێکی جیاواز دابەش دەکەن، وەك: ڕەگەز، تەمەن، پیشە، چین و توێژی کۆمەڵایەتی، ڕادە و پلەی خوێندەواری و ڕۆشنبیری و ئایین. جیاوازی نێوان ئەم گرووپانە و زۆریی و کەمی پەیوەندیکردن و تێکەڵاویی لەنێوانیاندا، دەبنەهۆی دروستکردنی جیاوازی لە شێواز و زمانی قسەکردنیاندا.[4] هەربۆیە ڕوانین لە هەریەکەیان پەیوەست بە ئیدیەمەوە کارێکی پێویستە و دەبێت ئەوە بخرێتەڕوو، کە چۆن کاریگەری لەسەر دروستبوونی ئیدیەم و بەکارهێنانی دەکات.[5]

---

[1]) سایدل و مك موردی (١٣٨٦: ١١)

[2]) نادر جهانگیری (١٣٨٧: ١٨٥)

[3]) سەرچاوەی پێشوو (١٨٦)

[4]) شیلان ڕەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ١٠)

[5]) یەکێك لەو پرسیارانەی کە بەردەوام لە کۆمەڵناسی و زمانناسیدا ڕووبەڕووی دەبینەوە پرسیارێکە کە لە هەر لایەکیانەوە لێی بڕوانین، پرسیاری لایەنەکەی ترمان بۆ سەرهەڵدەدات ئەویش: ((ئایا ڕاڤەیەك لە زمان بە بنەما دادەنێین، کە لەبارەی کۆمەڵەوە شتێکمان بۆ دەخاتەڕوو؟ ئایا ڕاڤەیەك لە کۆمەڵ بە بنەما دادەنێین، کە تێگەیشتنمان لە زمان بۆ دەخاتە سەرپشت؟ ئایا دەتوانرێت ئەم دوو هۆکارە لە یەك شیکردنەوەدا لەبەرچاوبگیرێت؟)) لویی- ژان کالوە، (١٣٧٩: ١٢٥). دەبینین لە ئەنجامی بوونی پرسی یەکەم پرسی لایەنەکەی تریش سەرهەڵدەدات، ئەو کاتەیە، کە ئیتر پرسێکی تر بۆ ئەوانی تریش دێتە ئاراوە.

دەکرێت هەر لە سەرەتاوە ئەوە بخرێتەڕوو، کە لە بەکارهێنانی ئیدیەمەکاندا ڕەنگە بتوانرێت بە گوێرەی جۆرە دابەشکردنێك بزانرێت، ئایا کام لەم پۆلێنکراوانەی خوارەوەیان تێدا دەبینرێت، بەگوێری کام لەمانە جیادەکرێنەوەو دەخرێنەناو چوارچێوەیەکی تاڕادەیەك کراوەی تایبەت بە خۆیانەوە؟ واتە ئایا کام لە هۆکارەکان کاریگەری زیاتری لەسەر ئیدیەمێکی دیاریکراو هەیە، یان لەناو واتای ئیدیەمەکدا کام لە هۆکارەکانی تێدا ڕەنگدەداتەوە؟ ئایا ناوچەی جوگرافی، چەقی هەڵبژاردنی ئەو جۆرە ئیدیەمەیە یان ڕەگەز، یان خوێندەواری یان کات و شوێن و تەمەن؟ یان هەریەکە لە هۆکارەکانی تر، کە دەتوانرێت لە بەکارهێنانی ئیدیەمەکاندا ئەم جۆرە تایبەتمەندییە بدۆزرێتەوە و پەیپێببرێت. ئەو هۆکارانەشی کار دەکەنەسەر بەکارهێنان و هەڵبژاردنی جۆری دەربڕراوە جیاوازەکان، بریتین لە: هۆکاری جوگرافیی و پلە وچینی کۆمەڵایەتی و ڕەگەز و... تد، کە دەکرێت لێرە بەدووا بە جیا و سەربەخۆ، پێوەند بە ئیدیەمەوە بخرێنەڕوو.*

### ٢/٢-٢-١) ناوچەی جوگرافی

هۆکاری جوگرافی یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی، کە لە زمانیشدا ڕەنگدەداتەوە و جیاوازیی و تایبەتمەندیی زمانی جیاواز و دیاریکراو دەهێنێتە ئاراوە. ((ئاخێوەرانی زمانێك بەپێی ناوچەی جوگرافی ئەو شوێنەی کە تێیدا لەدایکبوون و گەشەیان کردووە، دەکرێت تایبەتمەندی زمانیی جیاوازیان هەبێت.))[١] واتە سنوری جوگرافی وادەکات، کە ئاخێوەر بەگوێرەی ئەو ناوچەیەی تێیدا دەژی، دەربڕراوەکانی هەڵگری سیمایەك بن، کە لە تایبەتمەندیی جوگرافیی ئەو ناوچە جوگرافییە دیاریکراوەوە وەریانگرتوون. ڕەنگە ئەم کارتێکردنەش لەوەدا دەربکەوێت، کە بیرکردنەوە و دەربڕراوەکان و گوزارشتکردنەکانی ئاخێوەرانی ئەو ناوچە جیاوازانە، دیاردە و شوێن و ڕووداو و هۆکاری ئەو ناوچەیان تێدا ڕەنگبداتەوە، کە پەیوەستن بە ناوچەیەکی دیاریکراوەوە، کە ئاخێوەرانی تێدا دەژی.

دیاردە سروشتییەکانی وەك کەژ و کێو، دەریا، و ڕووبار لە بەرامبەر فراوانبوونی تایبەتمەندییەکان یان داهێنانە زمانییەکان لە پانتایی جوگرافیدا، ئاسایی ڕێگرییان دروستکردووە و ڕێگری تێپەڕبوونی شەپۆلی گۆڕانە زمانییەکان و ڕۆشتن و گواستنەوەی هەندێك لە تایبەتمەندییەکان بۆ ناوچەکانی دراوسێ بوون. پێکهەڵ لەگەڵ تیۆری شەپۆلەکان*، داهێنانە زمانییەکان بەشێوەی

---

هەربۆیە ناکرێت لە کارێکدا، کە پێوەندی بە زمان و کۆمەڵەوە هەیە، لەڕووانگەی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوە فەرامۆش بکرێت، کە زۆرێك لە کەرەستە و دەربڕاوەکان لە هەردوو بوارەکەدا هاوبەشن، کە ئەمەش لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕەنگیداوەتەوە.

*) بۆ ئەم جۆرە پۆلێنکردنە سودم لە: کامبیز محمود زادە، (١٣٨٨: ٢٠-٢٥) وەرگرتووە.

[١]) یحیی مدرسی (١٣٨٧: ١٤١)

*) Wave Theory لەلایەن (J. Schmidt) لە سەدەی نۆزدەیەم دانرا و لەو تیۆرییانەیە، کە ئەمڕۆش جێگەی گرنگیپێدانی کۆمەڵناسانی زمانە. بەپێی ئەم تیۆرە، دووری یان مەودای شوێنییش هۆکارێکی گاریگەری جیاوازە زمانییەکانە.بڕوانە: یحیی مدرسی، (١٣٨٧: ١٤٥)

شەپۆل لە ناوچە نزیکەکانی ناوەندی دروستبوونی خۆی، فراوان دەبن و بڵاودەبنەوە.[1] لەبەرئەوە دەکرێت ناوچە جوگرافییەکانیش لە ئاست جۆری جیاوازی زمانە جیاوازەکاندا فراوانی یان سنورداری و بەرتەسکییان پێوە دیاربێت. ئەگەر جوگرافیای ناوچەی هەورامان بە نموونە وەربگرین، لەگەڵ ئەوەی سنورێکی تاڕادەیەك دیاریکراوی هەیە، بەڵام دیاردە یان ڕێگرییەکانی وەك کەژ و کێو بەو شێوەیە نەبوونەتەهۆی ئەوەی، هەر یەکە لە گوند و ناوچە و شارۆچکەکانی بە تەواوی لێکدابڕێن و لەڕووی کلتورییەوە جیاوازی پەیدا ببێت. هەرچەند ئەمە بەو واتایە نییە کە هیچ جۆرە جیاوازییەك لەئارادا نییە، بەڵکو لێرەدا مەبەست جیاوازییەکە، کە گەیشتبێتە ئاستێکی تەواو جودا و لەڕووانگەی کلتوریی و زمانییەوە.

بۆنموونە لە هەورامانی تەختدا، ئیدیەمێکی وەك **"چوننەری تەنکە سەرەش زلەن"** _ واتە چەوەنەری شوێنێك، کە فراوان و تەنکە، سەری زلە. واتای ئیدیەمی واتە: شوێن و جێگە و پێگەیەکی خۆشی هەیە_ بەکاردەهێنرێت، ئەگەر چی کاریگەریی ناوچەی جوگرافیی تێیدا بەئاشکرا دیارە، دەشێت تەنانەت بەکارهێنانی ئەم نموونەیە لە هەورامانی لهۆندا بەرچاونەکەوێت، ئەویش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە **"چەوەنەر"** لەم ناوچەیەدا _هەورامانی لهۆن_ ناکرێت و بەرهەمناهێنرێت، بەڵام لەوێ _هەورامانی تەخت_ ئەو بەرهەمە هەیە و بۆی ڕەخساوە بچێتە ناو ئیدیەمەوە، کە ئەمەش شتێکی ئاساییە و دەکرێت لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر کە هیچ دابڕانێکی سروشتی لێکی جیانەکردبێتنەوە هەستی پێبکرێت و ببینرێت.

هۆکاری جوگرافی و کۆمەڵایەتی، زۆرجار کەم تا زۆر لایەنێکیان کاریگەریی پتری لەویتریان دەبێت و ئەویتر لەخۆدەگرێت و زیاتر دەبێتەهۆی جیاوازی زمانیی لە بەکارهێنان و جۆری دەربڕراوەکاندا، ((ڕەنگە هۆکارە کۆمەڵایەتی–کلتوورییەکان، هۆکاری جوگرافی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و تەنانەت نەشیهێڵێت.))[2] بە دەربڕینێکی تر دەکرێت بوترێت ((دووری، هۆکارێکی گرنگ و سەرەکییە لە بڵاوبوونەوەی شێوە و شێوازەکانی زماندا، هەرچەندە لە زۆرێك لە بوارەکاندا، دووریی کۆمەڵایەتی دەکرێت بە هەمان ئەندازەی دووریی جوگرافیی گرنگی هەبێت، چونکە دەکرێت دوو شار لەڕووانگەی کۆمەڵایەتییەوە لە دوو گوندی نێوانیان لەگەڵ یەکتر، نزیکتربن.))[3] کە ئەمەش سەرەڕای پێوەندی بە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە، دەکرێت پێوەندیی بە ئاستی ڕۆشنبیریی ئەو دوو شارەوە هەبێت، کە بەیەکەوەی گرێداون. ئەمەش ناکرێت بەشێوەیەکی ڕەها و بۆ هەموو کات و شوێنێك بێت، چونکە دەکرێت ناوچەیەك هەرچەندە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لێکنزیکبن، بەڵام دووریی جوگرافی بووبێتە هۆی ئەوەی کە بیر و گوزارشت و دەربڕراوی جیاوازیان لە ئاست یەکتردا هەبێت. دووریی جوگرافیی دەبێتە هۆی دروستبوونی تایبەتمەندێتی لە ژیانی تاکەکانی ئەو ناوچە جوگرافییە و



[1] ) یحیی مدرسی (١٣٨٧: ١٤٤)
[2] ) سەرچاوەی پێشوو (١٤٦)
[3] ) پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ٢٢٣)

جیاوازبوونیان لە شێوازی ژیاندا، کە بێگومان لە بیر و ڕەفتاریاندا ڕەنگدانەوەی دەبێت و لە ئەنجامی ئەم جیاوازیی بیرکردنەوەیە و ڕەفتاریان، دەربڕینەکانیشیان جیاواز دەبێت، چونکە "گۆڕانکاریی لە ژیان و هزر و بۆچوون، گۆڕانکاریی لە دەربڕیندا لێدەکەوێتەوە." [1] لەهەموو بارێکدا دەبێت ئەوەش ڕەچاوبکرێت، کە دووریی جوگرافیش تەنیا پێوەندیی بە زمانە جیاوازەکان یان زارە جیاوازەکانەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بە شێوە جیاوازەکانی زار و شێوەزار و زارە ناوچەییەکانیشەوە هەیە.

کۆمەڵێك، کە تێیدا زۆرتر زاراوە و پەند و ئیدیەمی پێوەند بە کەژ و کێو ، دەریا، دارستان، گژوگیا، ئاژەڵ، باڵندە و بەشێوەیەکی گشتی سروشتی تێدایە، بە کۆمەڵێك دەژمێردرێت، کە بەشێوەیەکی فراوان بە سروشت و ئەوەی کە پێوەندی پێوەی هەیە، وابەستەیە. [2] دەکرێت بە ئاشکرا چەند نموونەیەکی ئیدیەمی بخرێنەڕوو، کە پێوەندییان بە ناوچەی جوگرافییەوە هەیە، بۆنموونە:

**"گیلاخەو وەهاریش واردەن"** بەرامبەرە بە: گیلاخەی بەهاری خواردووە.

واتای ئیدیەمی: کەسێکی گێل و حوڵە.

**"تەوەنە و دەرەینە"** بەرامبەرە بە: واتە بەردی ناو چەم و دۆڵە.

واتای ئیدیەمی: کەسێکی بێ بارە، هیچ لەباریدا نییە.

**"وەروە هەرگیز گەرمە مەبۆ"** بەرامبەرە بە: بەفر هیچ کات گەرم نابێت.

واتای ئیدیەمی: کەسێك ئینکارەو هەر حاڵی نابێت، یاخود جۆرە ڕەوشتیکی هەیە هەرگیز نایگۆڕێت.

**"هەرزنێ کەرۆ دارەرە"** بەرامبەرە بە : هەرزن دەکات بە دارەوە.

واتای ئیدیەمی: کەسێکی فێڵبازە.

**"کۆڵە پوش"** بەرامبەرە بە : کۆڵە پووش.

واتای ئیدیەمی: کەسێکە، کە ئاژاوە و ئاشوبدەنێتەوە.

**"کەردەنش ڕاو هانەی"** بەرامبەرە بە: واتە کردوویەتی بە ڕێی کانی.

واتای ئیدیەمی: زۆر ئەمسەر و ئەوسەر و هاتوچۆ دەکات.

**"کەشۆ وەستەنەرە"** بەرامبەرە بە : لە شاخەوە دابەزیوە. کێوییە.

واتای ئیدیەمی: لە هیچ ناگات، یان ئاگای لە هیچ نییە و هیچ نازانێت.

دەبینین هەریەکە لەم ئیدیەمانەدا کاریگەریی شوێنی جوگرافی و ڕووداوی ناو دیاردەی جوگرافییان پێوە دیارە و توانیویانە لە فەرهەنگی ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارەدا، بچنە ناو ئیدیەمەوە. ئەمەش بەو هۆیەوەیە، کە مامەڵەکردن لەناوچەیەکی جوگرافیی جیاوازدا تەرزی بیرکردنەوەی پەیوەند بەو دەورووبەرە دەهێنێتە ئاراوە و گوزارشتەکانیش ڕەنگدەرەوەی جۆری ژیان و تایبەتمەندیی کلتووری و جۆری بیرکردنەوەی ئاخێوەرانی ئەو ناوچە جوگرافییە جیاوازەن. لەبەرئەوە دەتوانرێت بگوترێت مرۆڤ چ وەك بیرکردنەوە چ وەك بەکارهێنانی دەربڕاوەکان بەشێکی

---

[1]) هێمن عبدالحمید شمس (٢٠٠٦: ٤١)

[2]) کامبیز محمود زادە (١٣٨٨: ٣)

دانەبڕاوە لەو سروشت و ناوچە جوگرافییەی کە تێیدا دەژی. بە بڕوای د.حوسەینی خەلیقی: مرۆڤ بەشێکە لە سروشت و پێکەوە هاوئاهەنگییان هەیە، کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە و هەمیشە کارلێکیان پێکەوەیە.[1] بەوهۆیەوە ناوچەی هەورامان، کە سروشتێکی شاخاوی و باراناوی هەیە و دارستان و چەم و دۆڵ و ئەشکەوت و ... تد، سروشتی جوگرافییان پێکهێناوە، ئاساییە، کە دیاردەکانی لەناو ئیدیەمەکاندا جیاکەرەوەیەکی تایبەتی خۆی بن و زۆرێکیان بەهۆی کاریگەریی هۆکاری جوگرافییەوە سەریانهەڵدابێت و دروستبووبن. دەشێت ئەوە بوترێت، سەرەڕای ڕەنگدانەوەی دیاردەی سروشتی و بوونی ئیدیەمی تایبەت بە ناوچەی جوگرافیی لە ناوچە جیاوازەکانی هەوراماندا، دەکرێت تایبەتمەندییەکەی لە ڕێژە و وشە و دیاردەکانیدا بێت، کە ئەمەش لە هەموو زمان و زار و شێوەزارێکدا دەکرێت بەم شێوەیە بێت.

## ٢-٢-٢/٢ ) پلە و چینی کۆمەڵایەتی

ئاشکرایە ئەو هۆکارانەی کە دەبنەهۆی جیاوازیی زمانی، هەریەکەیان بەپێی تایبەتمەندیی و سنوور و توانای خۆی کار لەسەر ڕەفتاری زمانی و هەڵبژاردنی دەربڕاوەکان دەکات. یەکێکی تر لەو هۆکارانە، پلە و چینی کۆمەڵایەتییە، کە دەکرێت بگوترێت ((ڕادەی فراوانیی هەمەچەشنی و جۆراوجۆرییە کۆمەڵایەتییەکانی زمان، بە پێکهاتەی ناوەوەی کۆمەڵێك و پێوەندی گرووپە جیاوازەکان و ڕێگرییە کۆمەڵایەتییەکانی ناویەوە بەندە.)) [2]

بە بڕوای Trudgill ((گرۆیەك لە ئەندامەکانی کۆمەڵێك کە تایبەتمەندیی ئابووری یان هاوشێوەیان هەیە، بە چینێکی دەژمێردرێن.))[3] چینی کۆمەڵایەتی [*] لە گرنگترین ئەو پێوەر و مەرجانەیە، کە بۆ پۆلێنکردنی ئەندامەکانی کۆمەڵێك و دیاریکردنی ڕۆڵی کۆمەڵایەتییان بەکاردەهێنرێت.[4] دەکرێت شێوازی ئاخاوتن، بەپێی چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لە ڕەفتاری زمانی و جۆری دەربڕاوە زمانییەکاندا بە ئاشکرا ڕەنگبداتەوە. بە جۆرێك، کە هەست بکرێت لە هەڵبژاردنی دەربڕاوەکاندا چینێکی لەگەڵ چینەکانی تردا جیاوازن، ئیتر ئایا لە جۆری کەرەستە هەڵبژێراوەکانەوە، یاخود لە شێوازی ئاخاوتن و بەکارهێنانی شێوازی زمانی جیاوازدا بێت. بۆنموونە بەکارهێنانی وشانێکی

---

[1]) عزەت فتاح حمەصاڵح (٢٠٠٥: ٩٢)

[2]) یحیی مدرسی (١٣٨٧: ١٤٨)

[3]) پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ٤٧)

[*]) کۆمەڵناسان لە ڕووانگەی جیاوازەوە پلەی کۆمەڵایەتییان پێناسەکردووە. دەستەیەکیان، پلەی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای پێگە و ئیمتیازاتی کۆمەڵایەتی تاکەکان دیاری دەکەن و کۆمەڵێك هۆکاری (وەك پیشە، ڕادەی داهات، شوێنی نیشتەجێبوون و ... تد) بە پێوەری دیاریکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی و پلەی ئەوان دادەنێن. دەستەیەکی تر بڕوایان وایە، کە ئەندامانی کۆمەڵێك وێنایەکی گشتییان لە ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان هەیە. بەم پێیە دەتوانرێت لەسەربنەمای داوەریی تاکەکان خۆیان، پلەی ئەوان دیاریبکەن. هەندێك لە کۆمەڵناسانیش چینی کۆمەڵایەتی تاکەکان لەسەربنەمای ڕۆڵ و پێگەی ئەوان لە پێوەندییە زاڵبووەکان بەسەر کۆمەڵەوە دیاری دەکەن. بڕوانە: یحیی مدرسی (١٣٨٧: ١٤٨-١٤٩)

[4]) یحیی مدرسی (١٣٨٧: ١٤٨)

وەك: سەراو، ئاودەست، تەوالێت، دەبلیو سی. دەكرێت بگوترێت بەكارهێنانیان بەپێی ئاست و پلەی كۆمەڵایەتیش دەگۆڕێت.

دەكرێت لە هەموو كۆمەڵێكی زمانیدا چینە كۆمەڵایەتییەكان دەربكەون. ئەم جیاوازە كۆمەڵایەتییانە، بەرهەمی ڕادەی داهات، پیشە و خوێندەواریی و هەندێك هۆكاری ترن، كە كاریگەری لەسەر شێواز و شێوازی فەرمیی ئاخاوتنی تاكی كۆمەڵێكی زمانیدا دادەنێن.[١]

جیاوازییە كلتووری و كۆمەڵایەتییەكان چەند دیاریكراوتر و بەرجەستەتربن و چوارچێوە سنورادركراوەكانی زاڵبوو بەسەر پەیوەندیی چینە جیاوازەكانی كۆمەڵێك زۆرتر بن، ئەوا ڕەنگدانەوەی ئەوانیش لە زماندا ئاشكراتر و بەرجەستەتردەبن. هەروەها بە پێچەوانەوە.[٢] بۆنموونە ڕەنگە گوزارشتكردن لە ڕووداوێك لای چینێكی كۆمەڵایەتی، بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆتر لە بەرامبەر چینەكانی تر بەدیبكرێت. بۆ نموونە یەكێكیان بۆ ئەوەی گوزارشت لە كەسێك بكات ، كە ئۆقرەی نەماوە و خۆی پێڕانگیرێت و بەهەرجۆرێك بێت دەیەوێت ئەو ئیشە بكات، ئیدیەمی **"كرمیش كرییێنە"** _ واتە كرمی تێكراوە._ بەكاردەهێنێت، بەڵام كەسێكی تر هەر بۆ ئەو واتایە، ڕەنگە ئیدیەمێكی وەك **"مشۆم ئا كرمێ كوشۆ"** _ واتە دەبێت ئەو كرمە بكوژێت_ بەكاربهێنێت. هەرچەند ئەمەش دیسانەوە ناتوانێت یارمەتیدەرمان بێت، بۆ ئەوەی بڵێین، ئەمەیان لە چینێكی باڵاترە و ئەوی تریان چینێكی خوارترە، چونكە دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنرێت، كە دیاریكردنی چینی كۆمەڵایەتیی تاكەكان كارێكی ئاسان نییە،[*] بەتایبەت ئەگەر بێت و لەڕووی دەربڕینەوە، بەكارهێنانی وەكیەك زۆرتر لەئارادابێت. هەربۆیە دەكرێت بگوترێت ((هەموو كەس دەزانێت بە كام گرووپی نەتەوەیی و نەژادەوە پەیوەندە، لەكاتێكدا نازانێت پەیوەندە بە كام چینی كۆمەڵایەتییەوە.))[٤]

بەكارهێنانی ئیدیەم سەرەڕای ئەوەی كە تاڕادەیەك پێوەندی بە چینی كۆمەڵایەتی ئەو كەسە هەیە كە بەكاری دەهێنێت، بەڵام پێویستە ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت، كە لە كام چینی كۆمەڵایەتی و بۆ كام بەرامبەر بەكاردەهێنرێت، چونكە بێگومان ((تاكەكانی كۆمەڵێك لەڕووانگەی كۆمەڵایەتییەوە هاوئاست نین. هەرچەندە دەكرێت لەڕووانگەی ئاخاوتنی ئاخێوەرەوە هەست بەوە بكرێت، كە ئایا

---

[١]) محمد ضیاء حسینی (١٣٨٩: ٢١٨)

[٢]) یحیی مدرسی (١٣٨٧: ١٨٦–١٨٧) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: یحیی مدرسی (١٣٨٧: ١٤٩، ١٥٦–١٥٧)

[*]) ڕێگەیەكی بەسود بۆ پۆلێنكردنی پلە و پایەكۆمەڵایەتییەكان، شیكردنەوەی پلەوپایەیە لەسەر سێ بنەمای دیاریكراوی: شوێن، ئەندامان، بابەتی گفتوگۆ. بەگشتی دەتوانرێت بگوترێت كە ئەم سێ سیمایە پێكهێنەری كۆمەڵێك بوار (domain)ی جیاوازن. بواریش، نموونەی جۆریی هەر پێگەیەكی كۆمەڵایەتییە بەهۆی سێ تایبەتمەندیی ئاشكرای، شوێن و پەیوەندیی تاكەكان و بابەت. بڕوانە (برنارد اسپالسكی، ١٣٨٧، ل١١٤.) یەكێك لە دیارترین بوارەكانیش بواری ماڵەوەیە. كۆمەڵێك بابەتی پەیوەند بە كلتوور لە هەر بوارێكدا هەیە. بەنموونە چالاكیی ئەندامانی خێزان، دەنگوباس لەبارەكان ئەم كەسانەوە، خۆراك، و كاروباری ماڵداری، بە بابەتی پێوەند بە بواری ماڵەوە ئەژماردەكرێن. جێی ئاماژەیە، كە لە هەر بوارێكدا، جۆرێكی زمانیی تایبەت بەكاردەهێنرێت. بوارێكی تریش، بواری شوێنی كار و پیشەیە و، بابەتەكانیشی بابەتی پێوەند بە چالاكییە پیشەییەكانن. بڕوانە: برنارد اسپالسكی، (١٣٨٧: ٤٦–٤٧)

[٤]) یحیی مدرسی (١٣٨٧ : ١٧٤)

**ئاخێوەر بەرامبەرەکەی خۆی لەڕووانگەی کۆمەڵایەتییەوە بە نزمتر یان هاوئاست یان بەرزتر دەزانێت؟))[1] هەروەها هۆکارەکانیش بە بەراورد لەگەڵ یەکتر کاریگەریی کەمتر یان زۆرتریان لەسەر دەربڕراوەکان دەبێت. ئەمەش بەندە بەوەی کە چەندە ئەو هۆکارە نزیکتر بێت لە سروشتی کۆمەڵەکەوە ئەوەندە زیاتر دەتوانێت کاریگەرتر بێت، واتە تاکەکان چەندە کۆك و تەبا بن لەگەڵ هۆکارەکان، پتر دەتوانن کاریگەریی لە دەربڕینەکانیاندا هەبێت. هەرچەندە زۆرجاریش دەوترێت : ((لەناو گرۆ کۆمەڵایەتییەکاندا لێکچوونێکی زیاتر هەیە وەك لەناو گرۆ جوگرافییەکاندا، واتە دووریی کۆمەڵایەتی، پتر لە دووریی جوگرافیی دەبێتەهۆی جیاوازی.))[2]**

**ئیدیەم دەربڕراوێك نییە، کە تایبەت بێت بە خەڵکی چینی خوارەوە بۆ بەهێزکردنی ئاخاوتن و گفتوگۆکانیان، بەپێچەوانەوە، بەکارهێنانی ئیدیەم بۆ هەموو جۆرە کەس و چینێك ئاساییە.[3] بۆنموونە چەندین ئیدیەمی وەك ئەم ئیدیەمانەی لای خوارەوە ڕەنگە لە هەموو ئاست و چینێکدا ئاسایی هەستی پێبکرێت، کە ئەوە نیشاندەدات، ئیدیەم بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاوی زمانە و ناتوانرێت بە شێوازی ئاخاوتنی گروپ یان ئاست و چینێکەوە ببەسترێتەوە و سنوردار بکرێت.**

**"سەرێ بێ دەلاکێ تاشۆ"** **بەرامبەرە بە: سەری بێ دەلاك دەتاشێت.**

**واتای ئیدیەمی: واتە لە ئیشێك نازانێت و دەشیکات، یان سەرەڕۆیە.**

**"مەشێ مێمانەش نیەنە"** **بەرامبەرە بە : مێش میوانی نییە.**

**واتای ئیدیەمی: گرنگی پێ نادات. باکی لەوە نییە، کە چییە و چی نییە.**

**"دڵش ئینا مشتەشەنە"** **بەرامبەرە بە : دڵی لەناو مشتیدایە.**

**واتای ئیدیەمی: واتا ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری هەیە.**

**"تەڕ مەبۆ"** **بەرامبەرە بە : تەڕ نابێت.**

**واتای ئیدیەمی: واتە تەریق نابێتەوە و شەرم ناکات، گوێی لە عەیب و عار نییە.**

**دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا ئیدیەم زیاتر لای کام چینی کۆمەڵایەتییە، کارێکی ئاسان نییە، چونکە دەربڕراوی کلتور هەڵگرن، کلتوریش هی هەر تاکێکی کۆمەڵێکی دیاراوە، ئەمە جگەلەوەی کە ئیدیەم، لەبنەڕەتدا تایبەت نییە بە چینێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو هی هەموو ئاخێوارانە و پێوەندییان بە کلتووری– کۆمەڵایەتی تاکەکانەوە هەیە، ئەمەش وا دەکات وەڵامدانەوەی ئەو پرسەی سەرەوە کارێکی دژواربێت.**

---

[1]) **محمد رضا باطنی، چهار گفتار درباره زبان (١٣٨٥: ٨٩) هەروەها بڕوانە: هۆگر محموود فرج (٢٠٠٠: ١٤٥)**

[2]) **پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ٤٩). لە هەردوو بواری هەمەچەشنی کۆمەڵایەتی** social varieties **و هەمەچەشنی هەرێمی** regional varieties **دا، ڕێگری** (barriers) **و دووری** (distance) **ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە. بەم پێیە دەکرێت بڵاوبوونەوەی تایبەتمەندییەکی زمانی لە ئەنجامی ڕێگرییەکی، وەك چینایەتی، تەمەن، و...تد، یان هۆکاری تر بوەستێت. پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ٤٦) بۆ زانیاری یاتر بڕوانە: پیتر ترادگیل، (١٣٧٦: ١٠٣) ، لویی– ژان کالوە (١٣٧٩: ١٦٠)**

[3]) Rafael Monroy Casas , (١٩٩٥: ٥٥)

جیاوازییە زمانییەکان لە کۆمەڵگە گوندنشینەکاندا کە دروستەیەکی سادەیان هەیە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەندامەکانیان لێکچوونێکی زۆرتریان لەگەڵیەك هەیە، بەشێوەیەکی گشتی کەمتر لە کۆمەڵە گەورە شارییەکانە، کە دروستەی کۆمەڵایەتییان ئاڵۆزترە و ئەندامەکانیان ڕۆڵی جۆراوجۆرتریان لەخۆگرتووە.[1] لەبەرئەوە چاوەڕێدەکرێت لە بەکارهێنانی ئیدیەمەکاندا، جیاوازی لەنێوان کۆمەڵە بچوکترەکاندا کەمتر بێت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە دەکرێت پلە و چینی کۆمەڵایەتی لە ئاخێوەرانی زمانێك بۆ زمانێکی تر جیاوازییەکی بەرچاوی هەبێت، یان هەر کۆمەڵی وا هەبێت، کە پلەو چینی کۆمەڵایەتی  تێیدا تاڕادەیەکی زۆر کەم و لاواز بێت، یان هەر نەبێت. ڕەنگە ئەمەش بە لێکۆڵینەوەی وردی مەیدانی بتوانرێت دیاریبکرێت. ئاسایی لەناو کۆمەڵێکی دیاریکراودا جیا لەوەی هۆکاری جوگرافی و  چینی کۆمەلایەتی  کار لە شێواز و هەڵبژاردنی دەربڕینەکان دەکات، ڕەگەزیش هۆکارێکی سەرەکییە لە جۆری هەڵبژاردن و وەرگرتنی دەربڕاوەکان و بەکارهێنانیان لە ژیانی ڕۆژانەدا، کە ئەوە دەخوازێت بخرێتەڕوو.

### ٢/٢-٢-٣ ) ڕەگەز

ڕەگەز یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە کار دەکاتە سەر ڕەفتاریی زمانیی و هەڵبژاردنی کەرەستەو دەربڕاوەکان و تەنانەت بیرکردنەوەی تاکەکان، ئەم کارکردنەش بێگومان لە زماندا ڕەنگدەداتەوە، چونکە (( زمان هۆکاری بەرجەستەکردنی شوناسی ڕەگەزیی و ڕەنگدەرەوەی ئەویشە. ئا لەم کاتەدا زمان، نوێنەری شوناسی ڕەگەزیی ئاخێوەرە لەلایەن بەرامبەرەوە و هاوکات نیشاندەری جیاوازییە ڕەگەزییەکانیشە لە ئاخاوتنی ئاخێوەردا))[2] بۆنموونە بەکاربردنی نموونەی ئیدیەمی وەك :

**"پا مەوزۆ چێرو وێش"** بەرامبەرە بە: واتە پیّ ناخاتە ژێر خۆی.

واتای ئیدیەمی: واتە زۆر دەگەڕێت.

**"گاویَ قۆتێنە و وستێنەش کادان"** بەرامبەرە بە : مانگا قۆچی لێداوە و خستوویەتییە کادانەوە.

واتای ئیدیەمی: بەختی کراوەتەوە _ (بۆ کچ)_ و کەوتووەتە ناو خۆشییەوە.

دەشێت بوترێت زۆرتر ژن بەکاریاندەهێنێت و پیاو لە ئاخاوتنەکانیدا لێیان دووردەکەوێتەوە و بەکاریان ناهێنێت، هەربۆیە سیمایەکیان وەرگرتووە وەك ئەوەی کە تەنیا دەربڕاوێکی تایبەت بە ئاخاوتنەکانی ڕەگەزی مێ بن. یان چەند نموونەیەکی تر، کە بەزۆری پیاو لە ئاخاوتنەکانیدا بەکاریان دەهێنێت. بۆنموونە:

**"پاش نیان کەڵەکۆ"** واتای فەرهەنگی:  واتە پێی ناوە بە کەڵەکەوە.[*]

---

[1]) یحیی مدرسی (١٣٨٧: ١٥٧)

[2]) عباس محمدی اصل (١٣٨٨ : ١٩٠)

[*]) کەڵەك: کۆما بەردی بەسەریەکدا دراو، بڕوانە: هەنبانە بۆرینە (١٣٧٦: ٦٦٦)



زانکۆی سلێمانی ... نامەی ماستەر ... زوبێر عەلی عارف

**واتای ئیدیەمی : واتە روودار بووە و شەرم و حەیا ناکات.**
**"واش کریاننە" واتای فەرهەنگی: واتە بای تێکراوە.**
**واتای ئیدیەمی: زۆر پەست و تورەیە. پەمپدراوە.**

هەریەکە لەم ئیدیەمانەش ڕەنگە ژن بەکاریاننەهێنێت، بەم شێوەیە تایبەتمەندیی بەکارهێنانی وشەکان، جیاوازی ڕەگەزیی لە زماندا رەنگپێدەداتەوە.

ژن و پیاو، ڕۆڵ و ئەرك و لێپرسراوێتییان جیاوازە. ئایین، کۆمەڵ و بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکان، وەك یەك مامەڵەیان لەگەڵدا ناکەن و بە یەك چاو تەماشایانناکەن.[1] بەبڕوای Johnson ((ژنان و پیاوان لەبنەڕەتدا جیاوازن و ئەم جیاوازییەش لە بەکارهێنانی زماندا دەردەکەوێت.))[2] لەبەرئەوە ئاسایی دەتوانرێت بە لێکۆڵینەوە لە زمانی هەردوو ڕەگەز پەی بە تایبەتمەندییە کلتووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت کەسییەکانی هەر یەکەیان ببرێت و لێکچوون و جیاوازییەکانیان لە بەکارهێنانی زمان، بەتایبەت دەربڕاوە کلتووری-کۆمەڵایەتییەکاندا دیاریبکرێت. دەتوانرێت بوترێت ((کۆمەڵ، تایبەتمەندییە جیاوازەکان لە دوو ڕەگەزەکەدا بەشێوەی جیاواز هەڵدەسەنگێنێت.))[3] چونکە لە بنەڕەتدا جیاوازن و ئەم جیاوازییەش لە زماندا بەئاشکرا ڕەنگدەداتەوە، بەڵام بوونی جیاوازییە زمانییەکانیش هەمیشە لە یەك ئاستدا نین و دەکرێت لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر یان لە تایبەتمەندییەکەوە بۆ یەکێکی تر بگۆڕرێت.

جیاوازییە زمانییە بەرچاوەکان لەنێوان ژنان و پیاوان هەمیشە لێکسیکی نین بەڵکو لە زۆرێك لە بوارەکاندا لایەنی دروستەیشیان هەیە، ئەندامەکانی کۆمەڵێکی زمانی بەرامبەریان بەئاگا و هەستیارن، بەم پێیە لە بەکارهێنانی شێوە گونجاوەکاندا هەستیاری نیشاندەدەن.[4] بەئاگابوونی بەکارهێنانی تەرزە ڕەفتاریی زمانیی جیاواز، دەکرێت بوترێت سنور و پەرژینێکی ڕەگەزیی بۆ کەرەستەو دەربڕاوەکان دروستدەکات تا هەردەم ئاخێوەرانی ڕەگەز جیاواز، لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی دەربڕاوەکاندا نەچنە ناو سنوری ئەویترەوە،((پیاوان وشانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە کە ژنان لێیان تێدەگەن، بەڵام هەرگیز بەکاریان ناهێنن. لەلایەکی ترەوە ژنانیش وشە و زاراوانێکی

[1]) شیلان رەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٢٦) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: یحیی مدرسی (١٣٨٧: ١٦٠-١٦١). هەروەها بڕوانە : ریژنە مەعروف حوسێن (٢٠١٠: ٣٣-٣٤)

[2]) عباس محمدی اصل (١٣٨٨: ٢٤٥) لەهەر ڕاڤەکردنێکی شێوازەکانی زمان و ڕەگەز، دەبێت زەمینەی کلتووری لەبەرچاوبگیرێت (Tannne:١٩٩٤). هەروەها دەبێت روون بکرێتەوە، کە جیاوازییە ڕەگەزییەکان گشتاندن لەخۆناگرن و لە هەموو ژنان و پیاواندا دەرناکەون. بڕوانە : (نیك لاند، (١٣٨٨ : ٤٥-٤٦)

[3]) پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ١٢٢) ((لەگەڵ ئەوەی کە هۆکاری ڕەگەز لە بنەڕەتدا لایەنی بایۆلۆژی هەیە، بەڵام لەوەدا کە ژنان و پیاوان ڕۆڵی کۆمەڵایەتی تەواو یەکسانیان نییە، ئاسایی ڕەگەزیشیان بە هۆکارێکی داناوە.)) یحیی مدرسی (١٣٨٧: ١٦١)

[4]) یحیی مدرسی (١٣٨٧: ١٦٢-١٦٣). ((جۆرە زمانییە جیاوازە جوگرافی و نەژادی و چینە کۆمەڵایەتییەکان، بەلایکەمەوە تاڕادەیەك، بەهۆی دووری کۆمەڵایەتییەوەن. لەکاتێکدا کە جۆرە زمانییە ڕەگەزییەکان بەهۆی جیاوازی کۆمەڵایەتییەوەن.)) پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ١١٧)

تایبەت بە خۆیان هەیە کە پیاوان هەرگیز بەکاریان ناهێنن))[1] بۆئەوەی لە نەریت و کلتوور و ڕێسای کۆمەڵایەتی لانەدەن و ڕووبەڕووی سەرزەنشتکردن و گاڵتەپێکردن نەبنەوە.

ئاخێوەرانی شێوەزاری هەورامیش، بەکارهێنانی دەربڕراو و ئیدیەمە پێوەندەکانی تایبەت بە ڕەگەزێك لەلایەن ڕەگەزی بەرامبەرەوە بە ڕەفتار و کارێکی نەگونجاو و نائاسایی دەزانێت. هەر بۆیە ئەگەر سەرنجی ئاخاوتن و بەکارهێنانی و وشە و ڕستە و دەربڕراوەکان، بەتایبەت ئیدیەم بدەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەریەکەیان بەرامبەر بە کەرەستە و تایبەتمەندییەکانی ئاخاوتنی خۆیان بەئاگان و خۆیان لە سنووری ئەویتر بە دوور دەگرن. بۆ نموونە پیاو بۆ ژن ئەم ئیدیەمە **"دامنە درێژە بی"** _بەواتای منداڵی زۆرت ببێت_ بەکارناهێنێت، هەروەها ژنیش بۆ پیاو **"کۆست گنۆ"** _ بەواتای کەسێکی نزیکت بمرێت_ بەرامبەر یەك بەکارناهێنن.

هەرچەندە ڕەفتاریی زمانیی هەردوو ڕەگەز جیاوازییان تێدا بەدیدەکرێت، بەڵام ناتوانین بڵێین فەرهەنگی کامیان دەوڵەمەندترە، چونکە وشەکان ئاوێنەی چۆنیەتی ژیانن و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کار و ئەرکی ناو کۆمەڵ نیشاندەدەن.[2] لەبەرئەوە وادەردەکەوێت، کە ژنان و پیاوان دوو وردە فەرهەنگی زمانییان هەیە، کە یاسای جیاواز بۆ دەربڕینی ئاخاوتنەکانی ڕۆژانە و مامەڵەی ڕەگەزیی لە ڕێڕەوی ژیاندا پێشکەشدەکەن.[3] بۆنموونە ئەگەر پێوەند بە ئیدیەمەوە لێیان بڕوانرێت ئەوا دەکرێت بگوترێت لە هەندیك لایەنی وەك ماڵداری و دەربڕراوی ڕەنگ و هەواڵپرسی و دوعاکردن، فەرهەنگی ئیدییەمییان لە پیاوان دەوڵەمەندترە.

زمان، ڕەنگدەرەوە، تۆمارکەر و گوێزەرەوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانە و[4] بەهۆی ئەو جیاوازییانەی کە لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی دوو ڕەگەزەکەدا هەیە، هەر بەو شێوەیەش جیاوازی لە ڕەفتاری زمانیی ئەواندا دەبینرێت.[5] بوون و نەبوون و ڕێژە و جۆری ئەم جیاوازییانەش بەپێی کۆمەڵ و کلتوور و زمانە جیاوازەکان دەگۆڕێت. واتە دەکرێت لە کۆمەڵێکدا، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی هەردوو ڕەگەز زۆر لەیەکەوە دووربن، یان لە کۆمەڵێکی تردا زۆر لێك نزیك بن و هاوبەشییەکی زۆرتر بەرچاو بکەوێت. لەبەرئەوە دەکرێت لەڕێگەی دەربڕراوەکانەوە هەست بەوە بکرێت، کە تا چەندە ئەم دوو ڕەگەزە لێك دوورن، یاخود نزیکن.

[1]) پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ١٠٥)

[2]) ڕێژنە مەعروف حوسێن (٢٠١٠: ٣٣-٣٤)

[3]) عباس محمدی اصل (١٣٨٨: ١٥٨)

[4]) برنارد اسپالسکی (١٣٨٧: ٤٩).

[5]) یحیی مدرسی (١٣٨٧: ١٦١-١٦٢)

چەندە جیاوازی نێوان ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی* ژنان و پیاوان لە کۆمەڵێکی تایبەتدا زیاتر و توند و چەسپاوتر (rigidity)بن، جیاوازییە زمانییەکانیش زیاتر و چەسپاوتر دەبن.[1] بەم پێیە بە نەگۆڕانی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ناکرێت چاوەڕێی ئەوە بکرێت جیاوازییە زمانییەکان لە خۆوە بگۆڕێن و لێکنزیکببنەوە، چونکە جیاوازییە زمانییەکان لە هەردوو ڕەگەزدا هەندێکجار بەهۆی جیاوازیی ڕۆڵی کۆمەڵایەتییەوەیە، تاچەندە لێك نزیکتر بن ئەوەندەش جیاوازییە زمانییەکان کەم دەبنەوە.

دەکرێت ئەوە بخرێتەڕوو، کە ژنان لە بەکارهێنانی زماندا زیاتر پابەندن بە دابونەریتە کۆلایەتییەکان و[2] زۆرتر لە پیاوان فۆرمە ڕێزدارانەکان بەکاردەهێنن.[3] دەتوانرێت بگوترێت، ژنان پارێزکارانەتر دەئاخێون و فێربوون شێوازی زمانی ڕێزدارانەتر، بێهێزتر _لەڕووی دەسەڵاتداری_، خاکییانەتر بەکاربهێنن.[4] Lakoff وا دادەنێت کە ڕەنگە پیاوان زیاتر لە ژنان وشەی زبرتر و بریندارکەر بەکاربهێنن.[5] و هەروەها هەندێ وشە لە فەرهەنگی پیاودا نییە و جنێویش لای پیاو زیاتر بەکاردێت.[6] بێگومان بوونی ئەم تایبەتمەندییانە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و هەروەها مەبەست و جۆری پێوەندیکردنەوە هەیە، کە دەکرێت لای هەردوو ڕەگەز لێك جیاواز بێت.

لەبارەی هۆکاری سەرەکی جیاوازی ڕەفتاری زمانیی نێوان ژنان و پیاون، بیروڕای جیاواز خراوەتەڕوو:[7] دەستەیەك ئەم جیاوازییانەیان بە ئەنجامی پێکدادان و تێکەڵبوونی زمانە جیاوازەکان زانیوە، کە بە هۆی پێکدادانی کلتووری و ...تد، دێنەئاراوە. هەروەها دەستەیەکی تر بڕوایان وایە، کە هۆکاری سەرەکی ئەم جیاوازییانە، پێگە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی جیاوازە، کە هەر یەك لەم دوو دەستەیە لە کۆمەڵێکدا هەیانە. هەروەها زمانناسانی وەك O.Jespersen دیاردەی تابویان بە هۆکارێکی دیاریکەر لە دروستبوونی جیاوازییە زمانییەکانی نێوان ژنان و پیاوان زانیوە.

دیاریکردنی هۆکاری جیاوازی زمانیی هەردوو ڕەگەز یارمەتیدەرێکی باشە بۆ زانینی ئەوەی کە ئایا ئەم جیاوازییانە هۆکاری هەمیشەیین یان پێوەندییان بە کات و سەردەم و زمان و کلتوورێکی دیاریکراوەوە هەیە، تاوەکو پێبشبینی ئەوە بکرێت، کە بە کەمکردنەوە و زۆرکردنی جیاوازییەکان و

---

*) ڕۆڵی کۆمەڵایەتی (social role)، بەو نەریت یان ماف و لێپرسراویەتییانە دەوترێت، کە لە پێڕەوێکی کۆمەڵایەتیدا پلە و پایەیەکی تایبەتیان پێدەدرێت. (Sears.R.R, and ...:١٩٨٨) ، ڕۆڵ بە کۆمەڵێك لەو نۆرمانەی کە بە پلە و پایەی تایبەتی لە پێڕەوێکی کۆمەڵایەتیدا پێوەند، دەوترێت. یوسف کریمی (١٣٨٨ : ٤٨)

[1]) پیتر ترادگیل (١٣٧٦: ١٠٧) یحیی مدرسی (١٣٨٧ : ١٧٠) هەروەها بڕوانە ڕێژنە مەعروف حوسێن (٢٠١٠ : ٣٣)

[2]) هێمن عبدالحمید شمس (٢٠٠٦: ٤٢)

[3]) افسانه سعیدی (١٣٨٩ : ٢١٢)

[4]) ندا هدایت (١٣٨٤ : ٣٣). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: یحیی مدرسی (١٣٨٧: ١٦٤-١٦٥)، (١٣٨٧ : ١٧٠-١٧١)

[5]) نیك لاند ١٣٨٨(١٣٨٨ : ٤٦) هەروەها بڕوانە جورج یول (١٣٨٩: ٣٤٨) ، کامبیز محمود زاده (١٣٨٨: ٢٠)

[6]) محمد معروف فتاح (١٩٩٠ : ١٠٤)

[7]) یحیی مدرسی (١٣٨٧ : ١٦٧-١٦٨). ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا ژنان لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و مافی یەکسان وەك پیاوان بەهرەمەند نەبن، بەشێوەیەکی سروشتی، شێوەزار یان پێگەیەکی کۆمەڵایەتی نزمتریان لە ئاست پیاواندا دەبێت. بڕوانە: علی اکبر شیری (١٣٨٦ : ١٣٩) ، هەروەها بڕوانە: پیتر ترادگیل (١٣٧٦ : ١٠٦-١٠٧)

نزیککردنەوە و چوونە ناو سنورێکی دیاریکراوی یەکتر چی ڕوودەدات، ئایا بیرۆکەکان لەنگ دەبن، یان ئاخاوتنەکان مانای خۆیان لەدەست دەدەن و پێوەندییەکان بەشێوەیەکی تەواو ئەنجام نادرێن؟

ژنان و پیاوان لەو ڕووەوە لەڕووانگەی کۆمەڵایەتییەوە جیاوازن، کە کۆمەڵ ڕۆڵی کۆمەڵایەتی جیاوازییان بۆ دیاریدەکات و تەرزە ڕەفتاریی جیاوازیان لێ چاوەڕێدەکات. هەروەها ئاخاوتنی ژنان و پیاوان تەنیا جیاواز نییە، بەڵکو ئاخاوتنی ژنان لە ڕووانگەی کۆمەڵایەتییەوە لە ئاخاوتنی پیاوان باشترە. ئەم بابەتە ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەیە، کە بەشێوەیەکی گشتی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی "دروست"تریش لە ژنان چاوەڕێ دەکرێت.[1] ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوەبێت کە فشارە کۆمەڵایەتی-کلتوورییەکان لە هەر کۆمەڵێکدا لەسەر ژنان بەشێوەیەکی گشتی زۆرترین و هەر ئەمەش ئەوان لە ئاست ڕەفتاری زمانی هەستیارتر دەکات.[2] سەرەڕای ئەوە ناکرێت ئەم جیاوازیی ڕەگەزیی و باشتر زانینەی جۆرێکیان، بە ڕەفتار زمانیی بزانرێت بەڵکو ئەوەیڕاستیبێت ((ئەوە زمان نییە، کە دەبێتەهۆی نایەکسانی و بە باشتر زانینی جۆرێکی ڕەگەزیی، بەڵکو تێڕوانینی ئاخێوەرانی زمانەکەیە کە بەم شێوەیەیە.))[3] بەم پێیە خودی چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵیش دەکرێت لەوێوە سەرهەڵبدات، کە بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندێتی ناوچەیی و دینی و ئابووری، کۆمەڵێك تێڕوانین دروستدەبێت، کە ببێتە هۆی بەرهەمهێنانی خواست و چاوەڕێ لێکردنێکی کلتووری-کۆمەڵایەتی و بە نەریت و یاساکردنیشی، بۆ ئەوەی سنورە دیاریکراوەکان و شێوازە ئاخاوتنەکان دیاریبکرێن.

بە بڕوای Hass (١٩٧٥)، جیاوازییە ڕەگەزییەکان، کە لە زمانی بەتەمەنەکاندا دەبینرێن، کەم کەم لە زمانی منداڵانی ٤ تا ٥ساڵەوە دەست پێدەکەن. Ownes (٢٠٠١)یش پێی وایە، کە ئەمە جێی سەرسوڕمان نییە، چونکە شێوازی ئاخاوتنی دایکوباوك لەگەڵ منداڵەکانیان لەسەر بنەمای ڕەگەزیی، هەر لەسەرەتاوە جیاوازە.[4] Lakoff یش هۆکاری بوونی ئەم شێوازە جیاوازە بەوە دادەنێت، کە هەم خودیی و هەم کۆمەڵایەتییە.[5] بو نموونە نزیك لەم سەردەمی پێش ئێستامان کچ هەر لە سەرەتاوە فێری وشانێکی وەك بوکەڵە و بازن و ...هتد دەکرا، لە بەرامبەریشدا کوڕان فێری وشانێکی وەك تۆپ و زۆرانبازی و... دەبوون، کە بێگومان ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕەفتاری زمانییە لەسەر بنەمای ڕەگەزی، جگەلەوەی کە کۆمەڵێك تایبەتمەندیی دیار لە هەردوو لا هەستی پێدەکرێت.

---

[1]) پیتر ترادگیل (١٣٧٦ : ١١٦) هەروەها بڕوانە: یحیی مدرسی (١٣٨٧ : ١٦٩)

[2]) یحیی مدرسی (١٣٨٧ : ١٦٩-١٧٠) هەروەها بڕوانە: پیتر ترادگیل (١٣٧٦ : ١٢٥)

[3]) افسانە سعیدی (١٣٨٩ : ٢١٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محمد رضا باطنی، پیرامون زبان و زبانشناسی (١٣٨٥ : ٧٧)

[4]) نیك لاند (١٣٨٨ : ٤٥) . هەروەها بڕوانە: نیك لاند (١٣٨٨ : ٤٩)، عباس محمدی اصل (١٣٨٨: ١٥٨)

[5]) علی اکبر شیری، (١٣٨٦ : ١٣٩). دایك و باوك و کەسانی دەوروبەر فێری دەکەن _ژن_ چۆنیەتی قسەکردن و شێوازی گفتوگۆکردن و دەربڕینەکانی بۆ دیاری دەکەن، ئەو دەستنیشانکردن و سنوردانانە وەك یاسایەکی کۆمەڵایەتییە و دەبێت پەیڕەوی بکات. بۆ نموونە: کچ پێویستە لە بەکارهێنانی وشەی ناشیرین، جنێو، وشە تابووەکان، ئەوانەش کە لەو وشانەوە نزیکن و قەدەغەن، خۆی بەدوور بگرێت. شیلان ڕەحیم ئیبراهیم، (٢٠٠٤ : ١٧). بەڵام بۆنموونە باوکان حەزیان لێیە کاتی قسەکردن لەگەڵ کوڕەکان لە بەراورد بە کچەکان، وشە و زاراوەی زبر و بێڕێز و فەرمانیی زۆرتر بەکاربهێنن. ( Berko Gleason and Greaf: ١٩٨٣) بڕوانە: نیك لاند (١٣٨٨ : ٤٥)

به بۆچوونی محمد معروف فتاح، دەربڕینی ڕەگەزی مێ زیاتر ناڕاستەوخۆیە و بۆچوونەکانیان زیاتر بە شارراوەیی دەردەبڕن.[1] دەکرێت بڵێین ژنان بە شارراوەیی (پەردەپۆشی) دەدەوێن تا زیان بە کەسێتی کۆمەڵایەتییان نەگەیەنن.[2] ئەمەش لە دەربڕینە میتافۆرییەکان و تابو و بەتایبەت لە ئیدیەمدا ئەمە ڕەنگدەداتەوە. ئەم جۆرە بەکارهێنان و شێوازی ئاخاوتنەش جگە لە کاریگەری و بەهێزی واتاکە، پارێزکاریکردنە لە کەسێتی و پێوەندیی نێوان تاکەکان لەڕووی کلتووری–کۆمەڵایەتییەوە، بۆنموونە ئەگەر ئەم ئیدیەمە " **هەرزنیش دەسۆ مەگنارە**" _ هەرزنی لە دەست ناکەوێتە خوار، _ کە زۆرتر بەسەر زاری ژنانەوەیە لەجێی ئەم شێوە ئیدیەمییەی خۆی، کە مەبەست لێی (زۆر ڕەزیلە) دەرنەبڕێت، ڕەنگە جۆری گەیاندن و پێوەندی و کاردانەوەکە بەجۆرێکی تر بێت.

پیاو بە پێچەوانەی ژنەوە زۆر بێپەردەتر مەبەستەکانی خۆی دەدەرکێنێت و ڕاستەوخۆ و بێپێچ و پەنا لە ناسکترین کێشە دەدەوێت.[3] Tanne (١٩٩٤) وادادەنێت، کە ژنان لە ئاست پیاواندا مەیلیان هەیە ناڕاستەوخۆتر بن و بەدوای دۆزینەوەی پێوەندیی و بیروباوەڕی گشتییەوەن و پیاوانیش گفتوگۆکان وەك هۆکارێك بۆ گواستنەوەی زانیاریی و زمانیش بۆ پاراستنی پێگەو پلەوپایە و سەربەخۆیی بەکاربهێنن. Ownes (٢٠٠١) بڕوای وایە، کە پیاوان ناونیشانی گفتوگۆکانیان زۆر بەکەمی لەبارەی هەستەکانەوەیە، بەلام Tanne (١٩٩٤) ئەوە دەخاتەڕوو، کە سیمای گشتی گفتوگۆی ژنان بەشداری و گواستنەوەی سۆز و عاتیفەیە. بەم شێوەیە دەبینین کە پیاوان و ژنان لە ئاخاوتندا ڕۆڵی جیاواز دەگێڕن.[4] هەرچەندە ناکرێت ئەمە بەسەر ئیدیەمەکاندا بسەپێنرێت، چونکە ئیدیەم بۆ ئەوە دروست نەبووە، جگەلەوەش ئیدیەم بۆ خۆی تاڕادەیەك جۆرێك لە ڕاگرتنی هەستی بەرامبەری تێدایە و بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بەکارهێنانی، بەجۆرێك ڕێزگرتن لە بەرامبەریش دابنرێت، ئەویش بەو مانایە ئاخاوتنێکی داپۆشراوە و ڕاستەوخۆ پەردە لە سەر شتەکان هەڵنامالێت.

لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت سەرەڕای ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، سنورداربوونی پێوەندیی ژن و پیاو لە کلتوورێکی دیاریکراودا لەسەر بنەمای دینی یان داب و نەریت ئاسایی وا دەکات ئەم جیاوازییە زمانییانە هەردەم بمێنێن و لە دەربڕاوەکاندا ڕەنگبدەنەوە و کار بکەنەسەر ڕێژە و چۆنیەتی و چەندێتی جیاوازییە زمانییەکان. کەواتە ئاساییە هەردەم جیاوازیی ئاخاوتن و بەکارهێنان و دەربڕاو ئیدیەمی جیاواز لە لایەن هەر دوو ڕەگەزەوە هەستی پێبکرێت، چونکە کۆمەڵ

---

[1]) بڕوانە: ڕێژنە مەعروف حوسێن (٢٠١٠ : ٣٤). ئەو باسانەی کە ژن ڕاستەوخۆ بێ پەردە لێیان ناکۆڵێتەوە دەبن بە چەند بەشێکەوە: ئەوانەی کە پێوەندییان بە شەرمەوە هەیە (وەك باسی جنس و جنێو)، ئەوانەی ترس یان پیرۆزی قەدەغەیان دەکات (نەخۆشی و مردن). بڕوانە: د.محمد معروف فەتاح (٢٠١٠ : ٩٩–١٠٠)

[2]) ندا هدایت (١٣٨٤ : ٣٤). هەروەها بڕوانە : شاخەوان جەلال فەرەج،(٢٠١١ : ١٤٥) ، (شیلان ڕەحیم ئیبراهیم، (٢٠٠٤ : ٤٧–٤٨)

[3]) د.محمد معروف فەتاح (٢٠١٠ : ٩٩)

[4]) نیك لاند (١٣٨٨ : ٤٧)

**بڕیاری ئەوە دەدات، کە چی بۆ کام ڕەگەز گونجاو و پەسەندە، یان چۆن بئاخێوێت و کام دەربڕڕاو بەکار بهێنێت. کە ئەمە لە تاك و کۆمەڵێکەوە بۆ تاك و کۆمەڵێکی تر جیاوازە و دەگۆڕڕێت.**

## ٢/٢-٢-٤) تاك/ کۆمەڵ

**تاك بنچینەی هەر کۆمەڵێکە، هەر تاکێکیش دنیابینی و تایبەتمەندیی خۆیی هەیە، بۆیە کلتووری کۆمەڵێك ئاسایی لە ڕەفتاری زمانی و نازمانی تاکەکانەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام هەموو ڕەفتارە زمانیی و نازمانییەکانی کلتووری گشتی کۆمەڵێکی دیاریکراو، لای هەموو تاکەکانی وەك یەك نییە، چونکە کلتووری گشتی لە کۆی هەموو جیاوازی و هاوبەشییەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو پێکهاتووە، هەرچەندە ((کلتووری هاوبەش، کەسایەتی هاوبەش دروستدەکات.))[١]، بەڵام ناکرێت چاوەڕی بین، کە جیاوازییەکان بۆ هاوبەشبوون بگۆڕڕێن و هاوکات لە هەموو تاکەکانیشدا ڕەنگبدەنەوە.**

**واتا و بەها لە هەر کۆمەڵێکدا جیاوازە، ئەم بەها جیاوازانەش لە وشەی فەرهەنگیدا بێت، یان لە واتای دەروونی، هەموویان لە چوارچێوەی بیروباوەڕی کۆمەڵەوە سەرچاوەدەگرێت.[٢] کەواتە وەك چۆن کلتوورە جیاوازەکان لەناو کۆمەڵێکی گەورەی مرڤایەتیدان، بەهەمان شێوە دەکرێت تاکی خاوەن تایبەتمەندیی کلتووری جیاوازیش لەناو کۆمەڵێکی دیاریکراودا هەبن و لە ڕەفتارە زمانیی و نازمانییەکانیدا ئەو تایبەتمەندییانە چ لەڕووی بیر و بیرکردنەوە یان دەربڕڕاوە جیاوازەکاندا بێت، ڕەنگبداتەوە. ((زمانی ئاخێوەر هەڵگری وێنایەکە کە تاك لە ڕۆڵ و پێگەی خۆی لەبەرامبەر بە بەرامبەری ئامادە و تەنانەت ئامادەنەبوو هەیەتی و هەر لەم چوارچێوەیەدا دەتوانێت دیاریکەری ڕێزگرتن یان گاڵتەپێکردن/شکاندن یان نرخ بۆدانان و جنێو بێت.))[٣]**

**بەهۆی هۆکاری دەروونی و ژینگەیی و دینی و گەشەی ڕۆشنبیری و ... تد، جیاوازی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراودا هەیە، کە ئەمەش بە ئاشکرا لە ڕەفتاری زمانیی و وشە و دەربڕڕاوەکاندا ڕەنگدەداتەوە. بۆنموونە تاکێك تەنیا دەکرێت ئەو نمونانە بەکاربهێنێت کە گشتی و ئاسایین و واتاکەیان پێوەندی بە دیاردەی تابووە نییە، یاخود نموونەیەکی زۆر زەق و توند نین، بۆنموونە :**

**"گۆشوو گاوینە وتەن"** **بەرامبەرە بە: لە گوێی گادا خەوتووە.**

**واتای ئیدیەمی: بێ ئاگایە _ لە دنیا _و هیچ نازانێت.**

**"پڵتوکەش دەینە تەقۆوە"** **بەرامبەرە بە: پەلە پیتکەی لێدەیت دەتەقێت.**

**واتای ئیدیەمی: زۆر پەست و بیتاقەتە.**

---

[١] ) B.F. Skinner, (٢٠٠٥: ٤٢٤)

[٢]) پەیمان حسن محمد سلیم (٢٠١٠ : ١٤٣)

[٣]) عباس محمدی اصل (١٣٨٨ : ٤٢-٤٣)

**"قەپەی زلە گێرۆ"** بەرامبەرە بە: قەپی زل دەگرێت. پاروی گەورە دەگلێنێت.

**واتای ئیدیەمی: زیاد لە ئاستی خۆی داوادەکات، زیاد لە توانای، دەست بۆشت دەبات.**

**بەڵام دەشێت تاکێکی تر بەلایەوە زۆر ئاسایی بێت، کۆمەڵێك ئیدیەم بەکار بهێنێت، کە زۆر زەقن و وەك تابوو مامەڵەیان دەکرێت ئاسایی هەموو تاکێك بەکاریان نەهێنێت:**

**"چن تڕوو وێش گڕێو"** بەرامبەرە بە: بە گڕ تڕی خۆیدا دەچێت.

**واتای ئیدیەمی: واتە شەڕەنگێز و تووڕەیە.**

**"کرمیش کرییێنە"** بەرامبەرە بە: کرمیٚ تێکراوە.

**واتای ئیدیەمی: خۆی پێڕاناگیرێت و بەهەر نرخێك بێت، دەیەوێت ئەو کارە بکات.**

**ژینگەی کۆمەڵایەتی، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر کەسێتی تاك هەیە. هەندێك تاکی کۆمەڵ لەکاتی ئاخاوتنەکانیاندا، بەبیٚسڵکردنەوە دەربڕینە قەدەغەکراوەکان (تابوو) بەکاردەهێنن، کە لەم بارەدا سیمای کەسێتی قسەکەر دەردەخات و دیاردەیەکی کاتی نییە و کەمتر پەیوەندی بە کات و شوێن و بۆنەی ئاخاوتنەوە هەیە.[1] لە هەموو ئەمانەدا دەکرێت تاکێك لە ئاخاوتنەکانیدا ئەو تایبەتمەندیی و ڕووداو و بابەتە کلتوورییانە ڕەنگ نەدەنەوە، کە لە تایبەتمەندیی خۆیەوە دوورن، بەڵام ((کلتووری نەتەوە و میللەتەکان لە ئاست هیچ دیاردەیەك بێدەنگ نەبووە. دیاردەکانیش لە کلتووری گشتی و باوی وەك چیرۆکەکان، ئەفسانەکان، گۆرانی، و پەند و بیروباوەڕ و ... تد، دەردەکەون، کە جێگەی گرنگیپێدانن.))[2] ئاشکرایە ئەمەش بەگوێرەی کۆمەڵە جیاوازەکان دەگۆڕێت، واتە ئەگەرچی ئەو میللەتانەی کە دراوسێی یەکترین، لە هەندیٚ بیروباوەڕدا، نزیکن لەیەکەوە، لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، خاڵی هاوبەش بەدی دەکرێت، بەڵام دیسانەوە، هەر یەکێکیان تایبەتمەندی سەربەخۆی خۆشی هەیە.[3]**

**تایبەتمەندیی کلتووریی هەر کۆمەڵێك دەکرێت لەگەڵ ئەوەی کە بەگشتی جیاوازیی لەگەڵ کلتووری کۆمەڵێکی تردا هەبێت، دەشکرێت پێگەی کۆمەڵایەتی جیاوازیش بە تاك و ئاخێوەرەکانی خۆشی ببەخشێت و بە تایبەتمەندیی جیاوازەوە دەربکەون. هەروەها لە ڕەفتاری زمانیی و دەربڕاوەکانەوە بۆمان دەربکەوێت، کە تاك خۆی چ ڕەنگدانەوەیەکی کلتووری- پێوەدیارە و چۆن لە ئاخاوتنەکان و ڕەفتاریی زمانیی خۆیدا، ڕەنگدەداتەوە.**

**لەبەرئەوە دەکرێت بگوترێت شێواز و جۆری ئاخاوتنی تاك لە هەر کۆمەڵێکدا ((کۆمەڵێك لایەنی کلتووری-کۆمەڵایەتی بۆ زمان زۆر دەکەن و ئەم دەرفەتە دەهێننەئاراوە تا زەمینەی ئایینی،**

---

[1] هێمن عبدالحمید شمس (٢٠٠٦ : ٤٠)

[2] عباس قنبری عدیوی (١٣٨٦ : ٩٥)

[3] فاروق عومەر سدیق( ٢٠١١: ٣٣-٣٤)

خوێندەواری، کۆمەڵناسی، جوگرافیی و کۆمەڵبوونی تاکەکان لەڕێگەی زمانەوە ئاشکرا ببێت.))[1] چونکە ((هەموو کۆمەڵێك، کۆمەڵێك یەکەی زمانی هەیە، کە ڕەنگدانەوەی سروشتی دەوروبەر لەسەر بیرکردنەوەی تاکەکانیەتی.))[2]

کەواتە دەکرێت تاك و کۆمەڵ هۆکارێکی سەرەکیی بەکارهێنانی ڕەفتاری زمانیی جیاواز و جۆری دەربڕڕاوی جیاوازن بن، چونکە کلتووری جیاواز وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی و دابونەریتی، دەبێتەهۆی لەدایکبوون و ڕەنگدانەوەی بیر و باوەڕو تێڕوانینی جیاواز، دواتر ڕەنگدانەوەی لە ڕەفتاریی زمانی و شێوازی ئاخاوتن و هەڵبژاردن و بەکارهێنانی کەرەستە و دەربڕڕاوەکاندا، کە دەکرێت بەگوێرەی شوێن و پێگە و ئاست و هۆکارەکان بگۆڕڕێت و ئەم ڕەنگدانەوەیەش بە ئاشکرا هەستی پێبکرێت.

**٢/٢-٢-٥ ) فەرمی ، نافەرمی**

یەکێك لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە ئاخێوەر بۆ پێوەندیی دەبێت گرنگی پێبدات، ناسینی شێواز و هەلومەرجی فەرمیبوون و نافەرمیبوونە. بۆنموونە تاك پێویستە بەئاگا بێت لەوەی، کە ئایا ئیدیەم بۆ ئەو کات و شوێنە گونجاوە یان نا؟ ئەمە جگەلەوەی کە پێویستە لە هەڵبژاردنی ئیدیەمەکە و گونجاویی بۆ ئەو کەس و تاك و دەوروبەرە بە گوێرەی دابونەریت و کلتووری ئاخێوەرانی بەئاگابێت، چونکە دەشێت چەند ئیدیەمێك بۆ هەمان مەبەست یان نزیك لەو مەبەستە بەکاربێن، کە کۆمەڵ وا ڕێککەوتووە لەسەریان، کەی و بۆ کێ و لە چ شوێنێکدا گونجاون. کەواتە دەبێت بە ئاگابێت لەوەی ((کاتێك لە ناردنی پەیامدا ئەم گونجاوییەی ئاخاوتن، لەگەڵ دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا بوونی نەبێت، ئاخاوتن ناسروشتی و نادروستە. وەکو ئەوەی کە تاکێك شێوازی منداڵانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هەمووانـدا بەکاربهێنێت.))[3] ئەم گرنگیدانە بە گونجاویی ئاخاوتن و هەڵبژاردنی دەربڕڕاوەکان، هەروا کارێکی ئاسایی نییە، بەڵکو گرنگیپێدانێکی تایبەتیی دەوێت، چونکە ((گونجاوبوونی ئاخاوتن، واتە گونجاوی و سازگاربوون لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵدا.))[4]

چەندە ڕادەی گرنگیدان بە ڕەفتاری زمانیی زۆرتر بێت، ئاخاوتن فەرمیترە و بەپێچەوانەوە چەندە گرنگیدان بە ڕەفتاری زمانیی کەمتر بێتەوە، ئاخاوتن نافەرمیترە.[5] لەبەرئەوە دەکرێت بە جەختکردن لە ناسینی دەوروبەری فەرمی و نافەرمی ئاخێوەر، شێوازی ئاخاوتنەکەی پێوەند بە دەرووبەرەوە گونجاوتر و کاریگەرتر بێت.

---

[1]) برنارد اسپالسکی (١٣٨٧: ٥٨)

[2]) ئاڤێستا کەمال محمود (٢٠٠٩:١٤)، هەروەها بڕوانە: شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١ : ١٣٠)

[3]) نادر جهانگیری (١٣٨٢ : ١٨٢)

[4]) گای کوك، ١٣٨٩(١٣٨٩ : ٥٠)

[5]) یحیی مدرسی (١٣٨٧ : ١٨٨-١٩٠)

ئاخێوەران دەتوانن پلەی فەرمیبوونی دەورووبەرەکان بناسنەوە، بۆنموونە شێوازی فەرمی لە دەورووبەرێکی ئاخاوتنی ڕۆژانە بەکارناهێنن، بەپێچەوانەوە، لە دەورووبەرێکی فەرمیدا بەشێوەیەکی دیاریکراو مەیلیان بەرەو شێوازی فەرمی دەچێت.[1] دەکرێت بگوترێت لە جیاوازی بەکارهێنانی ئیدیەم لە شێوازە فەرمی و نافەرمییەکاندا لەڕووی چییەتی و چەندێتییەوە هەبێت، ڕەنگە لە هەندێك دەورووبەری فەرمیدا کەمتر ئیدیەم بەکاردەهێنرێت، ئەو ئیدیەمانەشی بەکاردەهێنرێن ڕەنگە بەلای زۆربەی خەڵکییەوە دیار و ئاشنا بن، بۆنموونە بەکارهێنانی ئیدیەمی **"ئاوی ئینا بێڵەشۆ"** بە بەراورد **"ئایرو چێرو سمەرا"** جیاوازییان هەیە.

**"ئاوی ئینا بێڵەشۆ"** بەرامبەرە بە: ئاو بە خاکەنازەکەوەیەتی.

واتای ئیدیەمیی: کەسێکی دەستڕۆشتووە و جگە لە کاروباری خۆی کاروباری خەڵکی تریش ڕێك دەخات. ئیتر بە قسە بێت یان شتی تر.

**"ئایرو چێرو سمەرا"** بەرامبەرە بە: ئاگری بن کا.

واتای ئیدیەمی: لەژێرەوە کەسێکی زیانبەخشە.

بەڵام ناتوانین بڵێین ئەم بڕیارە بۆ هەموو دەورووبەرێکی فەرمی و نافەرمییە. چونکە ئیدیەم لە هەموو دەورووبەرەکاندا بەکاردێت، چ فەرمی بێت یان نافەرمی، ئیتر سەرزارەکی بێت یان بەشێوەی نووسراو و لە بابەت و دەقەکاند. بەڵام بۆ نموونە پێوەند بەو دوو نموونەی سەرەوە دەکرێت دووەمیان زۆرتر لە هەموو دەورووبەرەکاندا بەکاربێت، ئەویش بەو هۆیەوە، کە پێوەندی بە دیاردەیەکەوە هەیە، کە زۆربەی تاکە بەشداربووەکان بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە لێیدەگەن، چونکە لە هەمانکاتدا شێوەی گشتێتیی وەرگرتووە و زۆرتر بەکاردێت و بەربڵاوتریشە، بەڵام **"ئاوی ئینا بێڵەشۆ"*** بەو شێوەیە نییە. ئەمەش بەو هۆیەوە، کە جگە لە واتاکەی خۆی، کە لەڕووی پێکهاتەوە وا دەردەکەوێت تایبەتمەندییەکی پیشەیی وەرگرتووە، کەسی بەرامبەر بەهۆی وشەی (بێڵ) لە گەڵ (ئاو)دا، کە پێکەوە هاتوون، جۆرە دوورکەوتنەوەیەك لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی لێ چاوەڕێدەکرێت و وا دادەنێت، کە پێوەندییەکی تایبەت پێکەوەی بەستوونەتەوە و پێوەندیی بە بوارێکی تایبەتی ژیانەوە هەیە، کە "باخداری" یان " جوتیاری" یە، نەك بە هۆی فەرمیبوون یان نافەرمیبوونەوە بێت.

بەبڕوای Labov ڕادەی سەرنجی قسەکەران لە ئاست ڕەفتاری زمانی خۆیان لەگەڵ پلەی فەرمیبوونی جۆری شێوازی بەکارهاتوو لە دەورووبەرێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە.[2] بەم پێیە هەندێك جار وادەردەکەوێت، کە زمان لە شێوازی نافەرمیدا زمانی

---

[1]) نادر جهانگیری (١٣٨٧ : ١٩)

*) ئەمە پێوەندی بە سەرەئاوی باخەکانەوە هەیە، واتە ئەو کەسە دەتوانێت بیشکێنێتە سەر ئەو باخەی کە دەیەوێت یان مەبەستیەتی. د.هۆگر مەحموود فەرەج، چاوپێکەوتن (٢٠١٢/٦/٢١)

[2]) یحیی مدرسی (١٣٨٧ : ١٨٨)

ئاخاوتنی خەڵکی سادەو ئاساییە، لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو دەربڕینانەی کە تایبەتن بە کار و پیشە و توێژی قسەکەرانەوە. ئەگەر بەشدارانی ئاخاوتنەکە لە چینێکی ڕۆشنبیریش بن هەر بە زمانێکی ئاسایی قسە دەکەن و لە ڕۆتین و شێوازی فەرمی دووردەکەونەوە.[1] ئاخێوەرانی زمانێك لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی خۆیان لەو هەلومەرجەی کە پێوەندیی زمانیی تێدا دێتەدی، جۆری شێوازی گونجاو هەڵدەبژێرن و بەکاریدەهێنن. لە هەڵبژاردنی جۆری شێوازی دیاریکراو و بەکارهێنانیان لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا، زۆر هۆکاری جۆراجۆر ڕۆڵیاندەبینێت. بابەت، ئامانج، هەلومەرج (لەڕووانگەی کات، شوێن، ئامادەبوون یان ئامادەنەبوونی ئەوانی تر و ...تد) پێوەندی ئاخێوەر و بیستەر (لەڕووانگەی بەرامبەریی یان نابەرامبەرییەکان: تەمەن، چین، پیشە و ...تد) هەروەها لە لەڕووانگەی پلەی هاوسۆزی و میهرەبانییەوە و هۆکاری دەربڕین (لە ڕووانگەی پێوەندیی گوفتاری یان نوسینەوە) لە گرنگترین ئەو هۆکارانە دەژمێردرێن.[2]

پێوەند بە ئیدیەمەوە ڕەنگە یەکێك لە کێشە بنەڕەتییەکان ئەوەبێت، کە تاك گونجاوبوونی بەکارهێنانی ئیدیەمەکە لە دەورووبەرە جیاوازەکاندا نازانێت و ناتوانێت ئاست یان جۆری شێوازی ئیدیەمەکە جیابکاتەوە. بە دەربرینێکی وردتر بڵێین، ئەو نازانێت، کە ئایا ئیدیەمە مەبەستەکە دەبێت لە دەورووبەری فەرمیدا بەکاربهێنێت یان نافەرمی؟[3] بەڵام دەکرێت بە گرنگیدان بە چەندێتی جیاوازی کلتووری–کۆمەڵایەتییەکان بتوانرێت سنوور و شوێنی بەکارهێنانی ئیدیەمەکان باشتر بزانرێت.

ئەگەرچی دەکرێت بوترێت، هەرکاتێك کەسە مەبەستەکە لە دۆستان و نزیکانی ئێمە بێت و لە دەورووبەرێکی خۆمانەدا بێت، دەتوانین شێوازی نافەرمی یان بازاریی ئاخاوتنی ڕۆژانە بەکاربهێنین. بەڵام لە دەورووبەری فەرمیدا دەبێت دەربڕینەکان بە وردبینییەکی زۆرتر هەڵبژێرین و بەکاریانبهێنین.[4] لەبەرئەوە لەبەکارهێنانی ئیدیەمەکان تەنیا بەهێزی و کاریگەری واتایی خودی ئیدیەمەکە بەس نییە، بەڵکو دەبێت دەورووبەری گونجاو بۆ ئیدیەکانیش لەبەرچاوبگیرێت، کە بێگومان ئەمەش بەو واتایە نییە کە ئیدیەمی دەورووبەری فەرمی لە نافەرمی جیبابکرێتەوە، یاخود بەو واتایەش نییە کە بوترێت، لەمیاندا زۆرتر بەکاردێت و لەویتریاندا کەمتر، بەڵکو دەتوانرێت

---

[1]) هێمن عبدالحمید شمس (٢٠٠٦ : ٣٨-٣٩) . بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: یحیی مدرسی (١٣٨٧ : ١٨٨-١٨٩)

[2]) یحیی مدرسی (١٣٨٧ : ١٨٦). شێواز ( style) : هۆکارێکە، کە نەك بە ئاخێوەرانی یان بەکارهێنەرانی زمان، بەڵکو زۆرتر بە بەکاربردنی زمان لە دەورووبەرە کۆمەڵایەتیە جۆراوجۆرەکاندا پێوەندە. ئاخێوەرێکی دیاریکراو لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی وەك ، تەمەن، ڕەگەز، چینی کۆمەڵایەتی و گرۆی نەتەوەیی، کە لە ماوەیەکی سنورداردا کەم تا زۆر جێگیرن، لە پێگە و دەورووبەرە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا جۆراوجۆریی زمانی _گونجاو لەگەڵ دەورووبەری کۆمەڵایەتی ئاخاوتن_ بەکاردەهێنێت، کە لە زاراوەدا شێوازی پێدەڵێن. بڕوانە: یحیی مدرسی (١٣٨٧ : ١٨٥)

[3]) سایدل و مك موردی (١٣٨٦ : ١١)

[4]) سایدل و مك موردی (١٣٨٦ : ١١). هەروەها بڕوانە : (٢٠٠٦ : ٤٤)

بوترێت ئیدیەم بۆ هەموو دەورووبەرەکان بەگوێرەی ناواخنی واتای خۆی لەگەڵ کات و بۆنە و کەسەکاندا بەکاردێت و بۆ هەموو چین وتوێژێکە.

### ٢/٢-٢-٦ ) ئایین

سەرەڕای ئەو هۆکارانە، هۆکارانێکی تری وەك ئایین لە دروستبوونی شێوازە جیاوازەکانی ئاخاوتن و ڕەفتاری زمانی و بەکارهێنانی دەربڕراوەکاندا، کاریگەریی دیاری هەیە و ((شوێنکەوتووانی ئایینە جیاوازەکان، دەکرێت لە بنەڕەتدا بە زمانی جیاواز بئاخێون.))[1] ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراو بەگوێرەی چۆنیەتی و چەندێتی شارەزابوونیان لەو ئایینەی، کە هەڵیانبژاردووە کار لە بیرکردنەوە و ئاخاوتن و دەربڕینەکانیان دەکرێت و ئەم کاریگەرییەش بە ئاشکرا لە بەکارهێنانی زمانی ڕۆژانەشدا ڕەنگدەداتەوە. دۆرکایم پێیوایە، ئەرکی سەرەکی ئایین بەیەکەوە بەستنی کۆمەڵە، هەر ئەویش ئەرکی پاراستنی کۆمەڵی لە ئەستۆدایە، لەلایەکی تریشەوە ژیانی کۆمەلایەتی پارێزگاری لەو ئایینە دەکات و بەرەو پێشی دەبات.[2]

ئایین جگەلەوەی کە پەیامێکی دیاریکراو و تایبەتی هەیە و بەجۆرێکی تایبەت زمان بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی بەکاردەهێنێت، هاوکات بەشێوەیەکی تایبەت زمان بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی پەیامەکەی وەك ئەوەی کە پێویستە، بگات. سەرەڕای ئەوە دەتوانرێت بگوترێت، کاریگەری زمانەکە و واتا و چەمکی دەربڕینەکانی وردە وردە دەخزێنە ناو وشە ئاسایی و گشتییەکانی ژیان و دەبنەهۆی ڕەنگدانەوەی ئەو شێوە بیرکردنەوەیە، کە لە دەربڕینەکاندا گوزارشتی لێدەکرێت، ئەویش بەو هۆیەوە، کە ئایین بە خۆی و مانا و چەمك و دەربڕینەکانەوە کاریگەری لەسەر کلتوور و زمان و بیرکردنەوەی مرۆڤ دەبێت. ((لەناو هەر میللەتێکدا بەها و ڕێسا ئاینییەکان وەك پێکهاتەیەکی کلتووریی میللەتێکە و پێگەیەکی بەرچاوی لەناخی تاکەکانی ئەو میللەتەدا هەیە.))[3] دواتریش ئەو کلتوورە دەبێتە ئاوێنەیەك بۆ ڕەنگدانەوەی ئەو جۆرە دەربڕراوانەی کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئایینی لەسەرە.

هەر ئایینێك، زاراوە و وشەی تایبەت بە خۆی هەیە. بوونی ئەم وشانەش دەچنە ناو فەرهەنگی ئاخاوتن و گفتوگۆکانیانەوە، بۆنموونە وشانێکی وەك نوێژ، ڕۆژوو، حەج، تەواف، مەحرەم، ڕکوع، سوجدە و...تد، لای ئاخێوەرانی کلتوورێك، کە هەڵگری ئایینی ئیسلامە بە ئاشکرا هەستیان پێدەکرێت. جگەلەوە ((لە بۆنە ئایینییەکاندا، زمانی ئاخاوتن و کەرەستە ڕەمزییەکان زۆرجار تێکەڵدەبن و دەچنەناو یەکەوە، بە وتەی leach، لەم داب و نەریت و دەستورەدا جۆری

---

[1]) یحیی مدرسی (١٣٨٧ : ٢٠٠)

[2]) بڕوانە: بەهار زایەر (٢٠٠٩ : ٣٤) و ئەو سەرچاوەی ئاماژەی پێکراوە.

[3]) شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١ : ٧٣)

تایبەتی زانیاری هەن، کە بە زاردا ناهێنرێن و تەنیا بەشێوەی ڕەفتاری دەردەکەون.))[1] بۆنموونە، شێوازی ئاخاوتن لەڕووی دەنگ بەرزکردنەوە و رەفتارە نازمانییەکانەوە.

زمان بە توندی لەژێر کاریگەری هەلومەرجە زاڵبووەکانی سەرکۆمەڵگەیە. بۆ نموونە، لە کۆمەڵگەیەکدا، بەکارهێنانی وشە دەربڕراوە ئایینییەکان بەڕوونی نیشاندەری ئایینی بوونی ئەو کۆمەڵەیە.[2] دەکرێت بەنموونە ئاماژە بە چەند ئیدیەمێك بکرێت، کە ئاشکرا کاریگەری بیروباوەڕی پێوە دیارە. بۆنموونە:

**"بەرماڵەش سەرو ئاوێرە گێڵۆ"** بەرامبەرە بە : بەرماڵی بەسەر ئاودا دەگەڕێت.

واتای ئیدیەمی: کەسێکی زۆر موسوڵمانە.

**"گونجەش پەی سەرو زەیسانێ مشیۆ"** بەرامبەرە بە: بەنەخوێنەکەی بۆ سەر ژنی تازە منداڵبوو دەشێت.

واتای ئیدیەمی: کەسێکی بە ڕەوشت و خواناسێکی پاکە.

کەواتە ئایین جگەلەوەی کار لە بیرو کلتووری ئاخێوەرانی ئەو زمانە دەکات، کە بیروباوەڕی ئایینییان هەیە، سەرەڕای ئەوە دەکرێت وشە و زاراوەکانیشی لە دەربڕراو و ڕستەو ئیدیەمەکان بەئاشکرا ڕەنگبداتەوە.

### ٢/٢-٢-٧ ) تەمەن

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کە کاریگەریی لەسەر بەکارهێنانی ئیدیەمەکان هەیە، تەمەنە. ئاشکرایە شێوازی ئاخاوتن لە منداڵییەوە تا تەمەنی پیری گۆڕرانی زۆر بەخۆیەوە دەبینێت، لە هەریەکە لە تەمەنەکانیشدا شێوازی ئاخاوتنی جیا بەدیدەکرێت، کە لەگەڵ تەمەنەکانی تردا جیاوازە، ئەمەش بەشێوەیەك، کە بە ئاشکرا لە وشە و دەربڕراوەکاندا هەستی پێدەکرێت، ((بەشێوەیەك، کە لە زۆر بابەتدا ئەو وشە و زاراوانەی کە باپیرە و داپیرەکان بەکاریدەهێنن، بۆ منداڵان واتایەکی نییە و بەپێچەوانەوە.))[3] هەرچەندە ناکرێت بوترێت بە پێچەوانەشەوە بەوشێوەیە، چونکە ڕاستە منداڵ لە واتای زۆرێك لەو وشانە ناگات، کە دایك و باوك و داپیرەو باپیرەکان بەکاریان دەهێنن، بەڵام داپیرەو باپیرەکان لە هەموو وشەکانی ئەوان دەگەن، مەگەر ئەوەی کە پێوەندی بە سەردەمی زانست و تەکنەلۆجی و بوارێکی تایبەتی سنووردارەوە هەبێت.

هەموو کەس هەست بەوە دەکات، کە هەرە پیرەکان وەك هەرە گەنجەکان قسەناکەن و بۆشاییەکی زمانی لەنێوان نەوەکاندا هەیە. جگە لەمەش شێوازی قسەکردن لە گەورەوە بۆ بچووك یان

[1]) رومن یاکوبس (١٣٨٥ : ٤٢)
[2]) کامبیز محمود زاده (١٣٨٨ : ٣)
[3]) علی اکبر شیری (١٣٨٦ : ١٤٨)

لە بچووکەوە بۆ گەورە " باوك بۆ منالْ و منالْ بۆ باوك" دەگۆڕرێت. ئەم گۆڕرانە بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی وشەدا هەستی پێدەکرێت.[1] ڕەنگە لە تەمەنێکی دیاریکراودا گواستنەوەی دەربڕراوی هەردوولا بۆ یەکتر، ئاشکراتر هەستی پێبکرێت. ئاشکرایە بە گوێرەی تێپەڕینی قۆناغەکانی تەمەن فەرهەنگی ئاوەزیی و وشە و دەربڕراوەکان و زانیاری زمانی و نازمانی زۆرتر دەبێت و لەگەڵ گەشەکردنیدا، وا دەکات، کە تاك لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بزانێت چ پلەو پایەیەکی لە کۆمەڵدا هەیە و دەبێت چۆن بئاخێوێت. ((گەر بڕوانینە پەیوەندی نێوان تەمەنی قسەپێکەرانی زمانێکی دیاریکراو (کورد وەك نموونە) بە کلتوور و زمانەکەیەوە، دەبینین تەمەنی مرۆڤ دەبێتە پێوەر بۆ سەرجەم ئەو هەڵسوکەوتە شیاوانەی، کە پێویستە لەناو کۆمەڵەکەیدا بیکات.))[2]

لە ئاستی وشەکاندا، هەر گرۆیەکی تەمەن دەکرێت زاراوەی تایبەت بەکاربهێنن، کە لە گرۆکانی تەمەنەکانی تردا لە بنەڕەتدا بەکارهێنانی نەبێت یان دووبارەبوونەوەیان کەمتر بێت. بەنموونەو وەکو، لەناو هاوتەمەنەکانی خوار بیست ساڵی، کۆمەڵی فارسی زمان، زاراوانێکی وەکو "خالی بستن"، "حال گیری"، "میخ شدن" و ... بە دووبارەبوونەوەیەکی زۆرتر بەکاردەبرێن، بەڵام هەر ئەم زاراوانە لە تەمەنەکانی تردا کەمترین بەکارهێنانیان هەیە، یان لە بنەڕەتدا بەکارنابرێن.[3] چونکە ((سروشتی ژیانی مرۆڤ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و جۆر و چەشنی بیروباوەڕ و بیرکردنەوەیان بەگوێرەی سەردەم، گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، وشەکانی زمانیش زایە و ئاوێنەی هۆش و بیری سەردەمی جوداجودان و هەمووشیان پێکەوە، فەرهەنگی زمان پێکدەهێنن.))[4] لەبەرئەوە ئاساییە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر و لە تەمەن و قۆناغێکەوە بۆ یەکێکی تر، گۆڕران لە جۆر و چەشن و پێکهاتەی ئیدیەمەکانی کلتوورێکی دیاریکراو ڕوودەدات.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت بەکارهێنانی ئیدیەمەکان بەپێی تەمەن بە بەراورد لەگەڵ فەرمیبوون دەکرێت بوترێت پێچەوانە دەوەستنەوە، ئەویش بەوەی کە تاوەکو ئاستی فەرمیبوون زیاتر بێت ئاخاوتن فەرمیترە، لەبەرئەوە دەکرێت ئیدیەمەکان کەمتر بەکاربهێنرێن، ئەمە لە تەمەندا بە پێچەوانەوەیە، چونکە ئیدیەمەکان پێوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ ئەزموونی زمانی و ڕەفتاریی هەیە، واتە تاوەکو تەمەنی ئاخێوەر زۆرتر بێت دەکرێت بەکارهێنانی ئیدیەم زۆرتر ببێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە ئەو ئیدیەمانەی بۆ تەمەنێکی خوارتر بەکاردەهێنرێن ڕەنگە ژمارەیان کەم نەبێت. کەواتە شتێکی ئاساییە، هەر تەمەنە و بەزۆری ئیدیەمەکانی پێوەند بە بواری ژیانی کۆمەڵایەتی و زانستی و ڕۆشنبیری خۆی بەکاربهێنێت و لە زۆرێك لەو ئیدیەمانە نەگات کە تاکێکی تری هاوزمانی خۆی بەکاریاندەهێنێت.

---

[1]) محمد معروف فتاح (١٩٩٠ : ١٠٣-١٠٤)

[2]) شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١ : ١٤٧-١٤٨)

[3]) یحیی مدرسی (١٣٨٧ : ١٧٨-١٧٩)

[4]) فاروق عومەر سدیق (٢٠١١: ٦١)

**٢/٢-٢-٨ ) ئاستی خوێندەواری**

یەکێکی تر لە هۆکارەکانی جیاوازیی نێوان شێوازی ئاخاوتنی تاکەکانی هەر کۆمەڵێك، ئاستی خوێندەوارییە. ڕەنگە ئەمە بەو هۆیەوە بێت، کە خوێندەواربوون، تاك و کۆمەڵ دەخاتە زەمینەیەکەوە، کە تاڕادەیەك هەل و دەرفەتی جیاواز بۆ دەستکەوتنی وشە و دەربڕاو و کەرەستەی نوێ و بیرکردنەوە و مامەڵەی جیاواز دروستدەکات، ئەگەرچی ڕەنگە هەندێك تایبەتمەندیی تریش هەبن، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە شێوازی ئاخاوتنەوە نەبێت، بەڵام بەو ڕادەیە نزیکبوونەوەی ئاخاوتنی تاکە هاو ئاستەکان کەم ناکەنەوە.

دەکرێت بوترێت لە کۆمەڵێکدا چەندە ئاستی خوێندەواری تاکەکان بەرزتر بێت، بەشێکی فراوانتری گەنجینەی زمانییان لەبەردەستدایە. گرۆ خوێندەوارەکانی خوارەوە، خاوەنی شێوازی بەردەوامی داخراون و ئەگەری زمانیی سنوردارتریان لەبەردەستدایە، لەم ڕووەوە لە پێگە کۆمەڵایەتییە جیاوازییەکاندا جۆری شێوازی کەم و زۆر جێگیر (ئاسایی جۆرێکی زمانی ڕۆژانە_ colloquial_) بەکاردەهێنن. لەکاتێکدا، کە ئاخێوەرانی خوێندەوار سەرەڕای جۆری زمانی ڕۆژانە، ئاشنایەتی دەسەڵاتیان بەسەر شێوازە فەرمیترەکانیشدا هەیە و گەنجینەیەکی زمانیی فراوانتریان لەبەردەستدایە و دەتوانن لە هەر دەورووبەرێکدا، جۆرێکی گونجاو هەڵبژێرن و بەکاریبهێنن.[١] هەرچەندە ئەو جیاوازییانەی لەنێوان ئاخاوتنەکانی خوێندەوار و نەخوێندەوارەکاندا هەیە، دەشێت زۆرجار ڕێژەیی بن و تاکێکی خوێندەوار بۆ تاکێکی تری خوێندەوار جیاوازبێت، بە هۆی جیاوازی لە جۆر و چییەتی خوێندەوارییەکەی ئەو زانستەی کە مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

ڕادەی خوێندەواری و بوون و نەبوونی دەتوانێت جۆریی زمانی جیاواز بهێنێتەکایەوە، بەدەربڕینێکی تر، جۆری ئاخاوتنی هەرکەس ڕەنگدەرەوەی ڕادەی خوێندەوارییەکەیەتی.[٢] واتە دەتوانرێت بوترێت زمانی خوێندەوار و نەخوێندەوار تاڕادەیەك لەیەك جیاوازە و هەریەکەیان شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە، بەوپێیەی کە تێڕوانینیان بۆ ژیان جیاوازە.[٣]

مامەڵەکردن لەگەڵ زمان دەبێتەهۆی کەڵەکەبوونی سەرمایەی زمان، کەواتە تاکەکانیش لە قسەکردن و بەکارهێنانی وشە و دەربڕاوەکاندا جیاوازییان هەیە، بەجۆرێك دەکرێت لە هەندێك بواردا، فەرهەنگی زمانی خوێندەوار لە فەرهەنگی زمانی نەخوێندەوار دەوڵەمەندتربێت، چونکە فەرهەنگی زمان ڕەنگدانەوەی ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵەیەیە، کە بۆ پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانە بەکاریدەهێنێت، بەشێوەیەك کە لە دەربڕین و شێوازی ئاخاوتندا ڕادەی خوێندەواری و ڕۆشنبیریی دەردەکەوێت.[٤] هەرچەندە ئەم دەوڵەمەندی فەرهەنگەش ناتوانرێت بە ڕەهایی گشتاندنی بۆ بکرێت.

---

[١]) یحیی مدرسی (١٣٨٧ : ١٩٧)

[٢]) علی اکبر شیری (١٣٨٦ : ١٤٧)

[٣]) ڕێژنە مەعروف حوسێن (١٣٨٦ : ١٤٧)

[٤]) سەرچاوەی پێشوو (٣١)



زۆبێر عەلی عارف ... نامەی ماستەر ... زانکۆی سلێمانی

دەبێت ئەوەش بزانرێت، کە ئایا لە چییەتی و جۆردا دیسانەوە هەر دەوڵەمەندە، یان شتێکی تێکڕا و گشتییە و پێوەندی بە زانیارییەکانی ڕۆژانەوە هەیە، نەك وشە و دەربڕڕاوی کلتووریی-کۆمەڵایەتی. لەبەرئەوە دیاریکردنی ئەوەی کە ئیدیەم، زیاتر بەدەم خوێندەوارەوەیە یان نەخوێندەوار کارێکی ئاسان نییە، چونکە هەر کەس و پیشە و چینێك سەرەڕای فەرهەنگی گشتیی زمان یان زار و شێوەزارەکەی، فەرهەنگی تایبەت بە بوارەکەی خۆی لە مێشکدا هەڵگرتووە، کە لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر جیاوازە، لەبەرئەوە تاکی خوێندەوار و نەخوێندەواریش هەر بەو شێوەیە، دەکرێت خاوەنی فەرهەنگی تاڕادەیەك جیاواز بن، بەڵام لە ئەنجامدا هەردوولا لە فەرهەنگە گشتییە کلتورییەکەیاندا هاوبەشن.

**٢/٢-٢-٩) پیشە:**

پیشەش یەکێکی ترە لەو هۆکارانەی کە دەبێتەهۆی دروستبوونی هەندێك لە جیاوازییە زمانییەکان (بەتایبەت وشەیی) لەناو کۆمەڵێکی زمانیدا. لە هەموو پیشەیەکدا، لایەنی پسپۆڕیی تیۆری یان کردەیی، بابەتەکان، شێوازەکان، ئامێر و کەرەستە تایبەتەکان لەئارادان، کە بەکارهێنانی زاراوە پسپۆڕییە جۆراوجۆرەکانی لە سنوری ئەو گرۆ و دەستەیەدا پێویست دەکات، هەبن.

وشە تایبەتییەکانی گرۆ پیشەییەکان ئاسایی لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێن: یەکەم، زاراوەی گشتی کە چەمکێکی تایبەتییان پەیدا کردووە، هەروەها دووەم، زاراوە نوێ و سەربەخۆکان. بەم پێیە، زاراوە تایبەتییەکانی هەر گرۆیەکی پیشەیی لە کۆمەڵێکی زمانیدا ئاسایی بۆ ئەندامەکانی تری ئەو کۆمەڵەیە نامۆ دێنە بەرچاو و لەبنەڕەتدا لەلایەن ناپسپۆڕەکانەوە بەکارنابرێن. بەم پێیە، بەشێك لە جوراوجۆرییە وشەییەکانی ناو کۆمەڵێکی زمانی پێویستە لەگەڵ هۆکاری پیشەیی بەیەکەوە گرێبدرێن.[١] کەواتە دەکرێت بگوترێت پیشەش ئیدیەمی وا دەهێنێتە ئاراوە کە لە خودی پیشەکەوە سەرچاوەی گرتووە و زۆرجار لە کۆمەڵەکەدا دەبێتە شێوەیەکی گشتی بۆ بەکارهێنانی لەلایەن ئاخێوەرانی زمانێکی دیاریکراوەوە. بۆنموونە: **"کڵاشکەر، کڵاشێش نییەنێ."** _کڵاشکەر کڵاشی نییە_ یان **"لەتەرە ڕێس"** _تەشی دەڕێسێت_، یان **" پەی هەلاجی پاك کریانۆ"**_بۆ حەللاج پاککراوەتەوە_.

زمانی کەسێك (بەتایبەتی فەرهەنگی زمانەکەی) بەپێی کارەکەشی دەگۆڕێت، چونکە ئەو زاراوانەی تێدەکەوێت، کە لە کارەکەیدا بەکاردێن. سەرباز، دانساز، قژبڕ و مامۆستا هەریەکەیان زاراوەی جیاواز بەکاردەهێنن. هەندێ جار لەبەرئەوەی ئەم زاراوانە لە فەرهەنگی هەموو کەسێکدا وەك یەك نین، هەست دەکەین، کە ناتوانین بەرامبەرەکەمان _ کە کارێکی جیاوازی هەبێت_ تێبگەیەنین.[٢]

---

[١]) یحیی مدرسی (١٣٨٧ : ٢٠١-٢٠٢)

[٢]) محمد معروف فتاح (١٩٩٠ : ١٠٤)



زوبێر عەلی عارف ... نامەی ماستەر ... زانکۆی سلێمانی

لە شارۆچکە و گوندەکاندا کۆمەڵی تارادەیەك بە فۆرمی کار و کردنی وەکیەك و لەیەکچووەوە و بە گەڕۆکیی و جێگۆڕیین و جوڵەی کەمەوە هەن. لەم حاڵەتەدا و لەڕووی زمانەوە، دیالێکتەکان باڵادەستن و زاڵن. بەپێچەوانەوە، لە شاردا پیشەی گەلێك زۆر و فۆرمی ژیان فرە چەشن هەن، کە بەرەو زمانێکی سەردەمیی و لەڕووی ئەرك و گۆکردنیەوە فرە_جیاکەرەوەیی multi-differential دەبەن.[1] دەکرێت بگوترێت، ئیدیەم زیاتر بەدەم ئەو کەسانەوەیە، کە مامەڵەیان دەچێتەوە ناو چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتییەوە، ئیتر خوێندەوار بن یان نەخوێندەوار، پیشەدار بن یان هەر پلەو کارێکی تریان هەبێت.

لە بەشی سێیەمدا لەڕووانگەی ڕەنگدانەوەی ئەو کەرەستانەی کە چوونەتە ناو ئیدیەمەکەوە و بوونەتە تایبەتمەندییەکی کلتووری لە شێوەزارەکەدا، بە پۆلێنکردنی بوارەکۆمەڵایەتییەکانی ئیدیەمەکانی شێوەزاری هەورامی، وێنەیەکی کلتووری کۆمەڵایەتی شێوەزاری هەورامی دەخەینەڕوو.

زانکۆی سلێمانی ... نامەی ماستەر ... زوبێر عەلی عارف

---

[1] ________ و. محەمەد مەحوی (٢٠٠٩ : ٩٤)

# بەشی سێیەم

# ئیدیەم  و بوارە کۆمەڵایەتییەکان

# ئیدیەم و بوارە کۆمەڵایەتییەکان

لە بەشی یەکەم و دووەمدا تاڕادەیەك چەند تایبەتمەندییەکی ڕێزمانی و واتایی ئیدیەم، پێوەندیی بە زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە و توانست و توانا و فێربوون و بەکارهێنانی ئیدیەم خرایەڕوو. ئەم بەشەش تایبەت کراوە بە لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی بەکارهێنانی ئیدیەمەکان و لێکدانەوەیان لەڕووانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و بەستنەوەیان بە کلتوورێکی دیاریکراو _کلتووری هەورامان_، کە ڕەنگدانەوەی بوارە جیاوازەکانی ژیانن. بە واتایەکی تر ئەم بەشە دەرخەری بوارە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی هەورامانە و ڕەنگدانەوەی ئەو تایبەتمەندییانەن، کە سیمای جیاکەرەوەی بوارە جیاوازەکانی ژیانی بەکارهێنەرانیانە.

گرنگە بوترێت کە، گرنگیدان بە هەر دوو پێڕەوی زمان و کلتوور لە پاڵ یەکتردا، بەهای هەر یەکەیەکی ئەم دوو پێڕەوە لەسەربنەمای بەهای بەرامبەری یەکەکانی تری هەڵدەسەنگێنرێت و گرنگی بەو خاڵە بنەڕەتییە دەدات، کە هەر یەکەیەکی پێڕەوی زمان بەپێی چ بەهایەك لەلایەن ئاخێوەرانی ئەو زمانەوە لە کۆمەڵدا بەکاردەبرێت.[1] بەم پێیە، پێویستە بۆ ئاشنابوون بە کلتووری ئەم شێوەزارە، بوارە کۆمەڵایەتییەکانی ئیدیەم بخرێتەڕوو و تایبەتییەکانی لەڕووانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە نیشانبدرێن.

## ١/٣) بوارە کۆمەڵایەتییەکانی بەکارهێنانی ئیدیەم:

ئاشکرایە دەورووبەر بە چەشن و شێوازی جیاواز کاریگەری لەسەر ڕەنگدانەوەی وشە و دەربڕراو و ئاخاوتنەکان دەبێت. ئیدیەم کە هەڵقوڵاوی کلتوورە، ئاوێنەی بیرە و ڕەنگدەرەوەی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و نیشاندەری وێنەی کلتووری کۆمەڵێکی دیاریکراوە. هەر کۆمەڵێك بەپێی جۆری ژیان و هۆکارە دینامیکییەکانی ژیان لە خاك و سروشت و گەشەی بیر و باوەڕ و ئابووری و پێکهاتەی خێزان و پێوەندیی نێوان تاکەکانی ...تد، خاوەنی فەرهەنگ و کلتوورێکی تایبەت بە خۆی دەبێت، وێڕای بوونی هاوبەشی لە جۆری پۆلێنکردن و هۆکارەکان، هاوکات هەموو کلتوورێك لەڕووی چۆنێتی و چەندێتی و ڕێژەی ڕەنگدانەوەی ئەو هۆکار و دیاردانە لەناو ئیدیەمەکاندا، تایبەتمەندیی خۆی دەبێت، کە دەبێتە سیمایەکی تایبەتی جیاوازیی کلتوورەکان و ڕەنگدانەوەی ئەو تایبەتمەندییانە لەناو ئەو دەربڕراو و کەرەستە زمانییانەدا، کە بۆ لێکۆڵینەوە لە کلتووری–کۆمەڵایەتی گونجاو و لەبارن. بۆ لێکدانەوەی ئیدیەمەکان و دیاریکردنی ئەو مەبەستەی کە ئیدیەمی بۆ بەکاردەهێنرێت، پۆلێنکردنێك بە باشتر و گونجاوتر دەزانین، کە جگە لە واتا و مەبەستی

---

[1] کورش صفوی، فصل نامه فرهنگ مردم ایران و جهان، (١٣٨٢: ٣٦)

ئیدیەمەکان، تایبەتمەندیی کلتووری–کۆمەڵایەتی هەورامانمان تاڕادەیەك بۆ ڕوونبکاتەوە. بۆیە دەکرێت پۆلێنکردنەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دیاری بکەین:

## ٣/١–١) ڕەنگدانەوەی پێکهاتە و ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ

ئاشکرایە یەکێك لەو لایەنانەی کە ڕەنگدانەوەیەکی زۆر و بەرچاوی لە زۆرێك لە ئیدیەمەکاندا هەیە، پێکهاتە و ئەندامەکانی لەشی مرۆڤە. ڕەنگە هۆکارێکی سەرەکی ئەوە بێت، کە ئیدیەمەکان بەزۆری بۆ خودی مرۆڤ و کار و سیفەتەکانی خۆی دەگەڕێنەوە. سەرەڕای تایبەتمەندیی زمانەکان، دەشێت جیاوازی بنەڕەتییان لەڕووانگەی جۆرو چۆنایەتییەوە هەبێت و لە زمانە جیاوازەکاندا جیاواز دەربکەون و واتای مەبەست بگەیەنن، چونکە (( لە فەرهەنگی خەڵکیدا، ڕەفتاری هەریەك لە ئەندامەکانی لەش دەتوانێت پەیامێکی نادیاری لە خۆیدا بە شارراوەیی هەڵگرتبێت.))[١] و بەشێوەیەکی تایبەتمەند گوزارشت لە دیاردە و سیفەت و ڕووداوەکان بکات. ئیدیەمەکان، دەکرێت بەجۆرێکی گونجاو لەگەل کلتووری دیاریکراودا هەڵگری واتایەکی پێوەند بە تایبەتمەندیی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤیش بن. ئاشکرایە لە شێوەزاری هەورامیشدا ناوەند و مەبەستی سەرەکی خودی مرۆڤ خۆیەتی، لەبەرئەوە دەشێت ئیدیەمی زۆرمان بەرچاو بکەوێت، کە ئەندام و پێکهاتەکانی لەش چووبێتنە ناو ئیدیەمەکانەوە، کە بێگومان لەڕووی چییەتی و چەندێتی و چۆنیەتییەوە جیاوازن. بۆ نیشاندانی چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی ئەم جۆرە ئیدیەمانە و چییەتی و جۆری واتای خوازەیی، دەکرێت ئاماژە بە هەندێك نموونە بکرێت، بۆ ئەوەی لەڕێگەی وردبوونەوەو لێکۆڵینەوە لێیانەوە، لەلایەکەوە چۆنیەتی ئەو وێنەکێشانە کلتورییەمان بۆ دەربکەوێت لەڕێگەیانەوە نیشاندەدرێت، لەلایەکی تریشەوە ئاشنای جۆر و شێوازی بیرکردنەوە و دیدی ئەم کۆمەڵە دیاریکراوە ببین.

**"سەرەم لوان پادشاهی"** بەرامبەرە بە: سەرم ڕۆیشتووە بۆ پاشایی.

واتای ئیدیەمی: سەربەرزبوون بە کارێکی کەسێکی تری نزیك خۆی کە ئومێدی پێی بووە.

**"سەرەشا نیاوە"** بەرامبەرە بە: سەریان نایەوە.

واتای ئیدیەمی: بابەت ڕووداوەکەیان دامرکاندەوە، کۆتاییان پێهێنا، وازیان لێهینا.

**"سەرەش نیاوە"**[٢] بەرامبەرە بە: سەری نایەوە.

واتای ئیدیەمی: مرد.

**"سەرەشا پەی تاشا"** بەرامبەرە بە: سەریان بۆ تاشی.

واتای ئیدیەمی: تووشی کێشە و بەڵایەکیان کرد/ فێڵێکیان لێکرد/ ئابڕوویان برد.

---

[١] میر جلال الدین کزای، ( ____ : ١٧٢)

[٢] محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ٢٢٤)

**"توکی سەریش وای بەردێ"** بەرامبەرە بە: تووکی سەری بابردی.

واتای ئیدیەمی: بەسەرهاتێکی سەخت و ناهەمواری بەسەردا هات.

**"سوکە سەر"** واتای فەرهەنگی: سوکە سەر.

واتای ئیدیەمی: سەری سوکە. بێخەمە.

**"تەوێڵەش چرچێش نیەنە"** بەرامبەرە بە: تەوێڵی چرچی تێدا نییە.

واتای ئیدیەمی: دنیا بە دڵی ئەوە، دنیا بە دڵی ئەو دەگوزەرێت.

**"سیاو ونا"** بەرامبەرە بە: خوێن تاڵە. ئێسك گران.

واتای ئیدیەمی: کەسێکی نالەبار و شوومە.

**"ونیش تاڵەنە"** بەرامبەرە بە: خوێنی تاڵە.

واتای ئیدیەمی: کەس خۆشی ناوێت.

**"ونی گرسێنە چەماش"** بەرامبەرە بە: خوێن بەری چاوی گرتووە.

واتای ئیدیەمی: بە دوای تۆڵەکردنەوە کوشتنی دوژمنەکەوەیەتی.

**"دڵش نیا"** بەرامبەرە بە: دڵی بە دونیاوە نییە. دەستی لە دونیا شتووە.

واتای ئیدیەمی: دەستی لە دنیا شۆردووە _کوڕ بێ باسی ژنهێنان نەکات و کچ بێ باسی شووکردن نەکات و هەوڵی بۆ نەدات_ .

**"زێڵ سۆتێ"** بەرامبەرە بە: زگسووتاو، جەرگسووتاو.

واتای ئیدیەمی: مناڵێکی مردووە.

**"وڵە نیەنە قەلبشەنە"** بەرامبەرە بە: کون لە جەرگیدا نییە. سڵ لە دێو ناکات.

واتای ئیدیەمی: زۆر ئازا و چاونەترسە.

**"چنگە مەپێکۆ دڵیم"** بەرامبەرە بە: دڵم نایگرێت.

واتای ئیدیەمی: بە دڵم نییە. دڵم نایبات.

**"دڵ تەڕا"** بەرامبەرە بە: دڵی تەڕە.

واتای ئیدیەمی: حەزی لە دنیایە و وەك گەنجێك مامەڵە دەکات.

**"دڵش ئاویش واردۆ"** بەرامبەرە بە: دڵی ئاوی خواردەوە.

واتای ئیدیەمی: _ بەهۆی بەتەمابوونی شتێك و نەمانی ڕاڕاییەوە_ دڵی ئاسوودە و بێخەم بوو. دڵنیابوو.

**"دڵش ماڕا"**[1] بەرامبەرە بە: دڵی شکاند.

واتای ئیدیەمی: واتە بە دڵی ئەوی نەکرد، ئەوەی کە بەرامبەر چاوەڕێ بوو، ئەم نەیکرد. دڵی شکاند.

---

[1] ) محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ١٧٨)



زوبێر عەلی عارف ... نامەی ماستەر ... زانکۆی سلێمانی

بۆ نموونە ئەگەر یەکێك لەم پێکهاتە و ئەندامانە وەربگرین _دڵ_، دەکرێت جۆری ئەو پێوەندیی و گرنگیپێدانەمان بۆ دەربکەوێت. دڵ چۆن لە ژیاندا بەهاو پێگەیەکی گرنگ و پڕ بایەخی هەیە، بەهەمان شێوە ئەم بایەخ و گرنگییەش لە ئیدیەمەکاندا ئاشکرایە و لە واتا و مەبەستی خۆشی و شادی، ئازاردان، ژیان، ئارامش و ئۆقرەیی، ترس و دڵەڕاوکێدا ڕەنگیداوەتەوە. ئەم گرنگی و دەرخستنی بەهای ئەندامانەش چەندە لە ژیانی مرۆڤدا گرنگن دەشێت ئەوەندەش ئەو ئاماژەیەمان پێببەخشێت، کە خودی ئەو ئیدیەمەش کە دڵ تێیدا ڕەنگیداوەتەوە هەر ئەو گرنگییەی هەیە. دیسانەوە ئەم جۆرە لێکدانەوەیەش بۆ نموونە بۆ جگەر و خوێن، پەسەند و بەجێیە و بەوردبوونەوە لە ئیدیەمەکان، پێوەند بەم ئەندام و پێکهاتە گرنگانەی لەش، بێگومان ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت. لەبەرئەوە ڕەنگە بتوانین بڵێین نیشاندانی نموونە ئیدیەمییەکان وەك خۆیان، تاڕادەیەك دەتوانێت ڕاستییەکانی ناو ئەم کلتوورەمان وەك خۆی پێ نیشان بدات.

**"کەڕە یەهەر"** بەرامبەرە بە: تەقەی سەری دێت.

واتای ئیدیەمی: هیچ حاڵی نابێت و لە قسە تێناگات.

**"یەهەر گەنا"** بەرامبەرە بە: جگەری گەنیوە.

واتای ئیدیەمی: کەسێکی خراپ و لاسارە.

**"وڵە نیەنە جگەرشەنە"** بەرامبەرە بە: کون لە جەرگیدا نییە.

واتای ئیدیەمی: لە هیچ ناترسێت و سڵ لە هیچ ناکاتەوە و زۆر ئازایە.

**"جەرگش بڕی"** بەرامبەرە بە: جەرگی بڕی.

واتای ئیدیەمی: ئازارێکی زۆری/سەختی پێگەیاند.

**"پاش نیا جەرگشەرە"** بەرامبەرە بە: پێی نا بە جەرگیدا.

واتای ئیدیەمی: _بەترسەوە_بوێرانە بڕیاری ئەنجامدانی کارێکی دا.

**"وڵك بڕیا/پڕچیا"** بەرامبەرە بە: گورچك بڕاو.

واتای ئیدیەمی: تووشی ئازارێکی سەخت و ناڕاحەت بیت.

**"وڵکش پەڕا"** بەرامبەرە بە: گورچکی پڕە.

واتای ئیدیەمی: خاوەنی گوزەرانێکی باشە .

**"وڵکەوەر"** بەرامبەرە بە: گۆرچك خۆر.

واتای ئیدیەمی: نازداریماڵەوەیە، زۆر بە ناز و خۆشەویستییەوە بەخێوە کراوە.

ئەو کردارە لێکدراوانەی بەشی یەکەمی پێکهاتەکەیان ئەندامێکی لەشی مرۆڤە، هاوبەشی لە دروستکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئیدیەمەکان دەکەن، هۆکاری ئەم بەشدارییەش دەگەڕێتەوە بۆ

ئەنجام و كاریگەریەتی كردارەكان، بە واتایەكی تر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئازارە زۆرەی كە لە پاش ئەنجامدانی كارەكە دەكەوێتەوە و پەیدا دەبێت، هەر چۆنێك بێت چالاكی كار لە چوارچێوەی ئیدیەمدا چالاكییەكی نافیزیكی(مەعنەوی)یە. كاری (سوتان، بڕین، شكان) لە كارە هەرە چالاكەكانن كە لە داڕشتنی ئیدیەمدا هاوبەشی دەكەن: سك سوتان، جەرگ سوتان، دەست بڕین، نان بڕین، پشت شكاندن، دڵ شكاندن، مل شكاندن. ئەوەی تێبینی دەكرێت ئەوەیە ئەم سێ كارە لەگەڵ زۆربەی ئەندامەكانی لەشی ئادەمیزاددا ئیدیەم پێكدەهێنن، هۆیەكەشی ئەو ئازارە زۆرەیە كە لە پاش ئەنجامدانی ئەم كارانەدا بە ئەندامەكانی لەشی ئادەمیزاد دەگات و مرۆڤیش هەر خۆی هەست بەو ئازارە زۆرە دەكات، تا كاریگەریی ئیدیەمەكە لای گوێگر زیاتر بێت، ئەگەر نا مرۆڤ چۆن دڵ و جەرگ و سك و پشتی دەشكێ و دەسوتێ و دەبڕێ، كەچی خۆی ساغە. ئەمە بەڵگەیەكی ترە، كە ئەنجامی كردار لە ئیدیەمدا (مەعنەوی)یە.[1] بۆیە دەشێت لە شێوەزاری هەورامیشدا بوترێت ئەم سێ كردارە شكان، بڕین، سوتان لە دروستكردنی ئیدیەمەكاندا هاوبەشی دەكەن، كە دەكرێت لە نموونەكانی **"شەرمش مەڕیا"**، **"تەرسش مەڕیا"**، **"مازیش ماڕا"** ، **"دڵش ماڕا"**، **"دەسش بڕی"**، **"زوانش بڕی"** ، **"جەرگش بڕی"**، **"زێل سۆتێ"** ، **"جەرگ سۆتێ"** و چەندان نموونەی تری لەم شێوەیەدا ببینرێن.

**"شوشیم ماساینە"** بەرامبەرە بە: سیم_سییەكانم_ ئاوساوە.

واتای ئیدیەمی: بێتاقەتبوون بەرامبەر بینینی ناحەقییەك.

**"ملم بیەن نەوای نەی"** بەرامبەرە بە: ملم بووە بە نەوای نەی.

واتای ئیدیەمی: سازشی زۆرم بۆكرد.

**"تا مێ ملش پان بۆ"** بەرامبەرە بە: تا دێت ملی پانتر دەبێت.

واتای ئیدیەمی: تا دێت خۆشگوزەرانتر دەبێت. یان كەسێك، كە ژنەكەی بەسەریدا زاڵ بێت.

**"ڕۆڵەخاش ڕۆڵەخای موەڕۆوە"**[*] بەرامبەرە بە: ڕیخۆڵەی ڕیخوڵەی دەخواتەوە.

واتای ئیدیەمی: زۆر برسیەتی.

**"ڕۆڵەخاش پڕگیێنێ"** بەرامبەرە بە: ڕیخوڵەی ڕژاوە.

واتای ئیدیەمی: مناڵی زۆرە.

**"تەڕە لەم"** بەرامبەرە بە: سك تەڕ. سكدڕاو، سكەڕۆ.

واتای ئیدیەمی: زۆر خۆر، نەوسن، چڵێس.

---

[1] ) فەتاح مامە عەلی (١٩٩٨: ٩٣-٩٤)

[*] ) ئەم ئیدیەمە چۆن بیستوومە و وەرمگرتووە هەربەوشێوەیە نوسیومەتەوە **"ڕۆڵەخاش ڕۆڵەخای موەڕۆوە"** واتە بە تایبەتمەندی شێوازی ئاخاوتنی ناوچەی پاوە. لە هەندێ شوێنە بە ڕیخۆڵە دەوترێت "لێڵەخۆی" یان "ڕۆڵەخای".

**"دڵێ لەمش كەوتەرە"** بەرامبەرە بە: ناو سكی كەوتەخوارەوە.

**واتای ئیدیەمی:** زۆر ترسا.

**"لەمەم تۆشەبەرە نیەنە یاووشەرە پەیت"** بەرامبەرە بە: سكم تویێشەبەرە نییە بۆتی ڕابخەم.

**واتای ئیدیەمی:** كەسێكی خەمبارە و نایەوێت بۆ كەسی باس بكات، ناتوانێت هەموو خەمەكانی بۆ بەرامبەر باس بكات.

**"نەهەش كەوت"** بەرامبەرە بە: ناوكی كەوت.

**واتای ئیدیەمی:** زۆر ترسا.

**"وەرەچەم ئاورا"** بەرامبەرە بە: بەرچاوتەنگ

**واتای ئیدیەمی:** تێر نابێ لە سەروەت و سامان و تەماعی زۆرە.

**"چەم بەرئاما"**[*] بەرامبەرە بە: چاو دەرهاتوو.

**واتای ئیدیەمی:** ئیشێكی نابەجێی كردووە و ئەڵێی هیچی نەبینیوە و نازانێ باش و خراپ چییە.

**"ئاوی چەماش دا"**[١] بەرامبەرە بە: ئاوی چاوی دا.

**واتای ئیدیەمی:** چاوی ڕووناك كردەوە.

**"چەمێش چەرمێ بیێنێ"**[٢][**] بەرامبەرە بە: چاوی سپی بوون.

**واتای ئیدیەمی:** نەخۆش كەوتووە و حاڵی پەرێشانە.

**"چەمم لوا چەمشەرە"** بەرامبەرە بە: لووتم بە لووتیدا تەقی.

**واتای ئیدیەمی:** كتوپڕ پێی گەیشتم.

**"ئەجۆ گۆشێش نەمی"** بەرامبەرە بە: دەڵێی بەگوێ ڕایدەكێشن. دەڵێی لەگوێی نەویون.

**واتای ئیدیەمی:** بە كەسێك دەوترێت زۆر باڵا بكات و لەچاو ئەو گەشەیەی كردوویەتی، تەمەنی كەم بێت.

**"نانش بە گۆشێ ژاوان"**[٢] بەرامبەرە بە: نانی بە گوێ جوییوە.

**واتای ئیدیەمی:** لە هیچ حاڵی نییە و بێ ئاگایە و هیچ نازانێت.

**"نانش بە گۆشێ نەژاوان"** بەرامبەرە بە: نانی بە گوێ نەجوییوە.

**واتای ئیدیەمی:** زیرەك و دنیادیدە و شارەزایە.

---

*) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"چەم تەقا"**

[١]) محمەد ئەمین هەورامانی، (١٩٨٩: ٢٩) هەروەها بڕوانە جمال حبیب الله (٢٠٠٠: ١٠٤)

**) لە زمانی فارسیدا "چشم سفید"، "چشم دریده" بە واتای ڕوودار و بێ شەرم و بێ حەیا بەكاردێت. بڕوانە: حسن عمید (١٣٨٢: ٤٩٧)

[٢]) هەندێكجار ئەم ئیدیەمە بەم واتایەش بەكاردێت، كە ئەوەندە شارەزا و لێهاتوو و زۆرزانە، دەتوانێت هەموو شتێك بكات، زۆر زیرەك و سیاسەت باز و زۆرزانە و كەس نایخەڵەتێنێ. هەروەها بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"نانێش بە گۆشێ ژاوێنێ"**

**"ئاوەو گوشیش دا"** بەرامبەرە بە: ئاوی گوێ دا.

واتای ئیدیەمی: بە جۆرێك لە جۆرەکان شتەکەی تێگەیاند.

**"دەمشا چەرب/چەور کەردەن"** بەرامبەرە بە: دەمیان چەور کردووە.

واتای ئیدیەمی: بەرتیلیان پێداوە.

**"دەمش کەفش پڕنان"**[١] بەرامبەرە بە: دەمی کەفی چڕیوە/چەندووە.

واتای ئیدیەمی: زۆر توڕەو پەستە.

**"سەردە دەم"** بەرامبەرە بە: دەمی ساردە، یان دەم ساردە.

واتای ئیدیەمی: کاتی مردنیەتی.

**"دەمش بیەن تەڵەی تەقیا"** بەرامبەرە بە: دەمی بووە بە تەڵەی تەقیو.

واتای ئیدیەمی: قسەکەی ئەوەندە هەڵەیە، کە ناتوانێت هیچی تر بڵێت.

**"بە دەم نیانشەرە"** بەرامبەرە بە: بە دەم دایناوە.

واتای فەرهەنگی: لە ڕەفتاردا زۆر لەیەك دەچن.

**"ئەجۆ دەم و مەردەین"** بەرامبەرە بە: بووە بە دەمی مردوو.

واتای ئیدیەمی: واتە چێشتەکە ساردبووەتەوە.

لە زۆربەی ئەم نموونانەدا، خودی مرۆڤ مەبەستە، جگەلە ئیدیەمی **"ئەجۆ دەم و مەردەین"** کە بۆ غەیرە مرۆڤ بەکاردێت و مەبەست لە پەسنکردنی خواردەمەنییەکی ساردەوەبووە. بۆیە دەکرێت، ئەم جۆرە لێکدانەوەیەش پێوەند بە بەشەکانی تر بکرێت و بخرێتەڕوو، تا ڕاستیی هوشیاریی ئەم کلتورەمان لەبەرامبەر ئەم ئەندامانەی لەش بۆ دەربکەوێت.

**"کاکیلە مەڕیا"*** بەرامبەرە بە: کاکیلەی بەربووەتەوە.

واتای ئیدیەمی:  قسەی لە دەمدا ناوەستێت.

**"چەناگە قەڵتاخ"** بەرامبەرە بە: چەناگەی وەك قەڵتاخە.

واتای ئیدیەمی: قسەی بێ مانای زۆر دەکات.

**"لوتەش ماسێنە"** بەرامبەرە بە: لووتبەرزە. لووتی ئاوساوە.

واتای ئیدیەمی: لە خۆی بایی بووە.

**"لوتەش ئاسمانی پیکۆ"** بەرامبەرە بە: لوتی ئەدات لە ئاسمان

واتای ئیدیەمی: لە خۆبایی و خۆ بەزلزانە.

---

[١]) جمال حبیب الله (٢٠٠٠: ٢٩٤)

*) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"چەناکە مەڕیا"**

**" لوتەش دا زەمین"** بەرامبەرە بە: لوتی دای لە زەوی.

**واتای ئیدیەمی: دۆڕاندی/ پۆرتی شکا/ لوتیان شکاند.**

**ئەوەی لەم ئیدیەمانەدا دەبینرێت کە (لوت) چووەتە ناو ئیدیەمەکانەوە، لە زۆربەیاندا بۆ واتای خۆبەزلزانین بەکارهاتووە. سەرەڕای ئەوەش هەندێکجار مەبەست شکاندنی بەرامبەرە، دیسانەوە هەر ئەم وشەیە چووەتە ئیدیەمەوە و ئەو واتایە دەگەیەنێت، وەك لە "لوتەش دا زەمین" دا بەدی دەکرێت. بەلام بۆ گوێنەدان بە بەرامبەر و حساب نەکردن بۆی، ڕەنگە دیسانەوە نزیکییەکی لەگەڵ واتای (ڕوو)دا هەبێت، بۆ نموونە لە ئیدیەمی "رووەش نەدا پەنە" دا _ حسابی بۆ نەکرد، یان گرنگی پێنەدا_ دیارە.**

**"زوانێش بەهەشتۆ ئامان"** بەرامبەرە بە: زمانی لە بەهەشتەوە هاتووە.

**واتای ئیدیەمی: زمانی شیرینە. قسەی باش و خێر دەکات.**

**"زوان نیا دەمشەنە"[*]** بەرامبەرە بە: زمان لە دەمیدا نییە.

**واتای ئیدیەمی: کەم دووە، بێدەنگ و فەقیرە. بێدەنگ و بێدەسەلاتە.**

**"زوان مەگێلۆ دەمشەنە"** بەرامبەرە بە: زمان لە دەمیدا ناگەڕێت.

**واتای ئیدیەمی: زۆر تینوویەتی.**

**"دانێش سینەنە ڕستێنیٚ"[**]** بەرامبەرە بە: ددانی لە سینەدا دەرکردووە.

**واتای ئیدیەمی: سەرسەخت و پیسکە و ڕەزیلە.**

**"دانێش مەپێویا"** بەرامبەرە بە: ددانی دەرناکەون.

**واتای ئیدیەمی: زۆر پێدەکەنێت. کە ئەمە بە توانجەوە بۆ بەرامبەر بەکاردەهێنرێت.**

**"دانێش تیژێ کەردێنێوە"** بەرامبەرە بە: ددانی تیژکردووە.

**واتای ئیدیەمی: تەماعی لە شتەکە کردووە، مرقی لێخۆشکردووە.**

**"دانێشا جە یۆی چەرمێ بیێنێ"** بەرامبەرە بە: دانیان لەیەك سپی بووەتەوە.

**واتای ئیدیەمی: دەمەدەم و شەڕەقسەیانە.**

**جۆری وێناکردن و ڕەنگدانەوەی بیریی جیاواز پێوەند بە ددانەوە، دەشێت لەم ئیدیەمانەدا ئاشکراترو ڕوونتربێت و هەست بە جۆری پێوەندییەکە بکرێت، جگە لە نموونەی یەکەم "دانێش سینەنە ڕستێنیٚ"، کە ئالۆزییەکی زۆرتری تێدا هەست پێدەکرێت.**

---

*) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"زوانش نیا پۆ"** واتە : زمانی پێوە نییە.

**) ددان لە شێوەزاری هەورامیدا بە شێوەی (دڵان) دەنوسریت، بەلام کەمتر ئێستا لە ئاخاوتنەکاندا پێڕەوی ئەمە دەکرێت و هەر بەشێوەی (دان) دەردەبڕدرێت، لەبەرئەمە ئێمەش لە ئیدیەمەکاندا هەربەم شێوەیە دەینوسین.

**"دەسش مەیاوۆ لا دەمیش"** بەرامبەرە بە: دەستی ناگاتە لای دەمی.

واتای ئیدیەمی: زۆر فەقیر و بێ دەسەڵاتە. زۆر دەستکورتە.

**"دەسێش خەنینێنێ"** بەرامبەرە بە: دەستی بە خەنەوەیەوە.

واتای ئیدیەمی: هیچ ئیشێك ناکات.

**"دەسێش نیای چێرو سەرەیش"** بەرامبەرە بە: دەستی نایە ژێر سەری.

واتای ئیدیەمی: خەیاڵی ئاسوودەبوو، ئیشەکە سەری گرت/تەواو بوو/بە ئەنجام گەیشت.

**"دەسشا ئینا کاسێوەنە"** بەرامبەرە بە: دەستیان لە کاسەیەکدایە.

واتای ئیدیەمی: بەتەمای کارێکی خراپن، پێکەوە کاری خراپ ئەنجامدەدەن.

**"دەسش نیا ڕووەشۆ"** بەرامبەرە بە: دەستی بە ڕوویەوە نا.

واتای ئیدیەمی: وەڵامی نەرێی دایەوە. داواکارییەکەی بۆ جێبەجێ نەکرد. یارمەتی نەدا.

**"دەسشا داخ کەرد"** بەرامبەرە بە: دەستیان داخ کرد.

واتای ئیدیەمی: تەوبەیان پێکرد، تەمیێان کرد. فێڵیان لێکرد. دەستیان بڕی.

**"قاچش نیان سەرو قاچێو"** بەرامبەرە بە: قاچی خستووەتە سەر قاچ.

واتای ئیدیەمی: حەقی بەسەر هیچەوە نییەو هیچ ناکات.

**"ئاوەو پایاش ئاما"**[1] بەرامبەرە بە: ئاوی پێی داهات.

واتای ئیدیەمی: لە شوێنێکدا زۆر ڕاوەستاوە و چاوەڕێیکردووە.

**"مازیش ماڕا"** بەرامبەرە بە: پشتی شکاند.

واتای ئیدیەمی: تووشی بەڵاو موسیبەتێکی سەخت و دژواری کرد.

**"مازیش/پەشتیش مەڕیا"** بەرامبەرە بە: پشتی شکا.

واتای ئیدیەمی: تووشی موسیبەتێکی گەورە بوو. باوکی یان پشت و پەنایەکی مرد.

**"خۆ مازیش پۆوە نەئێشان"** بەرامبەرە بە: خۆ پشتی پێیەوە نەئێشاوە.

واتای ئیدیەمی: پێوەی ماندوو نەبووە. بە ئاسانی دەستی کەوتووە.

**"بریسکۆ و سمێڵاش مەیۆ"** بەرامبەرە بە: بریسکەی سمێڵی دێت.

واتای ئیدیەمی: نانی باشی خواردووە. پارووی چەوری خواردووە.کارێکی بۆ بەئەنجام گەیشتووە.

**"ڕیش گووین"** بەرامبەرە بە: ڕیش گواوی.

واتای ئیدیەمی: خۆی خودا پەرست نیشان بدات، بەڵام کردەوەکانی پێچەوانەی ڕواڵەتەکەی بن.

---

[1] ) محمەد ئەمین هەورامانی، (١٩٨٩: ٢٩)

**"موو مەلۆ بەینشارە"** بەرامبەرە بە: موو ناچێت بە بەینیاندا.
واتای ئیدیەمی: نێوانیان زۆر باشە، تەبا و گونجاون.
**"یاڵ بەرئامێ"** بەرامبەرە بە: یاڵ دەرهاتوو.
واتای ئیدیەمی: بۆ کچ یان ژنێك بەکاردێت کە کارێکی نەشیاو و ناپەسەند بکات.

دەکرێت بوترێت ئەوەی لە ئیدیەمەکانی شێوەزاری هەورامیدا پێوەند بەم لایەنە دەبینرێت، ئەوەیە، کە هوشیارییەکی زۆریان بەرامبەر تایبەتمەندیی پێکهاتە و ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ هەیە، ئەم ڕاستییەش لە نموونەکاندا دەبینرێت، کە چۆن زۆرجار لە ئەرك و تایبەتمەندیی ئەندامەکان و واتای ئیدیەمەکان، پێوەندییەك دەبینرێت، کە نیشانەی بیرکردنەوەی قووڵ و وردبینیی ئەوان و بەئاگاییانە لە پێکهاتەی لەشیان و ژیانی کۆمەڵایەتی و دەورووبەری خۆیان. ئەمەش ڕەنگە لە شێوەزار و زار و زمانەکانی تریشدا هەر بەو شێوەیە یان جیاواز بێت.

## ٢-١/٣) ڕەنگدانەوەی ئایین

ئایین یەکێکە لەو ڕەگەزە سەرەکییانەی، کە لە کۆمەڵدا تێکەڵ بە کلتوور دەبێت و تەنانەت دەشێت هەندێکجار وا هەستبکرێت، کە ئاوێتەبووە و ڕەنگە زۆر بە زەحمەت هەندێك دیاردەی کلتووری لە ڕەگەزی ئایین و پێکهاتەی ئایینی جیابکرێتەوە. ئایین کاریگەری بەرچاوی لەسەر کلتوور هەیە، تەنانەت زۆرجار دەبێتە بەشێك لە کلتوورەکە و بەشێوەیەکی دیار و بەرچاو لەناو پێکهاتەی کلتووری و کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوەدا و لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی یان لە وشە و دەربڕراو و ئەزموون و بیرکردنەوەدا ڕەنگدەداتەوە و تاك و کۆمەڵ دەخاتە ژێر کاریگەری ڕێژەیی خۆیەوە. لەبەرئەوە دەبینین هەر کلتوورە ڕەنگدەرەوەی ئەو ئایینەیە _ئەو ئایینە ڕەنگپێدەداتەوە_ کە ئاخێوەرانی پێڕەوی دەکەن. دەکرێت ئەم ڕەنگدانەوەیە بەشێوەیەك بێت ڕاستەوخۆ ئەو وشە و بیرۆکە و بنەما و ڕێسایانە بەکاربهێنرێن، کە تایبەتمەندیی دینەکەن، بۆ نموونە پێوەند بە دینی ئیسلامەوە وشەگەلێکی وەك (حەرام، کافر، مۆمن، مەککە، سەفا و مەروە، ...) وشەی خودی دینەکەن و ئەم وشانە لەلایەن کۆمەڵێکەوە کە پێڕەوی لە دینی ئیسلام دەکەن بە هەمان واتای ناو پێڕەوە ئایینییەکە یان نزیك لەوانەوە بەکار دەهێنرێن، بۆنموونە:

**"ئەجۆ سەفاو مەڕوە کەرۆ"** بەرامبەرە بە: دەڵێی سەفا و مەروە دەکات.
واتای ئیدیەمی: زۆر دێت و دەڕوات.
**"کافرش پەی موسڵمان بۆ"** بەرامبەرە بە: کافری بۆ موسوڵمان دەبێت.
واتای ئیدیەمی: هێندە شایانی بەزەییە.



زۆبێر عەلی عارف ... نامەی ماستەر ... زانکۆی سلێمانی

دەبینین لەم ئیدیەمی **"ئەجۆ سەفاو مەڕوە کەرۆ"** پێوەندی نزیك هەیە لەنێوان هاتن و چوون لە نێوان سەفا و مەروەدا، چونکە لە ئایینی ئیسلامدا بەشێوەیەکە کە لە حەجدا پێویستە تاك چەند جارێك لە نێوان ئەو دوو شوێنەدا بێت و بڕوات، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو ڕووداوەی کە پێوەندی بە هاجەرەی حەزرەتی ئیبراهیم (سلاوی خوای لێبێت)ەوە هەیە. ئەگەر نموونەی**"کافرش پەی موسڵمان بۆ"** وەربگرین، ئەوا کەسێك کافر بەزەیی پێدا بێتەوە ئەوە ئیتر تەواو شایانی بەزەییە، چونکە لە دینەکەدا کافر بە واتا داپۆشەری حەق و ڕاستی، واتە ئینکاری ڕاستی دەکات، لەبەرئەوە دەبینین ئەم ئیدیەمە بە هێزێکی زۆر گەورەوە مەبەستەکە دەگەیەنێت، چونکە ئیتر لێرەدا بە واتایەکی تر دەردەکەوێت و بیری کلتووریی کۆمەڵایەتی ناوچەکە کاریگەری لەسەر وشەکە هەیە تا وردە وردە لەناو کلتوورەکەدا شوێنی خۆی دەگرێتەوە. هەربۆیە کافر زۆرتر بە واتای بێ ویژدان، بێ هەست، دڵڕەق بەکاردێت. بۆیە دەشێت ئەم جۆرە تێگەیشتن و لێکدانەوە و بەکارهێنانە لە زۆربەی ئیدیەمەکانی تری پێوەند بە ئایینەوە هەستی پێبکرێت.

**"ئەجۆ شەریفو مەککەیا"** بەرامبەرە بە: دەڵێی شەریفی مەککەیە.
واتای ئیدیەمی: بە توانجەوە بۆ کەسێك بەکاردێت، کە زۆر نالەبار و لاسارە.
**"نانش حەراما"** بەرامبەرە بە: نانی حەرامە.
واتای ئیدیەمی: هیچی لەبیرناچێت و هەرچی بەخشی هەمیشە دەیداتەوە بەنێوچاواندا. یان هەرچەند پیاوەتی زۆر دەکات و یارمەتی خەڵك دەدات، بەڵام قەدری نازانرێت.
**"مەیەو مۆمنا"** بەرامبەرە بە: مەڕی ئیماندارانە. مەڕی پێغەمبەرە.
واتای ئیدیەمی: زۆر بێدەنگ و لەسەرخۆو بێ زیانە.
**"دارێش دا ڕۆحشەرە"** بەرامبەرە بە: داری دا بە ڕۆحیدا.
واتای ئیدیەمی: تەمێی کرد، عاقڵی کرد.
**"ڕۆح زل"** بەرامبەرە بە: ڕۆح زل.
واتای ئیدیەمی: خۆ بەزلزان.
**"یاگێ ڕۆحیش نارەحەتەنە"** بەرامبەرە بە: گیان لە شوێنێکی سەختدایە و دەرناچێت.
واتای ئیدیەمی: تووشی کێشەی زۆر بووە.

**"حەشر و حەلەلا"** بەرامبەرە بە: حەشر و حەلەلایە
واتای ئیدیەمی: زۆر قەرە باڵغ و دەنگە دەنگە.
**"بە پاڵێوە ملۆ پەی بەهەشتی"**[١] بەرامبەرە بە: بە ڕاکشانەوە دەچێتە بەهەشت.
واتای ئیدیەمی: زۆر چاك و ئیماندارە.

---

[١]) محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ٦٦) هەروەها بڕوانە: جمال حبيب الله (٢٠٠٠: ١٣٨)

**"فاتیحەش پەی وانە"**[1] بەرامبەرە بە: فاتیحەی بۆ بخوێنە.

واتای ئیدیەمی: واتە شتێکە تازە بە هیوای مەبە. یان لەدەستچوو، مرد.

**"ئەجۆ مەشی پێغەمبەریەنە"** بەرامبەرە بە: دەڵێی مێشی پێغەمبەرە.

واتای ئیدیەمی: بێدەنگ و بێ سەدایە.

**"سەرەش بلۆ نماش مەلۆ"** بەرامبەرە بە: سەری بڕوات نوێژی ناڕوات.

واتای ئیدیەمی: زۆر پابەندی نوێژو عیبادەتە.

**"دەسودیم مەماڕۆ"** بەرامبەرە بە: دەستنوێژی لێ ناشکێت.

واتای ئیدیەمی: هێشتا منداڵە. مەحرەمیەتی، یان گێلە و هیچ نازانێت.

دەبینین لە هەریەکە لەم ئیدیەمانەدا وشەکانی (سەفا و مەروە، مەککە، کافر، حەرام، مۆمن، حەشر، بەهەشت، ڕۆح) ڕاستەوخۆ لە خودی دینەکەوە هاتوونەتە ناو کلتوورەکەوەو تاڕادەیەك هەر بەو شێوە و واتایەش بەکارهاتوون، کە ئەمەش بێگومان ڕەنگدانەوەی دینی ئیسلامە لەکۆمەڵەکەدا و پێڕەویکردنە لەو دینە و چوونەناو ژیانی ئاخێوەرانی ئەو کلتوورەیە. بێگومان ئەمەش کاریگەری تەواوی لەسەر بیرکردنەوەی تاك و کۆمەڵی هەورامان هەیە، لەبەرئەوە (( دین وەك یەکێك لە هۆکارە کلتوورییەکانی هەورامان لە دروستکردن و خولقاندنی گۆشەنیگا و ڕەفتار و نەریت و باوەڕەکان کاریگەرییەکی هەمەلایەنەی داناوە.))[2] لەگەڵ بوونی ئەم کاریگەرییەشدا ڕەنگدانەوەی ئەم وشانە لەناو ئیدیەمەکاندا ئیتر چاوەڕێی ئەوەی لێناکرێت تەواو پێکهەڵ لەگەڵ واتای فەرهەنگیی ناو دینەکە بەکاربهێنرێن، بۆ نموونە لە ئیدیەمی **"نانش حەراما"** وشەی حەرامیش لەم ئیدیەمەدا بە واتای ناو دینەکە بەکارنایەت، تەنانەت دەکرێت بوترێت کە لە واتای دینەکە زۆر دوورکەوتووەتەوە و پێوەندی بە گوناهباربوونەوە نییە.

وادەردەکەوێت کە نەك تەنیا هاتنەناوەی ڕاستەوخۆی وشە دینییەکان دیار و بەرچاوە، بەڵکو زۆرێك لە بنەماکانیش وەرگێڕراون، واتە ئەو وشانەی وشەی تایبەتی دینەکەن ڕاستەوخۆ لەناو کلتوور و زمانەکەدا ڕەنگدانەوەیان هەیە، بەڵام بە وەرگێڕراوی بەکاردەهێنرێن. واتە کلتوورەکە ئەو وشە دینییانەی بە وەرگێڕراوی هێناوەتە ناو پێکهاتەی خۆیەوە و لە زمانەکەدا ڕەنگیانداوەتەوە. بۆ نموونە وشەکانی وەك (بەرماڵە، ئێرو قۆرەتی، نما، مزگی، خوا، ...) کە لەلایەن ئاخێوەرانەوە بەکاردەهێنرێن، سەرەڕای ئەوەی کە بیرو مەبەستەکان لە دینەکەوە سەرچاوەیان گرتووە، لە هەمان کاتیشدا وشەکانیش دیسانەوە بوونەتە ئاماژە و ڕەمزێکی دینی، بۆنموونە:

**"بەرماڵەش سەرو ئاوێرە گێڵۆ"** بەرامبەرە بە: بەرماڵەکەی بەسەر ئاودا دەگەڕێت.

---

[1] ) محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ٢٥٨)

[2] ) حسن قادری (١٣٨٧: ٧٢)



زوبێر عەلی عارف ... نامەی ماستەر ... زانکۆی سلێمانی

واتای ئیدیەمی: کەسێکی زۆر موسوڵمانە. پابەندە بە حەڵاڵ و حەرامەوە.
**"سەرو چاکیشۆ نما کەرە"** بەرامبەرە بە: نوێژ لەسەر چاکی بکە.
واتای ئیدیەمی: زۆر پاك و ئیماندارە.
**"مزگی وڕۆ، میحرابش مەنۆ"** بەرامبەرە بە: مزگەوت ڕووخاوە و میحرابی ماوە.
واتای ئیدیەمی: کەسێك بە گەنجی باش و جوان بێت کە پیریش بوو هەر شتێك لەو جوانییەی پێوە دیارە.
**"هەر خواشا یۆن"** بەرامبەرە بە: هەر خوایان یەکە.
واتای ئیدیەمی: هیچیان لە یەك ناچیٚ.
**"خوای پەی یۆی تاشێنیٚ"** بەرامبەرە بە: خوا بۆ یەکی تاشیون/دروستکردوون.
واتای ئیدیەمی: بۆ یەك گونجاون. پێکەوە زۆر تەبان.
**"ئەجۆ ئێرو قۆرەتیا"** بەرامبەرە بە: دەڵێی ئاگری قوورەتە.
واتای ئیدیەمی: بە کەسێکی زۆر خراپ و عەجول دەوترێت کە هیچ کەس چاری ناکات.
**"ئەجۆ فریشتڵیٚ خوناش"** بەرامبەرە بە: بەدەم فریشتەوە پێدەکەنێت.
واتای ئیدیەمی: کەسێکی لە خۆیەوە پێدەکەنێت. یان پێکەنینەکانی شادی بەخشن.

سەرەڕای ئەوەش دەکرێت بوونی هاوتای ئەم وشە دینییانە لە شێوەزارەکەدا و ڕەنگدانەوەیان لە ئیدیەمەکاندا، وەك بەڵگەیەك سەیر بکرێت بۆ ئەوەی کە جگە لەوەی ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارە پێڕەوی ئەو دینە دەکەن، هاوکات پەسەندکردنێکی گونجاویشی لێدەخوێنرێتەوە، چونکە بەرامبەر بەم وشانە وشە و دەربڕڕاوی هاوتای ئەم دەربڕڕاوانەیان داناوە و بوونەتە بەشێك لە پێکهاتەی کلتووری کۆمەڵەکە، کە ئەویش بیرکردنەوەیە بەپێی بنەمای ئایینی، بیرکردنەوەیەکە لەسەر بنەمای ڕەفتاری دروست و پێڕەوکردنی بەرنامەیەکی دروست و تەواو. واتە دەکرێت ئیدیەمەکان بیرکردنەوەیەکی ئایینی بن لە کاتێکدا هیچ وشەیەکی ئیدیەمەکە نەبووبێتە وشەیەکی دینی یان ڕەمزێکی دینەکە، بەڵام ڕەنگدانەوەی بیرێکی دینی تێدا بەدیدەکرێت. دەکرێت بوترێت، کە ئەمە لەو چەند ئیدیەمەدا هێندە لەگەڵ کلتوورەکەدا ئاوێتەبووە، کە ناکرێت لەگەڵ نەریت و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لەگەڵ بنەمای ئایینەکەدا لێك جیابکرێنەوە. چۆنیەتی و چەندێتی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە زۆر بەڕوونی لە ئیدیەمەکاندا ڕەنگیداوەتەوە و دەشێت بەڕوونی پەی بەوە ببرێت، ئایا ئەم بنەما دینییانەش لە کۆمەڵەکەدا وەك بنەما و پێڕەو، یان وەك شتێکی ڕووکەش مامەڵەیان لەگەل دەکرێت؟ لەبەرئەوە دەکرێت بەسەرنجدان و زیاتر وردبوونەوە لە نموونەکان ئەوە هەڵبهێنجین کە دینی ئیسلام بە بنەما و وشەو بیر و کردەیی لە ئیدیەمەکاندا ڕەنگیداوەتەوە و خودی ئیدیەمەکانیش وێنەیەکی ڕوون و ئاشکرای کلتووری هەورامانمان بۆ نیشاندەدەن، تا بەهۆیەوە پەی بە کلتووری کۆمەڵایەتی شێوەزارەکە ببەین. دەکرێت بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە ئەم ئیدیەمانە بخەینەڕوو:

**"گونجەنەش پەی سەرو زەیسانێ مشیۆ"** بەرامبەرە بە: بەنەخوێنی بۆ سەر زەیسان دەشێت.

واتای ئیدیەمی: پیاوێکی زۆر موسوڵمان و پاکە.

**"حل حلی مەزهەب"** بەرامبەرە بە: حولحولی مەزهەب

واتای ئیدیەمی: کەسی ڕاڕا و بێ بار و بێ مەزهەب.

**"ئەجۆ هەتیمو کەعبەین"** بەرامبەرە بە: دەڵێی هەتیوی کەعبەیە.

واتای ئیدیەمی: کەسێك، کە ئەژنۆی خەمی لەباوەش گرتبێت. زۆر خەمبارە.

**"ئەجۆ سەرو شەخسیۆ ئامان"** بەرامبەرە بە: دەڵێی لەسەر شەخسەوە هاتووە.

واتای ئیدیەمی: بۆ منداڵی لاسار بەکاردێت، کە زۆر نازی پێدرابێت.

**"شەیتانی لێستێنۆ"** بەرامبەرە بە: شەیتان لێساویەتییەوە.

واتای ئیدیەمی: بە ژنی زۆر جوان دەوترێت کە ئەوەندە جوان بێت دڵی بەرامبەر ببات.

**"ئیزرائیلش جواب کەردەن"** بەرامبەرە بە: ئیزرائیلی جواب کردووە.

واتای ئیدیەمی: زۆر بەتەمەنە و نامرێت. نەخۆشەو زۆر بەتەمەنە لەگەڵ ئەوەشدا بەئاسانی گیان نادا.

## ٣-١/٣) ڕەنگدانەوەی کار و سیفەتی باش

بێگومان هەر کلتوورە تایبەتمەندی خۆی هەیە لەوەدا کە چی بە دیاردەی دزێو و نەگونجاو دەزانێت، یان چی بە باش و گونجاو و پەسەند دەزانێت، کە ئەمەش تاڕادەیەك پێوەندییەکی پتەو و زۆر نزیکی بە پێڕەوکردنی ئایینێکی ئاسمانی یان زەمینی، یان پێڕەو و سیستمێکی کلتووری-کۆمەڵایەتییەوە هەیە، چونکە ئەمە دەبێتە ڕێنیشاندەر و ئاڕاستەبەخشێك بۆ جۆری ڕەفتاری کۆمەڵایەتی. هەربۆیە دەبینین هەموو ئەو ئیدیەمانەی کە ڕەنگدەرەوەی دیاردەی دزێو و نەگونجاون، لەناو خودی ئەو دینەدا _ئیسلام_ بە دیاردەی دزێو و ناپەسەند و خراپ باسیان لێوە کراوە، کەواتە دەکرێت بگوترێت سەرچاوەی ئەم بیرکردنەوەیە زۆر لە دینەکەوە نزیکە. هەربۆیە ڕەنگە لە ئەنجامی وردبوونەوە لە ئیدیەمەکان ئەوەمان بۆ دەربکەوێت، کە بیری کۆمەڵایەتی دروستیان تێدادەبینرێت، کە دەکرێت یەکێك لە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی ئەم ڕەفتار و بیرە کۆمەڵایەتییە، پێڕەوکردنی بنەماکانی ئایینێك یان چەند ئایینێك بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بێگومان زەقکردنەوەو خستنەڕووی هەریەکە لەو ڕەفتارانەش لەبەرامبەردا لەلایەن کۆمەڵەوە ستایشدەکرێت و بەپێچەوانەشەوە، دوورکەوتنەوە لەو بنەما و ڕەفتارە باش و پەسەندانە، ڕووبەڕووی سزای کۆمەڵایەتی دەبێتەوە. ئەم جۆرە ستایشکردنەش دەکرێت لە وێنەی تێڕوانینەکان و واتای ئیدیەمەکانەوە بەڕوونی ئاشکرا و دیاربێت، کە دەکرێت ئاماژە بەم نمونانەی خوارەوە بکرێت.

**"شۆتش حەڵاڵا"** بەرامبەرە بە: شیری حەڵاڵە.

واتای ئیدیەمی: کەسێکە هیچ کارێکی خراپ ناکات و زۆرباشە.

**"خۆ دەسش بە گوڵە تەڕێنێوە نەگێرتەن"*** بەرامبەرە بە: خۆ دەستی بە گوڵەتەڕەوە نەگرتووە. یان دەستی بەشتێکی بێ نرخ و بێ ئەرزشەوە نەگرتووە.

واتای ئیدیەمی: واتە پشتی بە کار و کەسێکی شیاو و شایستە بەستووە.

**"کۆتەن ملوو چاڵێ لیرارە"** بەرامبەرە بە: کەوتووە بە مل چاڵی لیرەدا.

واتای ئیدیەمی: بە کەسێك دەوترێت کە لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند ژنی هێنابێت یان شووی بە کوڕی ماڵە دەوڵەمەندێك کردووە، یان کەسێکە پارە و سامانی باشی دەستکەوتووە یان دەستدەکەوێت.

**" کەپرەش سەوزەنە"** بەرامبەرە بە: کەپرسەوزە.

واتای ئیدیەمی: کەسێکە، کە بەختی باشە و هەردەم هەواری ئاوەدانە.

**"دەساوەش پاکەنە"** بەرامبەرە بە: دەستاوی پاکە.

واتای ئیدیەمی: دەستڕەنگین و پاك و خاوێنە.

**"ژیرلەو مەرێ!"** ** بەرامبەر بە: زاناو حەکیمی سەردەمە.

واتای ئیدیەمی: بەکاردێت بۆ کەسێك، کە گوایا خەڵکی زۆر بە زانای دەزانن، بەڵام هیچ نەزانێت.

**"تیکەی هاڵ مەنیۆ"** بەرامبەرە بە: تیکەی خاو ناخاتە دەمیەوە.

واتای ئیدیەمی: شتی خراپ ناخوات.

**"ئاو و دەم وەشا"** بەرامبەرە بە: مەشرەبخۆشە.

واتای ئیدیەمی: کەسێکی ڕووخۆشە و ڕێز و خۆشەویستی بۆ خەڵك دەردەبڕڕێت.

**"چەنی وێش پاڵاکەش بەرۆ بەهەشت"** بەرامبەرە بە: بە پێڵاوەوە دەچێتە بەهەشت.

واتای ئیدیەمی: کەسێکی فەقیر و زۆرباش و خواناسە.

**"باخەڵەش پەڕەنە"** بەرامبەرە بە: باخەڵی پڕە.

واتای ئیدیەمی: کەسێکی دڵخۆشە و هیچ خەمی نییە.

**"قەن وارۆ دەمش"** بەرامبەرە بە: شەکر لە دەمی دەبارێت.

واتای ئیدیەمی: زمان شیرینە.

**"کەوگیر بەدەسا"** بەرامبەرە بە: کەوگیر بەدەستە.

واتای ئیدیەمی: خاوەن دەسەڵات و دەستڕۆشتووە. توانای هاوکاری و ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری خەڵکی هەیە.

**"پەشتیش گێرتەن"**[١] بەرامبەرە بە: پشتی گرتووە.

---

* ) گوڵەتەڕێنی، جۆرە گیایەکی بێ بەرە و وەك بادامی کێویی وایە.

** ) زۆرجار ئەم ئیدیەمە بە توانجەوە بۆ کەسێك بەکاردەهێنرێت کە هیچ نەزانێت، بەڵام لەڕاستیدا **"ژیرلە و مەرێ"** مەبەست لێی کەسی زانا و ژیرە و کاروباری خەڵکی بەدروستی بەڕێوە دەبات. ئەم ئیدیەمە پێوەندی بە کلتورێکی دێرینی ناوچەی هەورامانەوە هەیە، کە پێڕەوکردنی سیستمێکی دروست و گونجاوی بۆ هەڵبژاردنی کەسانی دێ و ناوچەکانی هەورامان هێناوەتە ئاراوە.

[١]) محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ٨٧) هەروەها بڕوانە: جمال حبیب الله (٢٠٠٠: ١٧٦)

واتای ئیدیەمی: یارمەتی کەسێکی تر دەدات و فەرامۆشی ناکات.
**"وەرەقەی چەرمە موانۆوە"** بەرامبەرە بە: کاغەزی سپی دەخوێنێتەوە.
واتای ئیدیەم: کەسێکی زۆر زیرەك و وریایە.
**"ئەجۆ چەنە و خەیاتینە"** بەرامبەرە بە: دەڵێی دەرزیی خەیاتییە.
واتای ئیدیەمی: ماندوویەتی بۆ نییە، یان ماندوو نابێت و هەر خەریکی ئیش و کارە.
**"چەم و دەم پاکا"** بەرامبەرە بە: چاو و دەم پاکە.
واتای ئیدیەمی: کەسێکی بێوەیە.
**"بازنی ئاڵتون ئینا دەسشەنە"** بەرامبەرە بە: بازنی ئاڵتونی لە دەستدایە.
واتای ئیدیەمی: خوێنەوار و ڕۆشنبیرە. خاوەن پیشەیەکە، کە دەیژێنێت.
**"تانو پۆش هەورێشما"، "تان و پۆ دووە لا"** بەرامبەرە بە: تان و پۆی ئاوریشمە.
واتای ئیدیەمی: واتە لە هەردوو سەری دایك و باوکییەوە لە خێزانێکی ناودار و بەڕێزن.
**"پشکۆڵو بەرەیمانە"** بەرامبەرە بە: شەوبەنی دەرگامانە. قەڵای قایمە.
واتای ئیدیەمی: واتە کەسێکی متمانە پێکراوە. پارێزەری ماڵ و ناموسیانە.

**"عار و مور"** بەرامبەرە بە: عارو مور.
واتای ئیدیەمی: کەسێکی عاقڵ وریك وپێکە.
**"پاش ئەرە زەمین مەگنۆ"**[*] بەرامبەرە بە: پێی ناکەوێتە عەرز.
واتای ئیدیەمی: شاد و خۆشحاڵە.
**"وەرێسەش پەنە برێو"** بەرامبەرە بە: گوریسی پێ دەبڕدرێت.
واتای ئیدیەمی: شتی لەدەست دێت، دەتوانێت کارێك بکات.
**"کوتەك جە بەهەشتۆ ئامان"** بەرامبەرە بە: کوتەك لە بەهەشتەوە هاتووە.
واتای ئیدیەمی: سزادان هەمیشە کارێکی خراپ نییە، هەندێك جار پێویست و باشە.
**"بنەوانەکەش شێلان/بەستەن"**[1] بەرامبەرە بە: بناوانەکەی باش شێلاوە.
واتای ئیدیەمی: کەسێك کە بنەڕەتی کارەکەی پتەو باش بێت و دڵنیابێت و ترسی لێی نەبێت.
**"پاڵش دان بە خیگەیۆ"**[2] بەرامبەرە بە: پاڵی داوە بە هیزەوە.
واتای ئیدیەمی: قازانجی کردووە. بەوکەسە دەوترێت کە پاڵ دەدات بە کەسێکی دەوڵەمەندەوە و دەکەوێتە خۆشگوزەرانییەوە، یان پاڵ دەدات بە کەسێکی چاکەوەو لە چاکەکەی بەهرەمەند دەبێت.
**"هەنگوین و ڕووەنەنێ"** بەرامبەرە بە: هەنگوین و ڕۆنن. مێو و ڕۆنە.

---

[*]) بەم شێوەیەش لەسەر زارە : **"پێش مەگنا زەمین"** بڕوانە : محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ٩٢)
[1]) محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ٧١) هەروەها بڕوانە: جمال حبیب الله (٢٠٠٠: ١٥٦)
[2]) محمد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ٨١) هەروەها بڕوانە : جمال حبیب الله (٢٠٠٠: ١٧١)



زوبێر عەلی عارف ... نامەی ماستەر ... زانكۆی سلێمانی

واتای ئیدیەمی: زۆر بەیەك دەخۆن و پێكەوە گونجاون.
**"مەرەش سەوزەنە"** * بەرامبەرە بە: بەختی باشە. پلە و مەقامێكی باشی هەیە.
واتای ئیدیەمی: واتا دەورووبەری قەرەباڵغە، یان شانس و بەختی زۆرە.

دەكرێت لە سیفەت و دیاردە باشەكاندا دەستخۆشی و هەڵسەنگاندن و نرخاندن و خستنەڕووی ڕاستەوخۆ بەشێوەی كاردانەوەی ڕەفتاری و پێخۆشبوون و بەدەمەوەچوون و گوێلێگرتن و قەبوڵكردن بێت و خودی ئەم ڕاستەوخۆبوونەش لایەنی جوانی پێوەندی نێوان تاكەكانی كۆمەڵ بێت. زۆرێك لە كار و سیفەتی باش كە لە ئیدیەمەكاندا ڕەنگیانداوەتەوە، وەك متمانەپێكردن، زمان شیرینی، ڕۆخۆشی، ئازایەتی، پشت پێبەستن، یارمەتیدان، ڕێزلێنان و خۆشەویستی دەربڕین و پێكەوە گونجان و تەبابوون و...تد، نیشانەی هەبوون و پەسەندكردنیانە لەلایەن كۆمەڵەكەوە. بێگومان ئەمانەش لەلایەن كۆمەڵەوە دەنرخێنرێت و جۆری ئەم نرخاندنە زیاتر دەروونی و ناوەكییە و پێوەندی بە ڕەفتار و جۆری بیركردنەوەی تاكەكانەوە هەیە، كە دەشێت هەندێكجار ناڕاستەوخۆ و هەندێكجاریش گوزارشتی ڕاستەوخۆی بەشێوەی ئاخاوتنی سەرزارەكی لێبكەن.

## ٣/١-٤) ڕەنگدانەوەی كار و سیفەتی خراپ

وەك پێشتر ئاماژەی پێكرا بەكارهێنانی ئیدیەم لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بە تەنها بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە، كە بەهێزتر واتا دەگوازێتەوە، بەڵكو جۆرێك لە ڕێزگرتنی هەستی بەرامبەریشی تێدایە بەوەی كە واتاكە بە ناڕاستەوخۆ دەردەبڕدرێت و زۆرجار زەقكردنەوە و شكاندنەوەی پێوە دیارنییە. هەرچەند زۆرجاریش سیفەت و كارەكانی بەرامبەر ـی ئیدیەم بۆ بەكارهێنراو ـ زۆر خراپ و نالەبار بن، بەڵام دیسانەوە هەر بەو شێوە بە بەكارهێنانی ئیدیەمەكان ڕاگرتنی هەستی بەرامبەر و كاریگەری جۆری گەیاندنی ئەو واتایە نیشاندەدرێت. ئەمەش كاریگەری ئەرێنی دروستدەكات بۆ زیاتر كاریگەربوونی مەبەستی بەكارهێنانی ئیدیەمەكە، هاوكات زۆرجار دەورووبەر لە ڕووداو و هەڵوێست و ئاخاوتنی نەگونجاو دووردەخاتەوە. لەبەرئەوە بوونی ناڕاستەوخۆیی لە گەیاندنی واتای كۆمەڵایەتی ئیدیەمەكان هۆكارێكی باشە بۆ هێشتنەوەی ڕێز و پێوەندیی كۆمەڵایەتی، سەرەڕای ئەم كاریگەرییەش، نە دیاردە و سیفەتێكی ناپەسەند دەكات بە پەسەند و نە بەپێچەوانەشەوە. ئەگەر

---

*) مەرە: بەو شوێنانەی كە خەڵكی تێدا كۆبووەتەوە بۆ ڕاگۆڕینەوە و بڕیاردان و شوێنەكەش ناوی هەبووە، وتوویانە "مەرە"، هەروەها بە سەركردەكەشیان وتووە ژێرەو مەرێ یان ژێرلەو مەرێ. خۆ ئەگەر شوێنێ گردبوونەوەكەیان ناوی زۆری ببووایە دەیانوت ئەم ژێرلەیە مەرەكەی سەوزە. واتە بەختی زۆرباشی هەیە، یان شانسی زۆرە. هەرچەندە دەشێت ئەوەش بوترێت، كە كەسەكە واتە **"ژێرلە و مەرێ"** ئەگەر خەڵكی زۆرتر لە دەوریدا كۆبوویێتەوە ئەوا ئەو دەستەواژەیان بۆ بەكارهێناوە، كە بوترێت **"مەرەش سەوزەنە"** واتە شانسی زۆرە و خەڵكی زۆری بەدەوردایە.

سەرنجی ئیدیەمەکانی خوارەوە بدەین بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە کۆمەڵ چی بە خراپ و ناپەسەند دەزانێت و بەچ شێوەیەکیش گوزارشتیان لێدەکات.

**"بۆ قیرە مەلکۆ دامەنتۆ"** بەرامبەرە بە: ببێت بە قیر بە دامێنتەوە نالکێت.

**واتای ئیدیەمی:** ئیش فێر نابێت، زۆر بە سەختی شت فێر دەبێت.

**"نمەکەش تاڵەنە"** بەرامبەرە بە: نمەکی تاڵە.

**واتای ئیدیەمی:** بەکەڵکی ئەوە نایەت یارمەتی لێوەربگریت.

**"چاشتیش سوێڵەنە"**[*] بەرامبەرە بە: چێشتی سوێرە. نمەکی سوێرە.

**واتای ئیدیەمی:** پیاوەتی زۆر دەکات، بەڵام کەس قەدری نازانێت.

**"پەتەش پرچییێنە"** بەرامبەرە بە: پەتی پچڕاوە.

**واتای ئیدیەمی:** شەرم و حەیای نەماوە. بێ ئابڕوو بووە.

**"چل درۆ"** بەرامبەرە بە: چل درۆ.

**واتای ئیدیەمی:** زۆر درۆزنە.

**"هێڵە پینە کەرۆ"** بەرامبەرە بە: هێلکە پینە دەکات.

**واتای ئیدیەمی:** زۆر ڕەزیلە.

**"لێفش نیان وەرێسە"** بەرامبەرە بە: لێفەی خستووەتە ناو گوریسەوە.

**واتای ئیدیەمی:** یانی هەمیشە ماڵی بە کۆڵیەوەیەتی. یان زۆرزانە و باش شت/قسە دەشارێتەوە.

**"زەنگۆڵ قایما"** بەرامبەرە بە: عەقڵی لە ئەژنۆیدایە.

**واتای ئیدیەمی:** بێ عەقڵەو زۆر شت لێك ناداتەوە، قسەی بێ جێ و بێ مانا دەکات.

**"نان و دۆ بڕا"** بەرامبەرە بە: نان و دۆ بڕە.

**واتای ئیدیەمی:** بە کەسێك دەوترێت پێ و قەدەمی خێر نەبێت/ خێری لێ نابینرێت.

**"ڕۆڵە وەرۆ ئەدێنە دزۆ/ هورگێرۆ "** بەرامبەرە بە: ڕۆڵە لەبەر دایکیدا دەڕفێنێت.

**واتای ئیدیەمی:** دزێکی بێ شەرمی چاو چاونەترسە.

**"چەنی وێش گژێۆ"** بەرامبەرە بە: لەگەڵ خۆی بەشەڕدێت.

**واتای ئیدیەمی:** بە کەسێك دەڵێن کە زۆر توڕە بێ و لەگەڵ هەموو کەس بەشەڕ دێت.

**"چاك پڕچیا"** بەرامبەرە بە: چاکدڕاو.

**واتای ئیدیەمی:** بە کەسێك دەوترێت کە هەژار و برسی و مایەپووچە.

**"جیقڵدانیش نیەنە"** بەرامبەرە بە: جیکڵدانی نییە.

**واتای ئیدیەمی:** بە کەسێك دەوترێت کە ئارامی نەبێت و زوو تووڕە بێت.

**"هەسەرێ دانش پێڵە و چەماش"** بەرامبەرە بە: ئێستر لە پێڵوی چاوی داوە.

---

[*]) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"نمەکەش سوێڵەنە"** ، **"نانە و دەسیش بێ مەکەن"**

واتای ئیدیەمی: خۆی تووشی کێشەیەك کردووە.

**"پەشتیش سەردە بیۆ"**[١] بەرامبەرە بە: پشتی سارد بوویەوە.

واتای ئیدیەمی: دڵی بە کارەکەوە/کەسەکەوە نەما. دڵیَ لێ ساردبوویەوە.

**"کەفەن پوویان"** بەرامبەرە بە: کفن پوواوە.

واتای ئیدیەمی: زۆر ژن ئاغەیە ، پیاوەکەی وەك مردوو حسابی بۆ دەکرێت.

**"ئەجۆ هێڵەو سەرو وەرێسێن"** بەرامبەرە بە: دەڵێی هێلکەی سەر گوریسە.

واتای ئیدیەمی: گیرخواردووە و نازانێت چی بکات.

**"سەرە گلێشەنە"** بەرامبەرە بە: سەرەخۆرە.

واتای ئیدیەمی: ئارام و قەراری نیە و ئاخرەکەی سەری خۆی دەخوات.

**"تفۆ سەرەوکوی"** بەرامبەرە بە: تفکردنی بەرەو ژوورە.

واتای ئیدیەمی: کاری خراپ و نەگونجاو دواجار بۆ خۆی دەگەڕێتەوەو زیان بە خۆی دەگەیەنێت.

**"ئایرۆ چێروو بوڵیَ"** بەرامبەرە بە: ئاگری ژێر خۆڵەمێشە.

واتای ئیدیەمی: بۆ کەسێك کە کپ و بێدەنگ دیارە، لە ڕوخساردا وادیارە کە هیچ زیانی نییە، بەڵام لە ژێرەوە بەردەوام کێشە و ئاشووب دەنێتەوە.

**"کارد و کەفەن"**[*] بەرامبەرە بە: وەك کێرد و چەقۆن.

واتای ئیدیەمی: واتا دوو کەس لە قسەکانیاندا یەکناگرن و ڕێکناکەون و هەر یەکەیان شتێك دەڵێت. بۆ لێسەندنەوەی حەق/ ملکەچبوون.

**"ئاوێر چەماشنە دیارا"** بەرامبەرە بە: ئاگر لەنێو چاویدا دیارە. ئاگر لە چاوی دەبێتەوە.

واتای ئیدیەمی: کەسێکە بە دوای کوشتنی دوژمنەکەوەیەتی. شەڕەنگێزە.

**"شەیتان ئینا چێروو باڵیشەنە"** بەرامبەرە بە: شەیتانی هێناوەتە ژێر باڵی.

واتای ئیدیەمی: شەیتانیش دەخەڵەتێنی. زۆر فێڵباز و خراپەکارە.

**"بە حەوت ئاویَ شۆریانۆ/شۆرییێنۆ"**[**] بەرامبەرە بە: بە حەوت ئاو شۆراوەتەوە.

واتای ئیدیەمی: زۆر لەو شتە یان کەسەی تر باشترە.

**"نەمان چوێوە هەردویَ سەرێش گووا"** بەرامبەرە بە: دارێکی بەدەستەوەیە هەردوو سەری گووە.

واتای ئیدیەمی: واتە لەنێوان دوو شتدا گیری خواردووە کە هەردووکیان سەرەنجامەکەیان خراپە.

**"هیچ کەمێوە مەدۆشەرە"** بەرامبەرە بە: هیچ بێژنگێك دای نادات.

واتای ئیدیەمی: زۆر بێ عەقڵە.

**"سمەری کۆنی مدۆ وارە"** بەرامبەرە بە: کای کۆن بە با دەدا.

---

[١] محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ٨٧) جمال حبیب الله (٢٠٠٠: ١٧٥)

[*] بۆ حیکایەتی پشت ئەم ئیدیەمە بڕوانە: محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ٢٧٥)

[**] هەندیَ جاریش ئەم ئیدیەمە بە توانجەوە بەکاردەهێنرێت و مەبەست لێی ئەوەیە، کە بەرامبەر زۆر بێ حەیا و بێ شەرمە.

واتای ئیدیەمی: بە دوای شەڕ و ئاشووبەوەیە.

**"بارش وستەن "** بەرامبەرە بە: باری خستووە.

واتای ئیدیەمی: بە کەسێك دەوترێت کە لە ماڵێکی بێگانەدا پاڵی لێدابێتەوە و بۆئەوەی بە خەیاڵدا بێت ئەرکیان زۆر قورس دەکات.

**"خرسش کەردەن"** بەرامبەرە بە: خرسی کردووە.

واتای ئیدیەمی: تووڕەو بێ دەنگ و مۆنە.

**"چنگێش هۆر وێلییێوە"**[1] بەرامبەرە بە: چنگی هەڵگەڕایەوە.

واتای ئیدیەمی: زۆر ترساوە.

**"گووش بارەنە نیا"** بەرامبەرە بە: گوی لە باردا نییە.

واتای ئیدیەمی: کەسێك هەر قسە بێت و هیچی لە باردا نەبێت.

**"گەجەر و گوجەر"** بەرامبەرە بە: هەرچی و پەرچی. گەجەر و گوجەر.

واتای ئیدیەمی: هەرچی و پەرچی، وەك جنێو بۆ شکاندن و کەمکردنەوە بەکاردێت.

**"نەرمە بڕ"** بەرامبەرە بە: نەرمە بڕە.

واتای ئیدیەمی: فێڵباز. کەسێك بە دزییەوە یان ژێر بە ژێر کاری خراپ بکات.

**"بە حەوت تەوەرێ ملش مەبڕیۆوە"** بەرامبەرە بە: ملی بە حەوت تەور نابڕدرێتەوە.

واتای ئیدیەمی: لەگەڵ ئەوەی کە لەش ساغە، بەڵام بەسەر خەڵکەوە دەژی. واتە شایستەی ئەو یارمەتیدانە نییە، کە خەڵکی هاوکاری دەکات.

**"وێچنە گێرە ڕووەشۆ "** بەرامبەرە بە: بێژنگ بگرە بەڕوویەوە.

واتای ئیدیەمی: زۆر شەرمنە.

**"کەللەقەنێوەش ماڕا"** بەرامبەرە بە: کەلەشەکرێکی شکاند.

واتای ئیدیەمی: قسەیەکی ناشیرین/نەشیاوی کرد.

**"قەن کۆتەنە ئاوی"** بەرامبەرە بە: شەکر کەوتە ئاوەوە.

واتای ئیدیەمی: زوو قسە لەدڵ دەگرێت.

**"تەختێش کەما"** بەرامبەرە بە: تەختەیەکی کەمە.

واتای ئیدیەمی: واتە تەواو نییە، ناتەواوە، کەم عەقڵە، یان کاری بێ عەقڵانە دەکات.

**"بیەن تەختە و سەرو ئاویٚ"** بەرامبەرە بە: وەك تەختەی سەر ئاوی لێهاتووە.

واتای ئیدیەمی: کەوتووەتە نێوان دو سێ هەل و هەڵبژاردنەوە و نازانێ چی بکات. یان لە ئیشێك یان شتێکدا گیری خواردووە و هیچی لەدەست نایەت و نازانێت چی ڕاستە، کە ئەنجامی بدات.

**"پیرەژەنی دۆ مجیای"** بەرامبەرە بە: پیرەژنی دۆ ڕژاو.

واتای ئیدیەمی: زۆر بێتاقەت و خەفەتبارە. بۆڵەبۆڵکەرە.

---

[1] محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ١٢٢) هەروەها بڕوانە: جمال حبیب الله (٢٠٠٠: ٢٤٣)

"**شەوقش جە تەپالاٚ بڕیەن**" بەرامبەرە بە: شەوقی لە تەپاڵە بڕیوە.

واتای ئیدیەمی: زۆر ناشیرینە.

"**پڵتۆکەش دەینە تەقۆوە**" بەرامبەرە بە: پلتۆك/پەلەپیتکەی لێدەیت دەتەقێت.

واتای ئیدیەمی: زۆر پەست وتوڕە و بێتاقەتە.

"**بەنش تننا**" بەرامبەرە بە: بوو بە داوەکەوە. بوو بە داوێکی سەختەوە. بەندی تەنرا.

واتای ئیدیەمی: ژیانی لە مەترسیدایە، دەربازبوونی ئەستەمە.

"**ئاوی بە وێچنە بەرۆ**"[1] بەرامبەرە بە: بە بێژنگ ئاو دەبات.

واتای ئیدیەمی: رەنجی بێهودە دەدەن.

"**لەش سوکا**"[2] بەرامبەرە بە: لەشی سوکە.

واتای ئیدیەمی: ئازا و گورج و گۆڵە.

"**چاکش کەردەن لا**" بەرامبەرە بە: چاکی کردووە بەلادا.

واتای ئیدیەمی: ئامادەیە کارێکی پێ بسپێرن. ئامادەی ڕۆشتنە، یان ئامادەی ئەنجامدانی کارێکە.

" **دمەی وستەن**" بەرامبەرە بە: دوگی زۆری پێوەیە. دوگ خستوویەتی.

واتای ئیدیەمی: کەسێکی قەڵەوە.

"**مورەو وێش نیێنەش**" بەرامبەرە بە: مۆری لە دەمی داوە.

واتای ئیدیەمی: دەمی داخستووە و بە هیچ شێوەیەك هیچ ناڵێت.

"**ئارگاش کوشیێنۆ**" بەرامبەرە بە: ئاگردانی کوژاوەتەوە.

واتای ئیدیەمی: وەجاخی کوێر بووە.

"**سکەڵ ئینا دەمشەنە**" بەرامبەرە بە: سکڵ لە دەمیدایە. برێشکە لە دەمیدا تەقیوە.

واتای ئیدیەمی: زۆر بەپەلە قسەدەکات و قسەکان تێکەڵ دەکات.

"**گۆشتی لەڕ سەرو خەپلێشۆ منیا**"* بەرامبەرە بە: گۆشتی لەڕ لەسەر خەپلەی دادەنێن.

واتای ئیدیەمی: دەبێت قەبوڵی بکەیت تازە ئەوە بەشی ژیانتە.

"**دنیاش گێرتێنە کۆڵێوە**" بەرامبەرە بە: دنیای گرتووە بە کۆڵیەوە.

واتای ئیدیەمی: کەسێکی زۆر چاوبرسی و تەماعکارە.

"**باسش کولەکێ تەڕەنە نیا**" بەرامبەرە بە: باسی لەناو کولەکەی تەڕدا نییە.

واتای ئیدیەمی: کەس حسابی هیچی بۆ ناکات.

"**بێ ئەدا و تاتە**" بەرامبەرە بە: بێ دایکوباوك.

واتای ئیدیەمی: بێ تەربیەت، بێ ئەدەب، ڕوودار.

---

[1]) محمەد ئەمین هەورامانی، (١٩٨٩: ٢٦)

[2]) سەرچاوەی پێشوو (٣١٢)

*) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: "**گوشتی لەڕ سەروو ڕانیشۆ منیا**"

**"ئاوی کوۆ دنگەنە"**[*] بەرامبەرە بە: ئاو لە دنگدا دەکوتێت.

واتای ئیدیەمی: کاری بێهودە دەکات.

**"چووە ئەو تاریکی کوۆ"** بەرامبەرە بە: تفەنگ بە تاریکییەوە دەنێت.

واتای ئیدیەمی: قسەی بێ مانا و بێهودە دەکات.

**"یەخێ وێش دڕیە"** بەرامبەرە بە: یەخەی خۆی دادڕی.

واتای ئیدیەمی: زۆر بێزارە _لەتاو بێتاقەتی و ...تد_ بێزارییەکەی بەم شێوە دەردەبڕێت.

**"پڕان سەرو داری لاری"** بەرامبەرە بە: لە کەلی شەیتان نایەتە خوار. پەڕیوەتە سەر داری لار.

واتای ئیدیەمی: نالەبار و ئینکارە. مانیگرتووە و قایلنابێت.

**"مدۆ نالی و مدۆ سپێڕی"** بەرامبەرە بە: لە ناڵ و لە بزماریش دەدات.

واتای ئیدیەمی: سەرکۆنەی هەردوو لا دەکات.

**"فوو کریانەرە برناخێش"** بەرامبەرە بە: فووی تێکراوە.

واتای ئیدیەمی: خۆبەزلزانە.

**"دەم چەور"** بەرامبەرە بە: دەم چەور.

واتای ئیدیەمی: زمان لوس، ماستاوچی.

**"شۆتی خامش واردەن"** بەرامبەرە بە: شیری خاوی خواردووە.

واتای ئیدیەمی: زەینی باش نییە، زوو شتی لەبیر دەچێتەوە.

**سیل بە یۆی کەرۆ"** بەرامبەرە بە: سیل بە پیاو دەکات.

واتای ئیدیەمی: مرۆڤ تورە دەکات و سەبری ناهێڵێت.

**"پاڵش بە گۆشێوە دان"**[١] بەرامبەرە بە: پاڵی بە گۆزەوە داوە.

واتای ئیدیەمی: زەرەری لە پاڵدا کردووە مەبەست لە کەسێکە کە پاڵیداوە بە کەسێکی خراپەوە و دیارە ئەمیش لەپاڵ خراپە و زەرەری ئەودا تووشی زەرەرو خراپە دەبێت.

**"پاش بی تەڵێوە"** بەرامبەرە بە: پێی بوو بە تەڵەوە.

واتای ئیدیەمی: کەوتە ناو کێشەیەکەوە. هەڵخەڵەتا.

**"تەڕ/تەڕە مەبۆ"** بەرامبەرە بە: تەڕ نابێت.

واتای ئیدیەمی: تەریق نابێتەوە، شەرم و حەیا ناکات.

**"چارەسیاو"** بەرامبەرە بە: چارە ڕەش. چارە سیا.

واتای ئیدیەمی: بەخت ڕەش، بەدبەخت.

**"دوکەڵش ملۆ چەمێمارە"** بەرامبەرە بە: دوکەڵی دەچێت بە چاوماندا.

واتای ئیدیەمی: زیانی بە ئێمە دەگات.

---

[*]) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"ئاوی کوۆ دۆڵەنە"**

[١]) محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ٨١) هەروەها بڕوانە: جمال حبیب الله (٢٠٠٠: ١٧١)

**"تۆزەش چەنە هۆر مەئێزۆ"**[1] بەرامبەرە بە: تۆزی لێ هەڵناسێت.
واتای ئیدیەمی: هیچی لێ هەڵناوەرێت، کەسێکی ڕژد و ڕەزیلەو هیچ سودی لێنابینرێت.
**"حەیاش شوریێنۆ"** بەرامبەرە بە: حەیای تکاوە. حەیای شۆڕراوەتەوە.
واتای ئیدیەمی: ئابڕووی نەماوە. بێ ئابڕوو بووە.

لە نموونەکانی سەرەوەدا زۆرێك لە کار و سیفەتی خراپ و ناپەسەند خرایەڕوو، وەك ڕەزیلی، بێشەرمی، ماستاوچێتی، ئینکاری، خۆبەزلزانی، دووڕوویی، شەڕەنگێزی، خەمباری، چاوبرسێتی و... تد. بێگومان بوونی ئەم نمونانە، لەلایەکەوە ئەوە دەخاتەڕوو کە کەسانی لەم شێوەیە لەناو ئەم کلتوورەدا جێی خۆیان کردووەتەوە، لە لایەکی تریشەوە بیرکردنەوەی ئەم کلتوورە بەرامبەر بەو کار و سیفەتە خراپانە لە ئیدیەمەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، بەوەی کە چۆن لێیان دەڕوانرێت و بە چ شێوەیەکیش گوزارشتیان لێدەکرێت. بۆیە بە وردبوونەوە لە ئیدیەمەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کۆمەڵێکی دیاریکراو چی بە لاوە ناپەسەند و خراپە و چۆن ڕووبەڕووی دەبێتەوە و بە چ شێوەیەکیش بە کلتوور و کۆمەڵی نیشاندەداتەوە.

ڕەنگدانەوەی کار و سیفەتی باش لە ئیدیەمەکاندا هەرچەندە بە ئاشکرا دیارە و هەندێك دیاردە و کار و سیفەت جوانتر نیشاندەدات و مانایەکی کاریگەرتریان پێدەبەخشێت، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم جۆرە ئیدیەمانە لەچاو ئیدیەمەکانی تردا لە بواری سیفەتی خراپ و دیاردە دزێو و ناپەسەنددا لەڕووی چەندێتییەوە کەمترن، یان باشتر وایە بگوترێت کەمتر دەکەونە بەرچاو و بەکاردەهێنرێن. دەشێت ئەوە بگوترێت کەمی ئیدیەمەکان لەڕووی چەندێتییەوە لەم بوارەدا_ کار و سیفەتی باش_ ڕەنگە هۆکاری سەرەکی ئەوە بێت، کە ئاخێوەرانی ئەم کلتوورە چاوەڕێ دەکەن، کە تاك و کۆمەڵی ئەم کلتوورە سیفەت و کاری باشیان لێوە ببینرێت. لەبەرئەوە ئەمە شتێکی نەخوازراو و ڕاچڵەکێنەر نییە، کە سیفەت و کاری باشیان لێ ببینریت، هەربۆیە دەبینین بە پێچەوانەوە زۆر لە هەوڵی ناشیرینکردنی دیاردە و سیفەتی نەخوازاو و نەگونجاو و ناپەسەنددان ، وەك لە نموونەکانی سەرەوەدا خرایەڕوو.

## ٥–١/٣) ڕەنگدانەوەی دیاردەی دزێو و ناپەسەند

ئیدیەم ڕەنگدەرەوەی کلتووری کۆمەڵە و دەتوانرێت بگوترێت زۆربەی لایەنەکانی ژیان، بە وێنای ژیان و بیرکردنەو و کار و سیفەتی باش و خراپەوە تێیدا ڕەنگدەداتەوە. هۆکاری ئەم ڕەنگدانەوەیەش ئاشکرا و ڕوونە، چونکە ئیدیەم هەڵقوڵاوی ناو کلتوورە و ڕەنگدانەوەی ئەو کلتوورەیە کە تێیدا لەدایك دەبێت، لەبەرئەوە نیشاندەر و خستنەڕووی وێنەی ئەو تایبەتمەندییە کلتوورییانەیە پێوەند بە ژیان وبیرکردنەوە و ڕەفتار و ئاخاوتنی ئاخێوەرانەوە، کە بەو زمانە یان زار

[1] محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ١٠٨) هەروەها بڕوانە: جمال حبیب الله (٢٠٠٠: ٢١١)

یان شێوەزارە دەدوێن. لەبەرئەوە وێنەیەکی تاڕادەیەك کامڵ و تەواوی ئەو کلتوورە نیشاندەدات و خۆی لەناو هەموو کونج و گۆشەیەکی ژیانی کۆمەڵایەتی کلتووری ئەو کلتوورەوە سەرهەڵدەدات و ڕەنگدەداتەوە.

یەکێك لەو دیاردانەی کە ئیدیەم گوزارشتی لێدەکات و بەوێنە و واتایەکی چڕەوە دەیگوازێتەوە و نیشانیدەدات دیاردە دزێو و نەگونجاو و نەخوازراو و ناپەسەندەکانە، بەواتا ئەم ڕەفتار و کاردانەوانە ڕەنگە بتوانرێت هۆهاندەرێکی دروستبوونی ئیدیەمن. بە وتەی ویل دورانت: ((بەشێك لە ئیدیەمەکان لە رفتاری مرۆیی و کاردانەوەکانی لە بەرامبەر ڕووداوەکان و ئەنگێزەی جۆراوجۆر سەریانهەڵداوە.))[1] لەبەرئەوە بەشێکی دیار و بەرچاویان ئەم بوارە ڕەنگپێدەدەنەوە و ئەوەندەی تر ئەو دیاردەیە زەق دەکەنەوە و بە واتایەکی چڕوپڕ و دیارترەوە دەیخەنەڕوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی پەرژیندار واتا و مەبەستەکە دەگەیەنن، ئەمەش لەبەرئەوەیە کە مەبەست گواستنەوەی زۆرترین واتایە بە شێوەیەك کە زۆرجار ڕاستەوخۆ و بریندارکەر و ڕوشێنەر نەبێت. بەو واتایە لە ئیدیەمدا لەگەڵ ئەوەی کە لەم مەبەستەدا دەیەوێت دیاردەیەکی ناپەسەند و دزێو بناسێنێت و وەك خۆی تەنانەت ناشیرینتر و بێزراوتر بیخاتەڕوو، بەڵام بەتایبەتمەندیی پەرژینی ڕێزلێگرتن دەچێتەپێشەوە و واتا مەبەستەکە دەگەیەنێت. بۆیە دەشێت بگوترێت ئیدیەمەکان ((نەك تەنیا هۆکاری بیرکردنەوەی ڕوون و ئاشکران، بەڵکو هۆکاری باشتربوونی پێوەندیی کۆمەڵایەتین.))[2] پێویستە ئەوەش بگوترێت ڕەنگدانەوەی ئەم ڕێزگرتنە بێگومان ناتوانرێت وەك بنەمایەکی بەکارهێنان گشتاندنی بۆ بکرێت، چونکە جگەلەوەی لە کۆمەڵ و کلتوورێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تریش دەگۆڕێت.

دەکرێت بگوترێت بوونی دیاردەی ناپەسەند و دزێوی وەك کوشتن، فەوتاندن، هەڵخەڵەتاندن، ئاشووب نانەوە، فیتنەیی، شەڕەنگێزی، هەلپەرستی، چاوچنۆکی و...تد. هەندێك لەو دیاردانەن، کە بەڕوونی لەناو ئیدیەمەکانی شێوەزاری هەورامیدا ڕەنگیانداوەتەوە و تێڕوانینی کۆمەڵ و کلتووری هەورامانیش لە ئاست ئەو دیاردانەدا نیشاندەدات. دەتوانرێت بە هۆی ئەم ئیدیەمانەوە پەی بە دوو لایەنی گرنگ ببرێت، یەکەمیان چییەتی و چەندێتی ڕەنگدانەوەی ئەم دیاردانە لەناو ئیدیەمەکاندا، دووەم، نیشاندانی ناشیرین کردن و پەسەندنەبوونی لەناو خودی کلتووری کۆمەڵەکەدا. واتە دەشێت لەجۆری ئیدیەمەکەوە هەندێ جار پەی بەوەوە ببەین ئەم دیاردەیە چەندە ناپەسەند و نەگونجاو و نەخوازراوە. ئەویش بە هۆی جۆری ئیدیەمەکەوەیە، کە چۆن و بە چ شتێك گوزارشت لەو دیاردەیە دەکات، کە بێگومان لەمەشدا دیاردە دزێو و ناپەسەندەکان بەگوێرەی نەخوازراوی و ناپەسەندییان جۆری گوزارشتلێکردنیان بەشێوەی جیاواز لە ئیدیەمەکاندا دەردەکەون. بۆیە ئەگەر لەم ئیدیەمانە بڕوانین، ئەوا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، لەگەڵ ئەوەی کە هێزێکی کۆمەڵایەتی بە ئاخێوەرانی

---

[1]) میر جلال الدین کزای، ( ____ : ۱۷۳)

[2]) دکتر سید علی میر عمادی (۱۳۷۳: ۵۰۰)

دەبەخشێت بۆ ناسین و دووركەوتنەوە لێیان، هاوكات وا لە ئاخێوەرانی دەكات پارێزكاری لە بەهای كلتوری كۆمەڵەكەیان بدەن و ڕووبەڕووی ئەم دیاردانە ببنەوە. زۆرێك لە دیاردە دزێو و ناپەسەندەكانیش دەكرێت لەڕێگەی ئەم نمونانەی خوارەوە بخرێنەڕوو.

**"دەسێش سەڕیێ پاڎێەرە"** بەرامبەرە بە: كاسەكەی بە مل ئەودا دەشكێنێت. دەستە چەورەكەی بە ئەودا دەسڕێت.

واتای ئیدیەمی: واتە شتەكەی/كێشەكەی خستە مل ئەو. ئەویشی توش كرد.

**"دەسی دەسیش پەنە كەرۆ"** بەرامبەرە بە: دەستی دەستی پێدەكات.

واتای ئیدیەمی: واتە ئەمڕۆ سبەی پێدەكات و نایەوێت كارەكە ئەنجام بدات.

**"بە دەسی خەڵكی مارێ گێرۆ"** بەرامبەرە بە: بە دەستی خەڵك مار دەگرێت.

واتای ئیدیەمی: خۆی هیچ ناكات و بە خەڵكی تر ئیشەكانی دەكات.

**"كەردەنشەنە وڵە"**[1] بەرامبەرە بە: كردوویەتییە كونەوە.

واتای ئیدیەمی: ترساندوویەتی. هیچ ڕێگەیەكی بۆ نەهێشتووەتەوە. تۆقاندوویەتی.

**"ئاویش دا ڕێخوڵێمەرە"**[2] بەرامبەرە بە: ئاوی ڕیخۆڵەمی دا.

واتای ئیدیەمی: گەدای خستم و هیچی پێ نەهێشتم.

**"ئارەقشا پەنە كەرد"** بەرامبەرە بە: ئارەقیان پێكرد.

واتای ئیدیەمی: تەریقیان كردەوە.

**"مەكەرەشا ئینا چەنە"** بەرامبەرە بە: كەسێكی ناحەزیان تێدایە.

واتای ئیدیەمی: دوو كەس دەیانەوێت كارێك ئەنجام بدەن، نێوانیان كەسێكی ترە كە خراپە و ناهێڵێت.

**"ڕێزە ئینا پاڵاشەنە"** بەرامبەرە بە: زیخ لەناو پێڵاوەكانیدایە.

واتای ئیدیەمی: كێشە و گرفت دەنێتەوە، باش ناڵێت.

**"دێوناش"** بەرامبەرە بە: هاری كرد، شێتی كرد. دێوانەی كرد.

واتای ئیدیەمی: چووە بن كلێشیەوە و هانیدا، یان شێتی كرد.

**"تەڵێش پەی نیاوە"** بەرامبەرە بە: تەڵەی بۆ ناوەتەوە.

واتای ئیدیەمی: دەیەوێت تووشی گێچەڵێكی بكات/ فێڵی لێدەكات و زیانی پێدەگەیەنێت.

**"تەڵێ فرێ تەقنۆ"** بەرامبەرە بە: تەڵەی زۆر دەتەقێنێت. تەڵەتەقێنە.

واتای ئیدیەمی: لە ئیشی خەڵكی تردا زۆر خۆی هەڵدەقورتێنێت.

**"پیس داشپۆ"** بەرامبەرە بە: خراپ/پیسی پێكرد. پیس پێوەیدا.

---

[1]) محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ٢٩١)

[2]) جمال حبيب الله (٢٠٠٠: ١٠٠)

واتای ئیدیەمی: پیس زیانی پێگەیاند.

**"دەماریٚ پیای بەرمارۆ"** بەرامبەرە بە:: دەماری پیاو دەردەهێنێت.

واتای ئیدیەمی: بەرامبەر زۆر پەست و توڕە دەكات.

**"قەرز كۆرا"** بەرامبەرە بە: قەرزكوێرە.

واتای ئیدیەمی: كە قەرز دەكات یان نایداتەوە یان زۆر بەئەستەم دەیداتەوە.

**"داش بنەو مەنجەڵەكیٚ"** بەرامبەرە بە: دای لە بنی هەمانەكە.

واتای ئیدیەمی: هیچی تیا نەهێشتەوە و _ڕاستەوخۆ و بێ پەردە_ هەموو شتەكەی دركاند.

**"پۆرتەش ماڕا"** بەرامبەرە بە: پۆرتیان شكاند.

واتای ئیدیەمی: تەریقیان كردەوە. وەڵامێكی باشیان دایەوە.

**"پەیشا قڕنا"**[1] بەرامبەرە بە: بۆیان قڕاند.

واتای ئیدیەمی: نوقڵانەی شومیان بۆ لێدا. ڕووداوێكی خراپیان خستەئەستۆ.

**"كەردەشا/كەردشا پڕپۆڵە"** بەرامبەرە بە: كردیان بە پڕپۆڵ.

واتای ئیدیەمی: شپرزەیان كرد. باشیان لێدا.

**"پەی سێبەرەو سەرەیش گێڵا"** بەرامبەرە بە: بۆ سێبەری سەری دەگەڕێن.

واتای ئیدیەمی: واتە بە خوێنی سەری تینوون و دەیانەوێ لەناوی ببەن.

**"با گوڵێ بەیۆوە"** بەرامبەرە بە: با گوڵێ بێتەوە_ لە كانی_.

واتای ئیدیەمی: نایەوێت كارەكە ئەنجام بدات، چونكە ئەمە بە گاڵتەوە دەوترێت، واتە هەر نایەتەوە، لەبەرئەوە مەبەست ئەوەیە كە ئیشەكە نەكات.

**"ڕوتشا كەردۆ"** بەرامبەرە بە: ڕووتیان كردەوە.

واتای ئیدیەمی: _ لە پارە و ماڵ و سامان_ هیچیان پێ نەهێشت.

**"سەرەشا نیان سەرش"** بەرامبەرە بە: سەریان ناوەتە سەری.

واتای ئیدیەمی: بێتاقەتیان كردووە و سەریان لێشێواندووە.

**"بیەن تۆقە/تەوقە ملمۆ"** بەرامبەرە بە: بووە بە تەوق بە ملمەوە.

واتای ئیدیەمی: واتە لە كۆڵم نابێتەوە، بەستراوەتەوە بە منەوە.

**"ڕامەش پەی نیانۆ"** بەرامبەرە بە: داوی بۆ ناوەتەوە.

واتای ئیدیەمی: شتێكی باشی بۆ دەكات تا هەڵیبخەڵەتێنێت.

**"ئاویش كەردێنە چێرما"** بەرامبەرە بە: ئاوی كردووەتە ژێرمان.

واتای ئیدیەمی: گێچەڵ نانەوە، كێشەدروستكردن.

**"بارش هەوار مەلۆ"** بەرامبەرە بە: باری ناگاتە هەوار.

---

[1] ) محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ٣٥٧)

واتای ئیدیەمی: خەریکی پیلانگێڕی و خراپەکردنە و لەسەر حیسابی خەڵکی ماڵ و سامان پەیدادەکات.

**"تێلاش/ کوتەکش ئینا ئاوینە"** بەرامبەرە بە: کوتەکی لەناو ئاودایە. کوتەکی خستووەتە ئاو.

واتای ئیدیەمی: شەڕانی و شەڕەنگێزە. ئامادەی شەڕە.

**"کیاستشا پەی ترەوا"** بەرامبەرە بە: ناردوویانە بۆ تور.

واتای ئیدیەمی: ناردیان بەدوای کارێکی بێهودە و بێ سوددا.

**"کلاوەشا پەی وراست"** بەرامبەرە بە: کلاویان بۆ دووری.

واتای ئیدیەمی: فێڵیان لێکرد و خەڵەتاندیان.

**"ڕێسەکەش کەردیمێ پەژم"** بەرامبەرە بە: ڕیسەکەی لێکردینەوە بە خوری.

واتای ئیدیەمی: کارەکەی شێواند و تێکیدا، کار و ئامانج و ئاواتەکەی تێکدا.

**"دۆشاشارە"** واتای فەرهەنگی: دایاندۆشی.

واتای ئیدیەمی: واتە هیچیان پێ نەهێشت_لە ماڵ و سامان_ و ڕووتیان کردەوە.

**"داشا ئاویەرە"** بەرامبەرە بە: دایان بە ئاودا.

واتای ئیدیەمی: فەوتاندیان، لەناویان برد.

**"وستشا چاڵی"** بەرامبەرە بە: خستیانە چاڵەوە.

واتای ئیدیەمی: تووشی کێشەیەکیان کرد، خەڵەتاندیان.

**"یانەشا پەی گزیدا"**[*] بەرامبەرە بە: ماڵەکەیان بۆ گسك دا.

واتای ئیدیەمی: هیچیان بۆ نەهێشتەوە، ماڵەکەیان تالانکرد.

**"گوڵەشا دا/ تۆپەشادا"** بەرامبەرە بە: هەڵیانخەڵەتاند، گوڵیان لێکرد.

واتای ئیدیەمی: فێڵیان لێکرد، خەڵەتاندیان.

**"پاڵەشا نیاپۆ"** بەرامبەرە بە: پاڵیان پێوە نا.

واتای ئیدیەمی: دەریانکرد، دووریانخستەوە.

**"پردیشا دا ئاویەرە"**[١] بەرامبەرە بە: پردەکەیان دا بە ئاودا.

واتای ئیدیەمی: ڕەنجیان بە بادا. دەستخەڕۆیان کرد.

**"هەننیت پەی نەوشینی ئاوردەن"** بەرامبەرە بە: شوتیت بۆ نەخۆشی هێناوە.

واتای ئیدیەمی: ئەو کارەی کە کردووتە بێهودە و بێ ئەنجامە.

**"کۆتەن پەشتەو کەنۆڵەی"** بەرامبەرە بە: کەوتووەتە پشت کەنووەوە

واتای ئیدیەمی: پشت گوێ خراوە و گوێی پێنادرێت.

**"لای لای کەری چی مەوسی"** بەرامبەرە بە: لای لایە دەکەیت بۆ ناخەویت.

---

*) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"گزیشا دا یانەش"**

١) جمال حبیب الله (٢٠٠٠: ١٨١)

واتای ئیدیەمی: ماستاوی زۆر بۆ خەڵکی دەکات، بەڵام بۆ خۆی ناتوانێت هیچ کارێك بکات.

**"سەرەشا کەرد چێرو ئاوێ"** واتای فەرهەنگی: سەریان کرد بە ژێر ئاودا.

واتای ئیدیەمی: لەناویان برد، فەوتاندیان.

**"خەنجەرە ئۆ سمەرا مدۆ"**[1] بەرامبەرە بە: خەنجەر لە کا دەدات.

واتای ئیدیەمی: بێعەقڵانە ماڵ و سامانەکەی خەرج دەکات، چونکە پێوەی ماندوو نەبووە.

**"ئاودارای زەلیا"** بەرامبەرە بە: ئاودێری زەلە.

واتای ئیدیەمی: کارێکی بێهودە و بی ئەنجامە.

**"دانەش دا"** بەرامبەرە بە: دانی بۆ ڕۆکرد.

واتای ئیدیەمی: خەڵەتاندی.

**"کاسە لێس"** بەرامبەرە بە: کاسە لێس.

واتای ئیدیەمی: مشەخۆر. چڵکاوخۆر.

ئەم نمونانەی سەرەوە ئاماژەیەکن بۆ کەسانی فیڵباز، شەڕانی، مشەخۆر، بەرژەوەندی خواز، هەلپەرست، چاوچنۆك، بەکرێگیرا و ..تد، کە چاڵ بۆ خەڵکی تر هەڵدەکەنن و زیان بە خەڵکی دەگەیەنن و بۆ مەرام و مەبەستی تایبەتیی خۆیان، ئامادەن هەر کارێکی ناپەسەند و دزێو ئەنجامبدەن. بۆیە دەبینین ئەم خراپەکارانە بە زیرەکی خۆیان توانیویانەوە لەنێو ئەم کۆمەڵەدا جێی خۆیان بکەنەوە. لەگەڵ ئەمەشدا کلتووری کۆمەڵەکە بە بیر و ڕەفتار و کاردانەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە هەردەم وەك خراپی و ناشیرنی خۆیان بە کۆمەڵیان نیشاندەدات، کە ئەمە بەڕوونی لە چۆنیەتی گوزارشتلێکردنیان لە ئیدیەمەکاندا ڕەنگیداوەتەوە.

ئەوەی لە دیاردەی دزێو و نەگونجاودا دەبینرێت ئەوەیە، کە زۆرتر کارکردنە لەسەر خودی کردار و دیاردە و ڕووداوەکە و نیشاندانی دزێوی و ناپەسەندیی ڕەفتار و کردارەکەیە. جگەلەوەی کە بێگومان بە هۆی ئەم کردار و رفتارە ناپەسەندەوە جۆرێك لە وەسفکردنی کەسەکەشی تێدایە، بەڵام ئەمە ڕەنگە تاڕادەیەك جیاوزابێت لە ڕەنگدانەوەی سیفەتی خراپ، کە ڕاستەوخۆ دراوەتەپاڵ کەسەکە، هەربۆیە زەقکردنەوە لە هەریەکەیاندا تایبەتمەندی خۆی وەرگرتووە. سەرەڕای ئەوەی کە بەبەراورد لەگەڵ کار و سیفەتی باش لەگەڵ دیاردەی دزێو و ناپەسەند و کار و سیفەتی خراپ، ئەوە دەردەکەوێت، کە لەڕووی چەندێتی و ژمارەوە لێکجیاوازن. ڕەنگە بەگوێرەی ئەم ئیدیەمانەی کە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە کۆکراونەتەوە بتوانرێت بوترێت، کە ڕەنگدانەوەی کار و سیفەتی باش لە ئیدیەمەکاندا کەمترە لە چاو دیاردە ناپەسەند و سیفەتە خراپەکاندا_ کە ئەمەش شتێکی ڕێژەییە و تەنیا پێوەندە بەم ئیدیەمانەی کە توانراوە کۆبکرێنەوە_ ئەمەش جگەلەوەی پێوەندی بە کلتوورەکەوە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە هۆکارەکەی خودی کلتوورەکە بێت، کە لەبنەڕەتدا هەردەم چاوەڕێی

[1] محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ١٣١) هەروەها بڕوانە: جمال حبيب الله (٢٠٠٠: ٢٦٠)

ڕەفتار و سیفەتی باشە لە تاك و كۆمەڵەكەی، لەبەرئەوە زۆرتر دەرخەر و نیشاندەر و زەقكردنەوە ناشیرینكردنی ئەو شتانەیە كە پێی نامۆن و لەگەڵ سیما و ناوەڕۆكی كلتوورەكەیدا ناگونجێن، كە ئەمەش دیسانەوە لە كلتوور و كۆمەڵێكەوە بۆ یەكیكتر جیاوازە.

## ٦-١/٣) ڕەنگدانەوەی نزا و توككردن[١] (دوعا بۆكردن و دوعا لێكردن)

ئیدیەمەكان پێوەند بەم بوارە زۆر بەرچاودەكەون و ڕەنگدانەوەشیان زۆرجار لە بواری نەخۆشی و مردن و بەڵا و كارەسات و ڕووداودا دەبێت. ئەمەش لە هەردوو لایەنی نزا و توككردندا ئاسایی دەردەكەون، كە بۆ هەردوو لایەنەكە بەشێوەی جیا و پێچەوانەی یەكتر دەردەكەون، بەواتا نزاكردن بۆ نەمردن و نەخۆش نەكەوتن و هەبوونی بەخت و ژیانێكی خۆش، توككردنیش بۆ مردن و نەخۆش كەوتن و بەدبەختبوون.

ئەوەی لە دوعالێكردن (توككردن)دا زۆرتر ئاشكرا و دیارە، مردن _ منداڵ مردن، كەسی نزیكی، یان هەندێ جار خودی كەسەكە، كە ئیدیەمەكەی بۆ بەكاردێت_ ، نەخۆش كەوتن ، ئابڕوچوون و بەدبەختییە، كە دەكرێت لەم نمونانەی خوارەوە ئەم مەبەست و بوارانە بخرێتەڕوو.

**"سەرە كەوێ"، " سەرەت كەوە بۆ"** بەرامبەرە بە: سەرەكەوە.

**واتای ئیدیەمی: كەسێكی نزیكت بمرێت.**

**"قەڵاخی سەر"** بەرامبەرە بە: یاخوا_ڕەش بپۆشیت.

**واتای ئیدیەمی: كەسێكی نزیكت بمرێت.**

**"قەڵاخی پیمۆ پەی سەرەو تۆ"** بەرامبەرە بە: یاخوا رەشپۆشی تۆ بم.

**واتای ئیدیەمی: یاخوا بمریت.**

**"بوڵاوە دەی سەرەتەرە"**[*] بەرامبەرە بە: شار بەدەر بكرێیت.

**واتای ئیدیەمی: ئابڕووت بچێت.**

**"خمخانە دریۆ سەرەتەرە"** بەرامبەرە بە: سەرت لە خوم هەڵبكێشن.

**واتای ئیدیەمی: تووشی موسیبەتێكی قورس بیت.**

**"دەك دڵێ لەمت بۆ ئاو و دۆ"** بەرامبەرە بە: ناو سكت وەك ئاو و دۆی لێبێت.[*] *

**واتای ئیدیەمی: تووشی نەخۆشییەكی خراپ بیت.**

**"بەیتەش كەردە"** بەرامبەرە بە: سەری دای لەبەرد.

---

[١]) ئەم دوو زاراوەیەم بەرامبەر بە (دوعا بۆكردن و دوعا لێكردن)، واتە نزا (دوعابۆكردن) ، توككردن (دعالێكردن) لە د.هۆگر مەحموود فەرەجەوە وەرگرتوون.

[*]) بۆ هەردوو ڕەگەز بەكارهاتووە و مێژوی هەیە كە ئەم كارە بە كارەكی كراوە ... ئەگەر كەسێك بوهتانی بۆ كەسێك كردبێت ئەوا بە مەبەستی سزادان، بەرامبەر لە قەرەباڵغیدا بوڵاوی كردووە بەسەریدا.

[*]) (ناو سكت وەك هەناری داتەكیوی لێبێت.) شیلان رەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٦٨).

واتای ئیدیەمی: بۆ قسەیەك كە نەدەبوو بكرێت بەكاردەهێنرێت، واتە زۆر نابەجێی كرد، غەڵەتی كرد.

**"هەناسە سەرد/سەردە بی"** بەرامبەرە بە: هەناسە ساردبی.

واتای ئیدیەمی: كەسێكی نزیكت بمرێت. نەگەیت بە ئاكام.

**"گلاراوكەوتە"** بەرامبەرە بە: گلاراو بگریت.

واتای ئیدیەمی: تووشی نەخۆشییەكی سەخت بیت _ ئەم نەخۆشییە بەجۆرێكە كە كەسەكە لەبەر ئازار و لاوازابوون ناتوانێت دانیشێت_.

**"قەزاو مەردا كۆتە گیانت"** بەرامبەرە بە: قەزای مردوو لە گیانت بكەوێت.

واتای ئیدیەمی: یاخوا بەڵا و موسیبەتەكە بەسەر تۆدا بێت، یاخوا بمریت.

**"قەرەچۆڵەت چنیۆ"** بەرامبەرە بە: قەرەچۆڵ بڕاو. قەرەچۆڵت بڕێت.

واتای ئیدیەمی: یاخوا كەست نەمێنێت.

**"ئۆجاخەنە نەمەنی"** بەرامبەرە بە: لە وەجاخدا نەمێنیت.

واتای ئیدیەمی: یاخوا بمریت و لە وەجاخدا نەمێنی.

**"ئایرت وەنە وەربۆ"** بەرامبەرە بە: ئاگرت تێ بەربێت.

واتای ئیدیەمی: یاخوا نەمێنیت. بمریت.

**"ئێسكت وەراشیۆوە"** بەرامبەرە بە: ئێسكت داڕزێت. كرمەڕێز بیت.[1]

واتای ئیدیەمی:یاخوا لەبەرچاو ون بیت،بۆكەسێك بەكاردێت تاقەتی نەبێت لە شوێنی خۆی بجوڵێت.

**"مەردەت مرۆ"** بەرامبەرە بە: مردووت بمرێت.

واتای ئیدیەمی: بۆ كەسێك بەكار دێت كە زۆر لەسەر شت بڕوات و نەیبڕێتەوە. بەواتا هەروەها تووشی موسیبەتێك بیت كە لەبەر سەختی موسیبەتەكەی ترت لەبیر بچێتەوە.

**"مەردەلاَت گنۆ"** بەرامبەرە بە: مردن بە میراتت بێت.

واتای ئیدیەمی: یاخوا ئەوەی هەتە هەمووی بەجێبهێڵیت. ئەوە ئاخر پۆشاكت بێت.

**"هاریت پڕۆ پۆرە"** بەرامبەرە بە: هاریت تێبكەوێت.

واتای ئیدیەمی: بۆ منداڵێكی زۆر هار و هاج بەكاردێت. واتە چل ڕۆژ پتر تەمەن نەكەیت، چونكە كورد دەڵێت هار چل ڕۆژ دەژی.

**"لیلەقانێ دەی سەرەتەرە"** بەرامبەرە بە: سەرت لە خوم هەڵبكێشرێت.

واتای ئیدیەمی: یاخوا تووشی تەعزیە و بەڵاو موسیبەت بیت.

**"سەرەت كێشا ئاویرە"** بەرامبەرە بە: سەرت لە ئاودا هەڵكێشن.

واتای ئیدیەمی: كارێكی نەشیاو و نابەجێی كردووە.

**"جۆت دریۆ سەرەتەرە"** بەرامبەرە بە: سەرت بچێت بە جەوتدا.

واتای ئیدیەمی: تووشی بەڵایەكی خراپ بیت.

---

[1]) شیلان رەحیم ئیبراهیم (٢٠٠٤: ٦٩).



زوبێر عەلی عارف ... نامەی ماستەر ... زانكۆی سلێمانی

**"_یاخوا_ یانۆ تاتەیت بە چەمچەچای بەش کریۆ"** بەرامبەرە بە: _یاخوا_ ماڵی باوکت بە کەوچکی چا دابەشبکرێت.

واتای ئیدیەمی: واتە ماڵتان کەسیان نەمێنێت و میراتتان هەموو دابەش بکرێت.

**"غەور و غەزەبی بی"** بەرامبەرە بە: غەوری غەزەب بیت.

واتای ئیدیەمی: لەناو بێچارەیی و بەدبەختیدا نغرۆ بیت.

**"دەك دەست بۆ خڕخاڵ"** بەرامبەرە بە: دەست وەك خرخاڵی لێبێت.[١] دەستت بە خڕخاڵ بێت.

واتای ئیدیەمی: دەست وردبێت. دەست بشکێت.

**"پرزەش بریۆ"** بەرامبەرە بە: یاخوا پرزەبڕاو بێت.

واتای ئیدیەمی: یاخوا هیچی نەبێت، بەرەکەت لە ماڵیدا نەمێنێت.

**"چێرو پایت ورد بی"** بەرامبەرە بە: ژێر پێت وردبێت.

واتای ئیدیەمی: واتە زۆر دەجوڵێ و دەگەڕێت.

**"ئۆخەی نەکەری"** بەرامبەرە بە: ئۆخەی نەکەیت.

واتای ئیدیەمی: واتە ئیسراحەت نەکەیت و نەحەوێیتەوە.

به سەرنجدانێکی ورد لەم بوارەی ئیدیەمەکاندا دەکرێت بگوترێت ژنان لە پیاوان زیاتر ئەم جۆرە ئیدیەمانە بەکاردەهێنن و لە ئاخاوتنەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە، زۆربەی بەکارهێنانەکانیشی بەرامبەر بە خودی خۆیانە، لەبەرامبەردا ئەم ئیدیەمانە کەمتر لای پیاوان دەردەکەون و کەمتریش بەرامبەر ئەوان بەکاردەهێنرێن. بێگومان لەم جۆرەشدا ئیدیەمی تایبەت بۆ ڕەگەزی بەرامبەر بەکاردەهێنرێت، لەبەرئەوە ئاخێوەران بە وریاییەوە ئیدیەمەکان بەکاردەهێنن، چونکە جگەلەوەی هەندێك دوعا هەیە تەنیا بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا بۆ ڕەگەزی مێ پەسەندە، کە خودی ئیدیەمەکەش بۆ هاوڕەگەزەکەی بەکاربهێنێت، کە دەکرێت بوترێت ئەمەش بێگومان پێوەندی بە شێوازەوە هەیە.

هەرچی پێوەندی بە نزاکردن (دوعابۆکردن) ە کەمتر لە ئیدیەمەکاندا دەبینرێن، یان کەمتر شێوە و پێکهاتەی ئیدیەمییان وەرگرتووە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە نزاکردن لەم کلتوورەدا کەم بێت، بەڵکو کەمتر توانیویانە بچنە ناو ئیدیەمەوە و لەگەڵ تایبەتمەندیی و پێکهاتەی ئیدیەمی خۆیان بگونجێنن. ئەوەش کە پێوەندی بە نزاکردنەوە هەیە بریتیین لە نزای تەمەن درێژی و نەمردن، نەخۆش نەکەوتن و سەلامەت بوون، ئابڕونەچوون و خۆشبەخت بوون، کە لەم نموونانەی خوارەوە دەکرێت ئەم مەبەستانە بخرێنەڕوو.

**"لەمەو نەسۆچۆ"** بەرامبەرە بە: سکت نەسوتێ.

واتای ئیدیەمی: مناڵت نەمرێت.

---

[١] بڕوانە: هەژار (١٣٧٦: ٢٤١).



زانکۆی سلێمانی ... نامەی ماستەر ... زوبێر عەلی عارف

**"گۆشێ هارگێ کەڕێ با"** بەرامبەرە بە: گوێی شەیتان کەڕ بێت.

واتای ئیدیەمی: لەکاتی باسکردنی ڕووداوی ناخۆش و دڵ تەزێن بە واتای ئەم جۆرە کارەساتانە دوور بن لەم ماڵە، تایبەت بووە بە ژنانەوە.

**"بێرەڎ ئاوابۆ"** بەرامبەرە بە: بێرت ئاوەدان بێت.[1]

واتای ئیدیەمی: بەرەکەت بکەوێتە ناو ڕزق و ڕۆزی و مەڕوماڵاتتەوە.

**"خوا نەوزۆڎ وەرو ڕێرە"** بەرامبەرە بە: لەش بە بار نەبیت.

واتای ئیدیەمی:  خوا بێ توانات نەکات و نەتخاتە ناو سەختییەوە. یاخوا دەردەدارنەبیت.

**"خوا نورت بێرە وار"** بەرامبەرە بە: خوا نورت بێتەخوار.

واتای ئیدیەمی: خوایە، شکور بۆ تۆ. هەندێك جاریش لە پەستی و نارەحەتیدا بەرامبەر بە کردار و ڕەفتار و ئاخاوتنێکی نەگونجاو بەکاردێت.

**"ئەڎا ڕۆڵەڕۆت پەی نەکەرۆ"** بەرامبەرە بە: دایکت ڕۆڵەڕۆت بۆ نەکات.

واتای ئیدیەمی: واتە تەمەنت درێژ بێت.

**"ڕووەڎ چەرمێ بۆ"**[2] بەرامبەرە بە: ڕوو سپی بێت.

واتای ئیدیەمی: سەربەرز و بەئابڕوو بیت.

**"ڕوو سورە بی"** بەرامبەرە بە: ڕوو سور بیت.

واتای ئیدیەمی: سەربەرز و بەئابڕوو بیت.

**"دامنە درێژە بی"** بەرامبەرە بە: حەوت ماڵت لێبکەوێتەوە.

واتای ئیدیەمی: یاخوا مناڵی زۆرت ببێت.

بێگومان لە بەکارهێنانی ئیدیەمەکانی پێوەند بە نزا و توککردنیش، جیاوازی لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا بەدیدەکرێت. ئەم جیاوازییەش بریتییە لەوەی، کە چ شێوازێك و لەلایەن کام ڕەگەزەوە و کام جۆرە ئیدیەمە زۆرتر بەکاردەهێنرێت، کە لە پاری دواتردا لە پێوەند بە ڕەگەزەوە دەخرێتەڕوو.

ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە هەرچەندە دوعالێکردنەکان زۆر بەرچاو دەکەون، بەڵام لە مەبەستەکانی تری ئیدیەم زیاتر کەسی دووەم _واتە بەرامبەر_ بەرچاو دەکەوێت، بەو مانایەی وەك ئەوەیە کە کەسی یەکەم ئامادەیە و بێ پەردە ئەوە ئەخاتە ئەستۆی خۆی، کە دوعا لە بەرامبەر

[1] بێرە، ئەو شوێنەی کە مەڕو و ماڵاتی تێدا بۆ دۆشین ڕادەگرن، کە (بێر)یش پێدەوترێت. بڕوانە هەژار (١٣٧٦: ٩٠). بیر ، واتە (خێر)، جا کە دەڵێیت (ئاوا بۆ)، واتە خێرت بمێنێت و هەر هەبێت. خۆ ئەگەر وەك شوێن لێکبدرێتەوە، دیسانەوە بەواتای ئەوەیە، کە مێگەلت زۆر بێت، کە زۆریش بوو، ئەوا خێریان زۆردەبێت. د.هۆگر مەحموود فەرەج، چاوپێکەوتن، (٢٠١٢/٦/٢١)

[2] ( لە زمانی فارسیدا **"رو سپید/ رو سفید"** ، **"رو سپی زادە"** بە واتای ( زن بدکار، فاحشە) واتە ژنی خراپەکار، بێڕەوشت بەکاردێت. بڕوانە: **فرهنگ عمید، ل ٦٦٧**. لە هەمان کاتدا **"سپید رو"** بە واتای (سربلند و سر فراز) واتە سەربڵند و سەربەرز بە کاردێت،بڕوانە: **فرهنگ عمید، ل٧١٨** . بەڵام **"سپید چشم"** بە واتای (پر رو، بی شرم) واتە ڕوودار، بێ شەرم بەکاردێت، بڕوانە: **فرهنگ عمید، ل٧١٨**.

دەکات. بەڵام ئەگەر لە ئیدیەمەکانی تر بڕوانین لە نیشاندان و خستنەڕووی سیفەتەکاندا_ چ سیفەتی باش بێت یان سیفەتی خراپ_ زۆرتر کەسی سێیەم ئامادەیی هەیە و مەبەست کەسی سێیەمە. بێگومان ئەمەش ناکرێت هەروا بە سانایی بەسەریدا تێپەڕبین، بەڵکو ئەوە دەخوازێت کە هۆکاری ئەمە بخرێتەڕوو. ئامادەبوونی کەسی یەکەم بەناوی خۆیەوە بۆ دعاکردن لە کەسێك و ڕاستەوخۆ مەبەستبوونی کەسی دووەم، ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کەسی دووەم خودی خۆی هۆکارێکی سەرەکی ڕەنگدانەوەی ئەو جۆرە بەکارهێنانەیە بەو مانایە، کە وا لە بەرامبەر دەکات کاردانەوەیەکی لەو شێوەی هەبێت. ئەم کاردانەوەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە زەرەرمەند بریتییە لە کەسی یەکەم و کەسانی پێوەند بە کەسی یەکەمەوە هەربۆیە دەبێتە خاوەن حەقێك بۆ بەرگری کردن لە خۆی، بەو مانایە کە بەڵگەو هۆکارێکی باشی دەست دەکەوێت لەدوای ئەو جۆرە بەکارهێنانەوە پارێزگاری و بەرگری لە خۆی بکات، چونکە کەسەکە زیانێکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەم کەسە یان کەسانی پێوەند بەم کەسە گەیاندووە، لەبەرئەوە بەلایەوە نە نائاساییە و نە سەرزەنشت دەکرێت ئەگەر بێت و ڕاستەوخۆ دوعای لێبکات. بۆ نموونە:

**"جوانە جل بی"** واتای ئیدیەمی: یاخوا هەر بە گەنجی بمریت.

**"دامنەو سیاو بۆوە"** بەرامبەرە بە: واتای ئیدیەمی: یاخوا ئیتر منداڵت نەبێ.

**"پیر و خەڕێ بیدێ"** واتای ئیدیەمی: تا دوا ساتەکانی تەمەن پێکەوە بە خۆشی بژین.

**"ئەڎا ڕۆڵەڕۆت پەی نەکەرۆ"** واتای ئیدیەمی: تەمەن درێژ بیت.

دەبینین لەم چوار نموونەیەی پێشەوەدا کە هەر چواریان بۆ مەبەستی نزا و توکردن بەکارهاتوون، هەر کەسی دووەم مەبەستە و ڕاستەوخۆ بەرامبەر بەوان دەگوترێت، ئەگەر چی لە یەکەم و دووەمدا دوعایان لێدەکات (توککردن) و لە سێیەم و چوارەمدا دوعایان بۆ دەکات(نزا).

بەڵام لەم چوار نموونەیەی خوارەوەدا هەر چوار نموونەکە خستنەڕووی سیفەتی کەسەکەیە و ئیدیەمەکە مەبەستی کەسی سێیەمە. هەرچەندە لە یەکەم و دووەمدا بۆ لایەنی خراپەیە و لە سێیەم و چوارەمدا بۆ خستنەڕووی لایەن و سیفەتی باشی کەسەکەیە.

**"کڵاوەش ئامێنەرە"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی شەرم و حەیای تکاوە.

**"حەوت شوێ کەرۆ"** واتای ئیدیەمی: مەکرباز و عەیارە.

**"سەرە هەڕینی مارۆنە/مارۆوە خووە"** واتای ئیدیەمی: زۆر قسەخۆشە. سەربەقوڕ دەهێنێتە پێکەنین.

**"شەیتانش نیا"** واتای ئیدیەمی: واتە خراپەکردن لە مەزهەبیدا نییە.

ئەم لە ئارادابوونەی کەسی سێیەم وەنەبێت تەنیا لە سیفەتەکاندا بێت، بەڵکو لەو ئیدیەمانەشدا کە ڕەنگدەرەوەی دیاردەو هۆکارە سروشتییەکانن و تەنانەت ئەو ئیدیەمانەش، کە ناوی ئاژەڵەکان چووەنەتە ئیدیەمەوە، دیسانەوە ڕەنگدەداتەوە.

## ٧-١/٣) ڕەنگدانەوەی سروشت:

یەکێك لەو لایەنانە کە لەناو ئیدیەمەکاندا بەرچاو دەکەوێت، ڕەنگدانەوەی سروشت و کەژ و کێو گژوگیا و بەروبوومە، کە جۆری ڕەنگدانەوە و ئەزموون و بەکارهێنانی لە کلتوور و زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت. جۆری گۆڕران و جیاوازی لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی ئەم دیاردە و هۆکارە سروشتییانەش دەکەوێتە سەر ئەوەی کە ناوچەی جوگرافیی و جۆری ژینگەی ئاخێوەرانی زمانەکە چ تایبەتمەندییەکی هەیە، ئایا ناوچەیەکی شاخاوییە، نزیکە لە دەریاوە، بیابانە، ساردە، گەرمە، تەختە، یان چ تایبەتمەندییەکی لە هەوراز و نشێو و دۆڵ و تەپۆڵکە و دار و درەخت و گژ و گیا ...تد، هەیە. واتە بەپێی تایبەتێتی ناوچەکە تاکەکان جۆرێك تەبابوون و گونجاندنیان لەگەڵ ئەو سروشتە بۆ دروست دەبێت، بەو واتایە کە هەم سروشت دەچێتە ناو ژیانی ئەو مرۆڤانەوە و هەم مرۆڤیش خۆی بە بەشێکی ئەو سروشتە دەزانێت و لێی نزیکە و پێی ئاشنایە. تەنانەت زۆر جار ئەو شوێن و ناوچە سروشتییانە دەبن بە بەشێك لە بوونی ڕۆحیی و دەروونی تاکەکانی ئەو ناوچەیە. بۆنموونە ئەگەر سەیری سروشتی هەورامان بکەین ناوچەیەکی شاخاوییە و سروشتێکی جوان و سەخت و سەرنجڕاکێشی هەیە، هەروەها کەژ و کێوەکانیشی پڕن لە زۆر جۆری دار و دەوەن گژ و گیا. ڕەنگدانەوەی ئەم هۆکار و دیاردە سروشتییانەش هەروا شتێکی رووکەش و لاوەکی نییە، بەڵکو دەشێت لەڕێگەیەوە پەی بە وردبینی و قوڵی ئەو واتا و چییەتییە ببرێت کە بووەتە هۆی هەڵبژاردنی ئەم دەربڕڕاوانە، ئەویش بەو هۆیەوە کە چوونە ناو ئیدیەمی هەریەکە لەو هۆکارانە بێگومان گوزارشت لە ناسین و وردبینی و گونجان بۆ ئەو مەبەستە دەکات، کە لەو کلتوورەدا سەریهەڵداوە. لەمەشەوە بە بەراورد لەگەڵ ئیدیەمی زمان یان زار و تەنانەت شێوەزاری ناوچەی تردا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە چ جۆرە جیاوازی و هاوبەشییەك لەنێوان ئیدیەمەکانیاندا هەیە. سەرەڕای بوونی جیاوازی و هاوبەشییان، بێگومان هەر یەکە لەم نمونانەش لەناو زمان و زار و شێوەزارێکدا پێوەند بەو هاوبەشییەی کە لەگەڵ نموونەکانی تردا هەیەتی دەکرێت بخرێتە ناو پۆلێکی ترەوە.

بۆ خستنەڕووی[*] ڕەنگدانەوەی سروشت و هۆکاری دیاردە سروشتییەکان لە ئیدیەمەکاندا و دیاریکردنی بیری کلتووری ناوچەیەکی دیاریکراو پێوەند بە سروشتەوە پێویستە ئاماژە بە هەندێك نموونە بکرێت تاوەکو تایبەتمەندیی جۆری ئیدیەمەکانمان بۆ دەربکەوێت و لە ڕێگەیەوە بتوانین زیاتر بەو کلتووورە ئاشنابین کە ڕەنگدانەوەی ئەم دەربڕڕاوانەن:

**"ئاویٚ وستەنۆ لا"** بەرامبەرە بە:دەڵێی ئاو لایداوە.

واتای ئیدیەمی: واتە ساردوسڕو بێ توانا و گێل و کەم تەرخەم، یان گێژو وێژە.

---

[*]) بۆ خستنەڕووی ئیدیەمەکانیش، جۆرێك لە پۆلێنکردنی بچوکترمان هەڵبژاردووە و بەپێی پێوەندی و نزیکییان لەگەڵ یەکتر خستووەتە تەنیشت یەکەوە، تاجۆری ئەو دیاردە و هۆکارە سروشتییانە لە ڕێگەی ئەم جۆرە پۆلێنکردنەوە، ڕوونتر و ڕێکوپێکتر بخەینەڕوو.

**"ئاوی ئینا بێڵەشۆ"** بەرامبەرە بە: ئاوی بە بێڵەوەیە.
واتای ئیدیەمی: واتە کەسێکی دەسەڵاتدارە و قسەی دەڕوات و دەتوانێت جگەلە خۆی کاروباری خەڵکی تریش ڕابپەڕێنێت.
**"وارانو پەڵەی مەوەرۆ"** بەرامبەرە بە: بارانی پەڵە ناخوات. باراشێکی دیکە ناخوات.
واتای ئیدیەمی: تاوەکو پاییز دەمێنێت، زۆری نەماوە بمرێت.
**"ئاویشا کەرد/ کەردە چێرش"** بەرامبەرە بە: ئاویان کردە ژێر.
واتای ئیدیەمی: تووشی کێشەیەکیان کردووە/ یان گرفتێکیان بۆ هێناوەتە پێش.
**"ئاوی کریا ئاویرەرە"**[1] بەرامبەرە بە: ئاو کرا بە ئاگردا.
واتای ئیدیەمی: ئاژاوەکە کوژایەوە. ئاشوبەکە دامرکایەوە.

کاتێك بۆنموونە لە هەر یەکە لەو ئیدیەمانە وردبینەوە کە (ئاو) چەقی قورسایی واتاکەیەتی، ئەوا هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی بەددی دەکرێت، سەرەڕای ئەوەش جۆری ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان هەندێکیاندایە هێزێکی کارایی یان بکەریی دەبەخشێتە (ئاو) بەوەی کە وەك هێزێك بۆ ڕوودان یان ڕوونەدانی خراپە یان چاکەیەك ڕۆڵدەبینێت، جگەلەوەی کە لە هەندێکیاندا وەسفی کەس یان ڕووداوەکە دەکات. بۆیە ئەوەی لێرەدا و ڕەنگە لە زۆربەی پۆلێنکردنەکاندا هەستی پێبکرێت _ کە چەقی واتاییان هۆکار یان دیاردەیەکی سروشتییە_ بەزۆری وەسفی کەس یان ڕووداوەکە دەکەن، کە دەشێت لە نموونەکانی داهاتوودا بەم پێوەرە لە واتای ئیدیەمەکان وردبینەوە و تایبەتمەندیی بواری کۆمەڵایەتی و جۆری ڕەنگدانەوەی ئەو ئەزموون و وێناکردنەی ئاخێوەرانی کلتووری هەورامان لە نموونەکاندا هەست پێبکەین.

**"وەروە هەرگیز گەرمە مەبۆ"**[2] بەرامبەرە بە: بەفر هەرگیز گەرم نابێت. یەکجار بە زستان دەوترێت ساردە.
واتای ئیدیەمی: واتە کەسێك ئینکار و نەزانە هیچ کات حاڵی نابێت، یاخود کەسێك جۆرە ڕەفتارێکی هەیە هەرگیز نایگۆڕێت.
**"وەروەو سەرپەلیش چەنە مەسنیۆ"** بەرامبەرە بە: بەفری سەر پەلی لێ ناسەنرێت.
واتای ئیدیەمی: ڕەزیلە.
**" ئجۆ ون و وەروا"** بەرامبەرە بە: دەڵێی خوێن و بەفرە.
واتای ئیدیەمی : زۆر جوان و سەرنجراکێشە.



---
[1]) محمەد ئەمین هەورامانی، (١٩٨٩: ٢٦)
[2] ) جارێك بە زستان دەوترێت ساردە.

ڕوانین و وردبوونەوە لە ئیدیەمێکی وەك **"ون و وەروا"** جۆرێك تێڕوانینی جوانبینی و ناسکی کلتووری ئاخێوەرانی شێوەزارەکە نیشاندەدات، کە چۆن جوانی و پێکەوە گونجاوی ئەو دوو شتەی پێکەوە هەستپێکردووە، لەکاتێکدا (خوێن) هەمیشە یان زۆربەی کات نیشانەی ئازار و ناخۆشی و وێنەیەکی زەینیی ئازاربەخش لە ناو بیری تاکدا دروستدەکات، بەڵام لێرەدا بەمەبەستی جوانی و پێکەوتن و گونجاوی بەکارهاتووە. هەروەها لە نموونەی **"وەروە و سەرپەلیش چەنە مەسنیۆ"** دەبینین لەبەرئەوەی ناوچەیەکی شاخاوییە و بەفری زۆر لەم ناوچەیەدا _هەورامان_ دەبارێت، کەواتە بەئاسانترین شێوە بەفر دەست هەموو کەس دەکەوێت، لەبەرئەوەی بۆ نیشاندانی ڕەزیلی و دەست نوقاوی بەرامبەر، ئەم دیاردەیە چووەتە ناو ئیدیەمەوە، کە ڕەنگە بە واتایەکی زۆر کاریگەری ناڕاستەوخۆوە چڕوپڕی ئەو مەبەستە بخاتەڕوو، کە مەبەست لێی ڕەزیلی و پیسکەیی بەرامبەرە.

**"کەشۆ وەستەنەرە"** بەرامبەرە بە: لە کەژ هاتووەتە خوارەوە.

واتای ئیدیەمی: کەسێکی هیچ نەزانە، ئاگاداری لە هەواڵ و شتی تازە نییە.

**"ماچی خاکو مەککەیش کریان ملەرە"**[*] بەرامبەرە بە: دەڵێی خاکی مەککەی بە ملدا کراوە.

واتای ئیدیەمی: بە یەکێك دەوترێت کە زۆر خراپ بووبێت، بەڵام دواتر گۆڕابێت و بووبێت بە کەسێکی باش و چاك. یان موسوڵمانێکی زۆر چاك و سەلامەتە.

**"خوڵە سەرەو خاکیەرە"** بەرامبەرە بە: خوڵ بەسەر خاکا.

واتای ئیدیەمی: چاوەڕوانی کەسێك بیت شتێکت بۆ بکات، بەڵام نەتوانێت بیکات. سرپۆشی کرد.

**"خوڵەش دەپۆڕێ"** بەرامبەرە بە: خوڵی بەسەردا بکە. سەنگ و بەردی نێ.

واتای ئیدیەمی: ئیشەکە بۆ باسکردن ناشێت. باسی مەکە و بیبڕەوە.

**"گەڕە مەلۆ مەڕە"** بەرامبەرە بە: گەڕە (کەسی گەڕ) ناڕواتە ئەشکەوتەوە.

واتای ئیدیەمی: نەشیاو بۆ شیاو ناگونجێت.

**"تەوەنەش نیان سەرو ملۆیۆ"** بەرامبەرە بە: بەردی خستووەتە سەر مەڵۆوە. کەری خۆی بەستووەتەوە.

واتای ئیدیەمی: دەسگیرانی گرتووە.

**"تەوەنیم سەرەوکوی نەوستێنە"** بەرامبەرە بە: بەردم بەرەو ژوور هەڵنەداوە. بەردم بەسەر کێودا هەڵنەداوە.

واتای ئیدیەمی: واتای کاری بێهودە و بێمانا ناکەم.

**"دماو وێت، گرچێو وشکە کەڵەکا"** بەرامبەرە بە: لەدوای خۆت هەموو شتێك کەڵەکە تڕێیە.

واتای ئیدیەمی: واتە تەنها ئەو کەسە شیاو و شایستەی ئەو کار و سیفەتەیە. هەندێ جاریش بە توانجەوە بەکاردێت و واتاکەی پێچەوانە دەبێتەوە.

---

[*]) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"ئەجۆ خاکو مەککەیش کریان پۆرە"**



زوبێر عەلی عارف ... نامەی ماستەر ... زانکۆی سلێمانی

**"یاگێش سێبەریەنە"** بەرامبەرە بە: شوێنەکەی سێبەرە.

واتای ئیدیەمی: زەرد و لاوازە.

**"وەرەتاوش مەگنۆ"** بەرامبەرە بە: خۆرەتاوی ناکەوێت. خۆرەتاوی ناگاتێ.

واتای ئیدیەمی: زەرد و لاوازە.

**"واو پاییزی مەدۆشەنە"** بەرامبەرە بە: بای پاییز لێی نادات.

واتای ئیدیەمی: تا پاییز دەمێنێت، دەمرێت.

**"ئەجۆ ڕیواوەو خڕینە"** بەرامبەرە بە: دەڵێی ڕێواسی ناو چەم و دۆڵە.

واتای ئیدیەمی: بە کەسێك دەوترێت کە زۆر جوان و ناسك و پاك بێت.

**"هەر یۆشا گیواوو کەشێشا گەرەکا"** * بەرامبەرە بە: هەر یەکێکیان گیای کێوێکی دەوێ.

واتای ئیدیەمی: بەواتا سروشتیان زۆر جیاوازە

**"ئەجۆ گیلاخەو وەهاریش واردەن"** بەرامبەرە بە: دەڵێی گیلاخەی بەهاری خواردووە.

واتای ئیدیەمی: کەسێکی گێلە.

**"ئەجۆ لۆش کەندەن!"** ** بەرامبەرە بە: دەڵێی لۆی کەندووە. لە کەلی داوە. دەڵێی گورگی کوشتووە.

واتای ئیدیەمی: واتە خۆ ئەوەندە ماندوو نەبووە کە بیانوو دەگرێت و هەڵمەت بۆ خواردن دەبات.

**"کۆڵە پووش"** بەرامبەرە بە: کۆڵە پووش.

واتای ئیدیەمی: ئاشوبە و ئاژاوە دەنێتەوە.

**"گۆراڵێ وەهارێ مەکەرۆ سەرەرە"** بەرامبەرە بە: گوڵاڵەی ئەم بەهارە نابینێت. کلکی بە زڕپونگی بەهاردا نادات.

واتای ئیدیەمی: تا بەهار دەمێنێت، دەمرێت.

زۆر جۆری گژ و گیا و دار و درەخت و میوە و کەژ و کێو و دیاردە سروشتییەکان توانیویانە بچنە ناو ئیدیەمەکانی شێوەزاری هەورامییەوە و دەرخەری لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتووری ئاخێوەرانی ئەو شێوەزارە بن و چۆنیەتی ژیان و بیرکردنەوەیان لەگەڵ ئەو بوون و دیاردە سروشتییانە بخەنەڕوو، چونکە ژیانی ئاخێوەرانی ئەم کلتوورە سەراپا پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سروشتدا هەیە و سەرەڕای ئەوەش جۆری ئەو هۆکارە سروشتیانەش لەبەر دەوڵەمەندی و نزیکیی

*) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"هەر یۆ گیواوو کەشێوە ژاوۆ"**

**) لۆ، جۆرە گیایەکی کوێستانییە و شێوەی لە شێوەی شویت دەچێت، بەڵام ئەم تاڕادەیەك تەرزەکانی ناسکتر و وردتر و چڕتره و بەرزترە، گیایەکی سەرەکیی و بەسودە بۆ خۆراکی ئاژەڵ. خەڵکی دەچن بۆ کەژ و کێو بۆ کەندن و کۆکردنەوەی ئەو گیایە بۆ ئاژەڵەکانیان، کە بێگومان ئەم کارەش کارێکی سەختە. یان دەشێت بگوترێت واتای فەرهەنگی ئەم ئیدیەمە بریتییە لە **"تاسە قوڕی سەرخستووە"**.

جۆری و چەندێتی، تەواو تێکەڵ بە ژیانی ڕۆژانەی ئاخێوەران بوون و ئامادەبوونێکی بەرچاوی ئەم لایەنەش لەناو ئیدیەمەکاندا هەستی پێدەکرێت. بۆیە دەکرێت بوترێت هەڵبژاردنی ئەم جۆرە گیایانە پەیوەستە بە تایبەتمەندی خودی گژوگیاکە و چۆنیەتی تێڕوانین لێیان، لەبەرئەوە ڕەنگە هەندێکجار لەنێوان واتای کۆمەڵایەتی ئیدیەمەکە و تایبەتمەندیی گیاکەدا لێك نزیکییەکی زانستیش هەبێت، بۆ نموونە ئیدیەمی **"ئەجۆ گیلاخەو وەهاریش واردەن"** لەگەڵ واتاکەیدا کە بۆ کەسێکی گێل و حوڵ بەکاردێت، دەشێت ئەوە بخرێتەروو، کە ئایا لەڕووانگەی زانستیشەوە خواردن یان بەکارهێنانی ئەو جۆرە گیایە ئەو تایبەتمەندییەی تێدایە یان نا.

**"دانش گەڵاو داری"** بەرامبەرە بە: داویەتی لەگەڵای دار.
واتای ئیدیەمی: واتە – لەڕووی روخسارەوە– جوان و ڕێکوپێکە.
**"ئەجۆ دارو مێوێن"** بەرامبەرە بە: دەڵێی دارمێوە.
واتای ئیدیەمی: زۆر لار و لاسار/ بە هەموو شوێنێکدا سەردەکێشێت.
**"ئەجۆ دارۆ کەوتەنەرە"** دەڵێی بەسەر دارەوە کەوتووەتە خوارەوەوە.
واتای ئیدیەمی: بەکەسێك دەوترێت بەشێوازێك خەوتبێ هیلاکی و ماندوویەتی پێوە دیار بێت/ بە کەسێکی گێژو وێژ دەوترێت.
**"هاڵەوەرە"** بەرامبەرە بە: بەرسیلەخۆر.
واتای ئیدیەمی: بەواتا پێش ئەوەی شتەکە پێ بگات ئەو دەیخوات. هەمیشە پەلەیەتی.
**"بیەن بە شێڵانێ"** واتای ئیدیەمی: بووە بە شێڵانە (قەیسی).
واتای ئیدیەمی: دراوە لە دەموچاوی و ڕەنگی گۆڕاوە.

**"خوا کڵاوەش پەی بەلووی کەردێنە"** بەرامبەرە بە: خوا کڵاوی بۆ بەڕوو کردووە.
واتای ئیدیەمی: خوای گەورە کەس بێناز ناکات و یارمەتی هەموو فەقیر و هەژارێك دەدات.
**"بەلوو تەقان دەمشەرە"** بەرامبەرە بە: بەڕوو تەقیوە بە دەمیدا.
واتای ئیدیەمی: قسە ناکات و بێدەنگە.
**"زوڵو لا بەلووی"** بەرامبەرە بە: زۆڵی لای بەڕوو.
واتای ئیدیەمی: فێڵباز و زۆرزان.
**"ئەجۆ ئینا سەرو دڕەیاوە"*** بەرامبەرە بە: دەڵێی بەسەر دڕکەوەیە.
واتای ئیدیەمی: کەسێك دانیشتنی نەبێت. جێ بە خۆی ناگرێت.
**"هاردەو بنەو دەڕەیانە"** بەرامبەرە بە: ئاردی بن دڕکە.
واتای ئیدیەمی : شتەکە کۆ نابێتەوە. مەسەلەکە نابڕێتەوە.

*) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"ئەجۆ سەرو دڕەیاوە نیشتەنەرە"**



زوبێر عەلی عارف ... نامەی ماستەر ... زانکۆی سلێمانی

**"ئەجۆ وەزی کۆرەنە"*** واتای ئیدیەمی: دەڵێی گوێزی کوێرە.
واتای ئیدیەمی: تەندروست و لەش ساغە، تەندروستی زۆر باشە.
**"ئەجۆ گۆکەو وەنێنە"** بەرامبەرە بە: دەڵێی گۆپکەی قەزوانە.
واتای ئیدیەمی : لەشی زۆر تەندروست و ساغ و سەلامەتە.
**"ئەجۆ وەزیش پەی مژمارا"** بەرامبەرە بە: دەڵێی گوێزی بۆ ئەژمێرن.
واتای ئیدیەمی: هیچ تێنەگات. خۆی لە هیچ تێناگەیەنێت و گوێی پێنادات.
**"دماو تۆ وەنی کەوێ مەکەرا!"** بەرامبەرە بە: لە دوای تۆ قەزوان شین نابێت.
واتای ئیدیەمی: واتە ژیان دوای مردنی کەس ناوەستێت و بەردەوام دەبێت.

**"هەرزنیش دەسۆ مەگنارە"** بەرامبەرە بە: هەرزنی لە دەست ناکەوێتە خوارەوە.
واتای ئیدیەمی: کەسێکی ڕەزیلە. پیسکەیە.
**"هەرزنێ کەرۆ دارەرە"** هەرزن دەکات بە دارەوە، یان هەرزن هەڵدەواسێ.
واتای ئیدیەمی:کەسێکی فێڵبازە.
**"پێسەنە میژووێ"** بەرامبەرە بە: وەك نیسکە.
واتای ئیدیەمی: بێ بارە و هەرجارەو قسەیەك دەکات.
**"دانێشا پێوە مەگریا"** بەرامبەرە بە: دانوویان پێکەوە ناکوڵێت.
واتای ئیدیەمی: پێکەوە نایانکرێ و هەمیشە شەڕیانە.
**"ماش و دلێ وڵۆشی"** بەرامبەرە بە: ماشی ناو بروێشە.
واتای ئیدیەمی: خۆی لە ئیش و کاری خەڵکی هەڵدەقورتێنێت.
**"پوش پیاز"** بەرامبەرە بە: پووش پیاز.
واتای ئیدیەمی: کەسێکە لەناو خەڵکدا بە کەم سەیردەکرێت.
**"نان و پیازێشا پێوە واردەن"** بەرامبەرە بە: نان و پیازێکیان بەیەکەوە خواردووە.
واتای ئیدیەمی: پێوەندی و نزیکییەکیان پێکەوە هەیە. حەق و مافێکیان بەسەر یەکەوە هەیە.

ڕەنگدانەوەی سروشت لەم ئیدیەمانەدا وەنەبێت هەموو تایبەتمەندیی تەنیا ناوچەیەك بێت بەڵکو دەشێت هەندێکی گشتی و هەندێکی تریش تایبەتمەندیی ناوچەیەکی دیاریکراو بێت. بە سەرنجدان لە ئیدیەمەکان ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە زۆرێك لەوانە_ دیاردە سروشتییەکان_ چوونەتە ناو ئیدیەمەکانەوە و بە لێکدانەوەی ورد و تەواو دەتوانرێت بەشێك لەو کلتوورە درك پێبکرێت و پەی بە تایبەتمەندییەکانی ببرێت و ئەوەمان بۆ دەربکەوێت، کە کلتووری بیرکردنەوەیان بۆ شتەکان زۆرتر لەسەر چ بنەمایەکە و چ شتێکی ئەو سروشتەیان بە نموونە وەرگرتووە؟ دەشێت

---

[**] هەرچەند بەرامبەری ئەم ئیدیەمە لە شێوەزاری ناوچەی سلێمانیدا بریتییە لە (دەڵێی گوێزی ساغە).

بگوترێت لەسەر بنەمای بەریەککەوتنە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەیان و گونجاوی لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابورییە.

سروشت بەو هەموو دەوڵەمەندییەوە کە باسی لێکرا تەواو بووەتە بەشێك لە ژیانی کلتووری و کۆمەڵایەتی ئاخێوەرانی شێوەزاری هەورامی و ئەمەش بێگومان سەرەڕای کاریگەری لەسەر تێڕوانینی تاکەکانی بۆ ژیان بەڵکو تێڕوانینیان لە جۆری بیرکردنەوە و پێوەندییان لەگەڵ سروشت و هۆکار و دیاردە سروشتییەکان زۆر شێوەی ئەرێنی و خوازراوی وەرگرتوە، چونکە هەم سروشتی مامەڵەکردنە لەگەڵ خودی دیاردە و هۆکارەکاندا و هەم لەگەل مرۆڤەکانیشدا. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ڕەنگە تاڕادەیەك لەبەرامبەر بوارەکانی تردا لەڕووی چەندێتییەوە ئیدیەمی کەمتر ببینرێت، کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە کەش و هەواوە بێت. دەکرێت ئیدیەمەکانی پێوەند بە لایەنی سروشت، لە سێ ڕووانگەی جیاوازەوە لێیان بڕوانرێت، یان سێ لایەنی پێوەند بە یەکمان بۆ بخەنەڕوو، یەکەم ئەوەی کە لە ڕووانگەی خودی ئیدیەمەکانەوە وێنایەکی ئەو سروشت و ناوچە جوگرافیە دەکەین، کە ئاخێوەرانی شێوەزارەکەی تێدایە، دووەم مامەڵە و جۆری بەریەککەوتنی ئاخێوەران لەگەڵ سروشتدا، سێیەم کاریگەری لەسەر جۆری بیرکردنەوەی تاکەکان و گەیاندنی واتا و مەبەستەکانیان. بۆ نموونە لە بەفرێکی زۆردا ئیدیەمی **"قالاوەش بڕیەن"** _ بە واتا بەفرێکی زۆر باریوە و هەموو شوێنێکی بە تەواوی داپۆشیوە_ بەکاردێت، لەکاتێکدا لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ بارینی بارانێکی زۆر ئیدیەمی "its raining cats and dogs" بەکاردێت. هەروەها **"گوڵ مەچیۆ"** کە بەواتای کەش و هەوا خۆش و گونجاوە، ئیدیەمی **"دەڵە ترەکۆ"** واتە کەش و هەوا زۆر ساردە، یان شوێنێکی زۆر ساردە_ بەکاردێت. لەبەرئەوە دەتوانرێت بوترێت سروشت و دیاردە و هۆکارە سروشتییەکان وێڕای ڕەنگدانەوەی وێنەی سروشت و ناوچەی جوگرافیی ئاخێوەران، ڕەنگدانەوەی جۆری پێوەندیی نزیکیان لەگەڵ ناسین و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دیاردانە دەخاتەڕوو.

## ٣/١-٨) ڕەنگدانەوەی ئاژەڵ و گیاندار و مار و مێروو

ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندە کلتوورییەکان لە زۆر بواردا جیاوازیی سەرەکی نێوان کلتوورە جیاوازەکان دەنوێنێت، کە ئەمەش مەرج نییە وەك شتێکی بەرجەستە یان هەستپێکراو تەنها بۆ بوونی ئەو دیاردە یان ئەو ڕووداوە یان ئەو سروشتە بگەڕێتەوە، بەڵکو کاریگەری نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و جۆری پێوەندی و بەریەککەوتن وا دەکات تا جۆری بەکارهێنانەکان و واتا جیاوازەکانیش لە خۆیاندا ڕەنگپێبدنەوە. بۆنموونە دەکرێت ناوی ئاژەڵێك لەناو دوو کلتووردا بچێتە ناو ئیدیەمەوە، بەڵام هەریەکەیان بە جۆرێکی جیاواز لەویتر ڕەنگبداتەوە.

بۆنموونە ئەگەر لە هەردوو ئیدیەمی **"خر من از کرگی دم نداشت"**[*]ی فارسی و "did the donkey work"[1] ی ئینگلیزی بڕوانین، ئەوا دەبینین هەریەکەیان هەمان ئاژەڵ چووەتە

---

*) ئەم کەرەی من هەر لە جاشۆلکەییەوە کلکی نەبووە، واتە ئەم کارە هەر لە سەرەتاوە بە ناتەواوی هاتووە.

ناو ئیدیەمەوە، بەڵام بەشێوەی جیاواز. لە شێوەزاری هەورامیشدا نموونەی هاوشێوە لە جیاوازی وەرگرتنی چەقی قورسایی واتا و سیفەت لە جۆری نموونەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، بۆنموونە **"ئەجۆ هەری حەراما"** _دەڵێی کەری حەرامە_، یان **"هەرش پەنە مەبەساوە"**_کەریشی پێ نابەستنەوە_ *.

لە شێوەزاری هەورامیشدا زۆرێك لە ئاژەڵ و گیانداران چوونەتە ناو ئیدیەمەکانەوە و ڕەنگدانەوەی تایبەتمەندیی کلتوورەکەن و دەکرێت بە بەراورد بە جۆر و ناوی ئەم ئاژەڵانە تایبەتمەندیی کلتوورەکە ڕوونتر و ئاشکراتر دەربکەوێت. بۆ نموونە لە ئیدیەمێکی وەك، **"ئاوی پەی ئایرەمەڵێ بەرۆ"**** _واتە پەلەیەتی و هیچ چاوەڕێ ناکات_ ئەم ئیدیەمە ڕەنگدانەوەی کلتووری تایبەت بە ئاخێوەرانی ئەو ناوچەیەیە، ئەویش بەهۆی تایبەتمەندیی سروشت و ناوچەی جوگرافیی لەڕووی بەروبوومی وەك توو و ترێ، کە ئەم جۆرە باڵندەیە بەوە ناسراوە کە خۆراکی سەرەکی بریتییە لەو دوو بەروبومە، کە ئەمەش لە زۆربەی ناوچەکانی هەوراماندا هەیە. ئەگەر لێکۆڵینەوەیەکی وردی ئاستی پێوەندی واتایی لەنێوان مەبەستی واتایی و هەروەها گونجاوبوونی بەکارهێنانی ئەو ئاژەڵ یان باڵندە و گیاندار و مارومێرووانە بکرێت، مەبەست و جۆری ئەو پێوەندییانە ئاشکراتر دەردەکەوێت، ئەمەش پەیوەستە بە کلتوورە جیاوازەکان، کە چ تایبەتمەندی و سیفەت و بەشێکی ئەو ئاژەڵە یان ئەو گیاندارە بەکاردەهێنن. ئەگەر لەم ئیدیەمانەی خوارەوە بڕوانین چییەتی و چۆنایەتیی ئەم ڕەنگدانەوە و تایبەتمەندییە کلتوورییەمان پێوەند بە تێڕوانینیان بۆ گیاندار و ئاژەڵەکانی دەوروبەریان بۆدەردەکەوێت، بەوەی کە چی بەلایەنەوە باشە یان خراپە، چ ئاژەڵ یان گیاندارێك بەزۆری بۆ یەکێك لە لایەنەکان بەکارهاتووە، وێڕای ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ئایا هۆگری و دۆستایەتی لەنێوان مرۆڤ و گیاندار و ئاژەڵەکان لە ئیدیەمەکاندا ڕەنگدەداتەوە یان نا؟

**"لنگە و گاوەکەیا"** بەرامبەرە بە: هاوتای گاکەیە.

واتای ئیدیەمی: بە کەسێك دەوترێت، کە خەسووی زۆرباشە و زۆری خۆشدەوێت.

**"هەورێشێ بە گاوێ گێرۆ"** بەرامبەرە بە: بە مانگا/بەعەرەبانە کەروێشك دەگرێت.

واتای ئیدیەمی: پەلەی نییە هەر کاتێك بێت کارەکەی ئەنجام دەدات، خۆڕاگر و بە سەبرە.

**"گۆشو گاوێنە گۆرێ بیێنێ"** بەرامبەرە بە: لەگوێی گادا گەورە بوون.

واتای ئیدیەمی: بە کەسێکی گێژو وێژ دەوترێت، کە ئاگاداری هیچ شتێکی نوێ نەبێت.

**"گاوەکەما وەتەن قلیچکەش مەنەن"** بەرامبەرە بە: گامان گرووە و کلکی ماوە.

---

[١] Jennifer Seidl, (١٩٨٩:٦٦) به واتای (قورسترین و سەختترین ئەرك و کار)

*) **"ئەجۆ هەری حەراما"** هیچ کارێکی نەیەتە ڕاستەو و سودی نەبێت. **"هەرش پەنە مەبەساوە"** کەس حسابی بۆ ناکات و کەڵکی هیچی پێوە نییە.

**) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"ئاوی بەرۆ پێ ئێرەمەڵێ"** ، **" ئاویت پەی ئایرە مەڵێ ناردێنە!"**. واتای فەرهەنگی: دەڵێی ئاوی بۆ عەینەمەل هێناوە. عەینەمەل، باڵندەیەکی لە چۆلەکە گەورەترە و لە کۆتایی بەهاردا دەرکەون و بە زۆری ترێ و توو و کوللە دەخۆن.

واتای ئیدیەمی: کارەکە تەواو کراوە تەنها شتێکی بچوکی مابێ. ئیشەکە کراوە و کەمێکی ماوە.

**"سەورۆش دەوەنە ملۆ دلێ گاوا"** بەرامبەرە بە: هەوساری لێبدە دەچێتە ناو گاگەل.

واتای ئیدیەمی: بێ ئاگا و هیچ نەزان و بێ عەقڵە.

**"مەیەو مۆمنا"*** بەرامبەرە بە: مەڕی بەستەزمانە.

واتای ئیدیەمی: لەسەرخۆو بێ دەنگ و فەقیرە.

**"مەیە لاتێ"**** بەرامبەرە بە: مەڕی لاتە.

واتای ئیدیەمی: فەقیر حاڵ و لەڕ و لاوازە.

**"بزەو بن پاسارینە"** بەرامبەرە بە: بزنی بن پاسارە.

واتای ئیدیەمی: گوێ قولاخە. توانا و دەسەلاتی جارانی نەماوە.

**"بیەن بزەی کۆڵە"** بەرامبەرە بە: وەك بزنی كۆڵ/بێ شاخی لێهاتووە.

واتای ئیدیەمی: مەبەست لەسەردان کردنی نابەجێیە و سەر بە هەموو ماڵێکدا دەکات.

**"بزڵەی دووە ئەدان"**[١] بەرامبەرە بە: کاریلەی دوو دایکە.

واتای ئیدیەمی: کەسێکی خوا پێداوە، لە دوو سەرەوە دەخوات.

بە ڕوانین لە هەر یەکە لەو ئیدیەمانەی کە (مەڕ) ، (بزن) بریتییە لە چەقی واتاییان، ئەوا فەقیری و بێدەنگی و بێ دەسەلاتی (مەڕ) و بزێوی و جوڵەی (بزن)، کە لە ئیدیەمەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، دەرخەری جۆری تێڕوانینی ئەم کلتوورەیە بەرامبەر بە خودی ئاژەڵەکانیش.

**"هەر چەمشەرە سوڵتانا"** بەرامبەرە بە: کەر لە چاویدا سوڵتانە.

واتای ئیدیەمی: زۆر بێ عەقڵ و تێنەگەیشتووە.

**"پێسەن هەری دێزی"** بەرامبەرە بە: وەك کەری دێزە.

واتای ئیدیەمی: ئامادەیە زیان بە خۆی بگەیەنێت، بەلام سودی بۆ کەس نەبێت. بێ سودە.

**"نالی هەری تۆپای کێشۆوە"** بەرامبەرە بە: لە کەری تۆپیو دەگەڕێت نالی لێبکێشێتەوە.

واتای ئیدیەمی: چاوچنۆکە، مشەخۆرە.

**"هەرش پەنە مەبەساوە"** بەرامبەرە بە: کەری پێ نابەستنەوە.

واتای ئیدیەمی: کەس حسابی بۆ ناکات. کەڵکی هیچی پێوە نییە.

**" هەرو وێش بەستەنۆ"** بەرامبەرە بە: کەری خۆی بەستووەتەوە.

---

*) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"ئەجۆ مەیەو مۆمنانە"**

**) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"ئەجۆ مەیە لاتێنە"**

[١]) جمال حبيب الله (٢٠٠٠: ١٥٤)

واتای ئیدیەمی: بێخەمە و کاری کەوتووە سەر ڕێی خۆی.

**"هەرو ناوێ"*** بەرامبەرە بە: کەری ناوێ.

واتای ئیدیەمی: ئەو پەڕی گەمژەیی کەسێك نیشان دەدات. زۆر بێ عەقڵە.

لە زۆربەی ئەو نمونانەی کە گوێ درێژ چووەتە ناو ئیدیەمەکانەوە و چەقی واتاکەیەتی، هێمای بێ عەقڵی و سارد و سڕی و بێ سەروبەری دەگەیەنێت. لە ئیدیەمەکانیشدا پێوەندی بە ژیری و چالاکی و سیفەتی مرۆییەوە هەیە، بەڵام لە زۆربەیاندا جەختکردنەوەکە لەسەر لایەنی ژیریی مرۆڤە و دەرخەری ئەو واتایەیە کە لەو کات و سات و شوێنەدا ئەو کەسە، کە ئیدیەمەی بۆ بەکار دێت، ژیری و عەقڵ و بیری بەکار ناهێنێت و ڕەفتاری نادروست دەنوێنێت، یان بە دەربڕینێکی تر دەوترێت لەبەرامبەر و دژی ڕەفتاری ژیرانە، ڕەفتاری کەرانە بەکاردەهێنرێت. ئەمەش ڕەنگە لە زۆرێك لە کلتوورەکانی تردا بەو شێوەیە بێت، بۆ نموونە لە کوردەواریدا دەوترێت (مێشکی کەری خواردووە)، هەروەها لە کلتووری فارسیشدا هەیە و دەوترێت **"مغز خر خوردن"** _ واتە زۆر بێ مێشك و بێ عەقڵە_ . بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئیدیەمانەی کە (گا) چەقی واتایی ئیدیەمەکەیە ڕەنگە زیاتر پێوەندی بە دەرخستنی سیفەتی گەمژەیی و بێ ئاگایی بێت، ئەگەرچی لە هەردووکیاندا (کەر،گا) هەندێك جاریش بۆ سیفەتی باش و و چالاکی بەکارهاتوون. لەبەر ئەوە ڕەنگە سیفەت و تایبەتمەندیی ئەم گیاندارانە (کەر، گا) لەچاو گیانلەبەرانی تردا ئاشکراتر و ڕوونتر و خێراتر لای بەرامبەر ڕەنگدانەوەی ببێت.

**"ئەسپش/هەرش بە پێغام ئاوی وەرۆوە"** بەرامبەرە بە: کەر/ئەسپەکەشی بە پەیام ئاو دەخواتەوە.

واتای ئیدیەمی: کەسێکی خۆبەزلزانە. ئیشی خۆی بە خەڵکی دەکات و خۆی هیچ ناکات.

**"ئەسپی نەبیە ئاورە بەسۆ"**** بەرامبەرە بە: ئەسپی نییە و ئاخوڕی بۆ هەڵدەبەستێت.

واتای ئیدیەمی: شتەکەی نییە و کەچی شت بۆ شتە نەبووەکەی پەیدا دەکات، کاری نەگونجاو و ناپێویست دەکات.

**"کتە پا سۆتێ"** بەرامبەرە بە: پشیلەی پێ سوتاو.

واتای ئیدیەمی: زۆر ماڵە و ماڵ دەکات، ناکەوێتەوە ماڵەوە/ زۆر دەگەڕێ و گەڕۆکە.

**"کتەی کۆرە یانەش مەزانۆ"** بەرامبەرە بە: پشیلەی کوێر ماڵی نازانێت.

واتای ئیدیەمی: بۆ کەسێك بەکاردێت کە کەس بە هیچ شتێکی نەزانێت و هاتووچۆی ماڵی نەکات.

**"کتە نەوتنینێ"** بەرامبەرە بە: کتکە نەوتینە.

---

*) ناوێ: ناوچەیەك/گوندێکە لە ئێران.

**) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"ئەسپی نەبیەو ئاوڕێ بەستێ"**.

واتای ئیدیەمی: زۆر ماڵە و ماڵ دەكات و زەرەر دەدات و نێوانی خەڵك تێكدەدات.

**"كتلێ كاروانش كەردەن"*** بەرامبەرە بە: **پشیلە كاروانی كردووە.**

واتای ئیدیەمی: بە كەسێكی لاواز و كەم توانا كە كارێكی ئاسایی ئەنجام دەدات، وادەزانێت ئیشێكی زۆر گەورەی ئەنجام داوە، ئەم ئیدیەمەی بە توانجەوە بۆ بەكاردەهێنرێت.

**" بیەن كتەو چناری"** بەرامبەرە بە: دەڵێی/بووەبە پشیلەی چنارە.

واتای ئیدیەمی: پەشۆكاوە و سەری لێشێواوە.

**"ئانە تۆ دی، كتیٚ مت"** بەرامبەرە بە: ئەوەی تۆ بینیت پشیلە ڕژاندی.

واتای ئیدیەمی: بۆ كەسێك كە لەوەی پێشتر كردوویەتی و ئیتر دووبارەی ناكاتەوە.

پێوەند بە پشیلەوە كەمتر دەبینرێت ئیدیەم بۆ لایەنی باشە بەكارهاتبێت مەگەر لە ئیدیەمێكی وەك، (پشیلە لە ماڵ نییە و مشكان تلیلییانە)، یان **"ئەجۆ كتەی حەوت ڕۆحەنە"** _ واتە سەرسەختە و زوو خۆی نادات بە دەستەوە_ كە ئەمیش دیسانەوە بە گوێرەی ئەو دەورووبەری كە تێیدا بەكار دێت دەگۆڕڕێت و ڕەنگە بەزۆری بۆ لایەنی نەرێنی بەكاربێت. ئەمەش دەكرێت لە ئەنجامی ئەو بەریەككەوتنە بێت، كە زیاتر زیبانبەخشبووە و زیانیگەیاندووە و بەوشێوەیەش لە تێڕوانین و كلتووری كۆمەڵەكەدا بخوێنرێتەوە. لەبەرئەوە بەشێوەیەكی گشتی دەتوانین بڵێین كەمتر توانیویەتی لە واتای ئەرێنی و باشدا لەناو ئیدیەمەكاندا ڕەنگبداتەوە.

**"مڵا لێستیٚ"** بەرامبەرە بە: مشك لێساویەتییەوە.

واتای ئیدیەمی: هیچی لیٚ نەماوەتەوە.

**"ئەجۆ تایفۆ ملانی"** بەرامبەرە بە: لە تایەفەی مشكە.

واتای ئیدیەمی: هەموو شتێك دەبیستێت.

**"بیەن مڵەی تەڕ"** ** بەرامبەرە بە: بووە بە مشكی تەڕ.

واتای ئیدیەمی: واتە هەموو گیانی تەڕبووە.

**"مڵە یانەشەنە ڕمبازانی كەرۆ"** بەرامبەرە بە: مشك لە ماڵیدا ڕمبازی دەكات.

واتای ئیدیەمی: زۆر فەقیر و هەژارە.

**"دەڵە/گەماڵو هۆشاری"***** بەرامبەرە بە: دیٚڵ/گەماڵی هۆشارە. سەگی هەوشارە.

واتای ئیدیەمی: بە ئافرەتێكی دەمەوەرو بیٚ حەیا دەوترێت.

**"توتە وەی مەشناسۆ"** بەرامبەرە بە: سەگ ساحێبی خۆی ناناسێتەوە.

---

*) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"كەكلیٚ كاروانش كەردەن"** واتای وشەیی: كیٚچ كاروانی كردووە.

**) ئەم ئیدیەمەش **"نەی وشكەش نەمەنێنە پۆرە"** بۆ هەمان واتا (هەموو گیانی تەڕ بووە) بەكاردێت.

***) هۆشار/هەوشار، ناوی ناوچەیەكی نزیكی پاوەیە.

واتای ئیدیەمی: هێندە قەرەباڵغە کە کەس کەس ناناسێت.

**"توتەو شۆنەو سواریا"**[١] بەرامبەرە بە: سەگی شوێنکەوتووی سوارە.

واتای ئیدیەمی: واتە بۆ نان هەمیشە بەدوای خەڵکەوەیە و خزمەتکاری دەکات.

لە خودی ئەمانەشدا ڕەنگە زۆرجار ناوچەکانی تریش ئیدیەمێك بەکاربهێنن کە ئەو ناوچە بۆ خۆیانی بەکارناهێنن، بۆ نموونە **"دەڵەو هۆشاری"** کە تایبەتە بە شوێنێکەوە و ڕەنگە لەبەر پێوەندی و بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی و جۆری ئەو پێوەندییە ئەو ئیدیەمە ڕاستەوخۆ لەبەرامبەر ئاخێوەرانی ئەو ناوچەیە بەکارناهێنرێت، چونکە ئەو شوێنانەی کە ئیدیەمەکەی تایبەتە بە خودی ناوچەکەو ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە و هەموو لا پێی ئاشنان و ڕەنگە تێڕوانینێکی پێچەوانەی لێوە دروست بێت بۆیە ڕەنگە زۆرجار لەبەکارهێنانی دووربکەونەوە، کە ئەم جۆرە دوورکەوتنەیە و ڕەچاوکردنی دەوروبەری بەرامبەر ڕەنگە تاڕادەیەك لە ڕەنگدانەوەی کەسایەتی ناوچە و شوێندا ڕوونببێتەوە.

**"مەڵلا نەبی دەگانە کەڵەشێر قاسم ئاغان"**[*] بەرامبەرە بە: مەلا لە دێدا نەبێت کەڵەشێر قاسم ئاغایە.

واتای ئیدیەمی: کەسێکە، کە زانی زانا و شارەزایەك لە گونددا نییە، ئەم بە ویستی خۆی هەموو شتێك دەڵێ. کەسێکی لارو لاسارە.

**"کەڵەشێرو سەرو بارگێن"** بەرامبەرە بە: کەڵەشێری سەر بارگر/ سەر بارەدارە.

واتای ئیدیەمی: لە هەموو کار و کردەوەیەکدا سەرمەشق و خۆ بەرەوپێشە.

**"کەڵەشێرش قوقناش/واناش"** بەرامبەرە بە: کەڵەشێری قوقاندی/خوێندی.

واتای ئیدیەمی: بەختی بەربووە.

**"کەرگە کڕیَ"**[*] بەرامبەرە بە: مریشکە بە کڕە.

واتای ئیدیەمی: بۆ کەسێك بەکاردێت کە زوو توڕە بێت یان خەڵکی زۆری لە دەور کۆبێتەوە.

**"کەرگە و پڕچکە"**[**] بەرامبەرە بە: کەر و قاپقاپ.

واتای ئیدیەمی: ناگونجانی ئەو شتانە پێکەوە. واتە شتەکە ناگونجێت.

**"وێش کەردەن کەرگە چەرمێ"** بەرامبەرە بە: کەوا سوری بەر لەشکرە.

واتای ئیدیەمی: زۆر خۆ دەرخستن و خۆ هەڵقورتاندن، خۆی ناشیرین کردووە.

**"جوجەڵێش هور ئاوردێنێ"** بەرامبەرە بە: جوجەڵەی هەڵهێناوە.

واتای ئیدیەمی: زۆر چاوەڕێی کردووە.

---

[١]) جمال حبيب الله فرج (٢٠٠٠: ٢١٣)

[*]) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"مەڵلا نەبۆ دەگانە، کەڵەشێر بڵقاسم بەگا"**

[**]) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"ئەجۆ کەرگە کرێنە"**

[***]) پڕچکە: زەنگیانەی بەردەم کلاوزەڕ.



زوبێر عەلی عارف ... نامەی ماستەر ... زانکۆی سلێمانی

**"خۆ کەرگێ نەوتێنێ"** بەرامبەرە بە: خۆ هێشتا مریشك هەڵنەنیشتووە.
واتای ئیدیەمی: واتە هێشتا زووە.

**"ئەجۆ قازی کۆرەنە"** بەرامبەرە بە: دەڵێی قازی کوێرە.
واتای ئیدیەمی: بە کەسێك دەوترێت کە شارەزایی لە زۆر شتدا نەبێت. بە کەسێکی تەنیا دەوترێت وکەس سەردانی ناکات.
**"ئەجۆ ڕووەن قازش واردەن"** بەرامبەرە بە:دەڵێی ڕۆنی قازی خواردووە. دەڵێی گۆشتقازی خواردووە.
واتای ئیدیەمی: زۆر خۆشحاڵ و شادومان، یان کەسێ بە دەنگی بەرز قسە بکا.

**"ئەجۆ دەنوکو ژەرەژێن"** بەرامبەرە بە: دەڵێی دەنوکی کەوە.
واتای ئیدیەمی: واتە گۆشتێکی سوری جوان باش سورکرابێتەوە.
**"ژەرەژ کوش"** بەرامبەرە بە: کەو کوژە.
واتای ئیدیەمی: نیشانگر بۆ شتێك دادەنیشێت.
**"بەچە قالاوەکەن"** بەرامبەرە بە: بێچووە قەلەڕەشەکەیە.
واتای ئیدیەمی: زۆر زیرەك و وریایە.
**"کولەفڕەن"*** بەرامبەرە بە: دەڵێی کولەفڕەیە.
واتای ئیدیەمی: بۆ کەسی زیتەڵ و گورج و گۆڵ دەبێت.
**"بیەن بە قەقنەس"** بەرامبەرە بە: بووە بە قەقنەس.
واتای ئیدیەمی: ڕەشتاڵە، دەم و چاوی خۆر سوتاندبێتی، یان ڕەش بووبێتەوە.
**"قەل/قالاو پڕا قشقەڕە یاگێش"** بەرامبەرە بە: قەل هەڵفڕی، قشقەڕە هاتە شوێنی.
واتای ئیدیەمی: واتە کەسێکی خراپ بڕوات و یەکێکی خراپتر جێگەی بگرێتەوە.
**"باز سەرەشۆ نیشتەنۆ"**[1] بەرامبەرە بە: باز بەسەریەوە نیشتووەتەوە.
واتای ئیدیەمی: بەخت ڕووی تێکردووە و بووە بە خاوەنی شتێکی باش.
**"ئەجوو قوڵتەن"**** بەرامبەرە بە: دەڵێی قوڵتەیە.
واتای ئیدیەمی: وەکو نازناو بۆ کەسێك بەکاردێت کە خڕ و کورتە بالاّبێت.

---

*) کولە فڕە، باڵندەیەکی بچوکە لە فشەکلاّونە (کلاّوکوڕە) گەورەترە و زۆرتر لەناو هەرزنجاڕ هێلانە دەکات.
[1]) جمال حبیب الله (٢٠٠٠: ١٣٤)
**) قوڵتە: باڵندەیەکی کێوییە و هێندەی ریشۆڵەیەك دەبێت و ڕەنگێکی تا ڕادەیەك شینی کاڵ و ڕەشی هەیە و بە زۆری هێلانەکەی لە قوڕ و بە تاشە بەردی گەورەوە دروست دەکات.

بێگومان بوونی جۆری جیاوازی ئاژەڵ و گیاندار و باڵندەی جیاواز کاردەکاتە سەر ئەوەی، کە بەهۆیەوە هەندێك جار بە شێوەی تایبەتمەندیی هاوبەش نەچنە ناو ئیدیەمەکانەوە یان هەر نەچن، ئەمەش دەکرێت ئاژەڵێکی تر بۆ هەمان واتا بەکاربهێنرێت و بچێتە ناو ئیدیەمەوە. بۆ نموونە ئەگەر (کوڵەفڕە) لەوناوچەیەدا نەبووایە، یان بەو جۆرە ئاخێوەرەکان لە سروشتی ئەو باڵندەوە نزیك نەبوونایەو پێی ئاشنانەبوونایە، ئەوا دەکرا لە ئیدیەمەکەدا ناوی باڵندەیەکی تر بهاتبایە. سەرەڕای ئەوە ڕەنگە بوونی ئەو ژمارە زۆرەی باڵندە و گیانلەبەر و مارو مێرووە، هەروەها دەوڵەمەندی لە سروشت و گژ و گیاش، لەدایکبوونی ئیدیەمەکانی بۆ واتای تایبەت ئاسانتر کردبێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین لە گیانلەبەرێکی وەك (پشیلە) چۆن لە چەندین واتای نوێدا لە ئیدیەمەکاندا رەنگیداوەتەوە، هاوکات چەندین پەلەوەر و باڵندەی جۆراو جۆریش هەریەك لە واتایەکی جیاوازی ئیدیەمیدا ڕەنگدەداتەوە. گیانلەبەرانی دڕەندەش بە تایبەتمەندیی خۆیان لە ئیدیەمەکاندا بەجۆرێکی جیاوازتر دەردەکەون، بۆنموونە:

"**شێر بە گۆشێ گێرۆ**" بەرامبەرە بە: شێر بە گوێ دەگرێت.

واتای ئیدیەمی: زۆر ئازاو چاو نەتەرسە.

"**ملۆ گلۆەو شێریرە**" بەرامبەرە بە: دەچێت بە گەرووی شێردا.

واتای ئیدیەمی: زۆر ئازاو چاو نەترسە.

"**ئینا کۆلێ شێریۆ**" بەرامبەرە بە: ئەوەتا بە کۆڵی شێرەوە.

واتای ئیدیەمی: واتە زۆر ئەستەم و ناڕاحەتە.

"**هەشەی پیکیێنە**"* بەرامبەرە بە: ئەڵیی ورچی پێکراو/بریندارە.

واتای ئیدیەمی: بۆڵە بۆڵکەرە و لەبەرخۆیەوە قسەدەکات.

"**هەشە و کوڵنجە؟!**" بەرامبەرە بە: ورچ و کوڵەنجە. کەر و قاپقاپ.

واتای ئیدیەمی: نەگونجان و نەشیاوبوونی ئەو دوو شتە یان کار و کەسە بۆ یەك.

"**ڕۆڵەو هەشێ**" بەرامبەرە بە: بێچووی ورچە.

واتای ئیدیەمی: خۆشەویستی دایکوباوکیەتی.

"**وەرگو وەتەنی**" بەرامبەرە بە: گورگی وەتەن/نیشتمانە.

واتای ئیدیەمی: شارەزای شوێنەکەیە.

"**قەسەمە وەرگانەش مدۆ**" بەرامبەرە بە: سوێندی گورگانەی دەدات.

واتای ئیدیەمی: بۆ ترساندنی یەکێك ئەبێ کە کارێکی کردبێت، بەڵام ئینکاری بکات.

---

*) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: "**ئەجۆ هەشەی پێکیێنە**"

**"وەرگو کەوە ڕۆیا"** بەرامبەرە بە: گورگی ناوەخت و لەناکاوە.
واتای ئیدیەمی: زۆر مەترسیدارەو بە دوای هەلێکدا دەگەڕێت.

ئـەوەی جێـی سـەرنجە، هێمـای دڕنـدەیی ئـەو ئـاژەڵ و گیاندارانـەی کـە چـوونەتەناو ئیدیەمەکانـەوە، کـەمتر دەبینرێـت. بـە واتـا لـە هەنـدێك باردا تـەنیا سـیفەتێکی دیکـەی ئـاژەڵ یـان گیاندارەکە وەرگیراوە. ئەمەش ڕەنگە دەرخەری ئەوە بێت، کە ئەم کلتـوورە نزیکی و پێوەندی لەگەڵ سروشت و سروشت دۆستی زیـاتر پێوە دیارە و پێوەندی پتەوی لەگەڵ سروشتدا هەیە. دەکرێت لەڕووانگەی ئەم ئیدیەمانەوە پەی بەوە ببرێت، کە ئەم کلتووره چ جۆرە بیرکردنەوەیەکی بەسەردا زاڵە و چۆن سروشت کاری لە بیرکردنەوە و تێڕوانین و دەربڕینەکانی کردووە. هەرچەندە ئەو ئیدیەمانە چەقی واتاییان ( ورچ، گورگ، شێر )ـە، ژمارەیان کەمترە، ئەمەش دەکرێت یەکێك لە هۆکارەکانی ئەوە بێت، کە کەمتر لەسەر ڕێی مرۆڤن و وەك مار و مێروو نین، کە زۆر نزیکن لە ژیانی ڕۆژانەی ناو گوند و باخ و کەژ و کێوی ئاخێوەرانی شێوەزارەکەوە، ڕەنگە نە ڕامبکرێن و نە ڕووبەڕووبوونەوەشیان ئاسان بێت، یـان هەنـدێك جاریش ئـەو گیانلەبـەرە لەناوچە و دەوروبـەری ژیـانی تاکەکانـدا نـەبێت. لەگـەڵ ئەوەشدا ئـەو ئیدیـەمە بـە تایبەتمەنـدیی کلتووری ئـەو ناوچـەیە لـە شێوەزارەکەدا ڕەنگدەداتـەوە، کـە بێگومان جۆری ئەم ڕەنگدانەوەیەش پێوەندی بـەو وێنـە دروستبووەی نـاو بیری ئاخێوەرانـەوە هەیـە، کە لە ئیدیەمەکەدا ڕەنگی پێدەدرێتەوە، بۆ نموونـە وەك (مـەیمون) کە لـە ناوچـەی ژیـانی ئاخێوەرانـدا نەبێت و لە ئیدیەمەی خوارەوەدا ڕەنگبداتەوە.

**"مەیمونا و هەڵوەیش گێرتێنە"**[*] بەرامبەرە بە: مەیمون جوان بوو، ئاوڵەی دەرکرد.
واتای ئیدیەمی: خۆی خراپ بوو و کارێکی خراپتریشی کرد. خۆی ناشیرینتر کرد.

**"ژووژوو ڕۆڵەو وێش پەسەننۆ"** بەرامبەرە بە: ژیژك بێچووی خۆی بەلاوە پەسەندە/جوانە.
واتای ئیدیەمی: کەس بە کاری، بەرهەمی، ناڵێت خراپە.
**"ڕۆڵەو ژووژووەکەیا"**[**] بەرامبەرە بە: بێچووی ژیژکەکەیە.
واتای ئیدیەمی: کەسێکە کە زۆر بە شتەکانی ڕازییە. خۆشەویستی دایکوباوکیەتی.
**"مارە خوڵینە"** بەرامبەرە بە: ماری خۆڵەپەتانێ.
واتای ئیدیەمی: کەسێکی فێڵبازەو ژێر بە ژێر خەریکی ئەنجامدانی کارێکە/ کەسیك زیانبەخشە و بەرامبەرەکەی بێ ئاگایە لێی.
**"مارێ مەردێنێ لەمەش"** بەرامبەرە بە: مار لەناو سکیدا مردوون.
واتای ئیدیەمی: یانی کەسێکی زۆر سارد و سڕە.

---

*) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"مەیمون زەریف بێ ئاوڵێچش بەردا"**
**) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"ڕۆڵۆ و ژوژویا"**

**"مارێ زەرپینێش هەنێ"** بەرامبەرە بە: ماری زێڕینی هەیە.
واتای ئیدیەمی: هەموو شتێکی بە نرخی هەیە کە کەس پێی نازانێت.
**"زوانو مار و مێرووی دوۆ"** بەرامبەرە بە: بە زمانی مار و مێروو دەدوێت.
واتای ئیدیەمی: بێ شەرمە و هەموو شتێك دەڵێت. هەموو شتێك دێت بە دەمیدا.
**"ڕازە و ماری"** بەرامبەرە بە: ڕاز و سڕی مارە.
واتای ئیدیەمی: زۆر نهێنی و شاراوەیە.
**"مارێ مەردێ وزۆ دلێ / وەرو پایش"** [*] بەرامبەرە بە: ماری مردوو دەخاتە بەرپێی.
واتای ئیدیەمی: بەواتا دەیترسێنێت. لە کردنی کارێك _ی باش_ پەشیمانی دەکاتەوە.

بە سەرنجدان لەم نمونانە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە دەکرێت گیانلەبەر یان مارو مێروویەك لە چەند ئیدیەمێکدا هەر جارە و بۆ سیفەت و تایبەتمەندییەکی جیاواز ڕەنگبداتەوە. بۆ نموونە ئەگەر لە ئیدیەمەکانی پێوەند بە (پشیلە، مار، ورچ،) لە ئیدیەمەکانی پێشتردا بڕوانین ئەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە هەرجارەو تایبەتمەندییەکی ئەو گیاندارانە وەردەگیرێت و لە ئیدیەمەکاندا ڕەنگدەداتەوە، کە دەشێت لە ئیدیەمەکانی دواتریشدا و پێوەند بە مار و مێرووەوە هەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت. لە نموونەکانەوە وادەردەکەوێت، کە واتای ئیدیەمی پێوەند بە مار بە زۆری بە دەوری، مەترسی و زیان گەیاندندا دەسوڕێتەوە.
**"هەشپشەو خەلەینە"** [**] بەرامبەرە بە: ئەسپێی دەغڵ و دانە.
واتای ئیدیەمی: واتە بەسەختی دەستی دەکەوێت و ناڕەحەت وازی لێدەهێنێ.
**"ئەجۆ مۆرانەو یاگەو بانینی"** بەرامبەرە بە: دەڵێی مۆرانەی جێگەو بانە.
واتای ئیدیەمی: کەسێکی خراپە.
**"ڕشکا واردە"** [***] بەرامبەرە بە: ڕشك خواردوو، ڕشکاوی.
واتای ئیدیەمی: پیس و پۆخڵ.

**"ئەجۆ مرۆچێش واردێنێ"** بەرامبەرە بە: دەڵێی میرووڵەی خواردووە.
واتای ئیدیەمی: هەر بای لێ دەبێتەوە.

---

*) بە بەراوردکردن بە شوێنە ئاوییەکان یان ئەو شوێنانەی کە نزیکی ئاو و ڕووبارو دەریان، دەبینین کلتووری هەورامان زۆرتر مامەڵەی لەگەڵ باڵندە و مار و مێروو ئاژەڵانی کێوی وماڵیدا هەیە، کە ئەمەش تایبەتمەندیتیی جوگرافیای کۆمەڵەکەیەتی.
**) بەم شێوەیەش بەکاردێت : **"هەشپشەو ئاساوینە"** واتە سەرسەخت و دەست بەردار نییە. هەروەها ئەم ئیدیەمەش **"هەشپشەو مشتۆ کۆری"** ، دیسان هەر بەو واتایەیە.
***) لە کاتێکدا لە فارسیدا رشكن (رشکین) بە واتای بەغیرت و بەجەرگ و هەروەها بە واتای بەرچاوتەنگ و چاوچنۆکیش بەکاردێت. بڕوانە فرهنگ عمید (١٣٨٢: ٦٥٢)

**"ئەجۆ مرۆچەی ئاردەن"** بەرامبەرە بە: دەڵێی مێرووله هێناویەتی.

واتای ئیدیەمی: پاکوخاوێن.

**"مرۆچە و کەللە پاچە"** بەرامبەرە بە: مێرووله و سەروپێ.

واتای ئیدیەمی: مەبەست لێی نەگونجانە.

**"ئەجۆ قۆلاچێ دڵێ ڕێحانەیە"** بەرامبەرە بە: دەڵێی قالۆنچەی ناو ڕەیحانەیە. قالۆنچە بە گوڵاو سەری دێشێت.

واتای ئیدیەمی: بە کەسێك دەوترێت، کە لە خۆشی و شوێنێکی باش ڕابکات/هەڵبێت.

**"کرمەکێش کوشتە"** بەرامبەرە بە: کرمەکەی کوشت.

واتای ئیدیەمی: بە مەرامی خۆی گەیشت. ئۆقرەی گرت.

**"کرمیش کرێێنە"** بەرامبەرە بە: کرمی تێکراوە. کێچ کەوتە کەوڵی. جیوەی تێکراوە.

واتای ئیدیەمی: خۆی پێ ناگیرێ، ئارام و ئۆقرەی نییە. جوڵە جوڵکەرە.سەری بۆ شتێك ئەخورێت.

**"کرما وێتە"** بەرامبەرە بە: کرم چینەی کردووە.

واتای ئیدیەمی: پیس و پۆخڵ و شپرزە.

**"مەشا دانەنە"** بەرامبەرە بە: مێش تێیداوە.

واتای ئیدیەمی: زۆر بێ توانا و بێ دەسەڵاتە. فەقیر و بێ دەسەڵاتە.

**"مەشی تۆپێنێ دەمش"** بەرامبەرە بە: مێش تۆپیونەتە ناودەمی.

واتای ئیدیەمی: کەسێك کە زۆر گێل و نەزان بێت.

**"ڕازە و مەشێنە"**  بەرامبەرە بە: ڕاز و حیکایەتی مێشە.

واتای ئیدیەمی: ئەم شتە هەر نابڕێتەوە. دوور  و درێژ و بێواتایە.

**"سرِش سرِ و هەنگیا"** بەرامبەرە بە: سڕی، وەك سڕی هەنگ وایە.

واتای ئیدیەمی: کەسێکە ئیشەکانی هەموو شاراوەن و کەس پێی نازانێ.

**"هەنگش قرۆڵەنە ئێستەنۆ"*** بەرامبەرە بە: هەنگی لە کلۆرە داردا دۆزیوەتەوە.

واتای ئیدیەمی: بە کەسێك دەوترێت شتێکی دەستبکەوێت کە بەلایەوە زۆر بەنرخ بێت، وادەزانێت هیچ کەسی تر شتی وای دەس نەکەوتووە. شتێك کە تەنها بە لای خاوەنەکەیەوە زۆر بەنرخە.

**"خوگی دەم بەسیان"** بەرامبەرە بە: بەرازی دەم بەستراوە

واتای ئیدیەمی: کەمدووە و هەمیشە مۆڕەی (مۆنی) کردووە.

---

*) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"ئەجۆ هەنگش دیەنۆ قرۆڵەنە"** ، **"هەنگش قرۆڵو دارینە دیەنۆ"**

**"تۆمو هۆریشەیش شانان"** بەرامبەره بە: تۆوی کەرویشکی وەشاندووه.
واتای ئیدیەمی: شتەکانی پەرش و بڵاوکردۆتەوه و لەیەکتری دوور خستوونەتەوە.
**"ڕەواسە ڕەقیٚ"** بەرامبەره بە: ڕێویی لەڕو لاواز.
واتای ئیدیەمی: بە کەسێکی زۆر لاواز دەوترێت.
**"ماساوی بێ کاردەنە"** بەرامبەره بە: ماسی بێ چەقۆیە.
واتای ئیدیەمی: زۆر بێدەنگ و ئارام و فەقیرە و ئازاری بۆ کەس نییە. بە پەلێك سەری ببڕە.

بێگومان هەر کلتوورەو تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە چۆنیەتی تێڕوانینی بۆ ئاژەڵ و گیاندارەکانی دەوروبەری، کە ڕەنگە بەشێکی پێوەند بێت بە لایەنی ئایین، یان تەندروستی، یان مەیل و ئارەزوو، یان خورافە و ئەفسانە ... تد. لەبەرئەوە دەکرێت ئاژەڵ و گیاندارێك بە گڵاو یان شووم دابنرێت. بۆیە دەکرێت هەندێك کلتوور لەگەڵ ئەو جۆرە ئاژەڵانەدا هەمیشە پێوەندی دژیەکیان هەبێت بەوەی کە مایەی زیان و نەخۆشی بن، بێگومان ئەمەش کاردەکاتە سەر جۆری ڕەنگدانەوەیان لە ژیانی ئەو کۆمەڵە دیاریکراوەدا. سەرەڕای ئەوەی کە هەندێك گیاندار لە کلتوورە جیاوازەکاندا دەکرێت تایبەتمەندیی یان خەسڵەتێکیان ڕەنگبداتەوە، کە بەلای کلتوورێکی ترەوە نامۆ یان نەناسراو بێت.

ئەگەر لە ئیدیەمێکی وەکو **"مرۆچەی ئاردەن"** _ دەڵێی مێروولە هێناویەتی_ بڕوانین ئەوا دەکرێت بگوترێت نموونەیەکە، کە ڕەنگە تا ئێستا (مێروولە) بۆ دەلالەتکردن یان هێمای بێ تاوانی هەڵبژێردرابێت، بەڵام لەم ئیدیەمەدا بۆ پاکی هەڵبژێردراوە، کە ئەمەش تایبەتمەندیی کلتووری شێوەزارەکە و بەشداریکردنی کلتووری بیرکردنەوە و مامەڵەکردنە لەگەڵ ئەوەی کە لەگەڵ مرۆڤدا دەژی، کە بێگومان ڕەنگدانەوەشی لەسەر وشەکانی زمان دەبێت.

## ٣/١-٩) ڕەنگدانەوەی کەس و ئاماژەکردن بە کار یان ڕەفتار یان شتێکی کەسەکان.*

زۆرجار ئیدیەم لەگەڵ لێکچووندا لەو بارەدا کە لێکچواندنی کەس و کەسایەتی تێیدا ڕەنگدەداتەوە، ئاڵۆزی و دژواری و تێکەڵبوون بە خۆیەوە دەبینێت. هەندێکجار نموونەی ئیدیەمی وەك **"دەڵێی حەمەقەدۆی موسڵە"** ، یان لە شێوەزاری هەورامیدا **"بیەن سورەو دزلێیێ"** _ واتە دەست بەتاڵ و بەبێ ئاگادارکردنەوە، سەر بە هەموو ماڵێکدا دەکات_ وا دانراوە کە ئەمانە لێکچوونن، بەڵام لە هەمانکاتدا بە ئیدیەمیش دانراون. ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە، کە ناوی کەس و کەسایەتی _ئەوەی کە چووەتە ناو ئیدیەمەوە_ بە چاك و خراپەوە لەو ناوچە و کات و شوێن و پێگەیەدا بوون

*) پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە لەم نموونە ئیدیەمییانەدا، هەندێك نموونە هەبوون لەبەرئەوەی هێشتا خاوەنەکانیان لە ژیاندا ماون و پێیان ناخۆشە کە بەو شێوەیە بکەونە سەر زاری خەڵك، هەربۆیە نموونەی ئەو ئیدیەمانەمان نەهێناوە. هەروەها لەبەر ئەوەی کە چەندین نموونەی تر هەیە کە واتاکانیمان بۆ ساغ نەبوونەتەوە، بە پێویستمان نەزانی ئاماژەیان پێبکەین.



زانکۆی سلێمانی ... نامەی ماستەر ... زوبێر عەلی عارف

به شتێکی دیار و زەق و له هەندێك نموونەشدا ئەمە بەڕوونی دیارە. بوونی ئەم ڕەنگدانەوەش تەنیا پێوەندە بەو تایبەتمەندییەوەیە، کە بەهۆی دیاردە یان سیفەت یان بارودۆخێکەوە دراوەتە پاڵ ئەو کەسە، ئەمەش وایکردووە سەرەتا لە ناوچەیەکی کەم و بچوك و دیاریکراوە بەکاربهێنرێت و تەنانەت هەندێکجاریش ڕەنگە هەر مەودایەکی داخراوی جوگرافییی یان بنەماڵەیی هەبێت. گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت لەم جۆرە ئیدیەمانەدا، دەکرێت هەندێك جار مێژوو و ڕووداوی پشت ئەو ئیدیەمە بزانرێت و نەوە نەوە بمێنێتەوە، بەمەش زانیاری کلتووریی ئاخێوەرانی شێوەزارەکە فراوان و دەوڵەمەندتر بکات.

ئەم ڕەنگدانەوەیەش زۆرجار دوو شێوە لەخۆدەگرێت، یەکەم ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ ناوی کەس یان کەسایەتییەکە لە ئیدیەمەکەدا چەقی واتایی گەیاندنی واتای مەبەستە. ئەگەر لەم نمونانەی خوارەوە بڕوانین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ئاماژەدان بە کەسەکە لە ئیدیەمەکاندا دیارە و هۆکار و کرۆکی گەیاندنی واتاکەیە، بۆ نموونە:

**"بیەن تەتەر"** بەرامبەرە بە: بووە بە تەتەر.

واتای ئیدیەمی: بە کەسێك دەوترێت کە زۆر بێت و بڕوات.

**"ئایشە دەرە گۆشی"**[1] بەرامبەرە بە: واتە ئایشە گوێ درێژ.

واتای ئیدیەمی: واتە ئایشێ گوێ درێژ ئەمەش ناوێکی خەیاڵییە بۆ ناوی گوێدرێژ دانراوە، بۆ ئەوەی منداڵی پێ بخەڵەتێنرێ و زوو بنوێ یان بیانوو نەگرێ!

**"ئەجۆ حەمە سور و بیارێن"** بەرامبەرە بە: دەڵێی حەمەسوری بیارەیە.

واتای ئیدیەمی: زۆر دەترسێت، ترس بەسەریدا زاڵە.

"قەرە کوشیان" بەرامبەرە بە: بووە بەو ڕۆژە قەرەوەیس کوژرا

واتای ئیدیەمی: زۆر قەرەباڵغە

یان هەندێك جار ناڕاستەوخۆ ئاماژەیە بۆ کەسەکە و شتێك یان کار و سیفەتێکی کەسەکە لە ئیدیەمەکەدا ڕەنگیداوەتەوە و چەقی قورسایی واتای ئیدیەمەکەیە، بۆنموونە:

**"پاڵتاوەکەو غەفار بەگێن"*** بەرامبەرە بە: پاڵتاوەکەی غەفاربەگە.

واتای ئیدیەمی: واتە پیاوەتی کردن و بەناوچاواندا دانەوە.

**"تاتەکەو حەملە قشقەڕیا"**[2] بەرامبەرە بە: باوکی حەملە قشقەڕە.

واتای ئیدیەمی: کاری خەڵك تەفرە دەدات، کار تێکدەرە.

**"نرخێنەو شاوەیسی بڕیێنە"** بەرامبەرە بە: نرخێکە و شاوەیس بڕیویەتییەوە.

واتای ئیدیەمی: ئەمەی بەسەردا بڕاوە و هەروا دەبێت.

---

[1]) محمەد ئەمین هەورامانی، (١٩٨٩: ٤٢)

*) پاڵتاوێکی بە کەسێك بەخشیوە، هەموو بەیانییەك کە ئەو کەسەی بینیوە پێی وتووە ئاگات لێبێت پیس نەبێت.

[2]) جمال حبیب الله (٢٠٠٠: ٢٠١) بۆ چیرۆك و حیکایەتی پشت ئەم ئیدیەمە بڕوانە: جمال حبیب الله (٢٠٠٠: ٢٠١)

**"گۆرانیێ یونسیێنیٚ"** بەرامبەرە بە: گۆرانیی یۆنسیانەن.

واتای ئیدیەمی : واتە شتی (یان گۆرانی) بێ سەروبەرەو لە خۆیەوە دروستیدەکات.

**"فەرهاد کوش"** بەرامبەرە بە: فەرهادکوژە.

واتای ئیدیەمی: کەسێکی فێڵبازە و مەترسیدارە.

**"ئەرەجیۆ خیدری زیننەش گیلان پۆنە"** بەرامبەرە بە: دەڵێی خیدری زیندووی پێدا گەڕاوە.

واتای ئیدیەمی: مەبەست لە دەغڵ و دان و باخ و بێستانە، کە جوان و پڕ بەرهەم بێت.

**"بیەن بە بزەکۆ ئەخفەشی"*** بەرامبەرە بە: بووە بە بزنەکەی ئەخفەش.

واتای ئیدیەمی: لە هەموو کوڕ و مەجلیسێکدا دادەنیشێت و هیچ سودێك وەرناگرێت.

**"بی بە کۆپانەکێ جەجاڵێ "**[1] بەرامبەرە بە: بوو بە کۆپانەکەی دەجال.

واتای ئیدیەمی: بە کارێك دەوترێت، کە هەر تەواو نەبێ و بە ئەنجام نەگات و ناوبەناویش تێك بدرێت، یان هەڵبووەشێتەوە.

**"ئەجۆ ونەو سیاوەحشینە"**[2] بەرامبەرە بە: دەڵێی خوێنی سیاوەحشە.

واتای ئیدیەمی: کارێك یان شتێك لەبەر گرنگی هەر کۆتایی نەیەت، یان دەست کەس نەکەوێت. مەسەلەیەك کۆتایی نەیەت و نەبڕێتەوە.

**"حەوت خانوو ڕۆسەمی"** بەرامبەرە بە: حەوت خانی رۆستەمە.

واتای ئیدیەمی:  کارێك کە زۆر دەخایەنێت و قۆناغی زۆری هەیە.

**"بیەن خومەکەو پورە ئایشێ"**[3] بەرامبەرە بە: بووە بە خمەکەی پورە ئایش.

واتای ئیدیەمی: مەبەست لە کارێکە کە تێکەڵ و پێکەڵ کرابێت.

**"دەرمانەکەو حسێنە زەردیا"**[4] بەرامبەرە بە: دەرمانەکەی حوسەینە زەردە.

واتای ئیدیەمی: بە شتێکی سامناك و مەترسیدار دەوترێت.

ئەوەی لە نموونەکانی پێوەند بە کەس و کەسایەتییەوە دەبینرێت، لەلایەکەوە  هەندێك لە کەسەکان ڕەنگە لە بازنەیەکی فراوانتردا و لە زار و شیوەزار و زمانی تردا دەربکەون.  بۆ نموونە (سیاوەحش، ئەخفەش، فەرهاد) بەڵام بەشێکی تری تایبەتە بە کلتووری ناوچەکە خۆیەوە. هەروەها لەلایەکی ترەوە، ئافرەت یان ڕەگەزی مێ، لەناو ئەم جۆرە ئیدیەمەدا کەمتر ڕەنگیداوەتەوە و ئەوەشی

*) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"ئەجۆ بزەکۆ ئەخفەشیەنی"**

[1]) جمال حبیب الله  (٢٠٠٠: ١٦١)

[2]) بووە بە خوێنی سیاوەحش. لە فەرهەنگدا [ بۆ ئەو ڕوداوە دەگەڕێتەوە کە تیایدا سیاوەحشی کوڕی کەیکاوسی دووەم کە شای کەیاینییەکان بووە لە ئێراندا، بەدەستی ئەفراسیابی شای تورکستان کوژراوە، بووە بەهۆی ڕشتنی خوێنێکی زۆر]. بەواتای ئیدیۆمی [بە ئاژاوەو ناکۆکییەك، یا قسەیەك دێت کە کۆتایی نەیەت‌و بخایەنێت]. بڕوانە شیلان عومەر(٢٠٠٩: ٤٦)

[3]) جمال حبیب الله  (٢٠٠٠: ١٦٧) بۆ چیرۆك و حیکایەتی پشت ئەم ئیدیەمە بڕوانە جمال حبیب الله (٢٠٠٠: ١٦٧)

[4]) جمال حبیب الله  (٢٠٠٠: ٢٨٠) بۆ چیرۆك و حیکایەتی پشت ئەم ئیدیەمە بڕوانە جمال حبیب الله  (٢٠٠٠: ٢٨٠)



زوبێر عەلی عارف ... نامەی ماستەر ... زانکۆی سلێمانی

**کە هەیە ڕاستەوخۆ کەسەکە نییە، بەڵکو ڕووداو یان کارێکی پێوەند بە کەسەکەیە. ڕەنگە هۆکارێکی ئەوە بێت، کە زۆرێك لەم نمونانە بۆ لایەنی نەرێنی و ناپەسەند بەکارهاتوون، بۆیە دەکرێت ئەوەی لێبخوێنرێتەوە، کە لە کلتووری هەوراماندا بەلایانەوە چاوەڕێ نەکراوبووە، کە ئافرەت ببێت بە نموونەی کەسێتییەکی خراپ و وەك نموونە و ڕەمزێك پەنجەی بۆ ڕابکێشرێت. ئەگەرچی ڕەنگە هەبووبێت، بەڵام وەك چۆن چاوەڕێنەکراو و ناپەسەندە ببێت بە نموونەی کەسێتییەکی خراپ هەر بەو شێوەیەش ڕەنگە باسکردنیشی دیسانەوە بچێتە ئەو خانەیەوە کە بە کار و کردەیەکی خراپ بزانرێت.**

## ٢/٣ ) تایبەتییەکانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا :

ئاشکرایە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بەشەی ئاخاوتندا کارێکی گرنگ و پێویستە بۆ تێگەیشتن لە کلتوور و دابونەریت و ژیریی هەر میللەتێك، چونکە ئیدیەم یەکێکە لە کەرەستە سەرەکییەکانی ڕەنگدەرەوەی کلتووری کۆمەڵایەتی ئاخێوەرانی زمان یان زارێك و ڕەنگدانەوەشیان لەناو ئاخاوتنەکانی ڕۆژانەدا، ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو کە بەشێکی دانەبڕاوە لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەران. جگە لەوە ئیدیەمەکان (( تەنیا لەگەل چۆنیەتی دەربڕینی ئەندێشەکان خەریك نین، بەڵکو لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوەش کاریگەرییان دەبێت))[١] لەبەرئەوە بەپشت بەستن بەو نموونە و لێکدانەوانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئاماژەیان پێکراوە دەشێت کۆمەڵێك تایبەتمەندێتی بخرێتەڕوو، کە بەرهەم و زانیاریی ناو ناوەڕۆك و کرۆکی ئەو دەربڕاوانەن کە واتا و مەبەستێکی چڕوپڕی کلتووریی کۆمەڵایەتییان لە خۆیاندا هەڵگرتووە.

ئاسایی بەکارهێنانی ئیدیەمەکان بەپێی بواری کۆمەڵایەتی پێویستە لەڕووانگەی چین و تەمەن و ڕەگەز و ...هتد، باسبکرێت، هەرچەندە لە پێشەوە ئەم هۆکارانە بەگشتی ڕوونکراونەتەوە، بەڵام لێرەدا پەیوەست بە ئیدیەمەوە ئەوە دەخرێتەڕوو، کە ئایا ئیدیەمەکان پێوەند بەم هۆکارانەوە لە شێوەزاری هەورامیدا چ تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتیی کلتووری لە خۆدەگرن؟

### ٢/٣-١) پێوەند بە ڕەگەزەوە:

بێگومان جیاوازی ڕەگەز بە گوێرەی تایبەتمەندیی کلتووری-کۆمەڵایەتی کار دەکاتە سەر ئەوەی کە چ ڕەگەزێك، چ جۆرە شێوازێکی ئاخاوتن بەکاربهێنێت. واتە بوونی ڕەگەزی جیاواز، جیاوازی زمانیی و ڕەفتاریی زمانیی جیاواز دەهێنێتەئاراوە، کە ئەمەش بێگومان بەندە بەو ڕۆڵەی کە کۆمەڵ پێیان دەبەخشێت و چی لە هەر یەکەیان چاوەڕێدەکات.

بەهۆی ئەو ئەرك و ڕۆڵە جیاوازەی کە هەردوو ڕەگەز دەیگێڕن و بەهۆی تایبەتمەندیی کلتوورەکەوە، دەکرێت بوترێت لەشێوەزاری هەورامیدا ژنان زۆرتر ئیدیەم بەکاردەهێنن. ئەم بەکارهێنانەش دەکرێت بۆ ئەوە بگەڕێنرێتەوە کە زۆرجار کلتوور وایکردووە یان وای لێ چاوەڕی دەکات زۆرتر بە شێوازی ناڕاستەوخۆ بئاخێوێت و دەربڕاو و گوزارشتەکان پێوەند بە ڕەگەز و ئەرك و کاری کۆمەڵایەتی خۆیەوە بەکاربهێنێت، بۆنموونە بۆ کچێك کە وەختی شوکردنیەتی یان شووی دەوێت ئیدیەمی **"دەسش کەردەن پیاڵەماڕای"** _ واتە دەستی کردووە بە پیاڵە شکاندن* _

---

[١] Chandler ، بڕوانە: فروزان سجودی، نشانەشناسی کاربردی، ( ١٣٨٧: ٥٩)

*) دەکرێت بوترێت ئەم نموونەیە زۆر جێگەی سەرنجە، دەڵێی ئەوەشە کە لە کۆندا، کچان هەر لە قۆناغی (مراهقە)دا، لە کوردەواریدا بەشوودراون، چونکە لەو قۆناغەدا گەشەی مێشك لەگەڵ گەشەی چوارپەلدا جیاوازییان هەیە، ئەمەش وادەکات

بەکاردەهێنرێت. لەبەرئەوە لەڕووی ڕەگەزەوە جیا لەو ئیدیەمانەی کە ژیانی گشتی هەردوولا لەخۆدەگرن، ژنان خاوەنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندتری ئیدیەمن، چونکە لەگەڵ ئیدیەمەکانی تایبەت بەخۆی کە لەڕووی چەندێتییەوە زۆرترن، ئیدیەمی تایبەت بە پیاوانیش دەزانێت و بەباشی لێیان دەگات، چونکە پیاوان زیاتر بێ پەردەو ڕاستەوخۆ قسەدەکەن، ئەمەش وادەکات کە ژنان تەنانەت ئەوەش بزانن" کە لە چ بارودۆخێك و كات و شوێنێك و بۆ چ مەبەستێك بەکاردێن. واتە توانای دەسەڵاتشکاندنەوەیان بەسەر ئەو ئیدیەمانەدا هەیە" کە تایبەتن بەپیاوانەوە، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە پیاواندا بەبەراورد بە ئافرەتان یان ڕەگەزی مێ کەمترە. ئیدیەمی زۆر هەن" کە زۆر بەکەمی و تەنانەت لەلایەن ژمارەیەکی کەم لە ڕەگەزی بەرامبەرەوە دەکرێت بەرگوێ بکەون، چونکە ژنان بەگوێرەی تایبەتمەندیی کلتووری-کۆمەڵایەتی دەبێت هەندێك وشە و دەربڕراو هەیە لە بەرامبەر پیاواندا بەکاریان نەهێنێت. ئەمە جگەلەوەی کە هەر لە سەرەتاوە ڕەگەزی مێ تەنانەت بە مەبەستەوە بە ئیدیەمەکانی تایبەت بە پیاوانیش ئاشنادەبێت و سنور و شوێنەکانیشان درك پێدەکات. ئەمە لە کاتێکدا بەهۆی بیر و تێڕوانینی کلتووری-کۆمەڵایەتیی کۆمەڵەوە، دیاریکردنی سنور و چوارچێوەیەکی لەم شێوە بۆ ڕەگەزی نێر کەمتر هەستی پێدەکرێت. بۆنموونە ئەگەر لەم ئیدیەمانەی خوارەوە بڕوانین:

**"گاوێ قۆچا وستەش کادان"*** بەرامبەرە بە: مانگا قۆچی لێداوە و خستوویەتییە کادانەوە.

واتای ئیدیەمی: لە بەدبەختی و نەبوونییەوە کەوتووەتە خوشگوزەرانییەوە، شووی بە کەسێکی خوا پێداوکردووە.

**"دەڵیتە درێژ"** بەرامبەرە بە: دەڵە درێژ.

واتای ئیدیەمی: واتە بێ عەقڵ و نەزانە _ بۆ ئافرەت بەکاردێت_.

ئەم دوو ئیدیەمە تەنیا بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردەهێنرێن، بەڵام دەکرێت پیاوانیش بەکاریان بهێنن. بەڵام ئەم دوو ئیدیەمەی خوارەوەیان تەنیا بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردەهێنرێن، لەگەڵ ئەوەدا دەشێت ژنانیش بەکاریان بهێنن.

**"مل پان"** بەرامبەرە بە: مل پان.

واتای ئیدیەمی: لەماڵدا بێ دەسەڵاتە، ژنەکەی دەسەڵاتی زۆری بەسەریدا هەیە.

**"مەسێ بەرەو سوبەینە"** واتای فەرهەنگی: خاکەنازی بەردەم سۆپایە.

واتای ئیدیەمی: لە ماڵەوە، بێ دەستەڵاتە و کەس حسابی بۆ ناکات.

---

کچان پیاڵە بەدەستیانەوە بشکێت، بەڵام لە کوردەواریدا لەباتی بڵێت لە منداڵی دەردەچێت، ئەمەی وتووە. د.هۆگر مەحموود فەرەج، چاوپێکەوتن، (٢٠١٢/٦/١٩).

*) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"گاوی قوتێنە و وستێنەش کادان"**

ڕەنگە بەکارهێنانی ئیدیەمێکی وەك **"پووش کێشۆ"** _ واتە خەریکی ماڵ پێکەوە نانە_ لەلایەن ژنانەوە بەکارناهێنرێت، چونکە جگەلەوەی بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردەهێنرێت، لەگەڵ ئەوەدا تەنیا پیاوان بەکاریدەهێنن. بەهەمان شێوە ئیدیەمی **"لەمەو نەسۆچۆ"** _کۆستت نەکەوێت، منداڵت نەمرێت_ لەلایەن پیاوانەوە بەکارناهێرێت، چونکە ئەم جۆرە بەکارهێنانە، شێوازی ئافرەتن.

لەلایەکەوە گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت، کە ژنان کام ئیدیەمانە زۆرتر بەکاردەهێنن، لە لایەکی ترەوە کام ئیدیەمانەی بۆ بەکاردەهێنرێن، چونکە ڕوونبوونەوەی ئەمە دوو لایەنی سەرەکیمان بۆ دەخاتەڕوو، یەکەم ئەوەی پێگەی ئافرەت لەناو ئیدیەمەکانی شێوەزارەکەدا، دووەم، تایبەتمەندیی جۆری ئیدیەم بەکارهێنان یان ئیدیەمە بەکارهێنراوەکان لەلایەن ئەوانەوە. دەکرێت بوترێت ژنان زۆرتر خودی خۆیان بەرهەمهێن و بەکارهێنی ئەو ئیدیەمانەن، کە بۆ ناولێنان و دەرخستنی سیفەتی ڕەگەزەکەی خۆیەتی، لەمەشدا وا دەردەکەوێت، کە ئیدیەمی کەمتر بۆ لایەنی باشە بەکاردەهێنێت. واتە ئەو ئیدیەمانەی کە بۆ دوعالێکردن و گوزارشتکردن لە سیفەت و کاری خراپی کەسەکەن، زۆر لە ڕێژەی ئەو ئیدیەمانە زۆرترە، کە بۆ نزاکردن و دەرخستنی لایەنی باشەن، کە بەدڵنیاییەوە ئەمە هەروا شتێکی بێ بنەماو لاوەکی نییە، بەڵکو پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە جۆری چاوەڕێلێکردنی کلتوور و کۆمەڵ، جۆری بیرکردنەوە و ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیەوە هەیە، سەرەڕای جۆری ئەو تێڕوانینەی ڕەگەزی بەرامبەر بۆ ئەرك و چالاکی و ڕۆڵی لە ژیانیدا، بەرامبەر ڕەگەزی مێ دەینوێنێت.

ڕێژەیەکی زۆری ئەو ئیدیەمانەی کە لەسەر زاری ژنانەوەن، دوعاکردن و دەربڕینی هەست و گوزارشت لە مردن و نەخۆشی و دیاردە تابووەکان دەکات، لەبەرئەوە ژنان زیاتر لە پیاوان ئەم جۆرە ئیدیەمانە بەکاردەهێنن. ئەگەر لە ئیدیەمەکانی پێوەند بە نزا و توکردن بڕوانین، دەبینین زۆربەیان پێوەندن بە ئابڕوونەچوون و ئابڕووچوونەوە. لەبەرئەوە دەکرێت ئەوە هەڵبهێنجین، کە گرنگییەکی سەرەکی و بەم بوارە دەدەن و بەردەوام لە خەمی پاراستن و گرنگیدان بە شەرم و حەیاو ئابڕووی خۆیانن. دەتوانرێت بوترێت زۆربەی ئەو ئیدیەمانەی کە لەلایەن پیاوانەوە بەکاردەهێنرێن پێوەندن دیاردەی دزێوی وەك، هیچ لەباردا نەبوون، شەڕەنگێزی، خۆهەلقورتاندن، هەڵخەڵەتاندن و ...تد. لەگەڵ ئەوەدا ڕاستەوخۆیی و بەکارهێنانی وشەو دەربڕراوی زبرتر بە ئیدیەمەکانەوە دیارە و ڕەنگە هەندێکیان بچنە خانەی تابووە، کە بێگومان ئەمەش دیسانەوە بەپێی تاکەکان جیاوازە، چ جۆرە کەسێك ئەم ئیدیەمانە بەکاردەهێنێت، سەرەڕای ئەوەی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو دەورووبەرەوە هەیە کە تاك ئیدیەمەکەی تێدا بەکاردەهێنێت، بەواتا ئایا چ جۆرە کوڕ و دانیشتنێکە، ژن لە دەورووبەری ئاخاوتنەکەدا هەیە یان نا، ...تد.

هەرچەندە زۆرجار دەبینرێت بەهۆی هاوبەشی و بەشداری کردنی هەردوولا لە ئیش و کاری ڕۆژانەدا، زۆر ئیدیەمی پەیوەست بە کاروباری دەرەوە لە نێوان هەردوولادا هاوبەشە، ئەمەش لە کلتوورێکەوە بۆ کلتوورێکی تر جیاوازە و تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێت. بوونی ئەم تایبەتمەندییەش بەستراوە بەوەی کە دوو ڕەگەز چەندە لێکەوە نزیکن و چەندە ڕێگە بە ژنان دەدرێت

بەشداری لە کار و چالاکی ژیانی ڕۆژانەدا بکەن و شان بەشانی ڕەگەزی بەرامبەر لەو مەیدان و بوارەدا ڕۆڵبگێڕن تا بتوانن گوزارشت و تایبەتمەندییە ئاخاوتنەکانی خۆیان بەکاربهێنن. دەتوانرێت بوترێت لە شێوەزاری هەورامیدا هاوبەشییەکی زۆرتر لە ڕۆڵ و ئەرکی کۆمەڵایەتی ژنان و پیاواندا هەستی پێدەکرێت، لەبەرئەوە دەبینین لەو ئیدیەمانەی کە پێوەندن بە کار و چالاکی ڕۆژانەوە نزیکییەکی زۆرتر هەیە وەك لە ناوچەکانی تر، کە ئەویش دەکەوێتە سەر ژینگە و جوگرافیای هەورامان و ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی ئاخێوەرانی شێوەزارەکە.

بێگومان لەگەڵ جیاوازی لەبەکارهێنان و تایبەتمەندیی ئیدیەمەکان پێوەند بەهەردوو ڕەگەزەوە، بەڵام هەردوو ڕەگەز ڕۆڵی تەواوکەریان هەیە لە دروستبوون و بەکارهێنان و پاراستنی ئیدیەمەکان و گواستنەوەیان نەوە بە نەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو.

## ٢-٢/٣) پێوەند بەتەمەنەوە

تەمەنیش هۆکارێکی سەرەکییە لە فێربوون و بەکارهێنانی ئیدیەمدا، لەوەدا کە ئایا ئیدیەمەکان کەی و لە چ بوارێکدا لە کۆمەڵێکدا ڕەنگدەدەنەوە و ژیانی کۆمەڵایەتی و بیری کلتووری-کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا دەگوازنەوە.

لەگەڵ ئەوەی کە منداڵ هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە زمان فێردەبێت و لە تەمەنی قۆناغی سەرەتاییدا وردە وردە وشە و دەربڕراوەکانی زمانەکەی فێر دەبێت ، بەڵام هێشتا زووە بۆ ئەوەی لە واتای ئیدیەمەکان بگات، چونکە ئەو هێشتا توانای لێکدانەوەی ئەم شێوە ئاخاوتنە فێرنەبووە و ئەگەریش دەربڕراوێکی وەك (ڕۆڵە ئانە سەرەت وریۆ، چی مەنیشیەرە) _ بەواتا، ڕۆڵە ئەوە سەرت دەخورێت، ئەوە بۆ دانانیشی._ ببیستێت، ڕەنگە، وەڵامەکەی تەنیا نەخێر بێت، چونکە پەنادەباتەبەر لێکدانەوەی واتای وشەکانی ناو ئیدیەمەکە، لەبەرئەوە کاردانەوەکەشی هەربەوشێوە دەبێت.

دەکرێت بگوترێت تاك لە سەرەتای قۆناغی ناوەندییەوە وردە وردە بە ئاگاییەوە ڕووبەڕووی ئەو وشە و دەربڕراوانە دەبێتەوە کە تێگەیشتن لێیان ئاسان نییە و پرسیار بۆ ئەم دەخولقێنن، کە بۆچی ئەمە بەکارهات؟ واتاکەی چییە؟ مەبەستی چییە؟ بۆچی بەم جۆرە ئاخاوتنە دەئاخێوێت؟ ڕەنگە ئەمە زۆرتر لەلایەن خوێندکارانی ناوەندییەوە هەستی پێبکرێت، لەوەدا کە ڕەنگە خۆشی ڕووبکاتە بەکارهێنانی وشە و دەربڕراو، کە بیەوێت بەرامبەر بە ئاسانی لێی نەگات. واتە ڕوودەکەنە شێوازێکی تایبەت لە قسەکردن و ئاخاوتن، ئیتر ئایا بۆ مەبەستی تاقیکردنەوە و حەزکردن بێت بە شێوازێکی نوێی ئاخاوتن، یان مەبەستی شاردنەوەی مەبەست و تایبەتمەندکردنی ئاخاوتنەکانی بێت. واتە وردە وردە هەست دەکات کەرەستە و شێوازی ئاخاوتنی تایبەت بە خۆی فێربووە و بۆیە خولیایی و حەزکردن بە خۆ گەورە نیشاندان و سەلماندنی گەشەی ژیریی خۆی، بەدوای ئەوەدایە کە کەرەستە ئاڵۆزەکانی ئاخاوتنی کەسانی پێگەیشتوو و بەتەمەن دووبارە بکاتەوە و لە ئاخاوتنەکانیدا بەکاریان بهێنێت. هەرچەندە ناتوانرێت بوترێت کە لەم تەمەنەدا_سەرەتای قۆناغی ناوەندی_ تەواو توانای

تێگەیشتن لە واتای ئیدیەمەکانی دەبێت، بەڵکو دەشێت ئەو توانایەی بۆ دروستبێت، کە هەندێك ئیدیەمی تاڕادەیەك ئاسان بەکاربهێنێت، بەڵام دیسانەوە ڕەنگە نەزانێت شوێن و کاتی گونجاو بۆ بەکارهێنانی ئەو ئیدیەمە چ کات و چ شوێنێکە.

بە پشتبەستن بەوەی کە لە بەشی دووەمدا پێوەند بە تەمەنی فێربوون خرایەڕوو، چاوەڕێ دەکرێت لە شێوەزاری هەورامیدا، تاك لە تەمەنی قۆناغی ناوەندییەوە ئیدیەم بەکاربهێنێت و وردە وردە لەگەڵ تێگەیشتن و بەکارهێنانی سەرەتایی ئیدیەمەکان ڕابێت و ئەوەی بۆ دروستببێت، کە پێویستە بە جیا و جیاواز و تایبەتمەند لەگەڵ ئەم کەرەستانەی ئاخاوتندا مامەڵە بکات. هەچەندە ناکرێت هەردوو ڕەگەز وەك یەك لێیان بڕوانرێت، بەڵکو دەشێت بوترێت کە کچان پێش کوڕان و زۆرتر لەوان ئیدیەم بەکاردەهێنن، کە ئەمەش دەکرێت لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی بێت، یەکەمیان ئەوەندەی کچ پەیوەستە بە ماڵ و ئەرکی ماڵەوە و بەشداری ئاخاوتنی ژنان و ژیانی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات، کوڕان ئەوەندە بەوشێوەیە نین، واتە نە زۆرتر لەوان لە ماڵەوەن و نە زۆریش لەگەڵ باوکانن و لەگەڵ کەسانی بەتەمەنتر لە خۆیان تێکەڵی پێوەندی کۆمەڵایەتی دەبن. ئەمەجگەلەوەی کە ئاخاوتنی ژنان لە پیاوان زیاترە و زۆر گرنگی بە گۆڕینەوەی ئاخاوتن لەنێوان یەکتردا دەدەن، کە ئەمەش بێگومان جۆری دەربڕاو و وشە و ئاخاوتنەکان هەمەلایەن و فراوانتر دەبن. بەمەش بەریەککەوتن لەگەڵ وشە و دەربڕاوەکان بۆ ڕەگەزی مێ ئاسانتر دەبێت و بە هۆی دووبارەبوونەوەی شێوازی ئاخاوتنەکانەوە لەلایەکەوە کەرەستە و دەربڕاوی زۆرتر و لەلایەکی تریشەوە خێراتر دەتوانێت فێریان ببێت. دووەم لەبەرئەوەی کە دایکان هەر لە سەرەتاوە بەتایبەت و بە مەبەست کچان فێردەکەن کە چۆن و لەکوێ و تەنانەت کەی بئاخێون، ئەمەش وادەکات هەر لە سەرەتاوە فێری کۆمەڵێك دەربڕینیان بکەن.

دەشێت لە دوو ڕووانگەوە لە تەمەن بڕوانرێت، ئەو تەمەنەی کە ئیدیەم بەکاردەهێنێت و ئەو تەمەنەشی کە بۆی بەکاردێت. لە شێوەزاری هەورامیدا ئەوەی بۆ منداڵ و قۆناغی لاوێتی بەکاردەهێنرێت زۆرتر یان دوعاکردنە (واتە نزا، توککردن)، یان خستنەڕوو و وەسفکردنی لایەنی چاك و خراپی کەسەکەیە، بەڵام ئەو ئیدیەمانەی کە لەسەرەتای فێربوونی ئیدیەمەوە بەکاریاندەهێنێت، ئەو ئیدیەمانەن، کە زیاتر ڕوون و ئاشکران و پێوەندن بە بازنەی ژیانی خۆیەوە، کە زۆرترین ئیدیەمەکانیشی پێوەندن بە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤەوە، چونکە ئاسانتر لێیان دەگات و خێراتر فێریان دەبێت، بۆنموونە:

**"بیەن موو لوتێ"** بەرامبەرە بە: بووە بە مووی لوت.

واتای ئیدیەمی: وازی لێناهێت/ لێی نابێتەوە.

**"دەسش کەردۆ"** بەرامبەرە بە: دەستی لێکردەوە.

واتای ئیدیەمی: واتە ئەمیش دەسەڵاتی خۆی نیشانداو دەستیکرد بە لێدانی بەرامبەر.

هەروەها تاڕادەیەك ئەو ئیدیەمانەش بەکاردەهێنێت کە پێوەندن بەو گیاندارانەی کە زیاتر بەریەککەوتنی لەگەڵیاندا دەبێت.

**"مەژگو هەریش واردەن"** بەرامبەرە بە: مێشکی کەری خواردووە.

واتای ئیدیەمی: کاری بێ عەقڵانە و نابەجێ دەکات. لە هیچ ناگات.

**"ئەجۆ کەرگا چینە کەردێنە"** بەرامبەرە: دەڵێی مریشك چینەی کردووە.

واتای ئیدیەمی: شپرزە و پیس و پۆخڵ کراوە.

بەڵام ئەو ئیدیەمانەی کە واتایەکی چڕو و پڕی کلتووری و کۆمەڵایەتییان تێدایە، تێگەیشتن و بەکارهێنانیان بۆ ئەو ئاڵۆزە و بە دەگمەن دەبینرێت، کە لە تەمەنی لاوێتیشدا بەکاربهێنرێن.

**"گەنمەش ئینا چاڵەنە"** بەرامبەرە بە: گەنمی لەناو چاڵدایە.

واتای ئیدیەمی: کەسێك کە بەبێ ماندووبوونی زۆر کاروباری ژیانی ئاسان و خۆش دەڕوات بەڕێوە. یان کەسێکی هەیە ئیشەکانی بۆ دەکات.

پێوەند بە شێوەزاری هەورامیشەوە بەگشتی دەتوانرێت بوترێت، ئیدیەمەکان لە هەموو ئەو قۆناغانەی تەمەندا دەبینرێن، کە تاك توانای وەرگرتن و فێربوون و بەکارهێنان و لێکدانەوەیانی هەیە. بۆیە لە تەمەنی مێردمنداڵی و لاویەتیشەوە سەرەڕای بەکارهێنانی ئیدیەمەکان، بەڵکو تەنانەت هەندێکجار ئیدیەمی نوێ لەسەرزاری ئەوانەوە دێنە ناو کۆمەڵ و فەرهەنگی شێوەزارەکە دەوڵەمەندتردەکەن.

## ٣-٢/٣) پێوەند بە چینی کۆمەڵایەتییەوە

چینی کۆمەڵایەتی بەو واتایەی کە هەیەتی لە شێوەزاری هەورامیدا بەدیناکرێت، لەبەرئەوە ئەگەر بە شێوەیەکی لاوازیش بوونی هەبووبێت، ئەوا کاری نەکردووەتە سەر دروستکردنی شێوازێکی ئاخاوتنی تایبەت بە خۆیان و ڕەنگدانەوەی لەناو دەربڕاوەکان و بەکارهێنان و جیاکردنەوەی ئەو دەربڕاوانە (بۆنموونە ئیدیەمەکان) پەیوەست بە خۆیانەوە. بۆیە دەکرێت بوترێت چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ئیدیەمەکانیشدا ئیدیەمی وا بەدیناکرێت، کە بگوترێت ئەمە پەیوەستە بەم چینە یان بەو چینە کۆمەڵایەتییەوە. ئەوەی کە پێوەند بێت بەمەوە ئەوەیە، کە کۆمەڵی هەورامان زۆر لێك نزیك و هاوئاست و تێکەڵ بوون و پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی نزیکیان لەگەڵ یەکتردا هەبووە و ئەگەریش زۆردار و دەستەڵاتدارێك هەوڵی جیاکردنەوەی و دابەشکردنی ئەوانی بۆ پلەو چینی کۆمەڵایەتیدا دابێت، ئەوا بێگومان سەرکەوتوو نەبووە، بەهۆی پێوەندی پتەوی کۆمەڵایەتی لەنێوان زۆربەی گوند و بنەماڵە و ...تد. هەر لەبەرئەوە دەکرێت بگوترێت چینایەتی بەو واتا قوڵەی کە هەیەتی لەناو ئەم کۆمەڵەدا بەدیناکرێت. ئەوەی کە هەستی پێدەکرێت شێوازە، کە ئەمەش ئاساییە و تەنانەت دەکرێت

لەنێوان تاکەکانیشدا پەیڕەو بکرێت، بوونی شێوازیش تەنیا پێوەندی بە چینایەتییەوە نییە، بەڵکو چینایەتی یەکێکە لە هۆکارەکانی شێوازی جیاواز، کە دەکرێت لە کۆمەڵگەیەدا چینایەتی نەبێت و بەم شێوەیەش شێوازێکیش لەو ئەنجامەوە بوونی نەبێت. لەبەرئەوە نموونەی ئیدیەمی لەم شێوەیە بەدیناکرێت، کە ڕەنگدەرەوەی ئەم جۆرە هۆکارە بێت.

## ٤-٢/٣) پێوەند بە جوگرافیاوە

لەبەرئەوەی ناوچەی هەورامان ناوچەیەکی شاخاوی و سەخت و دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی هەیە و زۆربەی گوند و ناوچەکانی لە نێوان کەژ و کێوە سەختەکان و دۆڵەکان یان بنار و دامێنی کێوەکان یان دەشتاییەکانی نزیك بە کێوەکانن، ئەمە وایکردووە کە جۆری ئیدیەمەکانی پێوەند بە سروشتەکەی ڕەنگدانەوەیەکی زۆر بەرچاویان هەبێت، چ خودی سروشت و کەژ و کێو و گژوگیا، بۆنموونە " **وێم چێگە و یارم دالآنی**" _ کاتێك- قسەلەسەر شتێکی دوورەدەست دەکرێت._ چ ئەو گیاندارانەی کە لەو ناوچانەدا ژیاون و دەژین و بەریەککەوتنیان لەگەڵ خەڵکی ئەو ناوچانەدا زۆر بووە. لەگەڵ ئەو سەختی و دژوارییەی هەندێك لە ناوچەکانی، بەڵام کاریگەری جوگرافیی لەڕووی کلتووری کۆمەڵایەتی و شێوەزارەکەوە نەبووەتەهۆی دابڕانێکی تەواو و ئاشکرا لە یەکتری، کە لێکنزیکی و چوونیەکی لەڕووی پێکهاتەی کلتووری و شێوەزار و وشە و دەربڕاو ...تد، بەڵگەی ئەم ڕاستییەن. بەدیکردنی ئیدیەمی جیاواز و تایبەتمەند بە شارەدێ و ناوچە و گوندەکانی، تەنانەت ڕەنگدانەوەی ئەو دیاردە سروشتییانەی پێوەندن بەو ناوچە جیاوازەکانیەوە، بنیاتنانی کۆی گشتی کلتووری شێوەزارەکەن. ئەمە وادەکات چاوەڕوانکراو و ئاسایی بێت ئەگەر ئیدیەمێك لە ناوچە و گوندێکی تەنانەت نزیکیشدا هەبێت کە لەوی تردا واتا و بەکارهێنانەکەی نەزانرێت. دەکرێت هەندێك جار لەرێگەی پێکهاتەی ناو ئیدیەمەکانەوە ئەو شوێن و ڕووداوە پەی پێببرێت، کە ئیدیەمەکی تێدا بەکاردەهێنرێت، یان ڕەنگدانەوەی کەس و ڕووداو یان شوێنێکی ئەو ناوچە و گوندەیە. بۆنموونە ئەم ئیدیەمانەی خوارەوە سەرەڕای ئەوەی کە ئاماژەی بۆ کەسێك یان شتێکی کەسە تێدایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تایبەتن بە ناوچەیەکی جوگرافی جیاوازەوە، کە هەریەکەیان پێوەندە بە دیاردە و ڕووداوی ناوچە و گوندێکی هەورامانەوە.

"**بیەن کەپرەکێ سەلیمی**"* بەرامبەرە بە: بووە بە کەپرەکەی سەلیم.

واتای ئیدیەمی: سڕی نەماوە. هەرچی هەبووە هەموویان خستەڕوو/ئاشکراکرد. هەڵیانتەکاند.

"**شوتییە سورەکەو لالۆ نەجمەی**" بەرامبەرە بە: شوتییە سورەکەی خاڵە نەجمەددینە.

واتای ئیدیەمی: شتی بچوك بە گەورە بەراورد دەکات و بە گەورەی دەزانێت.

"**ئەجۆ حەمە سور و بیارێن**" واتای فەرهەنگی: دەڵێی حەمەسوری بیارەیە.

---

*) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: "**کردشا کەپرەکێ سەلیمی**".

واتای ئیدیەمی: زۆر ترسنۆکە، ترس بە سەریدا زاڵە.

هەندێکجار دەتوانرێت لەڕووانگەی خودی ئیدیەمەکانەوە ئەو شوێن و ناوچەیە دیاریبکرێت، کە هۆی سەرەکی دروستبوونی هەندێك لە ئیدیەمەکانن، تەنانەت شوێنی دروستبوونی ئیدیەم و سنوری بەکارهێنانەکەش دیاریبکرێت، چونکە پێوەندە بە ناوچە و شوێنێکی دیاریکراوەوە. ئەمەش ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو کە بتوانین ئەوە بڵێین کە هەندێك لە ئیدیەمەکان پێوەند بە ناوچە و جوگرافیای جیاوازی ئاخێوەرانەوە، کەرەستە و پێکهاتەی جیاواز بەشداری لە دروستبوونیدا دەکەن، بەڵام دوواتر ورده ورده بڵاودەبنەوە و ئاخێوەرانی شێوەزارەکە پێیان ئاشنادەبن. هەر بۆیە دەشێت بگوترێت جوگرافیای جیاواز دەبێتەهۆی لەدایکبوون و سەرهەڵدانی ئیدیەمی جیاواز و دواتر ڕەنگاوڕەنگی و دەوڵەمەندیی زیاتر بە کلتووری کۆمەڵایەتی دەبەخشێت. ئاشکرایە ئەمەش تەنیا پشتئەستور نییە بە نموونە ئیدیەمییە نوسراوەکانەوە، بەڵکو دەبێت گرنگی بە ئاخاوتنی زارەکی ئاخێوەر بدرێت، چونکە هەر ئاخێوەرێك بە تایبەتمەندیی ناوچەیی خۆی دەئاخێویت، لەبەرئەوە ئەگەر بێت و تەنیا پشت بە نوسین ببەستین ئەوا دەشێت هەموو یان زۆربەی نموونەکان بە شێوە ئاخاوتنی نوسەر بنوسرێنەوە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ونکردنی هەندێك تایبەتمەندیی ناوچەیی. بۆنموونە ئەگەر وردببینەوە ئەوا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت، کە هەندێك جار وشەکان جیاوازن و وشەی ناوچەیین. بۆ نموونە **"ڕۆڵەخاش پڕگییێنێ"** _ بەرامبەرە بە: ڕیخۆڵەی ڕژاوە. واتە منداڵی زۆرە_ ئەوە بەهۆی وشەی (ڕۆڵەخا)وە دەتوانرێت ئەو شوێنە یان ئەو ناوچەیە بدۆزرێتەوە، کە بە هەورامی بە (ڕێخۆڵە) _واتە ڕیخۆڵە_ دەڵێن (ڕۆڵەخا)، کە لەڕاستیدا ئەمە شێوازی ئاخاوتنی ناوچەی پاوەیە. بەهەمان شێوە ئەم ئیدیەمانەی خوارەوەش دەکرێت لەم ڕووانگەوە لێکبدرێنەوە.

**"دەب دەبەو کەوکەبەش هەن"** واتای ئیدیەمی: دەسەڵاتدار و خۆبەزلزانە.

**"شاتاڵدارەنە"** واتای ئیدیەمی: بۆ کچێك یان ژنێك بەکاردێت کە، زۆر زیرەك و بەئاگایە.

**"چوننەری تەنکە سەرەش زلەن"** واتای ئیدیەمی: شوێنەکەی خۆشە.

ئەمەش ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو، کە دەکرێت بەهۆی وردبوونەوە و سەرنجدانی ئەو سیما و هۆکارانەوە پەی بە شوێنی لەدایکبوون و بەکارهێنانی هەندێك لە ئیدیەمەکان ببرێت و هەندێك جاریش بەهۆی ئەو شێوازە جیاوازەی کە ناوچەکان لە بەکارهێنانی ڕەگەز و جۆری وشەکاندا پێڕەوی دەکەن بە وردبوونەوە لێیان دەکرێت ئەم جۆرە لێکدانەوە و دیاریکردن و پەی پێبردنە فراوانتر بکرێت، بەڵام لەم لێکۆڵینەوەیەدا و لەبەر سنوری باسەکە بۆ ئەم کارە، نەتوانرا ئەو وردەکارییانە بخرێنەڕوو.

زوبێر عەلی عارف ... نامەی ماستەر ... زانکۆی سلێمانی

## ٥-٢/٣) پێوەند بە پیشەوە

هاوبەشیی ڕۆڵ و ئەرکی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانە، لەناو زۆربەی ئاخێوەرانی شێوەزاری هەورامیدا وایکردووە، کە کەم تا زۆر هەموو سەرقاڵی ئەو کارانە بووبن و بەجۆرێك چ ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێوەندییان بەو پیشانەوە هەبێت و کەرەستە و بەرهەمەکانی ئەو پیشانەش لە ئاخاوتنەکانیاندا ڕەنگبداتەوە. ئەوەی زۆرتر مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە و پێوەی سەرقاڵبوون، هەندێك پیشەی وەك باخداری، ئاژەڵداری، ڕستن و چنین، ...تد، کە بێگومان لە ئاخاوتنی ڕۆژانە و بەتایبەت لە ئیدیەمەکانیشدا ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاویان هەیە. هەرچەندە هەندێك جار ناوی پیشەوەرەکەش لە ئیدیەمەکاندا ڕەنگیداوەتەوە، بەڵام بەزۆری کار و بەرهەم و کەرەستەکان توانیویانە بچنە ئیدیەمەکانی شێوەزارەکەوە، بۆنموونە کەرەستە و بەرهەمی وەك ( دوکە، لەتەرێ، کەمە، وێچنە، کەڵاش،...تد) یان ناوی پیشەی وەك (جوڵا، هەلاج، دۆم، دوکڵەڕێس،...تد) توانیویانە لەگەڵ تایبەتمەندیی ئیدیەمەکاندا بگونجێن و بچنە ناو ئیدیەمەکانەوە، بۆنموونە:

**"جوابو کلاشپای مەدۆوە"** بەرامبەرە بە: وەڵامی کڵاش لەپێ ناداتەوە.

واتای ئیدیەمی: خۆبەزلزانە.

**"کلاش کێشۆ شۆنەو وێشەرە"** بەرامبەرە بە: کڵاشەکەی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێت.

واتای ئیدیەمی: کەسێك، کە ڕێڕۆشتنی خراپە و توانای نەماوە.

**"بنەوان شلۆقا"**[1] بەرامبەرە بە: ئاوەکە لەسەرچاوەوە لێڵە. بنەوانەکەی بێ کەڵکە.

واتای ئیدیەمی: مەبەست لە کارێك یان ئیدارەیەك یان مەسەلەیەکە کە بنەڕەتەکەی خراپ و بێکەڵکە.

**"هەڵاوە منیۆوە"**[*] بەرامبەرە بە: دەڵێی جاودەنێتەوە.

واتای ئیدیەمی: زۆر دێت و دەڕوات، بەردەوام هەر هاتوچۆ دەکات.

**"جوڵا بە سەردڕەو وێش ڕازی نیا/مەبۆ"** بەرامبەرە بە: جوڵا بەسەر دڕی خۆی ڕازی نییە.

واتای ئیدیەمی: واتە ئیشەکەی خۆی خراپە و نایەوێ بە حەقی ئیشەکەی خۆی لەگەڵی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەڵکو دەیەوێ شتی باشتری پێ بدرێت.

**"دوکەش درێژەنە"** بەرامبەرە بە: دوکی درێژە.

واتای ئیدیەمی: زۆر قسە دەکات و نایبڕێتەوە. درێژدادڕە.

**"ئەجۆ دوکڵێنە"** بەرامبەرە بە: دەڵێی چیکەنەیە. خوری دەڕێسێت.

---

[1]) محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ٧١) هەروەها بڕوانە: جمال حبیب الله (٢٠٠٠: ١٥٥)

[*]) هەڵاوە، پارچە قوماشێکە کە لە ناوچەی هەوراماندا دروستدەکرا، پەموو بە (دوکە) بە ڕیس دەکرا و دواتریش هەربەوشێوەی ڕانك و چۆخە جۆڵا دەیکرد. لە ئامادەکردنی ئەم پارچە قوماشەدا، بەرامبەر بە هۆی سروشتی کارەکەوە زۆر ئەمسەرو ئەوسەری دەکرد و دەهات و دەچوو.

واتای ئیدیەمی: درێژدادڕە.

**"لەتەرە ڕێس"** بەرامبەرە بە: تەشی ڕێس

واتای ئیدیەمی: زۆربڵێ.

**"سەرو کلافەکەیش گم کەردەن"**[1] بەرامبەرە بە: سەری گلۆڵە دەزووەکەی لێ ونبووە.

واتای ئیدیەمی: سەری لێ تێکچووە و نازانێت چی بکات.

**"پەی هەلاجی پاك کریانۆ"** بەرامبەرە بە: بۆ هەلاج پاك کراوەتەوە.

واتای ئیدیەمی: شوێنێکی زۆرپاکە.

ئەوەی بەدی دەکرێت لەم نمونانە ئەوەیە، کە زۆربەی ئیدیەمەکانی پێوەند بە پیشە بۆ واتای نەرێنی و خستنەڕووی کار و سیفەت و ڕەفتاری دزێو بەکارهاتوون، ئەمەش تایبەتمەندییەکی ئیدیەمەکانی ئەم شێوەزارەیە، کە دەکرێت لە شێوەزار یان زار و زمانەکانی تردا بەوشێوە نەبێت.

هەرچەندە لەڕووی وشەی کلتووری تایبەت بە خۆی لەڕووی باخداری و هەندێك پیشە و کار و ئەرکی ترەوە زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام زۆرجار نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی زۆر دیار و بەرچاو بچنە ناو ئیدیەمەکان، بەڵکو زۆرتر بەسەربەخۆیی چوونەتە ناو فەرهەنگەوە و فەرهەنگی زمانەکەی پێ دەوڵەمەندکراوە.

## ٦-٢/٣) پێوەند بە ئایینەوە

بێگومان هەر کۆمەڵ و کۆمەڵگەیەك هەوڵدەدات بەپێی ئەو بیروباوەڕی کە هەیەتی ڕەفتارە زمانی و نازمانییەکانی، بیرکردنەوە و تێڕوانینی ڕێکبخات و بەپێی بنەماکانی ئەو ئایین بیرو باوەڕ ڕەفتار و هەڵسوکەوت بکات. دەکرێت بوترێت وەك بنەما و ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهاتەی کلتووری، پەل بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵ دەکێشێت و دەیەوێت کار لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی تاکەکانی ئەو کۆمەڵە دیاریکراوە بکات، کە پێڕەوی دەکات. کۆمەڵی هەورامانیش بەزۆری پێڕەوی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکەن و تاکەکانی وابەستەن بە بنەماکانیەوە. لەبەرئەوە بنەماکانی ئەم ئایینە بە ئاشکرا لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ئاخاوتن و وشە و دەربڕراوەکانیاندا دیارە.

دەکرێت بوترێت دین لەم ناوچە جوگرافیەدا بە دوو شێوە دەردەکەوێت:[2] ١) ڕۆڵی دین لە دروستکردنی گۆشەنیگا و تێڕوانینەکان و دیاردە هەستپێکراوەکان (مزگەوت، بەردەنوێژ، ڕووگەی ماڵەکان، گۆڕستان، ...تد). ٢) ڕۆڵی دین لە ڕەفتار و هەڵس و کەوتی ئاخێوەرانی شێوەزاری هەورامیدا.

دەتوانرێت بوترێت ڕەنگدانەوەی ئاینی ئیسلام و بیرکردنەوەی ئایینی تایبەت بەو دینە و لەناو ئیدیەمەکانی شێوەزاری هەورامیدا ئاشکرا ڕەنگیداوەتەوە. ئەم ڕەنگدانەوەیەش بە سێ شێوەیە

[1]) محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ٢٢٠)

[2]) حسن قادری (١٣٨٧: ٧٩)



زانکۆی سلێمانی ... نامەی ماستەر ... زوبێر عەلی عارف

یا ئەوەیە ڕاستەوخۆ وشە و زاراوەکانی تایبەت بە دینی ئیسلام ڕەنگیانداوەتەوە، یان ئەوەیە لەگەڵ وشە و زاراوەکاندا لە شێوەزارەکەدا بەرامبەریان بۆ دانراوە و بەو شێوەیە ڕەنگیانداوەتەوە، یاخود بەشێوەی بیر و لێکدانەوەی ئایینی ئیدیەمەکان ڕەنگدەرەوەی کارتێکردن و کاریگەری دینی ئیسلام لەسەر شێوەزارەکەن. بێگومان ئەم کارتێکردنەش هەروا لەخۆوە دروستنەبووە، بەڵکو بەشێوەیەك کاریگەری لەسەر ژیانی تاك و کۆمەڵەکە دروستکردووە، کە سەرەتا وەك پێڕەوێکی تایبەت و جیا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە و پاشان بووە بە سیستەمی ژیانی کۆمەڵایەتی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی شێوەزارەکە و کار و ڕەفتاری ڕۆژانەی کۆمەڵایەتی و دینی خۆیان لەسەر ئەو بنەمایانە بنیاتناوە.

## ٧-٢/٣) پێوەند بە فەرمی و نافەرمییەوە

کلتووری ئاخێوەرانی شێوەزاری هەورامی لەبەر ئەو تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەی کە هەیەتی لە پێوەندی نزیکی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی و تێکەڵاوی، ڕەنگە تاڕادەیەك فەرمیبوون و نافەرمیبوونی کەمتر تێدا ڕەنگبداتەوە، ئەمەش کار دەکاتە سەر ئەوەی کە لە زۆربەی حاڵەت و بارودۆخەکاندا بەکارهێنانی ئیدیەم ئاسایی تر بێت، ئەویش لەلایەکەوە بە هۆی ئەوەی کە نزیکیی و بنەمای پێوەندییەکیان پێکەوە هەیە، لەلایەکی ترەوە بە هۆی بوونی ئەو سنورە دیاریکراوەوە و پارێزگاریکردن لە دابونەریت و پابەندبوونیان بە کلتووری کۆمەڵایەتییەوە. واتە شێوازی ژیان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئاخێوەرانی ئەم شێوەزارە، لەلایەکەوە ئاست و شێوازی نزیك لەیەکیان هەیە، لەلایەکی تریشەوە، ئەو هۆکارانەی کە ڕەنگە زەمینەی فەرمیبوون دەهێننەئاراوە، لە کلتووری هەورامیدا کەمتر بن. بێگومان ئەمە هۆکارێکی ڕێژەییە نەك ڕەها، چونکە بۆنموونە جگەلەوەی کە لە کاروباری فەرمانگە و خوێندنگەکاندا پێی ناخوێنرێت و پێی نانوسرێت، هاوکات ڕەنگە زۆریش مەیلی بەکارهێنانی ئیدیەمی زمان یان زار و شێوەزارەکانی تری نزیك لە خۆشیان نەبێت، تا کاریگەریی ڕاستەوخۆ لە زار یان زمانێکی تریان لەسەربێت. ئەمە وایکردووە کە لە فەرمیبوونیشدا پێوەندی کۆمەڵایەتی و نزیکییەکی وا دێتە پێشەوە کە ئەو سنورە کەمدەکاتەوە بۆ ئەوەی زەمینەی بەکارهێنانی ئیدیەم فەراهەم ببێت، کە دەشێت بۆ زمان و زار و شێوەزارەکانی تریش هەر بەو شێوەیە بێت. بەڵام لە کلتووری هەوراماند بەهۆی ئەو ژینگە و بوار و زەمینەیەی کە بریتییە لە پارێزگاریکردن لە کلتووری شێوەزارەکە و نەبوونی نووسین و زەمینەی تایبەت و جیاواز بۆ بەکارهێنانی ئیدیەمەکان بۆ نموونە لە قوتابخانە و فەرمانگەدا، هەروەها کەمیی جیاوازی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی، پتەوی پێوەندی تاکەکان، ئەمە وایکردووە، کە بەتەواوی سنورێکی دیاریکراو بۆ زەمینەی فەرمیبوون و نافەرمیبوون نەکرێت. هەربۆیە دەبینین لە زۆرباردا هەموو ئیدیەمەکان لای ئاخێوەران بەکاردەهێنرێن.

لەگەڵ ئەوەشدا بەگوێرەی هەلومەرجی گونجاو و دەورووبەری جیاواز لەڕووی گوێگر و بابەت و کات و شوێنەوە، ئاخێوەر گرنگی بە جۆر و شێوازی ئیدیەمەکە دەدات، چونکە لە هەلومەرجە



زانکۆی سلێمانی ... نامەی ماستەر ... زوبێر عەلی عارف

جیاوازەکاندا گرنگیدان بە شێوازی ئاخاوتن و ڕەچاوکردنی دەورووبەر لە تاك چاوەڕێ دەکرێت، کە ئەمەش زۆرتر لە دەورووبەر و پێوەندیی بۆنە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکاندا ڕەنگدەداتەوە، کە ئەمەش لە هەموو زمان و زارەکاندا دەکرێت بەو شێوەیە بێت.

## ٣/٢-٨) پێوەند بە خوێندەوارییەوە

لەبەرئەوەی شێوەزاری هەورامی پێی نانوسرێت و ناخوێنرێتەوە، دەکرێت بوترێت پێوەند بە شێوەزارەکەوە خوێندەواری هاندەرێکی ڕاستەوخۆ نییە و ڕۆڵی بەرچاو نابینێت لە هێشتنەوە و بەرەودان بەم دەربڕراوە زمانییە. تاکی خوێندەوار لەگەڵ ئەوەی کە لەگەڵ هاوئاخێوەرانیدا بەکاریدەهێنێت، بەڵام لە زۆر باردا ناچارە بە زار و شێوەزار و زمانێکی دیکە بیرکردنەوە و تێڕوانینەکانی دەرببڕێت و کەرەستەو دەربڕراوەکانیان بەکاربهێنێت، کە بێگومان ئەگەرچی لەلایەکەوە کاردەکاتەسەر ئەوەی کە بە دەربڕراو و کەرەستەکانی جگەلە شێوەزارەکەی خۆی ئاشنابێت و بەکاریانبهێنێت و بیرکردنەوەی دەوڵەمەند بکات، بەڵام لەلایەکی تریشەوە پێوەند بەم بوارەوە بەهۆی نەبوونی بوار و زەمینەی گونجاو بۆ ڕاستەوخۆ بەکارهێنان و دەربڕینی دەربڕراوەکانی پێوەند بە شێوەزارەکەی خۆی، تاڕادەیەك لە زۆر بەکارهێنانی ئیدیەمەکانی شێوەزارەکەی دووردەکەوێتەوە.

واتە دەکرێت بوترێت هەر لە سەرەتای خوێندەواربوونەوە، تاڕادەیەك خوێندنگە و قۆناغەکانی خوێندن ڕۆڵی ڕاستەوخۆیان کەمترە، چونکە هاندەر و ڕۆڵی لە بەکارهێنانی ئیدیەمەکان تێدا بەدیناکرێت، یان ئەگەریش هەبێت، زۆر بەکەمی هەستی پێدەکرێت. لەبەرئەوە دەکرێت پێوەند بەم بوارە بوترێت، تاکی خوێندەوار ڕەنگە زۆرتر واتا و جۆری بیرکردنەوەی پێکهاتە ئیدیەمییەکان لە ئاخاوتنەکانیدا و بەشێوەی سەرزارەکی ڕەنگبداتەوە، نەك وەك نووسرا، ئەگەرچی لەدەرەوەی سنوری خوێندنگە و زانکۆ و پەیمانگا و فەرمانگە، ڕەنگە بەشێوەیەکی هاوئاست یان زیاتر یان کەمتر لە تاکی نەخوێندەواری وەك خۆی، ئیدیەم بەکاربهێنێت.

## ٣/٢-٨) پێوەند بە هەندێك لایەنی تر

بێگومان ئەگەر لە نموونەکان وردبینەوە، دەکرێت پەی بە زۆری لایەنی تری تایبەتێتی ئیدیەمەکانی شێوەزارەکە ببرێت، وەك بواری ئابوری، ڕامیاری، بەڕێوەبردن، زانستی....تد. بەواتا دەکرێت بوترێت بە لێکدانەوە و جیاکردنەوەی ئەوەی کە کام لە ئیدیەمەکان بە چ شێوازێك و چ جۆرە بیر و واتایەك، گوزارشت لە ژیانی ئابوری و رامیاری و بوارەکانی تر دەکەن. هەروەها چ لایەنێکی زانستی و پێوەندی واتایی لەنێوان پێکهاتەی هەندێك لەئیدیەمەکان و واتاکانیاندا هەیە، کە بێگومان ئەمە لێکۆڵینەوەی ورد و پێوەندو سەربەخۆی دەوێت کە ئیدیەمەکان پێوەند بەو لایەنانەوە شی بکاتەوە، تاوەکو پەی بە تایبەتمەندیی تری ئیدیەمەکانی شێوەزاری هەورامی ببرێت.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت خستنەڕووی تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لێکۆڵینەوەکە تەنیا پشتی بە نموونەکانی ناوەڕۆکی نامەکە نەبەستووە، بەڵکو نموونەکانی ناو پاشکۆکەش بەشێکی بنەڕەتی لە هەڵهێنجان و خستنەڕووی بیر و بۆچوونەکانن، لەبەرئەوە پاشکۆکەش ڕاستەوخۆ خراوەتەوە دوای بەشی سێیەمی لێکۆڵینەکەوە.

# پاشکۆ

# پاشكۆ

## ڕەنگدانەوەی ئەندامەكانی لەشی مرۆڤ

**"خم سەر"** واتای ئیدیەمی: واتە توشی كێشە و موسیبەت بیت. بە ئافرەت یان كچێك دەوترێت، كارێكی نەشیاو یان شتێك بكات.

**"چزڵیكەسەرە"*** واتای ئیدیەمی: بۆ كەسی قژلول و هەڵقرچاو.

**"سەرە ناریوە دما"** واتای ئیدیەمی: یانی بمریت و نەگەڕێیتەوە. سەر نەهێنیتەوە دووا.

**"سەرە پیرە ژەن"** واتای ئیدیەمی: زۆر خۆی هەڵئەقورتێنێ لە كاری خەڵكیدا. پیرێژنەسەر

**"سەرە سواڵكەر"** واتای ئیدیەمی: چاوی زۆر لە شتی ئەم و ئەوە و هەر خەریكە شت لەم و لەو وەردەگرێت.

**"ئێننەو من بزیۆ سەرەتۆ"** واتای ئیدیەمی: كەسێك زۆر دژایەتی و باسی كەسێكی تر دەكات/توشی بەڵاو نەخۆشییەك بیت.

**"سەرەش دا تەوەنی"** واتای ئیدیەمی: سەری دای لە بەرد. غەڵەتی كرد، نابەجێی كرد.

**"سەرەتاشیا"** واتای ئیدیەمی: ئابڕووی براوە. سەرتاشراو

**"سەرەت تاشا"** واتای ئیدیەمی: ئابڕووت بچێت. سەرت بتاشن.

**"كڵاوەشا نیاسەر"** واتای ئیدیەمی: تووشی كێشە و بەزمێكیان كرد، خەڵەتاندیان و فێڵیان لێكرد. كڵاویانكردەسەر.

**"سەرە سەختا"** واتای ئیدیەمی: نەگبەت و بەدبەختە. سەرسەختە.

**"سەرەش ئینا لاكو وێشەنە"** واتای ئیدیەمی: كاری بەسەر ئیشی خەڵكەوە نییە و خۆی لە هیچ هەڵناقورتێنێت. بێوەیە. سەری لەناو لاكی خۆیدایە.

**"تەوێڵەش چرچێش نیەنە"** واتای ئیدیەمی: دنیا بە دڵی ئەوە، دنیا بە دڵی ئەو دەگوزەرێ.

**"سەرەشا كەرد هەڕەرە"** واتای ئیدیەمی: توشی گۆبەندێكیان كرد، توشی كێشەیەكیان كرد.

**"سەرەش گرد گۆشێوەنە گێریۆ"** واتای ئیدیەمی: سەری لە هەموو ئیشێكدا دەخورێت. لە هەموو شوێنێك حازرە.

**"سەرەش پەنە بسپارە"** واتای ئیدیەمی: ئەمانەتپارێز و متمانەپێكراوە. سەری پێبسپێرە.

**"سەر شۆڕ"** واتای ئیدیەمی: شتێكی كردووە كە ئابڕووی چووە، یان كەسێكی خراپە و بێ نرخە.

**"سەرەش ورگێرت"** واتای ئیدیەمی: سەریهەڵگرت. ئەوێی بەجێهێشت _لەبەر ناڕاحەتی و ئازار یان زوڵم و ستەم_.

**"بوڵاو سەر"** واتای ئیدیەمی: واتە توشی بەڵاو كۆست یان بەدبەختییەك بووە.

**"سەرە جەوتنینی"** واتای ئیدیەمی: واتە توشی ڕوودا و بەڵایەكی ناڕاحەت بیت.

---

*) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"سەرە چزڵیك"**

**"سەرە هەڕین"** واتای ئیدیەمی: قوڕبەسەر. بەدبەخت.

**"سەرەش وریۆ"** واتای ئیدیەمی: سەری دەخورێت، بە هەر نرخێك بێت دەیەوێت ئەو کارە بکات.

**"ئا سەرە سەرەو وێش نیا"** واتای ئیدیەمی: بەکەسێك دەوترێت، کە سوربێت لەسەر کردنی کارێك و بە قسەی کەس نەکات. بە دەستی خۆی، خۆی لەناو دەبات.

**"سەرەی بێ زوانا"** واتای ئیدیەمی: ئازاری بۆ کەس نییە و بێدەنگ و فەقیرە.

**"دانش کەللێش/سەرەش"** واتای ئیدیەمی: بی ئوقرە و بێ تاقەتە و تەحەمولی نەماوە، توڕەیە.

**"سەرەش بێ کڵاو مەنەن"** واتای ئیدیەمی: هیچی نییە. یان هیچی بۆ نەماوەتەوە.

**"سەرەش لوان دڵێ سەرا"** واتای ئیدیەمی: گەورە بووە و چووەتە ناو باس و بابەتی گەورەکانەوە.

**"سەرەش وەرو وەریۆ چەرمە نەکەردەن"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی زانا و بەئاگایە.

**"سەرەش نیاپۆ"** واتای ئیدیەمی: گوێ ناداتێ و سڵ ناکاتەوە. سەری پێوە نییە.

**"سەرەش گۆشە و قەبرێنە لەرزۆ"** واتای ئیدیەمی: پیر و لاوازە، نەخۆشە، زۆری نەماوە بمرێت.

**"تانێ سەروو چەمینە"** واتای ئیدیەمی: ئەم عەیبە و ڕسواییە، هەرگیز کۆنە نابێت و نابڕێتەوە.

**ئاوەو چەماش ئاما"**[1] واتای ئیدیەمی: کوێربوو.

**"چەم ئاوران"** واتای ئیدیەمی: چاوبرسی.

**"چەم چنۆك"** واتای ئیدیەمی: کەسێك کە چاوی لە موڵك و ماڵی خەڵکی بێ. چاو چنۆك.

**"چەم شۆڕ"** واتای ئیدیەمی: خراپەکار و شەرمەزار.

**"چەم ئێشەتا"** واتای ئیدیەمی: بەردەوام زیان بە دەورووپشتی دەگەیەنێت. خۆ کوێراییت دانەهاتووە.

**"چەم لەوەڕ"** واتای ئیدیەمی: چاو لەدەرە، چاوی لە خراپە ناپارێزێت.

**"چەمش پیسا"** واتای ئیدیەمی: چاو پیسە و بەخیلە.

**"چەما و چەم کەردەی"** واتای فەرهەنگی: واتای ئیدیەمی: بە وردی سەیر کردن و ڕوانین بۆ شتێك.

**"ئاوەو گوشاو بۆ"** واتای ئیدیەمی: بەردەوام لەبیرت بێت.

**"گۆش پەڕ بیەی"** واتای ئیدیەمی: شتی زۆری بیستووە. زۆری پێوتراوە.

**"تەقەو گۆشاش مێ"** واتای ئیدیەمی: واتە هیچ حاڵی نابێت. تەقەی سەری دێت.

**"گۆشش شل نیا"** واتای ئیدیەمی: گوێ ناداتێ. کەمتەرخەمە.

**"دەم پیس"** واتای ئیدیەمی: جنێو فرۆشە. قسەی نەشیاو و نابەجێ دەکات.

**"دەمش چەور کریان"** واتای ئیدیەمی: بەرتیلی وەرگرتووە.

---

[1] ) محمەد ئەمین هەورامانی، (١٩٨٩: ٢٩) ، هەروەها بڕوانە جەمال بێدار (٢٠٠٠: ١٠٣)

**"دەم درێژ"** واتای ئیدیەمی: دەمەوەرەو و لە قسەکردن نابەزێت.

**"دەمش گێرە بە قنگە دوۆ"** واتای ئیدیەمی: دەمی خۆی پێ ناگیرێت.

**"دڕ دەنوك"** واتای ئیدیەمی: دەم و لوت باریك.

**"دەم دواردە"** واتای ئیدیەمی: دەمەوەرە، زۆر بلێیە.

**"دەم شڕ"*** واتای ئیدیەمی: نهێنی ناپارێزێت.

**"دەم ئاغا"** واتای ئیدیەمی: هەموو شتێك دێت بە دەمیدا.

**"لچ شۆڕ"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی مۆنە. یان شتێکی بەدڵ نییە و تۆراوە.

**"دەمو لوتش دان پێوەرە"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی ئاڵۆز و تۆراوە.

**"دەم و دۆش نیا"** واتای ئیدیەمی: کەم دووە.

**"دەمش دان چەرخ"** واتای ئیدیەمی: ماندوو نابێت و بەردەوام قسەدەکات. زۆربلێیە.

**"دەمش گەرما"** واتای فەرهەنگی: واتای ئیدیەمی: زۆر تورەیە.

**"لووتەش کەردێنە"** واتای ئیدیەمی: تۆراوە و لووتی کردووە.

**"لووتە بازە بێنو چەمانە"** واتای ئیدیەمی: مەدە لە بنی هەمانەکە. کە شەڕت کرد، ئاشتیت لەبیر بێ.

**"ڕێخۆ دانیش بەرنامان"** واتای ئیدیەمی: بە کەسێك دەوترێت، کە خۆی گەنج بکاتەوە.

**"لچ بە دانی مەزانۆ"** واتای ئیدیەمی: زۆر نهێنی پارێزە، ئیشەکانی زۆر نهێنین.

**"دانێش کەوتێنە دەمش"** واتای ئیدیەمی: بەسەرهاتێکی سەخت و ناهەمواری بەسەردا هاتووە.

**"لەمێشەتا"** واتای ئیدیەمی: واتە بۆچی هەر ئیشەکان تێکدەدەی؟

**"لەم قوڵ"** واتای ئیدیەمی: تێر مەوەرۆ.

**"لەمەم عەمارو کەسی نیەنە"** واتای ئیدیەمی: قسەکان دەدرکێنم.

**"دڵێ لەم بەرئاما"** واتای ئیدیەمی: لاری و لاساری زۆر دەکات.

**"لەم دەڕیا"** واتای ئیدیەمی: (لە خواردن) تێر ناخوات. سکدڕاو.

**"دڵش مەردەن لەمەش"** واتای ئیدیەمی: نائومێدە و تاقەتی هیچی نەماوە.

**"سوێش (سۆش )دانە دڵم/ جەرگیم "** واتای ئیدیەمی: ئازارێکی سەختی پێگەیاندم.

**"سوێش بیۆ"** واتای ئیدیەمی: ئازارێکی زۆری پێگەیشت.

**"دڵەی کۆس کەوتە"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی نزیکی مردووە. موسیبەتێکی سەختی تووشبووە.

**"مەچەقۆ دڵ"** واتای ئیدیەمی: دڵم نایگرێت. دڵم پێوە نییە. ناچەقێتە دڵ.

---

*) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"دەم دڕیا"**

"**دڵش هەزارە کەرۆ**"[1] واتای ئیدیەمی: ترسێکی زۆر دڵی داگرتووە و لە ترسا خەوی لێناکەوێت.
"**دڵ پیسا**"[2] واتای ئیدیەمی: دڵپیس و بەد گومانە.
"**دڵ کرمۆڵ**" واتای ئیدیەمی: کینە لە دڵ.
"**دڵش مەردەن**" واتای ئیدیەمی: حەز و تاقەتی لە هیچ نییە و کەسێکی بێ زەوقە.
"**دڵش بەرد**" واتای ئیدیەمی: حەزی لێکرد . شەیدای بوو. عاشقی بوو.
"**سوێ لوا دڵشۆ**" واتای ئیدیەمی: ئازارێکی زۆری پێگەیشت.
"**دڵش ئینا مشتەشەنە**" واتای ئیدیەمی: زۆر ترساوە.
"**ڕوێ وڵکێ وەرۆ، ڕوێ وڵکێ کوۆ**" واتای ئیدیەمی: ئەوەی زوڵم بکات، زوڵمی لێدەکرێت.
"**وڵکش بڕی**" واتای ئیدیەمی: ئێش و ئازارێکی زۆری پێگەیاند.

" **دەسبڕ/ قوڵبڕ**" واتای ئیدیەمی: زەرەر لە خەڵك ئەدات و فێڵیان لێدەکات.
"**دەسش سیاوا**" واتای ئیدیەمی: خێر لە دەستی نابینرێت.
"**دەسش گێرت**" واتای ئیدیەمی: یارمەتیدا و هاوکاریکرد. یان دەستیگرت و نەیهێشت ئەو کارە بکات.
"**نە دەسش هەن نە پا**" واتای ئیدیەمی: بێ کار و بێ دەسەڵاتە.
"**دەسش وەنە شۆرە**" واتای ئیدیەمی: هیچی لێناوەشێتەوە و چاوەڕیی هیچی لێ مەکە.
"**دەسش وەنە/ پەی کەردۆ**" واتای ئیدیەمی: مەبەستییەتی لێیبدات. دەستیکرد بە لێدانی.
"**دەسش وەنە شا**" واتای ئیدیەمی: لێیدا ، کارێکی باشی پێکرد.
"**دەسپیس**" واتای ئیدیەمی: خراپە کارە و فێڵ لە خەڵك دەکات.
"**دەسش بڕی**" واتای ئیدیەمی: فێڵی لێکرد و دەستەپاچەی کرد.
"**پەنجێ وێش گەستۆ**" واتای ئیدیەمی: پەشیمان بوویەوە.
"**دەسش پاکا**" واتای ئیدیەمی: چاکە کارە.
"**دەسو وێش بووە نەکەردەن**" واتای ئیدیەمی: کۆتایی و ئەنجامی کار/شتەکەی نەزانیوە، شارەزای ئەو شتە نەبووە.
"**دەس وشك**" واتای ئیدیەمی: کەسێکی بێ خێرە و دینارێکی لێنابێتەوە.
"**دەسش پەی شل کەرد**"[3] واتای فەرهەنگی: دەستی بۆ شل کرد.
واتای ئیدیەمی: ڕێگەی دا بۆ ئەوەی کارەکە ئەنجام بدات.

[1] ) جەمال بێدار (٢٠٠٠: ٣٠٥)
[2] ) محەمەد ئومین هەورامانی (١٩٨٩: ١٧٣)
[3] ) هەرچەندە لە هەندێك ناوچە بۆ ئەم واتایە بەکاردێت: دەیەوێت خراپ لێیبدات.

**"چەمی زاڵە بەرێنێ، پای ڕابەڕێنی"** واتای ئیدیەمی: کارکردن شەرتە.

**"قاچێشا بڕیەنۆ"** واتای ئیدیەمی: فێڵیان لێکردووە و خەڵەتاندوویانە.

**"پاش نیان پاو ئادێو"**[١] واتای ئیدیەمی: خووی ئەوی گرتووە.

**"قاچێش پەی کێشتەرە"**[*] واتای ئیدیەمی: هیچ ناکات و حەقی بەسەر هیچەوە نییە.

**"یاڵ گەنێ"** واتای ئیدیەمی: بۆ کچ/ ژنێك بەکاردێت، کە پیس و پۆخڵە و پاکوخاوێنی خۆی ناکات.

**"بزەو سمێڵاش مێ"** واتای ئیدیەمی: هەواڵێکی خۆشی بیستووە. شتێك ڕوویداوە، کە ئەو لێی سوودمەندبووە.

**"هەر موێش بەساڵێ زنیەن"** واتای ئیدیەمی: زۆر ڕەزیلە.

**"ڕیش کەنۆوە لکنۆش سمێڵاشۆ"** واتای ئیدیەمی: ئیشە چاکەکانی بە خراپەکان خراپ دەکات.

**"مووش بڕیەن جە وێش"** واتای ئیدیەمی: ماتی کردووە و جووڵە ناکات.

**"هەر ساڵێ دانێش زیان"**[**] واتای ئیدیەمی: ڕەزیل و خەسیسە.

**"زوان مەگەزۆ"** واتای ئیدیەمی: زۆر سادە و ساویلکەیە. فەقیر و بێوەیە.

**"بە قنگە هەناسە مدۆ"** واتای ئیدیەمی: بێ گیان و لەڕ و لاوازە. گیانی تیا نییە.

## ڕەنگدانەوەی کار و سیفەتی باش

**"ئەجۆ ئاسمانۆ کەوتەنەرە"** واتای ئیدیەمی: بۆ منداڵێك بەکاردێت، کە لای کەسوکاری زۆر خۆشەویست بێت.

**"هاڕە کەرە سەروو سەرەیشۆ"** واتای ئیدیەمی: زۆر بێدەنگ و ئارامە.

**"ئاساوی ئاو کەوتەن"** واتای ئیدیەمی: کش و مات و بێدەنگە.

**"بیبنش وەنە کەردۆ"**[٢] واتای ئیدیەمی: دڵنیایە و ناترسێت، کەس بە دوژمن و ناحەزی خۆی نازانێت.

**"کەلگیر"** واتای ئیدیەمی: کەسی تەنگانە و سەخی تەبیعەت.

**"بە زەهرۆ موریۆ"** واتای ئیدیەمی: زۆر نەرم و نیان و خۆشەویستە.

---

[١]) جەمال بێدار (٢٠٠٠: ١٧٠)

[*]) بەم شێوەیەش لەسەرزارە: **"پێش کێشتێرە"** بڕوانە: محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ٩١)

[**]) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"هەر دانێوەش ساڵێو بەرئامان"**

[٢]) جەمال بێدار (٢٠٠٠: ١٦٨)

**"چرچێش فیسێوه"**[١] واتای ئیدیەمی: تێری خوارد و بوژایەوە. بە کەسێکی هەژار دەوترێت، کە لە برساندا ڕیخۆڵەکانی چرچ و لۆچ و نیمچە وشك بوون، کەچی خوا دەرووییەکی خێری لێبکاتەوە و تێر تێر بخوات.

**"ڕجاش گێلا"** واتای ئیدیەمی: نەخۆشییەکەی لە کۆڵبوویەوە و خەریکە چاکدەبێتەوە.

**"جە ئاوەو شەوێ پاریزکەرۆ"** واتای ئیدیەمی: زۆر موسوڵمان و ئیماندارە.

**"ئەجۆ شەکە و سارالینە"** واتای ئیدیەمی : بە ژنێکی پێکەوتەو جوان دەوترێت. یان قەڵەو و خرپنە.

**"خەلەسان هەر هەوالو کەوچێ پەرسۆ"***  واتای ئیدیەمی: واتە کەسێك بیری لای شتێکە و بەردەوام بۆی دەپرسێت. گرنگ ئەنجامە.

**"نانش ئینا ڕووەنەنە"** واتای ئیدیەمی: ژیانی کەوتووەتە خۆشییەوە، ژیان بە دڵی خۆیەتی.

**"پێ وێش تاشیان"** واتای ئیدیەمی: پێکەوە گونجانی دوو شت. پڕ بە پێستیەتی.

**" پەڕو پۆسیشا"** واتای ئیدیەمی: شتەکە تەواو بۆی گونجاوە و لەوە زیاتر ناخوازێت. پڕ بە پێستیەتی.

**"دەم و لوت وەش"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی ڕووخۆشە.

**"سەر ڕاس"** واتای ئیدیەمی: بێ پێچ و پەنایە.

**"ماچی هێڵەی بێ تۆکڵەن"** واتای ئیدیەمی: ژنێك، کە پێستێکی جوان و بێپەڵەی هەبێت.

**"بەبنەو باڵی هێڵە گرینۆ"** واتای ئیدیەمی: بە کەسێکی ئازاو لێهاتوو دەوترێت، کە سڵ لە ئیش و کاری قورس و گران نەکاتەوە.

**"پاڵ دە بە خیگەیۆ با چەرب بی"**[٢] واتای ئیدیەمی: بچۆرە لای دەوڵەمەندێك با خۆشگوزەران بیت، یان بچۆرە لای پیاوچاکێك با چاکەت دەستبکەوێت.

**"ئاساوش ئینا ئاویۆ"**[٣] واتای فەرهەنگی: واتای ئیدیەمی: بە یەکێکی دەست ڕۆشتوو و خاوەن دەسەلأت و دەوڵەمەند دەوترێت، کە هەموو کارێکی بۆ جێبەجێ دەبێت.

**"ڕەسەن دۆڵە"****  واتای ئیدیەمی: نان بدەیە و سەخی تەبیعەت.

**"کلاشە چەقەم ئینا دیواخانەنە"** واتای ئیدیەمی: لەو شوێنەدا دەستم دەڕوات، دەستەلأتم هەیە.

**"پالأچەکەش ئینا دیوانەنە"**واتای ئیدیەمی: دەستڕۆشتووە، دەسەلأتی هەیە، کەسێکی هەیە، کە کاروبارەکانی بۆ رادەپەڕێنێت.

---

[١]) جمال حبیب الله (٢٠٠٠: ٢٤٢)

*) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"حەمەسان هەر هەوالو کەوچێ پەرسۆ"** کە بە زۆری لەناوچەی پاوە بەکاردێت.

[٢]) جمال حبیب الله (٢٠٠٠: ١٧١)

[٣]) محمەد ئەمین هەورامانی، (١٩٨٩: ٣٦)

**) دۆڵە، واتە تەشتی نان، ئەو شتەی کە نانیان تێدا هەڵدەگرت.

## ڕەنگدانەوەی کار و سیفەتی خراپ

**"شش مانگە پێڎا بیەن"** واتای ئیدیەمی: هەمیشە پەلەیەتی و لە هەموو کارێکدا پەلەدەکات.

**"ئایرش وەربیەنەنە"**[١] واتای ئیدیەمی: زۆرپەست و تووڕەیە.

**"کتەی کوڕە، ئیستیفادەش چەنە مەکەرۆ"** واتای ئیدیەمی: زۆر ڕەزیل و بێکەڵکە.

**"گووترشیا"** واتای ئیدیەمی: بێ نرخ و پیسکەیە.

**" کلاشپای مدۆنۆ"** واتای ئیدیەمی: خۆبەلزانە.

**"دوکلە ڕێس"** واتای ئیدیەمی: زۆربڵێ.

**"هەشەش کەردێنە"** واتای فەرهەنگی: واتای ئیدیەمی: زۆر تووڕەیە و لووتی کردووە.

**"بیێنە سیێتە زبێوە"** واتای ئیدیەمی: ڕیاکارە. خۆی بە کەسێکی باش دەردەخات، بەڵام وانییە.

**"سیل کەردەی"** واتای ئیدیەمی: زۆر تووڕە بوون و تاقەت نەمان.

**"مەڵکە مووت"** واتای ئیدیەمی: کەسی تێکدەر و ئاژاوەچییە.

**"کوڵە فیتنە"** واتای ئیدیەمی: هەر خەریکی ئاژاوەنانەوەیە.

**"هەتیم چە"** واتای ئیدیەمی: هیچ نەدیو.

**"بێ مەزەب"** واتای ئیدیەمی: کەسێك کە زۆر لار و ڕارا بێت، واتە هیچ مەزهەبێکی نییە.

**"عەبدە وتە"** واتای ئیدیەمی: خەو خۆش. بەندەی خەوە.

**"قسێش زبرێنێ"**واتای ئیدیەمی: کەسێکە قسەی توند و ڕەقە، یان قسەی ناڕەوا بکات. قسەڕەق.

**"فیزش مێو"** واتای ئیدیەمی: فیزی دێت. گاڵتە بە هەموو کار و شتێك دەكات.

**"ئەجۆ شوانە و گامێشان"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی پیس و پۆخڵە.

**"ترە لەمەشەنە مەمدرۆ"** واتای ئیدیەمی: کەسێکە، کە ناتوانێت نهێنی بپارێزێت.

**"ئایرو چێرو سمەران"** واتای ئیدیەمی: ئاژاوەچی و ئاشووبە.

**"شەیتانی دەرز مدۆ"** واتای ئیدیەمی: زۆر فێڵباز و وریایە. دەرسی شەیتان دەدات.

**"دنیاش لاوە بیێنە تلۆجە جەوتێوە"** واتای ئیدیەمی: ترساوە و لە هیچ شوێنێك جێگەی نابێتەوە.

**"بارو سەر بارا"** واتای ئیدیەمی: بووە بە ملۆزم، خۆی بارە، کەچی بارێکی تریش بۆ خۆی زیاددەکات.

**"چەناکە چووین"** واتای ئیدیەمی: زۆر بڵێیە.

**"هێشتا دویٚ قورتێش باقییا"** واتای ئیدیەمی: هێشتا داوای زۆرتری هەیە.

**"ماخولانەشەنە"** واتای ئیدیەمی: بە کەسی هاروهاج دەوترێت.

**"جیوەش کریانەنە"** واتای ئیدیەمی: لە هیچ شوێنێك خۆی ناگرێت ئارام و ئقرەی نییە.

**"دەساوەش پیسەنە"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی پیس و پۆخڵە.

**"ئەجۆ بەچەوەرە کەوتەن لەمەش"** واتای ئیدیەمی: بە هیچ تێر ناخوات.

---

[١] ) محمەد ئەمین هەورامانی، (١٩٨٩: ٤٠)

**"هێلێ گریێش مەوریا"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی زۆر پیس و پۆخڵە.

**"ئاوەو ڕویێش تکێنە"** واتای ئیدیەمی: شەرم و ئابڕووی تکاوە.

**"هەرە گۆڕاڵ"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی بێ عەقڵە، یان ئیشی نابەجێدەکات.

**"دەم و لوت زل"** واتای ئیدیەمی: قسە زل و خۆبەزلزان.

**"دانش پێوەرە"** واتای ئیدیەمی: توڕەبووە. دەم و لووتی داوەبەیەکدا.

**"توکلۆ تسی گێرۆوە"** واتای ئیدیەمی: زۆر ڕەزیل و پیسکەیە. توێکڵی تس دەگرێتەوە.

**"فرە سیاترن"** واتای ئیدیەمی: بە کەسێکی نەحس و لار دەوترێت.

**"حەوت پێچێش داینێ وێش"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی زۆر ئاڵۆز و سەرسەختە.

**"چارە هورماڵیا"** واتای ئیدیەمی: بێ شەرم و حەیایە.

**"نێزەك بەرز"** واتای ئیدیەمی: خۆبەزلزان و لە خۆباییە.

**"دگە دگ کەرا"** واتای فەرهەنگی: واتای ئیدیەمی: زۆر بڵێیە و لە قسەی تێناگەیت.

**"کەل پۆ نەبیە"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی بێ کەڵکە و هیچ کارێك بۆ کەس ناکات.

**"قیسی چم"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی ئینکارە، هەمیشە لەسەر قسەی خۆی سوورە. ڤیرسیچمە.

**"قەرەچەناخ"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی زۆر بڵێیە.

**"بەن مەبڕۆ"** واتای ئیدیەمی: هیچی لێناوەشێتەوە ناتوانێت هیچ کارێك بکات.

**"ڕانکێش کەمێ کەردێنێ"** واتای ئیدیەمی: پەشۆکاو و دەستەپاچە و شپرزە دیارە.

**"حەلیماوەش داینۆ"** واتای ئیدیەمی: زۆر سارد و سڕە.

**"بییەن چۆ و ئاروولێ"** واتای ئیدیەمی: بووە بە ئاشوب.

**"گونجەنەکێش"** واتای ئیدیەمی: جنێو و نازناوێکی ناشرینەو بۆ کەسی لاواز و باریکەلە بەکاردێت.

**"ئەجۆ هێڵە هەرا"** واتای ئیدیەمی: خۆبەزلزانە. بۆ کەسێکی کورتە بالای خۆبەزلزان بەکاردێت.

**"کەپرسۆز"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی زۆر شەڕانییە، شەڕەنگێزە.

**" قولۆ دەورو قازانێن"** واتای ئیدیەمی: هیچ نییە و خێرا بەسەر دەچێت.

**"دووە لا مرێسۆ"** واتای ئیدیەمی: هەم خراپ و هەم باشیش دەڵێت.

**"سایلێ وەرێ ڕیشش وریێ"** واتای ئیدیەمی: ساویلکەیە.

**"سەر گۆراڵ و چێر مشکاڵ"** واتای ئیدیەمی: بە ڕوخسار باش و سەرنجڕاکێشە و لەناوەڕۆکدا خراپ و بێ کەڵکە.

**"قەیسەرقو"** واتای ئیدیەمی:ماڵێك، کە هیچ شتومەکی ژیانیان نەبێت. شوێنێکی چۆڵە.

**"مورێش گم کەردێنە"** واتای ئیدیەمی: واتە شانس و خۆشەویستیی لەدەستداوە.

**"بیەن چوەو دەمو توتەی"** واتای ئیدیەمی: لەگەڵ هەموو کەس بەشەڕ دێت.

**"چەمچە و گر قابلەمێوەن"** واتای ئیدیەمی: لە هەموو شتێك خۆی هەڵدەقورتێنێت.

**"چەتاوەڕوو"** * واتای ئیدیەمی: چەقاوە سوو، قسەڕووت، شەرم و حەیاو گەورەو بچوکی نازانێت. چەقاوەسوو.

**"قێخاش ژەنیەنە"** واتای ئیدیەمی: ڕاوێژکارەکەی باش نییە.

**"هەتەرێ مەتەرێ یۆ جە یۆی بەتەرێ"** واتای ئیدیەمی: بە دوو کەسی یەك لە یەك خراپتر دەوترێت.

**"ئەجو زیقاوڵینی"** واتای ئیدیەمی: بە منداڵێك دەوترێت، کە بۆ هەموو شتێك بیانو بگرێت. دەڵێی زیقاوڵەیە.

**"هەتیمچە بە دننە یەوێ سەڕۆ"** واتای ئیدیەمی: تەنانەت بە شتێکی کەم لە خۆی بایی دەبێت.

**"عیسای گێرتەن و موسای هاخنان"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی زۆر قەڵەوە. عیسا گرتوویەتی و موسا تێیخنیوە.

**"ئەجۆ پل و پوشا"** واتای ئیدیەمی: بۆ کەسی بێ شەخسیەت و بێ ئەرزش بەکاردێت.

**"قاتێ و قوتێ"** واتای ئیدیەمی: تەنیا و بێ کەسە.

**"نان و چەن وەرۆ"** واتای ئیدیەمی: زۆر فەقیر و لەڕ و لاوازە.

**"ئەجۆ شەممە ڕوانەکەرۆ"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی زۆر جموجوڵکەرە.

**"تێڵاش قوتدان"** واتای ئیدیەمی: بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت، کە هیچ ئیشێك ناکەن. یان ڕێك و ڕاست دەڕوات بەڕێگەدا. تێڵای قوتداوە.

**"بێ سەرو بەرا/بەرەن"** واتای ئیدیەمی: کەسێك هیچی بەسەر هیچەوە نییە و شتەکانی لەجێی خۆیدا نییە. بێ سەر و بەرە.

**"زەر ئەیا و تاتەشا"** واتای ئیدیەمی: پولەکی و پارە پەرستە. پارە باوکو دایکییەتی.

**"پەی عاسمانی مدێۆ"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی خۆبەزلزانە.

**"وشکە هەوەڕا"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی ڕەزیلە.

**"ئەجۆ بلۆسکە ئینا دەمشەنە"** واتای ئیدیەمی: دەم هەراشە، زۆر بەپەلە قسەدەکات.

**"خەمزێش پیای کوشا"** واتای ئیدیەمی: ناز و مەکری زۆر دەکات. غەمزەی پیاو دەکوژێت.

**"حۆت ئاوەکڵێنە پڕێنۆ"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی زۆرزانە و کەس چاری ناکات.

**"بیەن کۆڵەبەس"** واتای ئیدیەمی: کەسێکە، کە بەناچاری کەسێکی تر بەخێو دەکات.

**"دروێ شاخدارێ کەرۆ"** واتای ئیدیەمی درۆی شاخدار دەکات.

**"تڕێش زلێ بیێنێ"** واتای ئیدیەمی: خۆی زۆر بە گەورە دەانێت، لە خۆی گۆڕاوە.

**"پاشای مەگێرۆ شاگرد"**واتای ئیدیەمی: خۆی زۆر بەگەورە دەزانێت.

**"ئاورا مەردە"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی چاوبرسییە، بە هیچ تێر ناخوات.

**"دانش شانەشەرە"** واتای ئیدیەمی: بێ شەرم و ئابڕووە و شەرم لە کەس ناکات.

---

*) دەشێت بوترێت چەتاوەڕوو لە ئابڕووی چەتەوە وەرگیرابێت . واتە چەتە ئابڕوو بووبێت، دواتر بووبێت بە **"چەتاوەڕوو"**. لەبەرئەوەی کە چەتەش شەرم و ئابڕووی نەماوە، بۆیە ئیدیەمەش بۆ ئەو کەسانە بەکاردێت کە بێشەرم و بێئابڕوون.

**"گونجەنە شل"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی بێ ئابڕو و هەوەس بازە. بەنەخوێن شل.

**"بە بێڵە مەماشیۆوە"*** واتای ئیدیەمی: کەسێك لەڕادەبەدەر دەچێتە ماڵی کەسێکی تر.

**"پەننە پاخروا"** واتای ئیدیەمی: پەندەر و سەر بەگۆبەندە.

**"ئەجۆ شەماقیاویشەنە"** واتای ئیدیەمی: ئەڵێی کوێراییەتی و هیچ نابینێت، هەر زەرەردەدات.

**"گرد کاسێنە چەمچەن"** ، **"گرد کاسیۆەنە وێش کەرۆ چەمچە"** واتای ئیدیەمی: ماستاوچییە. ئەسکوێی هەموو کاسەیەکە.

**"کەردەناش کوتەکو دڵێ چڵکاوێ"** واتای ئیدیەمی: هەموو کارێکی باش و خراپی پێدەکات.

**"فرە چەم باشقەڵا"** واتای ئیدیەمی: کەسێکە، کە زۆر سەیری ئافرەت دەکات و چاوی بەرەڵاکردووە.

**"تڕێش گۆزەڵێ ماڕا"** واتای ئیدیەمی: زۆر بە فیزو خۆ بەزلزانە. تڕی گۆزەڵە دەشکێنێت.

**"تۆزە جاڕەشەنە هورمەئێزۆ"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی زۆر زۆر ڕەزیلە.

**"متەنش وەر دەگارە"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی ڕەزیلە.

**"گوش بارەنە نیا"** واتای ئیدیەمی: کەسێك هەر قسە بێت و هیچی لێ نەیەت.

**"فیشەکە شێتەن"** واتای ئیدیەمی: توڕەیەو زوو هەڵدەچێت.

**"ئەجۆ یانەش بڕیان"** واتای ئیدیەمی: زۆر ماڵە و ماڵ دەکات.

**"چەمچە لێسۆوە"** واتای ئیدیەمی: ماستاوچییە.

**"زەنگەنش بووەو ونێ مڵۆ"** واتای ئیدیەمی: بە کەسێکی خراپ و پیاو کوژ دەوترێت. هەر بە ڕوخساریدا دیارە، کە کەسێکی خراپ و پیاوکوژە.

**"دنیاش گێرتێنە دەمۆ"** واتای ئیدیەمی: بە هیچ تێر ناخوات. یان بە قسە هەموو شتێك دەکات.

**"هەر گەرەکما کەرووش وەرەکە بۆوە بە پاڵمە"** واتای ئیدیەمی: ئامۆژگاری وەرناگرێت و خەڵکی خێری ئەویان دەوێت و کەچی بە گوێیان ناکات. هەر دەمانەوێت بیکەین بە بەرۆك، ئەو دەبێت بە پاڵوو.

**"ئەگەر نانە پەچە نانە پەچە بۆ سەروو زەنگۆڵاشۆ نان پەچۆ"** واتای ئیدیەمی: پاساو هەڵناگرێت.

**"دوژمنی دەسە کاسەما"** واتای ئیدیەمی: لە هەموو کەس زۆرتر ڕقی لێمە.

**"گەڎا گوش نەبۆ"** واتای ئیدیەمی: لەخۆبایی و ڕەزیلە.

**"ئەجۆ هەوێشەنە"** واتای ئیدیەمی: پێکەوە نایانکرێت و ڕقیان لەیەکە.

**"پێ ولێوە، هەزار ولێ کەرۆنە وێش"** واتای ئیدیەمی: تا کارێکی باش دەکات، خۆی توشی هەزار گرفت دەکات. بۆ کونێك هەزار دەکاتە خۆی.

**"بەرزە عەقڵا"** واتای ئیدیەمی: نەزان کارە، عەقڵی پێناشکێت.

**"کوشیش، دەسیۆ سۆزێ با"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی زۆر تاوانبارە، بە کوشتنی، خەڵکی لە دەستی ڕزگاریاندەبێت.

---

*) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"بە گزی مەماشیۆوە"** واتای فەرهەنگی: بە گسکیش کۆناکرێتەوە.

"**قەپەی زلە گێرۆ**" واتای ئیدیەمی: زیاتر لە خۆی داوا دەکات، بەرچاو تەنگە.

"**ماس نیا پۆ لچاشۆ دیار بۆ**" واتای ئیدیەمی: بۆ کەسی سپڵە بەکاردێت، هیچی لەبەرچاونییە.

"**بەسیاناوە**" واتای ئیدیەمی: دەرفەت و مەجالی هیچ شتی ترم نییە.

"**هێڵەڕوونەو سەروو کلاوڕۆچنینە** " واتای ئیدیەمی: واتە شتەکە کەڵکی نییە و وەك پێویست نییە. هێلکەوڕۆنی سەر کلاورۆژنەیە.

"**ترو بنەو گمێ**" واتای ئیدیەمی: دەنگ و ڕەنگی نەما، هەروا و لەخۆوە تیاچوو.

"**گوو وشکۆ کەرا**" واتە ئیدیەمی: زۆر ڕەزیل و پیسکەیە.

"**تیکەش مەلۆ دەمو وێشەرە**" واتای ئیدیەمی: کەسێکی ڕەزیلە، ئەوەی هەیەتی دڵی نایەت سەرفی بکات و بەکاریبهێنێت.

"**هاردیش نیەنێ**" واتای ئیدیەمی: بێ غیرەتە و کەس حسابی بۆ ناکات.

"**شەڕم وایێ/وەی نەسان**" واتای ئیدیەمی: وازم لێناهێنن، لە کۆڵم نابنەوە و شەڕم پێدەفرۆشن.

"**ئایرۆ کەرا**" واتای ئیدیەمی: خەڵکی بەشەڕدەدات، ئاشوبە.

"**بی بەنی کەوە**" واتای ئیدیەمی: تەریقبوویەوە و لە شەرمەزاریدا ڕەنگی گۆڕا.

"**چۆڵە پێچەشەدان**" واتای ئیدیەمی: تەنگیان پێهەڵچنیوە.

"**کەوتەن بازارۆ**" واتای ئیدیەمی: تێکچووە ، شێت بووە.

"**قەبرەش پەی وێش کەندە** " واتای ئیدیەمی: خۆی خستە ناو کێشەیەکی گەورەوە، خۆی لەناوبرد.

"**پا مەوزۆ چێرو وێش**" واتای ئیدیەمی: زۆر دەگەڕێت. پێ ناخاتە ژێر خۆی.

"**داش قننەو وێشەرە**" واتای ئیدیەمی: وازی هێناو دوورکەوتەوە.

"**شەنگێت پێچۆ**" واتای ئیدیەمی: بەجێی بهێڵە و چۆڵی بکە.

"**شاباش دەوەنە قنج وریرە**" واتای ئیدیەمی: حەقی بەرامبەرەکەت بدە و بێ منەت و خۆش بژی.

"**بێ شیرە و گورە**" واتای ئیدیەمی: ژنێك، کە خەسوو و خەزووری نەبێت.

"**ئاغە ڕۆ، خوا شکور**" واتای ئیدیەمی: دڵخۆش بێت بە بارێك، بەڵام نەوێرێت ئاشکرای بکات.

"**تەون تیژانێ**" واتای ئیدیەمی: خەریکی خۆ هەڵقورتاندنن.

"**بۆ پرووزش چەنە مەهۆرزۆ**" واتای ئیدیەمی: زۆر هەژار و گەدایە. بۆ کرووزی لێهەڵناسێت.

"**باڵدار باڵ مەشانۆ**" واتای ئیدیەمی: شەڕ و ئاژاوەیەکی گەورە هەڵگیرساوە.

"**دامنە و وێم هۆر مدەوە**" واتای ئیدیەمی: بە قسە یان ڕەفتارێك ئابڕووی خۆم ببەم و نهێنی خۆم بدرکێنم.

"**دەسش لوان گووەرە**"[1] واتای ئیدیەمی: توشی نەگبەتی و نەهامەتییەك هاتووە.

---

[1] جەمال بێدار (٢٠٠٠: ٢٨٢)

**"جە ئێری بوڵە گنۆوە"*** واتای ئیدیەمی: لە مرۆڤی باشیش نەوەو منداڵی خراپ دەكەوێتەوە. لە ئاگر خۆڵەمێش دەكەوێتەوە.

**"بەگزادەی وەنەقۆمیان"**[1] واتای ئیدیەمی: گەدایەكی فیز زلە و بەلایەوە نەنگە كار و كاسبی بكات.

**"دامەم جە دامێش مەبۆوە"**[2] واتای ئیدیەمی: توشم بووە بە توشیەوە. گرفتاربووم و لە كۆڵم نابێتەوە و یەخەم بەرنادات.

**"ئایری بێ دوكەڵ"** واتای ئیدیەمی: شەڕ و ئاژاوە دروستكردن بە نهێنی و بەدزییەوە.

## ڕەنگدانەوەی دیاردەی دزێو و نەگونجاو

**"پەیشا تاشا"** واتای ئیدیەمی: شتێكیان بۆ هەڵبەست، بوهتانیان بۆ كرد.

**"دەسو وێش نیا و مارێش پەنە گێرۆ"** واتای ئیدیەمی: ئیش و كارەكانی بە كەسانی تر دەكات و باكی لە هیچ نییە.

**"هەورە ڕۆ جەژنە و وەرگانە"** واتای ئیدیەمی: لە ئاوی لێڵدا ماسی دەگرێت، لە شوێنێكدا، كە دووبەرەكی و نەگونجان هەبێت مرۆڤی ناباش هەل دەقۆزێتەوە.

**"هەرەكۆڵەنە و هیلیانە و وەرگا"** واتای ئیدیەمی: دەیەوێت حەشا لە شتێك بكات، بەڵام هەر دەگاتەوە سەر سەرەتا.

**"گزیش پۆرە دریان"** واتای ئیدیەمی: تاڵانیانكردوو، هیچیان بۆ نەهێشتووتەوە.

**"هێشتای تۆ ئینای دووە لاو ڕۆجیاری"** واتای ئیدیەمی: واتە لە هەردوو لا بوویت، كوردی لە دووجەژنە بوو.

**"خەلە وەی و گەلە وەی"** واتای ئیدیەمی: لە یەك تۆراون.

**"چوار چەمشا كەرد"** واتای ئیدیەمی: لە ترسا سەری لێ شێواو و شپرزە بوو.

**"شت و شۆرم دا/یاواوە"** واتای ئیدیەمی: زۆرم پێكرد، باش تەمێم كرد.

**"پاڵش پەی دانۆ"** واتای ئیدیەمی: حەقی بەسەر هیچەوە نییەو هیچ ناكات.

**"مار زانەنێ یانەم"** واتای ئیدیەمی: كەسەكانیماڵەوەم خراپ بوون. یان خەڵك زۆر باسی دەكەن.

**"خورمای پەی مەندەلی بەرۆ"** واتای ئیدیەمی: كاری بێهودە و بێ ئاكام دەكات.

**"سەرشاخشا گێرتەن"** واتای ئیدیەمی: سەریان لێ شێواندووە، شپرزەیان كردووە. لە كۆڵی نابنەوە.

**"تەپڵش ژەنا"** واتای ئیدیەمی: ئابڕووی برد و جاڕی دا. ئابڕووی خۆی برد.

**"چڵكاو وەر"** واتای ئیدیەمی: بەكرێگیراوی خەڵكی ترە. چڵكاوخۆر.

---

(*) ئەم ئیدیەمە كاتێك بەكاردێت، كە منداڵی دایكو باوكێكی باش و لێهاتوو یان زیرەك، تەمەڵ و بێ توانا بێت، یان بەو هۆیەوە كە دایك و باوكێك هەموو كارەكانیان بە باشترین شێوە ئەنجام داوە، ئەگەر منداڵەكەیان وەك خۆیان نەبێت ئەوا ئەمەیان بۆ بەكاردەهێنرێت.

(1) جەمال بێدار (٢٠٠٠: ١٤٨)

(2) بەم شێوەیەش لەسەرزارە: **"دامەم پێچیان دامێشۆ"** ، محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ١٤٠)

**"دڵێ کاڵانیەنە شۆنەو چەنێرە گێڵۆ"** واتای ئیدیەمی: لە شوێنێکی نەگونجاودا دەیەوێت کارێکی گونجاو ئەنجام بدات. کاری بێهودە دەکات.

**"داشا شو"** واتای فەرهەنگی: واتای ئیدیەمی: پشتیان تێکرد. خستیانە کێشەوە و تووشی شتێکی خراپیان کرد.

**"بۆژەش کەردەن"**[1] واتای ئیدیەمی: پێی فێربووە و لە کۆڵی نابێتەوە. بۆژۆی کردووە.

**"چکۆ وا بۆ چا شەنە کەرۆ"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی دوو ڕوو و بێ بارە، بەرژەوەندیخوازە.

**"سەر کەپرە و بویسانی وشتر کەرۆ هیلیانی"** واتای ئیدیەمی: ئەم کارە مەحاڵ و نەبوو و نەکراوە.

**"سەرێ بێ دەلاکێ تاشۆ"** واتای ئیدیەمی: لە کارێك نازانێت، کەچی هەر دەیکات، سەرەڕۆیە.

**"کیانای کیانیم شۆنی لولەژەنی"** واتای ئیدیەمی: کاری بێسوود و بێهودەم پێ ئەنجام دەدەیت.

**"شندڕشا شا"** واتای ئیدیەمی: چاکیان لێدا، زۆریان پێکرد. شل کوتیان کرد.

**"سەرەش/سەرەشا وارد"** واتای ئیدیەمی: فەوتاندی/فەوتاندیان، لەناویان برد.

**"ئا تیکە بە تۆ قوت مەدریۆ"** واتای ئیدیەمی: ئەوە پارووی دەمی تۆ نییە. واتە تۆ و ئەو کارەیان نەوتووە.

**"نمەدێ ئاو هۆرچنا"** واتای ئیدیەمی: لە ڕوخساردا فەقیرە، بەڵام لە ژێرەوە زیانبەخش. ئاشووبە.

## ڕەنگدانەوەی نزا و توککردن

**"خمو پورە ئایشێ دەی سەرەتەرە"** واتای ئیدیەمی: یاخوا کەسێکی نزیکت بمرێت. یاخوا توشی بەڵاو موسیبەتێکی زۆر قورس بیت.

**"پەڕیکۆسەرە"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی ئازیزی لە دەستبدات، تەعزیەبار بێت.

**"سەرە کەوە کەری"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی نزیکت بمرێت.

**"پەڕۆی کەوە دەی سەرەتەرە"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی نزیکت بمرێت.

**"قەڵاخی دریۆ سەرەتەرە"** ، **"قەڵاخی مەریوانی پیمی"** ، **"خم پیمی"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی نزیکت/ ئازیزێکت بمرێت. کۆستت بکەوێت.

**"بوڵە پیمی"** ، **"بولاوەو کۆری دەی سەرەتەرە"**، **"بولامەرەکەری"** ، **"بانی بوڵێن ڕەژی"** واتای ئیدیەمی: ئابڕووت بچێت و ڕسوابیت.

**"گەشکە بەرۆت"** واتای ئیدیەمی: بێ ئاگا بیت لە خۆت/ هۆشت بەسەرخۆتەوە نەمێنێت.

**"هەناسە نەدەی"** واتای ئیدیەمی: یاخوا بمریت.

**"هەناسە سەرد "** واتای ئیدیەمی: هەردەم خەفەتبارە، خەم و خەفەتی زۆری هەیە.

**"سەواد پیمی"**، **"سەواد دەی سەرەتەرە"**، **"سەوادو سرمەی دەی سەرەتەرە"** واتای ئیدیەمی: سەرت لە خوم هەڵکێشن.

---

[1] ) محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٨٩: ٧٥) هەروەها بڕوانە: جمال حبیب الله (٢٠٠٠: ١٥٦)

**"سەرەت تاشیۆ"** واتای ئیدیەمی: ئابڕووت بچێت.

**"یەگڏانە گێری/بزنی"** واتای ئیدیەمی: توشی نەخۆشی و دەردێکی کوشندە بیت.

**"هۆر ترەکیٚ"** واتای ئیدیەمی: توشی دەرد و ئازارێکی سەخت بیت.

**"ڕیشەت بەربیٚ"** واتای ئیدیەمی: بۆ کەسێك کە زۆر لەسەر شت دەڕوات. واتە کەست نەمێنێت.

**"تاعون بەردە"** واتای ئیدیەمی: یاخوا نەمێنییت. تاعونت تێبکەوێت.

**"سنگڏان بزنی"** واتای ئیدیەمی: توشی دەردێکی گران _سندان دەردێك بووە کە چارەسەری نەبووە یان زۆر ئەستەم بووە _بیت.

**"توکڵە مەردەت بلۆ"** واتای ئیدیەمی: توشی دەردێکی سەخت بیت.

**"قەزات کەوتە گیانم"** واتای ئیدیەمی: واتە سەختی و ناڕاحەتییەکانت بێت بۆ من. قەزات لە گیانم بکەوێت.

**"پاچەکەکێم پا قەبرێتە"** واتای ئیدیەمی: لە دەستم قوتار نابیت، تۆڵەت لێدەکەمەوە. پێچکەم بە قەبرت.

**"ئێنەو من بزیۆ سەرو دڵی تۆ"** واتای ئیدیەمی: کەسێك زۆر دژایەتی و باسی کەسێکی تر دەکات.

**"کروکۆڵت زنی"** واتای ئیدیەمی: توشی برینێکی زۆر سەخت ببیت.

**"عەوزەڵ بڕیا"** واتای ئیدیەمی: دوابڕاو بیت. نەمێنیت. کۆتاییت پێ بێت.

**"خڵیٚ وژیەی"** واتای ئیدیەمی: توشی دەردێك بیت کە پێستی لەشت ببات.

**"ئێنەو مورە کەوڵێ بزنی"** واتای ئیدیەمی: واتە توشی نەخۆشییەکی بچوکی بەئازار بیت.

**"هەڵوە سوریچە بەرۆت"** واتای ئیدیەمی: یاخوا توشی نەخۆشییەکی سەخت بیت.

**"دەم نەکوای"** واتای ئیدیەمی: یاخوا بمریت.

**"پەڕماسی"** واتای ئیدیەمی:  توشی نەخۆشی ئاوسانی جگەر بیت.

**"پەردە مۆرەبی"** واتای ئیدیەمی: یاخوا منداڵت نەبێت.

**"قوڵپو گیانکەنشتیۆ بۆ"** واتای ئیدیەمی: بە سەختی گیانت دەربچێت.

**"قلیچکە بزنی"** واتای ئیدیەمی: ئابڕووت بچێت. ڕسوابیت.

## ڕەنگدانەوەی سروشت

**"وێش کەردەن هەنارە شیرینە"** واتای ئیدیەمی: کەسێك خۆی زۆر دەرنەخات، یان زۆر بەکەمی دەردەکەوێت.

**"بیەن بە لەپۆرتی"** واتای ئیدیەمی: پان بووەتەوە و هیچ ناکات.

**"ساوی ئەسەڕییٚ"** واتای ئیدیەمی: بەواتا پاك و خاوێن و جوانە، زیاتر بۆ ئافرەتان بەکاردێت.

**"خەموو پەشتە ساوەکەیشا"** واتای ئیدیەمی: بە واتای پێچەوانەوە کردنەوەو خراپکردنی کارەکان.

**"کاڵەکێ بە زەنگۆڵ ماڕۆ"** واتای ئیدیەمی: پەشیمانبوونەوە لە کارێك، کە کردوویەتی.

**"بیەن بە وەروە چاڵی"** واتای ئیدیەمی: کەسێك زۆر سەرمای بووبێت، یان مەنزڵ و ماڵی زۆر سارد بێت.

**"وەروە سەر"** واتای ئیدیەمی: کارەکەی تەواوکردووە.

**"وەزی دەسیش مەوریا"**واتای ئیدیەمی: زۆر پیس و پۆخڵە.

**"باخەوان وەختوو وەزانە کەڕا"** واتای ئیدیەمی: واتە ئەو کاتەی کە خەڵك پێویستی پێیەتی دیار نییە.

**"لکو وەنیٚ"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی ناڕێکە و هەڵسوکەوتی ڕاستگۆیانە نییە.

**"وەزی هەڵەزیش مەوریا"** واتای ئیدیەمی: زۆر پیس و پۆخڵە.

**"سەدٚ قەزوانی وەری بە وەزیٚ گێروتۆ"** واتای ئیدیەمی: سەد قەزوان بخوات بە گوێزێك دەیگرمەوە. هەر چۆنێك بێت لە دەستم قوتار نابێت.

**"نان و وەنە تەقیٚ"** واتای ئیدیەمی: ئەم دوو شتە ناگونجێن. هەریەکەیان شتێك دەڵێت و ناگونجێن.

**"گوڵە تەڕینیٚ"** واتای ئیدیەمی: بە کەسێك دەوترێت کە هەمیشە دڵی تەڕ بێت و درەنگتر پیر ببێت.

**"ئیسە منیشۆوە بنەو ولیٚ"** واتای ئیدیەمی: ئێستا خۆی گەنج دەکاتەوە و ڕەفتاری گەنجانە دەکات.

**"لۆلکە وەر"** واتای ئیدیەمی: شتی باشی خواردووە.

**"گولٚ مەچیۆ"** واتای ئیدیەمی: جەو/ ئاو و هەوا خۆشە.

**" پوشیٚ وزۆ سەرو سەرە و وێشەرە"** واتای ئیدیەمی: لە ترسی موسیبەتی خەڵك بە ئەنقەست خۆی بێ ئاگا دەکات.

**"پوش قمامە مەکێشۆ"** واتای ئیدیەمی: زۆر خۆ بەزلزانە.

**"کڵوشو سانالاٚیین"** واتای ئیدیەمی: پەلەی ناوێت و پێویستە بیری لێبکرێتەوە.

**"هیلیانی وەشکەرۆ"** واتای ئیدیەمی: هێلانە خۆشدەکات . خەریکی ماڵ پێکەوە نانە.

**"شنگی دەی دەمو بزێوە"** واتای ئیدیەمی: شتێك زۆر کەم بێت و بەش نەکات.

**"سمەری کۆنیٚ مدۆ وارە"** واتای ئیدیەمی: قسەی کۆن دەهێنێتە کایەوە. ئاگر خۆشدەکات.

**"ئەجۆ پووەش واردێنە"** واتای ئیدیەمی: گێل و حۆلە.

**"خۆ مەڕەنە نەپەنگیانی"** واتای ئیدیەمی: کەسێك زۆر پەلەی بێت و بیەوێت بڕوات.

**"وێم چێگەو یارم دالاٚنی"** واتای ئیدیەمی: قسە لەسەر شتێکی دوورە دەست دەکرێت.

**"بلۆ چەمە وشك کەرۆ"** واتای ئیدیەمی: پیٚ و قدومی بێ خێرە.

**"ئەجۆ تەوەنە و دەرەینە"** واتای ئیدیەمی: واتە بێ بارەو هەرجارەو قسەیەك دەکات.

**"تەوەنەو بنەڕەتینە"** واتای ئیدیەمی: واتە پیاوی ڕۆژی تەنگانەیە و بەکەڵکی هەموو کاتێك دێت.

**"پێسەن تەوەنو بنەو گۆمیٚ"** واتای ئیدیەمی: لە دەورووبەری بێ ئاگایە.

**"پیاو کەلەبەریٚ"** واتای ئیدیەمی: لێهاتوو و ئازایە. پیاوی ڕۆژی تەنگانەیە.

**"ئەجۆ داری زڕا"** واتای ئیدیەمی: کەسێکە هیچ پیاوەتی لێ ناوەشێتەوە.
**"باخش بێ بەرا"** واتای ئیدیەمی: منداڵی نییە.
**"بەلو دەمو بزێ"** واتای ئیدیەمی: ئەو شتەت بە ئەستەم دەستدەکەوێت، یان هەر دەستت ناکەوێت.
**"تەبێعەت کشمیشی"** واتای ئیدیەمی: هەمووشتێك ناخوات.
**"خۆ نان و پیازم چەنی نەواردەن"** واتای ئیدیەمی: بە کەسێك دەوترێت کە شارەزای زۆری لەبارەی کەسێکەوە نەبێت. دۆست و ئاشنای یەك نین.
**"تەختەی ساخش نیا"** واتای ئیدیەمی: ناتەواو و بێ عەقڵە، یان کاری بێ عەقڵانە دەکات.
**"خۆ بنەو دڕەیانە گەورە نەبیەن"** واتای ئیدیەمی : هەموو کەسێك بۆ خۆی خاوەنی ڕێز و کەسێتییە.
**"لا لیتەینە کز کەری"** واتای ئیدیەمی: قوڕ پێوان. توشی موسیبەتێك بیت.
**"هەڕ پیمای"** واتای ئیدیەمی: قوڕپێوان. توشی بەڵا و موسیبەت بوون.
**"هەڕەی هەسش دا پۆ"** واتای ئیدیەمی: قوڕی خەستی داپێیەوە. خراپ تێکیدا..
**"هەڕەش پەی گیریاینۆ"** واتای ئیدیەمی: کێشەو موسیبەتێکی توش بووە. کەوتووەتە ناو کێشەوە.
**"هەڕە پیمو پەی سەرەو تۆ"** واتای ئیدیەمی: قوڕ بۆ سەری تۆ دەپێوم. بەرامبەر کارێکی کردووە و ئەمی خستووەتە ناو کێشەو ناڕاحەتییەوە.
**"ئەجۆ هەڕەی خاوەنە"** واتای ئیدیەمی:دەڵێیت قوڕی خاوە/لیتەیە. تەمەڵ و تەوەزەلە.
**"هەڕەو دڵێ کۆڵانانە"** واتای ئیدیەمی: دەم بەرەڵایە و نابێت قسەی وەربگیرێت.
**"ئاوەو گیان بوژاوینە"** واتای ئیدیەمی: یانی شتەکە زۆر گرنگ و بە بایەخە. پێویستیی ژیانە.
**"ئاوی گرینۆ"** واتای ئیدیەمی: هەژار و نەدارە، هیچ نییە بیخوات.
**"ئاوێ خراپەش متێنە"** واتای ئیدیەمی: کێشەیەکی خراپی دروستکردووە.
**"ئاوی وەشە نەلێنە گلویمەرە"** واتای ئیدیەمی: ئاوی خۆش بە قوڕگمدا نەچووەتە خوارەوە. هەردەم لە سەختی و خەم و خەفەت و ئازاردا بووم.
**"ئەجۆ دەرەی ئاردەن"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی گێل و سارد و سڕە.
**"چن پیسە تۆ بەرۆ هانە و مارۆشاوە"** واتای ئیدیەمی: زۆرزان و وریایە و ناخەڵەتێنرێت.
**"مەیاوۆ وێڕی پانتۆڵی وەژۆ"** واتای ئیدیەمی: هێشتا هیچ نەبووە، لێرەوە بە قسە تەواوی کرد.
**"ئاوەو پاییزی مەوەرۆ"** واتای ئیدیەمی: ئاوی پاییز ناخواتەوە. ئەوەندەی نەماوە بمرێت.
**"حەوت پێسە تۆ مدۆ ئاویەرە"** واتای ئیدیەمی: فێڵباز و زۆرزانە.
**"کەردەنش ڕاو هانەی"** واتای ئیدیەمی: زۆر دێت و دەڕوات.
**"ئاوی مەویارۆ"** واتای ئیدیەمی: واتە نەخۆشییەکەی سەختە و مەرگی نزیکە.
**"ئەجۆ خاکا و متەنت"*** واتای ئیدیەمی: زۆر بێدەنگ و ئارامە.
**"سەرەشا کەرد چێرو خوڵی"** واتای ئیدیەمی: فەوتاندیان ، لەناویانبرد.

---

*) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"ئەجۆ خاکا کریانەرە"**

## ڕەنگدانەوەی ئاژەڵ و گیاندار و مار و مێروو

**"هەرەکەوە لوا بەغدا مەبۆ هەسەرە"** واتای ئیدیەمی: کەسێکە هەرچی بێت هەر ناگۆڕێت و بێ عەقڵە.

**"بڕۆ لاو هەری تۆپایرە ناڵش کەرۆوە"** واتای ئیدیەمی: زۆر ڕەزیل و پیسکەیە.

**"هەرە بەرەڵڵا"** واتای ئیدیەمی: هیچی بەسەر هیچەوە نییەو سەرەڕۆیە.

**"ئەجۆ هەری حەراما"** واتای ئیدیەمی: هیچ کارێکی نایەتە ڕاستە. بەپێوە میزدەکات. زۆر سارد و سڕ لە کارێك دەڕوانێت و ناتوانێت هیچ بکات.

**"ئەجۆ هەرەکە و ئیسحاقەین"** واتای ئیدیەمی: بەکەڵکی هەموو کەسێك دێت تەنیا من نەبێت. ئیسحاق ناوێك، کەرێکی دەبێت بۆ هەموو کەس باری دەبرد تەنها بۆ خۆی نەبێ.

**"هەروو وەزیەران"** واتای ئیدیەمی: بە ناحەق خۆی ماندوودەکات، چونکە قەدری نازانن./ بێگاری.

**"هەرو دڵێ لیتەی"** واتای ئیدیەمی: هیچی پێ ناکرێت و دەسەڵات و چارەی هیچی نییە.

**"هەری گول سەرچەمەنە ئاوی وەرۆوە"** واتای ئیدیەمی: کەسێك خۆی بە گەورە بزانێت، بەڵام شایەنی ئەوە نەبێت.

**"بیەن هەرەکەو یۆسۆ ئاغای"** واتای ئیدیەمی: ئیش بۆ خەڵك دەکا بۆ خۆی نا/ بێ کەڵکە بۆ خۆی.

**"ئێننەو هەرەکە و مەنصوری ژێرا"** واتای ئیدیەمی: بێ عەقڵە.

**"هەر سەڕا وەرگش ئارد سەرو وێش"** واتای ئیدیەمی: دۆست و دوژمن جیاناکاتەوە. کات و ناکات نازانن و نهێنی ناپارێزن.

**"دەش ملو هەریرە تۆریۆ"** واتای ئیدیەمی: شتەکە زۆر کۆن و بێ کەڵکە.

**"ئجیۆ هەری دان کەڵەکە"** واتای ئیدیەم: گێژ و حوڵە.

**"هەر لاشۆ سەعات سازا"** واتای ئیدیەمی: زۆر بێ عەقڵە، کەر بە لایەوە سەعاتسازە.

**"هەرو بەغای سەرِناش"** واتای ئیدیەمی: کەری بەغدا سەڕاندی. دیسان قسەیەکی نەشیاوی کردەوە.

**"هەرش بە پێغام ئاوی دان"** واتای ئیدیەم: هەمیشە بە کەسانی تر کاروبارەکانی بەڕێوە دەبات و خۆی هیچ ناکات.

**"هەر گلێرۆ ددانێش مەڕیا"** واتای ئیدیەمی: هیچ لەماڵیاندا نییە. کەر بکەوێت دانی دەشکێت.

**"پیسەنە قلیچکۆ گاوێ"** واتای ئیدیەمی: درێژ و لاوازە.

**"بیەن کەڵەگاو"** واتای ئیدیەمی: بۆ کەسی مل هوڕ و خۆسەپێن بەسەر خەڵکیدا.

**"ئەجۆ گمێز و گاوێن"** واتای ئیدیەمی: لارو لاسارە و نایەتەوە سەر ڕێی ڕاست. دەڵێی میزی گایە.

**"پەی ئانەی مەشیۆ گاوەش پەنە بەسیۆ"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی زۆر گێژ و حوڵە.

**"سەورۆش کەردێ گاوە بێ"** واتای ئیدیەمی: هیچ نەزان و بێ عەقڵە.

**"گاو نیا پۆسێنەبۆ"** واتای ئیدیەمی: هەردەمە و لەسەر بیروڕایەکە.

**"ئاخرو گاوێ دۆڵەنە"** واتای ئیدیەمی: هەموو کەس دەچێتەوە سەر ڕەگ و ڕیشەی خۆی.

**"گاوەگێلیٚ"** واتای ئیدیەمی: گێژ و حۆل. گاگێل/ گاحۆل.
**"گاوە گوش نەبۆ"** واتای ئیدیەمی: لەخۆبایی و ڕەزیلە.
**"گاوە و دلیٚ گۆرەکا"** واتای ئیدیەمی: بۆ ئەو کەسە بەکاردێت کە دەچێتە شوێنێك، کە شوێنی ئەو نییە. لەگەلٚ هاوشان و هاوتەمەنی خۆی هەڵسوکەوت ناکات. گای ناو گۆلکان.
**"سەرەو گاویٚ دۆڵەنە"** واتای ئیدیەمی: هەر دەچێتەوە سەر ڕەگ و ڕیشەی خۆی. سەری گادۆڵە.
**"گاوە کۆتە، کاردی فریٚ با"** واتای ئیدیەمی: کەسێك کە لاواز و بیٚ تەوانا بێت، ئیتر خەڵکیش دەکەونە باسکردنی و پێیدەوێرن.

**"کتە گوش پیٚ دەرمانی شییٚ شارێشۆ"** واتای ئیدیەمی: زۆر ڕەزیلە و کەس خێری لێنابینێت. پشیلە گووی بۆ دەرمان بشێت، دەیشارێتەوە.
**"کتە سپلیٚ"** واتای ئیدیەمی: بیٚ وەفا.
**"ئەجۆ کتەی حەوت ڕۆحەنە"** واتای ئیدیەمی: بەئاسان خۆی نادات بەدەستەوە.
**"کتەی چەم نەترەکاینە"***  واتای ئیدیەمی: پشیلەی چاونەترووکاوە. دەڵێی هیچی نەبینیوە.

**"کەڵەشێریچ نەوانۆ ڕۆ بۆوە"** واتای ئیدیەمی: ئەم ئیشە پەکی ناکەوێت و هەر دەکرێت. کەڵەشێریش نەخوێنێت ڕۆژدەبێتەوە.
**"کەڵەشێر و پوزەوانیٚ"**** واتای ئیدیەمی: ئەم شتە شایستەی ئەو نییە. ئەم دوو شتە (کەسە) پێکەوە ناگونجێن. کەرو قاپقاپ.
**"ئەجۆ کەرگەی سەرە بڕیێنە"** واتای ئیدیەمی: بە کەسێك دەوترێت، کە لە ناخۆشی و نەخۆشیدا لەتاو ئازار ، ئارامی نەبێت. دەڵێی مریشکی سەربڕاوە.
**"وێش کەردەن کەرگە قولیٚ"** واتای ئیدیەمی: لە هەموو شتێکدا خۆی هەڵدەقورتێنێت.
**"ئەجۆ ڕامۆ کەرگێن"** واتای ئیدیەمی: واتە زۆر پیس و پۆخلٚ.
**"کەرگەش چەنە بنیۆ"** واتای ئیدیەمی: زۆر چۆڵە و هیچی تیا نییە. بۆ چەم یان کانییەك بەکاردێت، کە وشکیکردووە.
**"ئەجۆ کەرگا چینە کەردێنە"** واتای ئیدیەمی: پیس و پۆخلٚ و شپرەزەکراوە.

**"مریچلی سەروو ئەسکیتەی"** واتای ئیدیەمی: زۆر ماڵە و مالٚ دەکات، ناکەوێتەوە ماڵەوە.
**"بایەقوشش چەنە وانۆ"** واتای ئیدیەمی: چۆلٚ و کەلاوەیە.
**"بیەن قولتەی تەڕ"** واتای ئیدیەمی: زۆر تەڕ بووە و ناتوانێت هیچ بکات و لە شوێنی خۆی بجولێت.

---

*) بەم شێوەیەش لەسەر زارە: **"ئەجو پشیلیٚ چەم نەترەکاینە"**
**) بۆ نمونە لە سلێمانیدا دەوترێت: **" مانگا دۆشین و قەزوان قرتاندن"**

**"ماچی کەپووی وەنەنش پۆرە"** واتای ئیدیەمی: زۆر قەڵەوە.

**"بایە قوشە سەرە"** واتای ئیدیەمی: سەرە خۆرە.

**"باز جە بازگەنە گێریۆ"** واتای ئیدیەمی: واتە کەسێك نهێنییەکی لەلایە، لە شوێنی باسکردنی نهێنییەکاندا دەیدرکێنێت.

**"چێڵەسەرە"** واتای ئیدیەمی: سەری باریکە و لەسەری ماکەو دەچێت.

**"قالاو وزۆرە"** واتای ئیدیەمی: چاوپیس.

**"چەنی وەرگی وەرۆ ، چەنی مەیێ شیوەن کەرۆ"** واتای ئیدیەمی: دوو ڕووە.

**"دەڵەو لا پەچەی"** واتای ئیدیەمی: بە ئافرەتێکی دەمەوەر دەوترێت.

**"هەشە پەڕوینێ"** واتای ئیدیەمی: بە کەسێك دەوترێت کە جلوبەرگی زۆری لەبەرکردبێت و فش دەربکەوێت. ورچە پەڕۆیینە.

**"مارە لیقە لەمە"** واتای ئیدیەمی: زۆر لاوازە و بێهێزە.

**"ئەجۆ مارا پەلامارێ مدۆ"** واتای ئیدیەمی: زۆر ئازا و بوێرە.

**"ئەجۆ سیاو مارا"** واتای ئیدیەمی: وریا و گورجوگۆڵە.

**"وێش کەردەن مارەکەڕە"، "مارەکەڕە"** واتای ئیدیەمی: خۆی لە باس و بابەتێك دەدزێتەوە، کە

**"ماچی ماری نیمە کوشیان"** واتای ئیدیەمی: هێشتا هەر مەترسیی هەیە.

**"ماروو چێرو پووشی"** واتای ئیدیەمی: بەنهێنی خەریکی زیانگەیاندن و کارێکی خراپە.

**"کوێ مارا گرتێ دەشتە سوارا گرتێ"** واتای ئیدیەمی: ئەو لەوێ دەستەڵاتی هەیە ئەمیش لێرە.

**"مارێ ئینێ لەمەشەنە"** واتای ئیدیەمی: زۆر دەخوات و پێی ناکەوێت. قەڵەونابێت.

**"سەرو مارەکەی"** واتای ئیدیەمی: هەموو ئیشەکە لەژێر سەری ئەودایە. سەری مارەکەیە.

**"بی موورێ ماری"** واتای ئیدیەمی: زوو ونبوو و کەس نەیزانی چی بەسەرهات.

**"ئەجۆ مارا دەمشەنە"** واتای ئیدیەمی: زۆر دەکات و دەرفەت بە کەسی تر نادات.

**"وێش کەردەن مارە مەردە"** واتای ئیدیەمی: خۆی بە بێ تاوان و بێ دەسەڵات لە قەڵەم دەدات.

**"ئەجۆ گلۆە و مارینە"** واتای ئیدیەمی: ڕێك و ڕاست و بێ گرێیە.

**"ئەجۆ کوڵەکۆرەن"** واتای ئیدیەمی: بە دوای هەلێکدا دەگەڕێت تا زیانێك بە بەرامبەر بگەیەنێت.

**"ئەجۆ کەکە و مشتە و کۆرینە"** واتای ئیدیەمی: زۆر بەسەختی لەژێر دەستی دەربزی دەبێت.

**"ئەجۆ سونەو خەلەینە"** واتای ئیدیەمی: کەسێکی خراپە و زیانی زۆر دەدات.

**"هەشپشە و چێرو دەسو کۆریەنە"** واتای ئیدیەمی: پیسکە و چروکە، شتێکی دەستبکەوێت لە دەستی نابێتەوە.

**"هەشپشی کیسەشەنە شیرینە و خانم ماچا"** واتای ئیدیەمی: زۆر هەژار و بێ پارەیە.

**"دەمش مەشا دانەنە"** واتای ئیدیەمی: بێ توانا و بێ دەستەلاتە، ناتوانێت هیچ بکات.

**"مەگەر مەشی قەپنۆوە"** واتای ئیدیەمی: هەژارە و نە کاروبار و نە ماڵ و سامان، هیچی نییە.

**"مەشێ مێمانەش (م) نیەنە"** واتای ئیدیەمی: گوێی پێنادات و کاری بەسەر هیچەوە نییە. مێش میوانی نییە.

## ڕەنگدانەوەی کەس و ئاماژەکردن بە کار یان ڕەفتار یان شتێکی کەسەکان

**"قالەی وەڵێ کیاندێ گەڵای عال مارۆ"** واتای ئیدیەمی: چەند کەسێك بە مەرامەوە کەسێکی تر بخەڵەتێنن، بەڵام وا نیشانبدەن نییەتیان باشە.

**"حەمە قەدۆ نیەنا"** واتای ئیدیەی: خۆ بەسەر پارەوە نەخەوتووم.

**"فەتاح فالاّ"** واتای ئیدیەمی: واتە درۆی زۆر دەکات.

**"حەلاو حەلاوشان کەوتەنەنە"** واتای ئیدیەمی: مقۆمقۆیانە.

**"گۆرانی یارەییێ نێ"** واتای ئیدیەمی: شتی (یان گۆرانی) بێ سەروبەرە و لەخۆیەوە دروستیدەکات.

**"مەڵلاّ نەبۆ دەگانە، کەڵەشێر بڵقاسم بەگا"** واتای ئیدیەمی: کەسێکە، کە زانی زانا و شارەزایەك لە گونددا نییە، ئەم بە ویستی خۆی هەموو شتێك دەڵێت.

**"ئەحە ژنانی"** واتای ئیدیەمی: پیاوێك، کە حەزی لەنێو مەجلیسی ژنانە یان بابەتی ژنانەیە.

**"کەوتەن سەرو ساجو عەلی"** واتای ئیدیەمی: فەقیر و هەژار کەوتووە. لە ماڵ و سامانی دونیا هیچی بۆ نەماوەتەوە.

**"کەردەنش گێسکەکەو هەیاسی"** واتای ئیدیەمی: جارێ دڵی خۆشدەکات و جارێ دڵی تەنگدەکات.

**"گاوەکەو ماما هاجێ"** واتای ئیدیەمی: بە کەسێك دەوترێت ئیش بۆ ماڵی خۆی نەکات یان سودی بۆ بنەماڵەکەی خۆیان نەبێت و بەپێچەوانەوە، بۆ خەڵکی تر ئیشکەر بێت.

# ئەنجام

ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە:

١. ئیدیەم دەربڕاوێکی زمانەنییە و تایبەتمەندێتی تایبەتی خۆی هەیە، کە تێیدا زمان بەشێوەی خوازەیی بەکاردێت و بەشێکی بنەڕەتی وشە گشتییەکانی هەر زمانێک پێکدەهێنێت، کە بێگومان ڕەنگدانەوەی شێوازی تایبەتی بیرکردنەوە و درککردنی ڕاستییەکان و ئەزموونی ژیانی کۆمەڵێکی دیاریکراوە. لەبەرئەوە ئیدیەم ڕۆڵێکی گرنگ لە بنیاتنان و تێگەیشتنی هەر زمانێکدا دەبینێت.

٢. واتای ئیدیەمەکان، واتایەك نییە، کە لە پێکهێنەرەکانیانەوە بەدەست بێن، هەروەها پێوەندی نێوان دروستە و واتایان، پابەندی یاسا یان پێڕەوێکی تایبەت نین و بە یەکە و دەربڕراوی تایبەت ئەژماردەکرێن، هەربۆیە لەبەر تایبەتمەندیی تایبەت بەخۆیان، دەبێت یەك یەك فێریان ببین و لە یادگەدا جێگیر بن.

٣. تێگەیشتن و بەکارهێنانی ئیدیەم پێویستی بە توانای هەڵهێنجان و شارەزابوون لە کلتوری–کۆمەڵایەتیی ئاخێوەرانی زمانەکە هەیە، لەبەرئەوە زانیاریی گشتی و زانیاریی کلتووری–کۆمەڵایەتی و ئەزموونی زمانی، ڕۆڵێکی گرنگیان لە تێگەیشتنی ئیدیەمدا هەیە.

٤. ئیدیەمەکان وێنەکێشێکی شارەزای ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتوری ئاخێوەرانی زمان یان زار یان شێوەزارێکی دیاریکراون، چونکە ئەزموون و کلتووری کۆمەڵێکی دیاریکراو دەنوێنن. لەبەرئەوە دەکرێت بە شێوەکی گشتی پێوەندیی نێوان مرۆڤ و دەورووبەر و ڕەنگدانەوەی دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤ بە هۆی ئەم دەربڕراوانەوە، پەی پێببرێت.

٥. مرۆڤ لەگەڵ پڕانی زمانی و کرانەوەی ئاوەزیدا بە پلەی یەکەم، ئەندامەکانی لەشی ناو ناوە، هەر لەمەشەوە شتەکانی تری ناوناوە. ئیدیەمەکانی پێوەند بە پێکهاتە و ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، جگەلەوەی لەڕووی چەندێتییەوە ژمارەیەکی زۆری ئیدیەمەکانی شێوەزارەکەیان بۆ خۆیان تەرخانکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی چۆنایەتییەوە، زۆر لایەنی ژیان و بیرکردنەوەی کلتوری و کۆمەڵایەتییان نوواندووە. سەرەڕای ئەوەی کە لەبەرامبەر ئیدیەمەکانی تردا بەکارهێنان و تێگەیشتنیان تاڕادەیەك ئاسانترە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە، کە وا دەکات تاك لە سەرەتاوە فێری بەکارهێنانی ئەو جۆرە ئیدیەمە ببێت، کە ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، چەقی قورسایی واتاکانیانن.

٦. ئایین یەکێکە لەو هۆکارە کاریگەرانەی، کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ئیدیەمەکاندا ڕەنگیداوەتەوە و سەرەڕای ئەوەی وەك بنەمایەکی کلتووریی ڕەگ و ڕیشەی لەناو کلتوورەکەدا بڵاوبووەتەوە، هاوکات کاری لەسەر چۆنیەتی و شێوازی گەیاندنی واتا و پێکهاتەی ئیدیەمەکان کردووە.

٧. بێگومان شێوازی ئاخاوتنی ڕەگەزی نێر و ڕەگەزی مێ جیاوازە، ئیدیەمیش لەم جیاوازییە بێبەش نییە، لەگەڵ ئەوەی کە زۆرێك لە ئیدیەمەکان بۆ هەردوولا

**بەکاردەهێنرێت، بەڵام هەندێك ئیدیەم هەن، کە تەنیا ژنان بەکاری دەهێنن و هەندێکیش تایبەتن بە ڕەگەزی نێرەوە و هەریەکەیان بەرامبەر بە ڕەگەزەکەی تر بەئاگاییەوە بەکاریاندەهێنن.**

٨. **ئەو ئیدیەمانەی کە تایبەتن بەڕەگەزێکی دیاریکراو، هەندێکجار دەتوانرێت بەهۆی نیشانەی ڕەگەزی ڕێزمانییەوە پەی بەوە ببرێت، کە ئایا ئەم ئیدیەمە بۆ ژن یان بۆ پیاو، بۆ کامیان بەکاردێت، کە ئەمەش ئاسانکارییەکە بۆ لێکۆڵینەوەی پێوەند پێیەوە.**

٩. **هەر ئیدیەمێك سەرەتا لە ناوچەیەکی دیاریکراوەوە سەرهەڵدەدات و دوواتر بڵاودەبێتەوە بە تەواوی زار و دوواتر زمانەکەشدا.**

# سەرچاوەکان

## أ/ کوردی


١. **ئیبراهیم ئەحمەدی**، فەرهەنگی کینایە (کوردی–کوردی، کوردی–فارسی)، چاپی یەکەم، ١٣٨٦.

٢. **بەکر عومەر عەلی**، میتافۆر لە روانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٠.

٣. **بەهار زایر محمد**، زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٩.

٤. **تریفە عومەر ئەحمەد**، مەبەستی پڕاگماتیکیی لە وتاردا ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٨.

٥. **توانا فریدون حسین**، هاوبەندی کۆمەڵایەتی لە خێزانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠٠٨.

٦. **پەروین عوسمان مستەفا عەللاف**، واتا و وەرگێڕان (لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازییە) ، چاپی یەکەم ٢٠٠٩.

٧. **پەیمان حسن محمد سلیم**، پەیوەندی نێوان زمان و کەلتور، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١٠.

٨. **جەلال مەحمود عەلی**، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، بەرگی سێیەم، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٠.

٩. **جمال حبیب الله فرج (بێدار)**، هۆرامان و ...هۆرامیی و... واتە و وەڵێنا، بەرگی یەکەم، ئابی ٢٠٠٠.

١٠. **شاخەوان جەلال فەرەج**، تابۆ وەك نمونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان کلتور، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، ٢٠١١.

١١. **شیلان ڕەحیم ئیبراهیم**، شێوازی قسەکردنی ژن لە زمانی کوردید (لێکۆڵینەوەیەکی لێکسیکی و سینتاکسییە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، ٢٠٠٤.

١٢. **شیلان عوسمان عبدولڕەحمان**، کارابوونی زمان لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردەی (ئیبن روشد)، ٢٠٠٨.

١٣. **شیلان عومەر حسەین**، پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان،٢٠١١.

١٤. **شیلان عومەر حسەین**، ئیدیۆم، چەشن و پێکهاتەکانی لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی ز.٢٩، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.

١٥. **عزەت فتاح حمەصالح**، ژیانی کۆمەڵایەتی هەورامان (توێژینەوەیەکی سۆسیۆئەنترۆپۆلۆجییە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، ٢٠٠٥.

١٦. **فاروق عومەر سدیق**، لەدایکبوونی وشە، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، ٢٠١١.

١٧. **فەتاح مامە عەلی**، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی ئاداب، ١٩٩٨.

١٨. **محەمەدی مەحویی**، ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەڕۆك–وابەستە، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٩. **محمد مەعروف فتاح**، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی: شیروان حسێن خۆشناو و شیروان میرزا قادر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم،٢٠١٠.
٢٠. **محمد معروف فتاح**، سنور و بنەماو ئەرکەکانی کۆ زمانەوانی، گ.رۆشنبیری نوێ، ژ.١١٢، ١٩٨٦
٢١. **هێمن عبدولحمید شەمس**، شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٦.
٢٢. ___________، فەرهەنگی وشەی بێگانە، ١٩٨١.
٢٣. _______ ، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، وەرگێڕانی د.محەمەدی مەحوی، مەڵبەندی کوردۆلۆجی،٢٠٠٩.


## ب/ فارسی


١. **ابراهیم چگنی**، فرهنگ دائرة المعارفی زبان و زبانها، دانشگاه لرستان، نشر بهنام، چاپ اول، ١٣٨٢.
٢. **ارنست کاسیرر**، زبان و اسطوره، ترجمه: محسن ثلاثی، انتشارات مروارید، چاپ اول، ١٣٨٧.
٣. **آزیتا شمشادی و دکتر محمدرضا شعیری**، تأثیر تغییر تحمل ابهام بر توانش زبانی فراگیران زبان انگلیسی، دانشور رفتار (دو ماهنامه علمی-پژوهشی دانشگاه شاهد)، سال دوازدهم، شمار ١٠، اردیبهشت ١٣٨٤.
٤. **اسرافیل دلاور- احمد حمیدی کندول**، در آمدی بر تحقیقات زبان شناسی از منظر جامعه شناسی "حوزه مطالعات جنوب-لارستان" ، http://www.larshenasi.com/١٣٨٩/٠٣.html----/
٥. **افسانه سعیدی**، زبانشناسی و زبان فارسی، ناشر رسانه پردان، چاپ اول، ١٣٨٩.
٦. **آنتونی گیدنز**، جامعه‌شناسی، ترجمه منوچهر صبوری ، نشر نی، چاپ غزال، چاپ سیزدهم، ١٣٨٣.
٧. **آندرین آکماجین و** ....، زبان شناسی (درآمدی بر زبان و ارتباط)، مترجم: دکتر خسرو غلامعلی زاده، انتشارات طاق بستان، چاپ اول، کرمانشاه ١٣٧٥.
٨. **برنارد اسپالسکی**، زبان شناسی اجتماعی، مترجمین: دکتر علی رحیمی- زهرا باقری، دانشگاه کاشان، انتشارات جنگل، جاودانه، چاپ اول، ١٣٨٧.
٩. **ترنس هاوکس**، استعاره، ترجمه : فرزانه طاهری، نشر مرکز، چاپ دوم، ١٣٨٠.
١٠. **پیتر ترادگیل**، زبان شناسی اجتماعی (درآمدی بر زبان و جامعه)، ترجمه: محمد طباطبائی، نشر آگه، چاپ اول، پاییز ١٣٧٦.
١١. **جان لاینز**، مقدمه‌ای بر معناشناسی زبان شناختی، ترجمه: حسین واله، نشر گام نو، چاپ دوم، تهران ١٣٨٥.
١٢. **جرج یول**، بررسی زبان، مترجم: علی بهرامی، انتشارات رهنما، چاپ اول، تهران، زمستان ١٣٨٩.
١٣. **حسن رحیمیان**، فرهنگ زبانزدهای رامسر (سخت سر)، دفتر دوم، انتشارات معین، چاپ اول، ١٣٨٨.

۱٤. **حسن قادری**، مجموعه مقالات همایش گسترەی فرهنگ هورامان، انتشارات گاق بوستان، چاپ اول کرمانشاه، ۱۳۸۷.

۱۵. **حمیدرضا شعیری** ، مبانی معناشناسی نوین، نشر سمت، چاپ دوم، پاییز ۱۳۸۸.

۱٦. **رابرت لارنس ترسک**، مقدمات زبانشناسی، ترجمه: فریار اخلاقی، نشر نی، چاپ اول، تهران ۱۳۸۰.

۱۷. **راد الیس**، فراگیری زبان دوم، مترجمین: دکتر علی رحیمی و زهرا باقری، انتشارات جنگل، جاودانه، چاپ اول، ۱۳۸۸.

۱۸. **رضا نیلی پور**، زبانشناسی و آسیب شناسی زبان، انتشارت هرمس، ویراست دوم، چاپ اول، ۱۳۹۰.

۱۹. **رومن یاکوبسن**، روندهای بنیادین در دانش زبان، ترجمه کورش صفوی، انتشارات هرمس، چاپ دوم، ۱۳۸۵.

۲۰. **ریچارد مورن**، استعاره، ترجمه: محمد رضا محسنی نیا، http://www.bashgah.net/pages-٤۲۹٤۹.html.

۲۱. **سایدل و مك موردی**، فرهنگ اصطلاحات انگلیسی– فارسی و چگونگی کاربرد آنها، مترجم: دکتر حسین وثوقی، انتشارات رهنما، چاپ ششم، زمستان ۱۳۸٦.

۲۲. **سید جلیل ساغروانیان**، فرهنگ اصطلاحات زبانشناسی (موضوعی–توصیفی)، انتشارات رهنما، چاپ اول، زمستان ۱۳٦۹.

۲۳. **سید حسین سیدی** ، رویکرد زبان شناختی به نحو عربی، مؤسسه چاپ و انتشارات دانشگاه فردوسی مشهد، چاپ اول، بهار ۱۳۸۷.

۲٤. **سید علی میر عمادی**، مجموعه مقالات دومین کنفرانفس زبانشناسی نظری و کاربردی، انتشارات دانشگاه علامه طباطبایی، چاپ نخست، تهران۱۳۷۳.

۲۵. **سید محمد ضیاء حسینی**، درآمدی بر روانشناسی زبان، انتشارت رهنما، چاپ اول، زمستان ۱۳۸٤.

۲٦. **سید محمد ضیاء حسینی**، مبانی زبان شناسی، انتشارت رهنما، چاپ دوم، تابستان ۱۳۸۹.

۲۷. **سید مهدی سمائی**، فرهنگ زبان مخفی (با مقدمه‌ای درباره جامعه‌شناسی زبان)، نشر مرکز، چاپ پنجم، دی ۱۳۸۲.

۲۸. **گای کوك**، زبان شناسی کاربردی، مترجمان: دکتر علی روحانی، دکتر محمودرضا مرادیان، انتشارات رهنما، چاپ اول، زمستان ۱۳۸۹.

۲۹. **عباس محمدی اصل**، جنسیت و زبانشناسی اجتماعی، نشر گل آذین، چاپ اول، ۱۳۸۹.

۳۰. **علی اکبر شیری**، درآمدی بر گویش شناسی، انتشارات مازیار، چاپ اول، ۱۳۸٦.

۳۱. **غلامحسین صدری افشار**، فرهنگ زبانزدهای فارسی، انتشارات مازیار، چاپ اول، ۱۳۸۸.

۳۲. **فرانك ر.پالمر**، نگاهی تازه به معنی شناسی، ترجمه دکتر کورش صفوی، کتاب ماد(وابسته به نشر مرکز)، چاپ چهارم ، ۱۳۸۵.

۳۳. **فردیناند دو سوسور**، درس های زبانشناسی همگانی، ترجمه: نازیلا خلخالی، نشر و پژوهش

فرزان، چاپ دوم، ۱۳۸۵.
۳٤. **فرزان سجودی**، نشانه شناسی کاربردی، نشر علم، چاپ اول ۱۳۸۷.
۳۵. **فرهاد ساسانی**، معناکاوی: به سوی نشانه شناسی اجتماعی، نشر علم، چاپ اول، ۱۳۸۹.
۳٦. **فروزان سجودی**، "جامعه‌شناسی زبان و مساله ی زبان رادیو" در زبان و رسانه، محمد پروری، ویراستار، تحقیق و توسعه رادیو، تهران: ۱۳۸٤.
۳۷. **کامبیز محمود زاده**، دوزبانگی و ترجمه شفاهی، انتشارت رهنما، چاپ اول، زمستان ۱۳۸۸.
۳۸. **کورش صفوی**، درآمدی بر معنی شناسی، انتشارات سوره مهر (وابسته به حوزه هنری)، چاپ سوم، ۱۳۸۷.
۳۹. **کورش صفوی**، فرهنگ توصیفی معنی شناسی، مؤسسه فرهنگ معاصر، چاپ اول، ۱۳۸٤.
٤۰. **لویی- ژان کالوه**، درآمدی بر زبانشناسی اجتماعی، ترجمه: محمد جعفر پوینده، انتشارات نقش جهان، چاپ اول، ۱۳۷۹.
٤۱. **ماجد مردوخ روحانی**، فرهنگ فارسی-کردی (دانشگاه کردستان) میانی یك جلدی، چاپ اول، زمستان ۱۳۸۸.
٤۲. **محمد حسن شربتیان**، بررسی جایگاه کاربردی زبان بعنوان ابزاری اجتماعی و فرهنگی، مجله اینترنتی فصل نو، ۱۳۸۵، شماره ٤۰. www.fasleno.com
٤۳. **محمد راسخ مهند**، درآمدی بر زبان شناسی شناختی، انتشارات سمت، چاپ اول، زمستان ۱۳۸۹.
٤٤. **محمد رضا باطنی**، پیرامون زبان و زبانشناسی (مجموعه مقالات)، چاپ نقش جهان، انتشارات آگاه، چاپ سوم، زمستان ۱۳۸۵.
٤۵. **محمد رضا باطنی**، درباره زبان (مجموعه مقالات)، انتشارات آگاه، چاپ چهارم، زمستان ۱۳۸۵.
٤٦. **محمد رضا باطنی**، زبان و تفکر (مجوعه مقالات)، انتشارات آگاه ، چاپ نهم، زمستان ۱۳۸۸.
٤۷. **محمد رضا باطنی**، نگاهی تازه به دستور زبان، انتشارات آگاه ، چاپ چهاردهم، بهار ۱۳۸۹.
٤۸. **محمدرضا باطنی**، چهارگفتار درباره زبان (مجموعه مقالات)، انتشارات آگاه، چاپ پنجم، زمستان ۱۳۸۵.
٤۹. **محمود روح الامینی**، در گستره فرهنگ (نگرشی مردم شناختی)، انتشارات اطلاعات، چاپ چهارم، تهران،۱۳۸٦.
۵۰. **مهدی سبزواری**، شوك فرهنگی و زبان درمانی. http://www.magiran.com/magtoc.asp?mgID=۱۰۲۵&Number=٦۳&Appendix=۰
۵۱. **مهدی سعید بنادکی**، همبستگی زبان و اجتماع ، سایت زبانشناسی همگانی. http://linguist۸۷.blogfa.com/post-۱٤۳.aspx
۵۲. **مهری باقری**، مقدمات زبانشناسی، نشر قطره، چاپ دوازدهم، ۱۳۸۸.
۵۳. **میر جلال الدین کزازی**، زیباشناسی سخن پارسی ( ۱ ) بیان، چاپ چهارم، چاپ سعدی.
۵٤. **نادر جهانگیری**، زبان، بازتاب زمان، فرهنگ و اندیشه (مجموعه مقالات)، انتشارات آگاه، چاپ دوم، زمستان ۱۳۸۷.
۵۵. **ندا هدایت**، تأثیر جنسیت بر نحوه بیان تقاضا (پژوهشی در حوزه جامعه شناسی زبان)،

دوفصلنامه پژوهش زبان و ادبیات فارسی دوره جدید، شماره چهارم، بهار و تابستان ١٣٨٤ .

٥٦. **نرمينه معينيان**، زبان شناسی از ديدگاه انسان شناسی، انتشارات ستوده، چاپ اول، ١٣٨٨.

٥٧. **نيك لاند**، زبان و تفكر (روان شناسی شناختی)، مترجم: داود كرمی، نشر ساوالان، چاپ دوم، ١٣٨٨.

٥٨. **همادخت همايون**، واژه نامه زبان شناسی و علوم وابسته، ناشر پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، چاپ اول (ويرايش دوم)، تهران ، زمستان ١٣٧٩.

٥٩. **ويكتوريا فرامكين، رابرت رادمن، نينا هيامز**، درآمدی بر زبان (زبان شناسی همگانی)، ترجمه: علی بهرامی و سهيلا ضياءالدين، انتشارت رهنما، چاپ اول، تابستان ١٣٨٧.

٦٠. **ويليام اگريدی مايكل و**....، درآمدی بر زبان شناسی معاصر، ترجمه: دكتر علی درزی، نشر سمت، چاپ دوم، تابستان ١٣٨٨.

٦١. **يحيی مدرسی**، درآمدی بر جامعه‌شناسی زبان، ناشر:پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، چاپ دوم، ١٣٨٧.

٦٢. **يوسف كريمی**، روانشناسی اجتماعی (نظريه‌ها، مفاهيم و كاربردها)، نشر ارسباران، نوبت چاپ بيست و يكم، تابستان ١٣٨٨.

٦٣. ...............، فصلنامه نجوای فرهنگ (فصلنامه پژوهشی-فرهنگی واحد فرهنگ مردم)، سال دوم، شماره چهارم، تابستان ١٣٨٦.

٦٤. ______، فصل نامه فرهنگ مردم ايران و جهان، فصلنامه پژوهشی فرهنگی (داخلی) شماره يك، زمستان ١٣٨٢.

## پ/ عەرەبی

١. **د. وفاء كامل فايد**، بعض صور التعبيرات الاصطلاحية في العربية المعاصرة، مجلة مجمع اللغة العربية بدمشق، المجلد (٧٨)، الجزء (٤).

٢. **د.هدسن**، علم اللغة الاجتماعی، ترجمة: محمود عبدالغنی عياد، دارالشؤن الثقافية العامة، سلسلة مأة كتب، بغداد، ١٩٨٧.

## ت / ئينگليزی

١. **Alan Anwar Hassan**, Colour-related idioms in English, degree of master of Arts English language and linguistics, Salahadin university, Arbil, ٢٠٠٩.

٢. **Andreas Langlotz**, Idiomatic Creativity, John Benjamins Publishing company, Amsterdam / Philadelphia, ٢٠٠٦.

٣. **B.F. Skinner**, science and human behavior, published by person education,inc. ٢٠٠٥.

٤. **Banafsheh Ghafel,** and ..., Idiomatic Expressions of the Sewing Frame in English and their Persian Counterparts: Nida's Dynamic Equivalence Theory in Focus, International Education Studies Vol. ٤, No. ٢; May ٢٠١١, www.ccsenet.org/ies

٥. **Claire Kramsch**, Language and culture, first published ١٩٩٨, … ٢٠٠٨.
٦. **David Crystal**, A Dictionary of Linguistics and Phonetics, Blackwell publishing, Sixth Edition, ٢٠٠٨.
٧. **Gitte Kristiansen**, and ..., Cognitive Linguistics: Current Applications and Future Perspectives, Berlin. New York, ٢٠٠٦.
٨. Htpp//www.proverbs/idioms.com
٩. **Katerina Stathi**, corpus linguistics meets Cognitive linguistics: A frame work for the analysis of idioms. Berlin- Brandenburgische Akademie der Wissenschaften Jägerstr. ٢٢/٢٣, and Freie Universität Berlin Sfb ٤٤٧ Grunewaldstraße ١٥١٢١٦٥ Berlin.
١٠. **Kolsoum Ghaffari Touran**, A Study of Idiomatic Expressions in Lurish and Persian, Department of Linguistics, University of Mysore Manasgangotr, ٢٠٠٨
١١. **Langlotz Andreas**, Idiomatic creativity. John Benjamins publishing,٢٠٠٦.
١٢. **Mance Martin H**, A dictionary of everyday idioms. McMillan education. LTP. London. and Basingtoke, ١٩٩٣.
١٣. **Peter Robinson**, and…., Handbook of cognitive linguistics and second language acquisition, First published, by Routledge , ٢٠٠٨.
١٤.**Prof. Argenis A. Zapata**, Sociolinguistic Variations, Inglés IV (B-٢٠٠٨) Universidad de Los Andes Facultad de Humanidades y Educación Escuela de Idiomas Modernos .
١٥. **R. L. Trask,** A dictionary of Grammatical terms in linguistics. London and NewYork. Rautledge, ١٩٩٣.
١٦. **R. L.Trask** , language and linguistics. The Key Concepts, Second Edition, Routledge, ٢٠٠٧.
١٧. **Rafael Monroy Casas**, and …, A sociolinguistic Approach to the study of idioms: Some anthropolinguistic sketches, de filologia Inglesa Universidad de Murcia, Cuadernos de filologia Inglesa, VOL .٤, ١٩٩٥.
١٨. **Raymond W. Gibbs,** and…., Metaphor in Idiom Comprehension, Journal of memory and language ٣٧, ١٤١–١٥٤ , ١٩٩٧.
١٩. **Ronald Wardhaugh**, An Introduction to Sociolinguistics, Blackwell publishing, Fifth Edition, ٢٠٠٦.
٢٠. **Sahar Ahmadi,** et al…,translation procedures and problems of color idiomatic expressions in English and Persian: cultural comparison in focus, Uluslararası Sosyal Ara_tırmalar Dergisi, The Journal of International Social Research, Spring ٢٠١١.
٢١. **Salam Nawkhosh**, Eight Kurdish studies, Nawa printing press, first Edition, Arbil, ٢٠٠٨
٢٢. **Stephan Gramely,** and…, A sarvey of modern English, ٢nd edition, Routlege, ٢٠٠٤.
٢٣. **Tom Vander Wouden**, Negative contexts Collocations, polarity and multiple

negation, London and NewYork, ١٩٩٧.

٢٤. **Tomas W.Adams,** and ..., Attitudes Through idioms, Newbury hose publisher, ١٩٨٤.

**ج / وانەی خوێندنی باڵاو چاوپێکەوتن:**

١. بەکر عومەر عەلی، چاوپێکەوتن، ٢٠١١.

٢. عبدالسلام سالار، چاوپێکەوتن، ٢٠١١.

٣. فاروق عمر صديق، چاوپێکەوتن، ٢٠١١.

٤. هۆگر محمود فرج، چاوپێکەوتن، ٢٠١١-٢٠١٢.

## ملخص الرسالة

هذه الرسالة بحث في مجال علم اللغة الإجتماعي، و عنوان الرسالة: (الكناية في اللهجة الهورامية)، مفردات و أساسيات البحث من الكناية الموجودة في اللهجة الهورامية، جمعت بشكل ميداني، ثم صنفت حسب تصنيف خاص و عمل لها التحليل التراثي. يتألف البحث من فصول ثلاثة و النتائج و ملحق_ من كنايات الموجودة في اللهجة الهورامية_:

الفصل الأول : ( الكنايات و علم اللغة الإجتماعي)، خصص هذا الفصل للتعريف بالكنايات و علم اللغة الاجتماعى من خلال الآراء المطروحة و المتعلقة باللغة و المجتمع و العلاقة فيما بينهما، و كذلك عرض في هذا الفصل مصطلح الثقافة و التراث المجتمع اللغوي المتعلق باللغة و التراث. و قد أشير إلى الآراء التي تبحث عن علم اللغة الإجتماعي ظهوره، التطور الذى شهده و أهميته، و من ثم عرض لخصوصية اللغوية و الخصوصية الاجتماعية للكنايات من منظور علم اللغة و علم اللغة الإجتماعي.

الفصل الثاني : تم خصص هذا الفصل لأستخدامات الكناية، و قد أشير فيه الى الإمكانية و القدرة و نظريات كيفية تفهم و تعلم الكناية. بشكل يحتوي جميع المجالات التي تظهر فيها قدرة الكناية في التأثير و إيصال المعنى، و كيفية تعلُم الكناية من قبل المتحدثين بلغة معينة. و من ثم تم تحديد العوامل التى تهيئ المتكلم لاستخدام الكنايات و من هذه العوامل، العلاقات الاجتماعية و الرقعة الجغرافية، العقيدة، الجنس و العمر،...إلخ.

اما الفصل الثالث : شرعنا فيه لعرض الكنايات فى اللهجة الهورامانية من خلال المجالات الأجتماعية و انعكاس الطبيعة من خلال ظواهرها فى حياة ساكنيها و من ثم تحديد خصوصية الكناية في هذه اللهجة من منظور علم اللغة الاجتماعى. و بهذ البحث أردنا ان نشعل بصيصا في هذه الزاوية المعتمه فى لغتنا الكردية_ والله من وراء القصد.

**Abstract**

The current study is an investigation in sociolinguistics, entitled ***"Idioms in Hawramy Dialect"*** the data of this research are the idioms found and collected in this dialect in a field study. These Idioms are classified in to different types and have been discussed from a socio-cultural perspective. This thesis comprises three parts, conclusion and an appendix-of Hawramy dialect Idioms- as follows :

Chapter One is under the title of "Idioms and Sociolinguistics" and devoted to the discussion of the opinions about language, society and the relationship between them. Then stating the viewpoints about sociolinguistics, it's starting point , development and importance in linguistics , furthermore , the linguistic and social characteristics of idioms have been studied from a sociolinguistic perspective.

Chapter Two is specified to Idiom Usage. It deals with the linguistic competence as well as stating the theories of comprehension and acquisition of idioms, in such a way that it includes all the aspects that state Idiom's ability and strength in conveying a great deal of meaning ,and above all stating the ways in which the interlocutors of a specific language or dialect acquire them. Also in this chapter the characteristics of idiom usage have been discussed in relation to the social factors such as geographic region, gender, age...etc,.

Chapter Three is entitled "Idioms and the social aspects", this chapter is the field study and the practical part of the thesis, in which the idioms have been classified in a specific way according to some aspects and dimensions. Later from a sociolinguistic point of view; the characteristics of the idioms of Hawramy dialect have been illustrated.

In the last & conclusion chapter; some important and significant conclusions have been stated. As an instance ; in a large number of the Idioms of this dialect , nature and the natural phenomena are considerably observed and have occupied a large proportion .This will surely emphasises the relationship between the speakers and nature, through which the cultural and regional specification of the interlocutors can be realised.

حكومة اقليم كردستان/ العراق
وزارة التعليم العالى و البحث العلمي
رئاسة جامعة السليمانية
فاكلتى العلوم الانسانية
سكول اللغات / قسم اللغة الكردية

# الكناية
# في اللهجة الهورامية

( بحث في مجال علم اللغة الإجتماعي )

رسالة تقدم بها الطالب:

زبير على عارف

إلى مجلس سكول اللغات/ فاكلتي العلوم الإنسانية بجامعة السليمانية، وهي جزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في اللغة الكوردية

بإشراف:

أ.م. د. ابوبكر عمر قادر

٢٠١٢ ميلادى

٢٧١٢ كوردى

Kurdistan Regional Government- Iraq
Ministry of Higher Education
and Scientific Research
University of Sulaimani
Faculty of Humanity
School of Language
Kurdish Department

# Idioms in Hawramy Dialect

(A study from sociolinguistic perspective)

By:
Zwber Ali Arif

A Thesis
Submitted to the Council of the School of Languages Faculty of Humanity - University of Sulaimani in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master of Arts in Kurdish Language

Supervised By :
Asst. Prof .Dr. Abubakr Omer Qadir

AD۲۰۱۲ K ۲۷۱۲